عیززەت فەتاح حەمە ساڵح

# هەورامان

## توێژینەوەیەکی سۆسیۆئەنترۆپۆلۆجی



سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان

# هەورامان

## توێژینەوەیەکی سۆسیۆئەنترۆپۆلۆجی

عیززەت فەتاح حەمەساڵح

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
سلێمانی ٢٠٠٦

## سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی‌ی کوردستان

دەزگایەکی کەلتوری‌یە لەساڵی ١٩٩٢دا دامەزراوە، ئامانجەکەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی‌یە لەبوارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی‌و سیاسەتی نێو دەوڵەتان‌و ئابوری‌و مەسەلە ستراتیجییەکان‌و مەبەستی بەدەست هێنانی قازانجی ماددی نیە.

هەمو ئەو لێکۆڵینەوانەی کەسەنتەر دەریاندەکا، گوزارشت لەڕاو بۆچونی خاوەنەکانیان دەکەن‌و بەپێی پێویست گوزارشت لەڕاو بۆچونی سەنتەر ناکەن.


- عیززەت فەتاح حەمە ساڵح
- هەورامان توێژینەوەیەکی سۆسیۆئەنترۆپۆلۆجی
- سلێمانی ٢٠٠٦
- بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
- ژمارەی سپاردن (٥٨٣)ی ساڵی ٢٠٠٦
- ژمارەی سپاردن بەکتێبخانەی سەنتەر: ٦/٤٢/٩

# پێشەکی

هەورامان بەشێکە لەپێکهاتەی خاکی کوردستانو نەتەوەی کوردو زمانی کوردی. بەگشتی هەورامان لەدووبەش پێك هاتووە، کە بەهەورامانی(تەختو لهۆن) ناسراون. هەورامانی تەختو بەشی زۆری هەورامانی لهۆن کەوتۆتە سنوری کوردستانی رۆژهەلات، بەشێکی سنوری جوگرافی دەولەتی ئێرانی پێك هێناوە لەرۆژئاواوە. بەشی کەمی هەورامانی لهۆن کەوتۆتە سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستانی عیراقەوە، لەلای باشووری رۆژهەلاتەوەو سەر بەپارێزگای سلێمانی - قەزای هەلەبجەیە. ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەم بەشەی هەورامانی لهۆن- هەرێمی کوردستانی عیراق، ئەنجام دراوە.

کۆمەلگای هەورامان، کۆمەلگایەکی دێرینو خاوەن کلتورێکی رەسەنی کوردییە. بەلام زۆر بەکەمی لەسەری نووسراوە، هەندێك لەو نووسینانەش هەلەو کەم کورتیان پێوە دیارە. هەر ئەو هۆکارانە بونەتە هاندەرێك کەتوێژەر لەسەر ژیانی کۆمەلایەتی هەورامان توێژینەوەکەی ئەنجام بدات.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە لەکۆمەلگایەکی خۆجێی دێرینی گەلی کورد دەکۆلێتەوە کەتا ئێستا زۆر بەکەمی بەرێبازی

ئەکادیمیی زانستی لەسەری نوسراوە، هەروەها ئەمە یەکەمین تێزی ماستەرە لەبواری کۆمەڵناسیدا کە بەزمانی کوردی لەسەر هەورامان نوسرابێت، جگە لەوە توێژەر بەووردەکاری‌یەوە پێکهاتەی کۆمەڵگای هەورامانی لێك داوەتەوە، لەڕووی دیاری کردنی بنچینەی هەورامییە رەسەنەکانو ئەو خەڵکانەی تر کە بەکۆچ هاتونەتە هەورامان وبە تێپەڕبوونی کاتو سەردەم لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا تواونەتەوەو بوون بەهەورامی وە لەسەرو ئەوانەشەوە وەك پێویستی‌یەك لەپێویستی‌یەکانی گەلی کورد کەدەبێت درەنگ یازوو لەپێکهاتەو بەشەکانی بکۆڵرێتەوە، جا بەگشتی بێت یا بەشێوەی بەش بەش، ئەمە دەست پێشخەری‌یە لەبەشێکی بچوکی توێژراوەتەوە. هەروەها ناساندنی کۆمەڵگای هەورامانە بەهەموو چینو توێژی گەلەکەمانو گەلانی ترو هەروەها هاندەرێك بێت بۆ خوێندکاران کەتوێژینەوەی زیاتر ئەنجام بدەن لەسەر ئەو کۆمەڵگایەو کۆمەڵگا خۆجێیەکانی تری کوردستانو بەچاوێکی کراوەو راستگۆیانە دوور لەخواستو مەرامو ئارەزووە تایبەتی‌یەکان، هەروەها هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنێکی زانستی‌ی ئەنترۆپۆلۆجی‌و خزمەتێکی کاروانی زانستە. لەگەڵ ئەوانەشدا پینەیەکی هەڵەو کەمو کورتیەکانی نووسینو لێکۆڵینەوەکانی پێشترە کە لەسەر ئەو کۆمەڵگایە ئەنجام دراون، دوایین گرنگی ئەوەیە لەرێی پێشنیارو راسپاردەکانەوە چەند زانیاری‌یەك روبەڕوی دامو دەزگا بەرپرسەکان بکرێتەوە.

ئامانج لەتوێژینەوەکە ئەم خاڵانەیە:-

١-دەرخستنی شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای هەورامان.

٢-ئاماژەکردن بەژیانی ئابوریی کۆمەڵگای هەورامان.

٣-نیشان دانی ژیانی کلتوریی کۆمەڵگای هەورامان.
٤-دەست نیشان کردنی ژیانی رامیاری کۆمەڵگای هەورامان.
٥-زانینی فاکتەرەکانی دابینکردنی کۆمەلایەتی کۆمەڵگای هەورامان.
٦-دیاری کردنی کێشەو گیروگرفتەکانی کۆمەڵگای هەورامان.
٧-ئاشکراکردنی پێویستی‌یەکانی کۆمەڵگای هەورامان.
٨-پێدانی زانیاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکانی کۆمەڵگای هەورامان.

دیارە هەر بابەتێکی زانستی یا هەر زیادەیەکی زانستی کە لەدایك دەبێت دەچێتە ژێر چەتری یەکێك لەزانستەکانی سروشتی یامرۆیی‌یەوە. ئەم توێژینەوەیە بابەتێکە لەبواری سۆسیۆئەنترۆپۆلۆجیادا ئەنجام دراوە سەر بەزانستە مرۆیی‌یەکانە.

ئەم توێژینەوەیە کە ساڵی ٢٠٠٥ توێژەر پلەی ماستەری لەزانکۆی سلێمانی پێ وەرگرتوە، لەدوو دەروازە پێك هاتووە.

دەروازەی یەکەم لایەنی تیوری‌یەو لەدوو بەش پێك هاتووە. بەشی یەکەمی دوو باسە، کەباسی یەکەمی چوارچێوەی باسەکەو دەست نیشان کردنی چەمك و زاراوەکان دەگرێتەوە. باسی دووەم کورتە مێژوویەکی هەورامان دەگرێتەوە. بەشی دووەمی پێنج باسە، لەباسی یەکەمەوە دەست پێ دەکاتو لەباسی پێنجەمدا کۆتایی دێت بەم جۆرە:- باسی یەکەم ژیانی کۆمەلایەتی، باسی دووەم ژیانی ئابووری، باسی سێیەم، ژیانی رامیاری، باسی چوارەم ژیانی شارستانێتیو ژیارو کلتوری هەورامان، باسی پێنجەم دابینکردنی کۆمەلایەتی‌یە.

**دەروازەی دووەم لایەنی پراکتیکی‌یە کە لـەدو بـەش پێـك هـاتووە، بەشی یەکەمی دوو باسە. باسی یەکەم پلان‌و ڕێبازی توێژینەوەکەیـە. باسی دووەم سیما گشتی‌یەکانی نموونەی توێژینەوەکەیـە. بەشـی دووەم خستنە ڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینـەوە پراکتیکییەکەیـە لەگەڵ کۆتاییی‌و دەرەنجام‌و پێشنیارو پاشکۆو سەرچاوەکان.**

**توێژەر**

# دەروازەی یەکەم

## ژیانی کۆمەڵایەتیی هەورامان

## ( لایەنی تیۆری )

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەو سروشتو میتۆدی باسەکە

باسی یەکەم: چوارچێوەی باسەکەو دەست نیشان کردنی زاراوەکان.

أ-چوارچێوەی باسەکە:-

١-سروشتی توێژینەوەکە.

٢-دیاریکردنی توێژینەوەکە.

ب-دەست نیشانکردنی چەمكو زاراوەکان:-

زاراوەکان The Concepts

١-پێکهاتەی کۆمەڵایەتی Social Structure

٢-ژیانی کۆمەڵایەتی Social Life

٣-هەورامان Avroman , Awraman , Hawraman

ج-جوگرافیای هەورامان:-

١-روبەری هەورامان. ٢-ژمارەی دانیشتوانی هەورامان.

٣-نشینگەی هەورامان. ٤-ژینگەی هەورامان.

د-شێوەزاری هەورامان.

باسی دووەم: مێژووی هەورامان.

١-قۆناغی کۆنی مێژووی هەورامان.

٢-قۆناغی ناوەندی مێژووی هەورامان.

٣-قۆناغی نوێی مێژووی هەورامان.

٤-مێژووی هاوچەرخی هەورامان.

# باسی یەکەم

# چوارچێوەی باسەکەو دەست نیشان کردنی زاراوەکان

## أ-چوارچێوەی باسەکە:

مەبەست لەچوارچێوەی باسەکە ئەمانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

١-سروشتی توێژینەوەکە: بابەتی ئەم توێژینەوەیە باسێکی سۆسیۆئەنترۆپۆلۆجی‌یە، واتا لەو پەیوەندیانە دەدوێت کە لەنێوان یەکەکانی کۆمەڵگای هەوراماندا پەیدابوون، هەروەها دیاری‌کردنی کاریگەری ئەو پەیوەندیانە لەسەر یەکترو پێکهێنانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەورامان. بواری ئەم توێژینەوەیە باس‌و شیکردنەوەی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای هەورامان دەگرێتەوە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان پشتمان بەلایەنی تیۆری‌و پراکتیکی بەستووە بەپێ‌ی ئەو سەرچاوە نوسراوانەی کەدەست کەوتون یا بەشێوەیەکی مەیدانی کۆمان کردونەتەوە، ئەم بابەتە سەر بەزانستە مرۆیی‌یەکانە.

٢-دیاریکردنی کۆمەڵگای توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لەسەر بەشێکی هەورامانی لهۆن- بەشی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجام دراوە. کەڕوبەرەکەی ١٠٤٢٧١کم٢.[١] ژمارەی دانیشتوانی(١٥٠٢) خێزانەو لە(٧٠٢٦) کەس پێك هاتووە، ئەوەش بەسەر(٢) شارۆچکەو(٢٠) دێ‌و لادێدا دابەش بووە، بەشێوەی هەڕەمەکی.[٢]

---

[١] بەڕێوەبەرێتی‌ی گشتی‌ی کشتوکاڵ‌و ئاودێری سلێمانی، بەشی هونەری، تۆمارە بلاونەکراوەکان.

[٢] فەرمانگەی باری کەسێتی ناحیەی بیارەو ناحیەی خورماڵ، سەرژمێری ٢٠٠٥ بۆ مەبەستی دەنگدان‌و هەڵبژاردن، تۆمارە بلاونەکراوەکان.

هەرچەندە(فەرەیدون عەبدول) لەکارنامە زانستی‌یەکەی خۆیدا لەسەر رستەسازی زاری هەورامی ئاماژەی بەهەموو شارۆچکەو دێکانی هەورامانی لهۆن داوە نەخشەیەکی هەورامانی نیشان داوە کە لەمەکەنزی‌یەوە وەریگرتووە، بەڵام توێژەر بەشێکی هەورامانی لهۆنی کردۆتە ناونیشانی باسەکەی‌و لێی کۆڵیوەتەوە کە لەسنوری هەرێمی کوردستانی عێراقدایە.[٣] چونکە ئەو بەشە مەبەستەو توێژەر خۆی خەڵکی ئەو بەشەیەو شارەزایە لەژیانی کۆمەڵایەتی‌ی ناوچەکە.

**ب-دەست نیشان کردنی چەمك وزاراوەکان :** The Concepts

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی بەتایبەتی توێژینەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و هەموو گریمانەو تیۆری‌و بیردۆزەو یاسایەك لەسەرەتاوە چەند بۆ چون‌و زاراوەیەکن کەتوێژەر مەبەستێکی هەیە لێیان، بۆیە دایان دەتاشێت‌و رێکیان دەخات‌و هێمایان بۆ دادەنێت‌و شی‌یان دەکاتەوەو ووردەکاریەکانیان دەست نیشان دەکات‌و بەتێرو تەسەلی دەیانخاتە بەرچاو.

بەبێ بیروبۆچون‌و زاراوە هونەری‌یەکان زانایان‌و بیرمەندان‌و فەیلەسوفەکان ناتوانن بگەنە ئەنجامە زانستی‌یەکان لەدارِشتن‌و پێك هێنانی بیردۆزەو تیۆرو یاسا زانستی‌یە تایبەتی‌و گشتی‌یەکان کەپەیوەستن بەدامەزراندنی سروشت‌و ژیانەوە. هەر زانایەك بگریت جۆرە زاراوەیەکی هونەری هێما کردووەو دایتاشیوەو بەهۆیانەوە دەگاتە ئەنجامە زانستی‌یەکان کەمەبەستی بوون. زۆرجار زانایان پێك دێن

---

[٣] د. فەرەیدون عەبدول محەمەد، چەند لایەنێکی رستەسازی زاری هەورامی، لێکۆڵینەوەیەکی کارەکی‌یە، پێشکەش کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی کردوە، کارنامەی دکتۆرا، بلاونەکراوە، ساڵی ١٩٩٨، ل٤-٥.

لەسەر واتاو دیاریکردنی چەند زاراوەیەکی زانستی، جاری واش هەیە جیاوازی دەکەوێتە نێوانیانەوە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی واتای هەندێك لەو زاراوانە هەریەك بەپێی پسپۆڕیو بەپێی جۆری زانستەکە واتاکەی لەوی تر جیاوازە.

زاراوە کۆمەڵایەتی یەکان کەپەیوەستن بەقوتابخانەکانی بیرو هۆش‌و هزرو بیرو باوەڕەوە لەکات‌و شوێنێکی دیاریکراودا جیاوازیان هەیە، بۆیە واپێویست دەکات ئەو زاراوە زانستی‌یانە کەبەکار دەهێنرێن بۆ بابەتێکی زانستی لەلایەن لێکۆڵەرەوە دەست نیشان بکرێن. چونکە بۆ هەر یەك لەو زاراوانە چەندین واتای جیاوازو پێناسەی جیاواز هەیە، بۆ پاککردنەوەو ساغ کردنەوەی مەبەست‌و یارمەتیدانی توێژەر کەخۆی پێناسەیەکی هەنوکەیی بکات لەسەر هەریەك لەو زاراوانە کەمەبەستن.

لەم بابەتەدا گرنگترین ئەو زاراوانە کەپێویستن بناسرێن‌و خوێنەر شارەزا بێت لەڕوی ئەنترۆپۆلۆجیاو کۆمەڵناسی‌یەوە ئەمانەن(پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ژیانی کۆمەڵایەتی، هەورامان) کە لەدواوە لەڕوانگەی زانستی‌یەوە لەبەر رۆشنایی سەرچاوەکاندا هەریەکە بەجیاو بەپێی پێویست پێناسە دەکرێن بەم جۆرە:-

**١- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی** Social Structure

باس لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بەڕەگ‌و ریشەی مێژووی سەرهەڵدانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌یەوە، لەڕووی دانیشتوان وژینگەو چالاکی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و رامیاری‌و شارستانێتەوە. هەروەها بەگرنگترین زاراوەکانی قوتابخانەی(پێکهاتەی-فەرمانی) دادەنرێت کەخوێندنگەیەکی گرنگی زانستی کۆمەڵناسی‌و ئەنترۆپۆلۆجیایە.

زانایــان راو بۆچــونی جیاوازیــان هەیــە لەســەری، لــەڕووی پێناســە کردنیــەوە ئەنترپۆلۆجســتەکان تائێســتا ڕێــك نەکــەوتوون لەســەر ناساندنی، هەریەکەیان فاکتەرێك یا چەند فاکتــەرێك بەپێکهێنــەری ئەو زاراوەیە دەزانن.

(مۆنتسکیۆ)یەکەم کەســە کەباســی پێکهاتــەی کــردووەو دەڵــێ: پێکهاتەی خێڵە بەربەرەکان جیاوازە لەپێکهاتــەی بیابــان نشــینەکان، لەبەر هەندێك هۆکار بەرەبەرەکان ناتوانن کۆمەڵگایەکی گەورە پێــك بهێــنن، لەکاتێکــدا بیابــان نشــینەکان کۆمەڵــەی بچــوکن، بــەڵام کۆبونەتەوەو نەتەوەیەکی گەورەیان پێکهێناوە[٤]، لەناوەڕاســتی ســەدەی نــۆزدەدا(Herbert Spencer) ئــەو زاراوەیــەی دەســت نیشــان کــرد بەئاشکرا ووتی: پێکهاتەی کۆمەڵگا لەپێکهاتەی بونەوەرێك دەچــێت. دواتر(رادکلیف براون) لەساڵی ١٩٤١دا لەووتارێکیدا بەناوی لەبارەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌یەوە ڕۆڵێکی بەرچــاوی بینیــوە لــەجێگیربوونو ناساندنی ئەو زاراوەیەدا.[٥]

بۆیە پێویستە راو بۆچــونی چــەند زانایــەك لەســەر ئــەو زاراوەیــە بەسەر بکەینەوە:-

(رادکلیف براون) پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وەك پێکهاتەی پەیکەری بونەوەرێك دەناسێت، کەدرێژەدانی ژیانی هەموو بونەوەرێك لەسەر سێ کردار راگیراوە ئەوانیش چالاکیو فەرمانو پێکهاتەن.

---

[٤] مونتسکیو، رۆحی یاساکان، وەرگێڕانی ئیدریس شێخ شەرەفی، هەولێر- چاپی یەکەم، ٢٠٠٣، ل٣٩٥.

[٥] ڕێبین رەسوڵ ئیسماعیلو دیار عەزیز شەریف، ئەنترۆپۆلۆژیا، دەزگای چاپو پەخشی ڕێبین، ٢٠٠٤، ل٢٣٩.

بــەپێی تیــۆرو قوتابخانــەی(پێکهاتــەی- فــەرمانی)، هــەموو ئەندامێك فەرمانی خۆی هەیە، لەرێی چالاکی‌یەکانییەوە پێکهاتــەی پەیکەری بونەوەرەکــە دروســت دەبێــت. وەســتانی چــالاکییەکانو بــێ فــەرمانی ئەندامــەکان پێکهاتــەی بونەوەرەکــە لــەکار دەکــەوێتو دەڕوخێتو دەمرێــت. هــەروەها دەڵێــت(فــەرمان) ئــەو پێوەندی‌یەیــە کەچالاکی‌یەکان بەپێکهاتــەوە دەبەســتێت، بــەڵام فــەرمانی سســتمی کۆمەڵایەتی لای(ئیمیل دورکایم) بەجۆرێکی ترە کەدەڵێت((فــەرمانی سستمی کۆمەڵایەتی بریتی‌یە لەرێکخســتنی سســتمی کۆمەڵایــەتی‌و پێویستی‌یەکانی بونەوەری کۆمەڵایەتی)).

(براون) لەگەڵ پێویستی‌یەکاندا Needs نی‌یەو گۆڕیونی بەمەرجە پێویستی‌یەکانی بوون. بەڵام(سبنسەرو براون) رایــان وایــە(فــەرمان) دروســـتکەری پێکهاتـــەی کۆمەڵایەتی‌یـــە بـــەپێی تیـــورو قوتابخانەی(پێکهاتەی-فەرمانی). هەروەها(براون) بەم جۆرە پێناسەی پێکهاتەی کۆمەڵایــەتی کــردووە: پێکهاتــەی کۆمەڵایــەتی بریتی‌یــە لەکۆمەڵێك پەیوەندی بەیەکەوە بەستراو کە لەنێوان یەکــە زۆرەکــانی پێکهاتەکــەدا دروســت دەبــن، کــە لەســەر چــالاکی‌یە ئاڵوگۆڕەکــان دامەزراوە[٦].

کەواتە ئەم هاوکێشەیە روودەدات:

چالاکی ——◄ فەرمان ——◄ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی

(احسان محمد الحسن) پێکهاتەی کۆمەڵایــەتی بــەم جــۆرە پێناســە کردوە((پێکهاتەی کۆمەڵایەتی واتا ئــەو پەیوەندی‌یــە کۆمەڵایەتی‌یــە

[٦] رادكليف براون، رائدو مؤسس علم الأجتماع والأنثروبولوجيا، ترجمة د. قباري محمد اسماعيل، منشأة المعارف بالاسكندرية، ١٩٧٧، ص٢٨١-٢٨٣.

بنچـــينه‌يى‌يانه ده‌گرێتـــه‌وه، كه‌شـــێوه‌ى بنـــه‌ڕه‌تى كۆمـــه‌ڵگاو ڕێگـــا به‌كارهاتوه‌كانى كاركردن ديارى ده‌كات)).[٧] (شـاكر مصـطفى سـليم) پێكهاته‌ى كۆمه‌ڵايه‌تى به‌م جۆره پێناسه كردوه((بريتى‌يه له‌كۆمه‌ڵێك په‌يوه‌نـدى كۆمه‌ڵايـه‌تى، كه‌هـه‌موو تاكـه‌كانى كۆمـه‌ڵگا به‌يه‌كـه‌وه ده‌به‌ستێته‌وه له‌كاتێكى ديارى كراودا)).[٨]

هــه‌روه‌ها(ئيڤــانز بريتشــارد) بــه‌م جــۆره پێناســه‌ى پێكهاتــه‌ى كۆمه‌ڵايه‌تى كردووه((پێكهاته‌ى كۆمه‌ڵايـه‌تى بريتى‌يـه له‌پێكهاتـه‌ى كۆمه‌ڵايه‌تى كۆمه‌ڵه‌ هه‌ميشه‌يى‌يه‌كان له‌ژياندا له‌ماوه‌يـه‌كى ديـارى كراودا، كه‌توانای خۆپاراسـتنيان هه‌يـه‌و ده‌مێننـه‌وه وه‌ك كۆمـه‌ڵێك، هه‌رچه‌نده ئه‌ندامه‌كانيشيان توشى گۆڕان بن)).[٩]

له‌لايـه‌كى تـره‌وه پێكهاتـه‌ى كۆمه‌ڵايـه‌تى بـه‌م جـۆره پێناسـه كـراوه(پێكهاتـه‌ى كۆمه‌ڵايـه‌تى بريتى‌يـه له‌په‌يكـه‌رى پلـه‌و پايـه كۆمه‌ڵايه‌تى‌يه يـه‌ك بـه‌دواى يه‌كـدا هـاتوه به‌يه‌كـه‌وه به‌سـتراوه‌كان، كه‌هه‌ريه‌كـه پسـپۆڕى‌و تايبه‌تمه‌نـدى ووردى خـۆى هه‌يـه كه‌ئـه‌وه ناگه‌يه‌نێت تاكه‌كان ته‌نها مرۆڤبن، بـه‌ڵكو په‌يكـه‌رێك پێـك ده‌هێـنن كه‌كۆمـــه‌ڵگايان له‌ســـه‌ر دروســـت بـــوه، به‌هـــه‌موو دام‌و ده‌زگـــا دامه‌زراوه‌كانى‌يه‌وه، ئه‌وه‌ش به‌ئاوێته بوون‌و په‌يوه‌ندى كـردن‌و چـالاكى رۆژانـــه‌و ڕێكخســـتنى ژيـــانى كۆمه‌ڵايـــه‌تى لـــه‌ناو دامـــه‌زراوه‌و

---

٧ د. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، الطبعة الاولى، دار العربية للموسوعات، بيروت، ١٩٩٩، ص١٢٩-١٣١.

٨ د. شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثروبولوجيا، الطبعة الاولى، جامعة الكويت، ١٩٨١، ص٩٠٢.

9 Evans- Pritchard, The Nuer, Oxford, 1940, P. 21.

ڕێکخراوەکانو کۆمەڵەکانو تیرەو هۆزەکانەوە دەبێت بەپێی توانـاو بەپێی ڕوداوە مێژوویی‌یەکانی ئەو ئاوەدانی‌یە).[10]

(عبدالحمید لوتفی) بەم جۆرە پێناسەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کردوە((بریتی‌یە لەکۆمەڵێك پەیوەندی نمونەیی جێگیر لەنێوان یەکە کۆمەڵایەتی‌یەکانی کۆمەڵگادا کەدروست دەبن)).[11]

(خەلیل ئەحمەد خەلیل) بەم جۆرە پێناسەی کردوە((بریتی‌یە لەیەکگرتنو ڕێککەوتنی دەزگا کۆمەڵایەتی‌یەکان)).[12] هەروەها پێکهاتەی کۆمەڵایەتی((بریتی‌یە لەکۆمەڵێك سستەمو بیروباوەڕو بنەما کەکۆمەڵگا هەڵیان دەسەنگێنێتو بڕیاریان لەسەر ئەدات بەچاك یا بەخراپ)).[13] ئەم پێناسەیە ئەوە دەگەیەنێت ئەو سستەمو بیروباوەڕو بنەمایانەی کۆمەڵگا دەبێت لەسەرەتاوە وەك ئایدۆلۆژیایەك پەیدا ببنو چەند زاراوەو بیرو بۆچونێکن دوای ئەوەی کۆمەڵگا پەسەندیان دەکات دەگۆڕێن بۆ بواری کردەییو لەڕێی چالاکی‌یەکانو جموجوڵەکانەوە هەریەکەیان ڕێکخراوێكو دەزگایەك پێکدەهێنن کەهەر یەکەیان فەرمانێکی هەیە لەبواری ئابوریو کۆمەڵایەتیو رامیاریو فەرهەنگی‌یەوە، ئەوانەش دەبنە پێکهێنەری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌ی کۆمەڵگاکانو نەتەوەکان.

---

[10] فهمي سليم الغزوي واخرون، المدخل الى علم الاجتماع، دار الشروق، عمان- الاردن، ١٩٩٢، ص٢٥٥.

[11] د. عبدالحميد لطفي، علم الاجتماع، دار المعارف بمصر، ١٩٧٨، ص٦١.

[12] د. خليل احمد خليل، المفاهيم الاساسية في علم الاجتماع، دارالحداثة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت- لبنان، ١٩٨٤، ص٤٥.

[13] مجموعة من اساتذة علم الاجتماع، دراسات في علم الاجتماع والانثروبولوجيا، دار المعارف بمصر، ١٩٧٥، ص٢٢٠

زانایانی تر پێناسەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌یان بەچەند جۆرێکی تر کردووە وەك(پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەو ڕێگایانەن کەکۆمەڵگایان دابەشکردوە بەسەر چەند دەستەو گروپێکی کۆمەڵایەتی‌دا، یا بەسەر چەند دەستەو گروپێکی جیاوازدا لەسەر بنەمای ڕەگەز، شوێنی جوگرافی، تەمەن، خزمایەتی، وەلەهەموو کۆمەڵگایەکدا ئەو توخمە جیاوازانە دەبنە بنچینە بۆ ئەو دابەشکردنو جیاوازی باڵا دەستی‌یانە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامەکانی ئەو دەستەو گروپانە بەیەکەوە بەستراونەتەوە لەخێزانەکانیاندا کەیەکێکە لەپێکهێنەرەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی).[١٤]

زانایەکی تری کۆمەڵناسی(تالکۆت پارسۆنز) بەم جۆرە پێناسەی دەکات((پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بریتی‌یە لەسستمی پەیوەندی‌یە ئاڵۆزە هاوشێوەکانو چۆنیەتی تاکەکان کە لەجیاتی یەکتر ڕۆڵ دەبینن‌و بەجیاوازی‌یەوە دەردەکەون)).[١٥] لەم پێناسەیەی پارسۆنزدا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بەپێکهاتەی سستمێکی گشتی دەستنیشان دەکاتو پەیوەندی سستمە کۆمەڵایەتی‌یەکان چۆن سستمێکی گشتی پێك دەهێنن هەر بەو چەشنەش ئەو پەیوەندیانە هەریەکە بەجیا فەرمانێکی هەیەو بەهەموویانەوە بەشێوەی جیا جیا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا دروست دەکەن.

---

[١٤] د. احمد ابو زيد، البناء الاجتماعي مدخل لدراسة المجتمع- الانساق، الهيئة المصرية العامة للكتاب فرع الاسكندرية، ١٩٧٩، ص٢٠٨.

[١٥] س. ی. بوبوف، نقد علم الاجتماع البرجوازی المعاصر، ترجمة نزار عيون السود، دار دمشق للطباعة والنشر، بدون سنة الطبع، ص٤٨.

ماركس دەڵێت((پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەچینەکانی کۆمەڵگا دروست بووە، چینێکیان کەمینەو خاوەنی هۆکانی بەرهەمهێنانو دەسەڵاتو فەرمانڕەواینو چینەکەی تر زۆرینەنو هیچیان نیەو بێ دەسەڵاتنو بەشداری ناکەن لەفەرمانڕەوایدا. واتا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بەپێکهاتەی ئەمەکی کۆمەڵگاوە، کەسەرچاوە سروشتیەکانو مرۆییەکان سەرخانو ژێرخانی کۆمەڵگا دیاری دەکەن. ئەگەر پێکهاتەی کاڵایی گۆڕرا ئەوا سەرخانیش دەگۆڕێتو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیش دەگۆڕێت)).[١٦]

هەروەها(پێکهاتە) واتای راگرتنو جێگیربوون دەگەیەنێت لەزانستی ئەندازەو خانووبەرە دروستکردندا. بەڵام زانایانی کۆمەڵناسیو ئەنترۆپۆلۆجیا کەڵکیان لێوەرگرتووە کە((ئاماژە بەپێکهاتەی هەموو سستمێکی نەگۆڕو جێگیر دەدات، کە لەچەند بەشێکی بەیەکەوە بەستراو بۆ ئەنجامدانی فەرمانێك، وەئەو فەرمانە دەگۆڕێت بەگۆڕانی ئەو بەشانەی کەسستمەکەیان پێك هێناوە)).[١٧]

لەدوای بەسەر کردنەوەی بیرو بۆچونی هەندێك لەزانایانی کۆمەڵناسیو ئەنترۆپۆلۆجیا لەسەر زاراوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئێستا دەتوانین بڵێین: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای هەورامان بریتیە لەتۆڕێکی بەیەکەوە بەستراوی چەند یەکەیەکی جیاوازی دانیشتوان کە لەسەر بنەماکانی نشینگەو زمان پێك هاتووە.

---

[١٦] د. احسان محمد الحسن، رواد الفكر الأجتماعي، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، ١٩٩١، ص ١٥٦-١٦٣.

[١٧] معجم العلوم الأجتماعية، تصدير ومراجعة د. ابراهيم مدكور، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٧٥، ص٩٩.

## ٢-ژیانی كۆمەڵایەتی: Social Life

ژیانی كۆمـەڵایەتی هەموو ئەو ڕێگاو ڕێبازانە دەگرێتەوە كەتاك یان كۆمـەڵ دەیانگرنە بەر بۆ دابینكـردن‌و ڕێكخسـتنی ژیـان‌و گوزەرانیـان. ئەوانـەش لەسـەردەمێكەوە بـۆ سـەردەمێكی تـر جیاوازیـان هەیـە لەسەرەتاوە ساكارو ئاسان‌و بێ گرێ‌و گـۆڵ بـوون، ووردە ووردە پـەرەیان سـەندووەو قـورس‌و گـران بـوون، لەسـەرەتاوە تاكـە كـەس لەگـەڵ كۆمەڵەكەیـدا لەسـنورێكی دیـاریكراودا توانیویانـە هـەموو پێداویسـتی‌یەكانی ژیانیـان دەسـتەبەر بكـەن، بـەڵام دواتـر ژمـارەی دانیشتوان زیادی كردوەو پێویستی‌یەكان زۆر بـوون‌و كارەكـان قـورس‌و گران بوون، ئیتر وای پێویست كردووە هەر تاكێك كارێك ئـەنجام بـدات، بـەو جـۆرە پرۆسـەی(دابەشـكردنی كـار) پەیـدابووە، كۆمـەڵگاكان‌و گەلەكان‌و نەتەوەكان جیاوازیان هەیە لـەڕووی ژیـانی كۆمـەڵایەتی‌یـەوە، هەنـدێكیان ڕاوچـین‌و هەندێكیشـیان جوتیـارن هەنـدێكی تریـان پیشەسازن، هەندێكیان لەوانی تر پێشكەوتوترن.

(ئیحسـان محمـد الحسـن) دەڵـێ((ژیـانی كۆمـەڵایـەتی بریتی‌یـە لەشێوازی ژیان‌و ڕێبازی گوزەران‌و شـێوەی هەڵسـوكەوت‌و پەیوەندی‌یـە كۆمـەڵایەتی‌یەكان، كەتاكەكانی ناو كۆمـەڵگا دروستی دەكەن، ئیتر ئەو كۆمـەڵگایە خۆجێ‌یی بێت یا كۆمـەڵگای گەورە)). یان بەشێوەیەكی تـر پێناسـەی كـردووەو دەڵێـت((ژیـانی كۆمـەڵایـەتی بریتی‌یـە لەشـێوازە ناوەكی‌یەكانی ژیانی ناوەوەی كۆمـەڵگا، كەخەسڵەتی تایبەتی دەبەخشن بەكۆمـەڵگایەك‌و جیای دەكەنەوە لەكۆمـەڵگایەكی تر)).[١٨] (احسان) بەم جـۆرە پێناسـەكەی شـی دەكاتـەوەو دەڵـێ ژیـانی كۆمـەڵایـەتی لەچـەند

---

[١٨] د. احسان محمد الحسن، موسوعه علم الاجتماع، المصدر السابق، ص٢٦١.

بنەمایــەك پێــك دێــت كەپێشــەنگیان بــاری ئــابوریو ژینگــەییو تەكنەلۆژیاییو بیرییو هزریو دەرونیو رۆشنبیریو ئایینیو رامیارییـە، كـەدەوری كۆمــەڵگایان داوەو جیایــان كردۆتــەوەو دیارییــان كــردوە، هــەروەها ژیــانی كۆمەلایــەتی رەنــگ كــراوە بــەدابو نــەریتو خــوو و رەوشــتو چــاولێكەریو لاســایی كردنــەوەی پێشــینان، كەهەڵســوكەوتی تاكەكانی كۆمەڵگایان دیـاریكردوەو لەچوارچـێوەیەكدا دایـان رشـتوەو لەكۆمەڵگاكانی تر جیاكراوەتەوە.

(حسێن فهیم) بەم جۆرە پێناسەی ژیانی كۆمەلایەتی كردوە((ژیانی كۆمەلایــەتی هــەچ كۆمـەڵگایــەك بگریــت بەرپرســیارە لەپێكهاتــەی كۆمەڵگاو پاراستنیو مانەوەی)).[19]

(ئەرسـتۆ) ووتویـەتی((مـرۆڤ ئـاژەڵێكی كۆمەلایەتییـە تـەنها بـە لـەدایكبوونی لـەناو كۆمــەڵگادا وا ئـەكات كەپێویسـتییەكی رەهـایی بەكۆمــەڵگا هــەبێت، چــونكە مرۆڤایــەتی سروشــتی بەپەیوەندییــە كۆمەلایەتییەكانــەوە بەســتراوە تــا ئــەو كاتــەی خــەڵك بەرگــەی ژیــان دەگرێـت)).[20] (لوسـی مـیر) بـەم جـۆرە پێناسـەی ژیـانی كۆمەلایـەتی دەكات((بۆ دامەزراندنو پەیـدابوونی هـەچ كۆمەڵگایـەكی مرۆڤایـەتی پێویســـتی بەچـــەند سســـتمێكی دیـــاریكراو هەیــە كەپەیوەندییــە كۆمەلایەتییە سەرەكییەكان رێك دەخات لەژیانی كۆمەڵگادا)).[21]

---

[19] د. حسين فهيم، قصة الأنثروبولوجيا، مجلة عالم المعرفة، العدد ٩٨، كويت، ١٩٨٦، ص١٦٨.

[20] ر. م. ماكيڤر وشالز هـ. پيدچ، المجتمع، ترجمة د. علي أحمد عيسى، الجزء الأول، مكتبة النهضة المصرية، ١٩٧٤، ص٢٢.

[21] لوسي مير، مقدمة في الأنثروبولوجيا الأجتماعية، ترجمة د. شاكر مصطفى سليم، دائرة الشؤون الثقافية والنشر، الجمهورية العراقية، ١٩٨٣، ص٢٩٢

(بەدرخان سندی) بەم جۆرە پێناسەی ژیانی کۆمەڵایەتی کردووە((ژیانی کۆمەڵایەتی بریتی‌یە لەگەشەکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەلای مرۆڤو کاریگەریی ئەو گەشەکردنە لەدارشتنی شێوەی ژیان لەناو کۆمەڵە مرۆڤەکاندا)).[٢٢]

(هادی رشید چاوشلی) بەم جۆرە پێناسەی ژیانی کۆمەڵایەتی کردووە((ژیانی کۆمەڵایەتی بریتی‌یە لەداب‌و نەریت‌و بنەما رەوشتی‌یە باوەکانی ناو کۆمەڵگا)).[٢٣]

دوای خستنە رووی پێناسەی ژیانی کۆمەڵایەتی بەڕای زانایانی ئەنترۆپۆلۆجیاو کۆمەڵناسی ئەتوانین بڵێین: ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای هەورامان بریتی‌یە لەهەموو چالاکی‌یە مرۆیی‌یەکان‌و پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان، کە لەژینگەکەدا دروست بوون، لەبەر پێویستی سستمێکیان پێکهێناوە کەئەرك‌و مافەکانی تاك‌و کۆمەڵگاکەی رێك خستووە لەچوارچێوەی بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکانداو هەمیشە لەگۆڕاندایە.

**٣- هەورامان:** Hawraman

تا ئێستا لێکۆڵەرەوان‌و زانایان‌و مێژوو نوسان رێکنەکەوتون لەسەر دەستنیشانکردنی واتای زاراوەی(هەورامان)، راوبۆچوونی جیاواز هەیە لەناساندنیدا چ لەڕووی زارەکی‌یەوە بێت یا لەڕووی واتایی‌یەوە. بۆیە واپێویست دەکات بەدرێژی راوبۆچونەکان بخرێنەڕوو. سەرەتا پێویستە

---

[٢٢] د. بدرخان السندي، المجتمع الكردي في المنظور الأستشراقي، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠٢، ص٤٥.

[٢٣] هادی رشید جاوشلی، الحياة الأجتماعية في كردستان، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٧٠، ص٧١.

**زاراوەی هەورامان شێوەی نووسین‌و ئاخافتن‌و زارەکی‌یەکەی نیشان بدەین بەم جۆرە:-**

**زاراوەی هەورامان بەم شێوانە بەکارهاتووە:**

Awraman[25] , Avroman[24] ، **ئورۆمۆن[٢٦] ، ئورامان[٢٧] ، ئورامی[٢٨] ، أرمان[٢٩] ، ئەورامن.[٣٠]**

**واتای زاراوەی هەورامان:- ئەم زاراوەیە(سەرزەمین، ئاتشکدە، ئاورامان)[٣١] یاخود واتای(مەڵبەندێکی شاخاوی چڕە، خەڵکی هەورامان، شێوەی کوردی هەورامان)[٣٢] دەگەیەنێت.**

**لەهەندێك سەرچاوەی تردا واتای زاراوەی هەورامان بەجۆرێکی تر لێك دراوەتەوە کەبەم جۆرە دەیانخەینە بەر چاو:- بۆچونی(محەمەد ئەمین هەورامانی) لەسەر زاراوەی(هەورامان) واتای جێگای خۆشاردنەوەو**

---

[24] محمد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، انتشارات بلخ، تهران، ٢٠٠٠، ل بەرگی کۆتایی.

[25] D. N. M ackenzie . The Dialect of Awraman . London, 1966, P 5-6.
یان د. ئەورەحمانی حاجی مارف، چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نوسراوە، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغداد- ١٩٧٤، ل٦٥.

[٢٦] دیوانی صەیدی، کۆکردنەوەی محمد امین کاردۆخی، چاپخانەی کامەرانی سلێمانی، ١٩٧١، ل١٣.

[٢٧] صدیق بۆرەکەیی، فەرهەنگی بۆرەکەیی، انتشارات پلکان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢، ل١٠٧٦.

[٢٨] محمد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

[٢٩] محەمەد ئەمین زکی، تأریخی سلێمانی وولاتی، چاپخانەی النجاح، بغداد، ١٩٣٩، ل٢، پەراوێزی ژمارە٢.

[٣٠] محمد ئەمین هەورامانی، سەرچاوەی سەرەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠٦.

[٣١] صدیق بۆرەکەیی، فەرهەنگی بۆرەکەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧٦.

[٣٢] عبدالرحمان شرفکندی(هەژار)، فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە، چاپخانەی سروش، تهران، ساڵی ٢٠٠٣، ل١٠٠٩.

خۆپاراستنی پیاوە ئاینییەکانی ئاینی زەردەشت بووە، کە بەناوی(ئاهورامەزدا) وە ناسراوەو دواتر گۆڕان بەسەر زاراوەی(ئاهورامەزدایەدا) هاتووەو بوە بەزاراوەی(هەورامان). هەروەها چەند بۆچونێکی کەسانی تریشی تۆمارکردوون کەخۆی باوەڕی پێیان نیی یە وەك هەورامان لەووشەی(رمان)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە. یا لەووشەی(ئاورامان) بەواتای(برسێتی-برسیمان) وەرگیراوە. یا بەواتای(هۆرئامان-هەڵهاتن)وەرگیراوە. یا بەواتای(ئاور-ئاگر) وەرگیراوە. یا بەواتای ناوی زیندانێکی ئەسکەندەری مەکەدۆنی کەناوی(ئەورامن) بوو ئەو ناوەی لێنراوەو دواتر بۆتە(هەورامان).[٣٣]

هەروەها چەند راوو بۆچونێکی تر خراونەتە روو دەربارەی زاراوەی(هەورامان) بەم جۆرە:-

هەورامان لە(زادەگای هەورەکانەوە) هاتووە بەواتای شوێنی پەیدابوونی هەورەکان. هەورامان لە(هۆرئامایی)یەوە هاتووە ئەمەش واتای هەورازو سەرەوژوور دەگەیەنێ. هەورامان لە(هۆرئامان یا وەرئامان)ەوە وەرگیراوە کەشوێنی هەڵهاتنو دەرکەوتنی خۆر دەگەیەنێت. هەورامان لە(ئۆمەران)ەوە هاتووە کەیەکێك بووە لەئاهەنگەکانی پێش ئیسلام. هەورامان لەدووبەش پێکدێت(ئۆرا) واتا قەڵای قایمو سەخت، (مانا)ی نیشتگە دەگەیەنێ بەو شێوەیە هەردوو بەشەکە دەبن بەقەڵای قایمو سەخت. هەورامان لەسەرەتادا(ئاهورامەزندان) بووە، پاشان ئاهورا گۆڕاوە بۆ(هورا)و(مەزندان)یش گۆڕاوە بۆ(مان)، بەو شێوەیە زاراوەکە بەسەر

---

[٣٣] محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرچاوەی سەرەوە، ل٦٠٨-٦٠٩.

یەکەوە بووە بە(هەورامان). هەورامان لە(ئاورامـان) یـا(ئازەرمـان)ەوە هاتووە بەمانای کوانوو یا ماڵی ئاگر.[٣٤]

هەروەها ئـەم بۆچـونانە لـەبارەی واتـای هەورامانـەوە خراونەتـە روو، (ئورامـەن) واتـا جـۆرە گفتوگۆیـەکی شـیعریەو شـیعرەکان بـەزمانی پەهلـەوی نوسـراون. هـەورامان لـە(ئەورامـەن)ەوە هـاتووە کەیەکێکـە لەئاهەنگە مۆزیکیە کۆنەکانی فارسـەکان. هـەروەها نـاوی(هـەورامی) لــە(ئــاهورایی)یــەوە هـــاتووە، ســـەرەتا ناوەکــە(ئــورا)بــووە وەك کورتکراوەیــەکی نــاوی (ئــاهورا)، هـــەورامانیش واتـــای شـــوێنی نیشتەجێبوونی ئاهوراییەکان دەگەیەنێ[٣٥].

لەکــەنارەکانی گــۆمی(ئۆرامیــە-ئورومیــە) تیرەیــەك لەنەتــەوەی مادەکـانی تێـدا ژیـاون‌و پێیـان ووتـراوە(ئـەورامی)، ئـەمڕۆ پێیـان دەوتـــرێ(هـــەورامی، هـــەورامانی).(هـــەورامان-ئـــەڤرومان) لەووشـــەی(رمـــان)ی عەرەبییـــەوە وەرگـــیراوە. هـــەورامان لە(ئاهورامـەزدامان)ەوە وەرگیراوە، ناوەکە کورتکراوەتەوە(ئاهورا) بـووە بە(هورا)و (مـەزدامان) بووە بە(مان) بەسـەریەکەوە بـووە بەهـەورامان. هەورامان مانای( هەڵتۆقین‌و بەرزبونەوە) دەگەیەنێت.

(هادی رەشید بەهمـەنی) چـەند بۆچـونێکی خسـتۆتە روو دەربـارەی واتای زاراوەی هەورامان بـەم جـۆرە:- ریشـەی(ئاهورامـازدا) لەووشـەی هەورامانـدا بەسۆرانی ئەبێتە هەورامان. هەورامان لەووشەی(هەورام)ەوە

---

[٣٤] عبدالله کریم محمود ئەیوب روستم، هەورامان سروشتی جوانی‌و کەلتوری کوردەواری، رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ١٧٨٤، ساڵی ١٩٩٩، سلێمانی، ل٧.

[٣٥] ئەیوب روستم، پەرتوکی هەورامان، مەڵبەندی رۆشنبیری هەورامان، چاپی یەکەم، بێ چاپخانە، ٢٠٠٤، ل٨-١٨.

وەرگیراوە کەبرای(کەندوول) بووە، هەردوکیان هاتونەتە ناوچەکەو ئاوەدانیان کردۆتەوەو بەناوی یەکێکیانەوە کە(هەورام)ە ئەو ناوەی لێنراوە. هەورامان چەند واتایەك دەبەخشێت ووشەیەکی جیناسە بەواتای(بەرزبوەوە، هەڵتۆقیوو، هەڵهاتوو، راکردوو، هەڵکەنراو لەجێی‌یەك، هەورهاتوو).[٣٦]

(کەریم زەند) چەندین واتای بۆ زاراوەی هەورامان دەستنیشان کردون وەك:-

هەورامان واتا(بەرزی دەڤەر)یا(هورئامای)یا(هاتنە سەرەوە)یا(ئاوساو)یا(ماڵ ویانەو شوێن) یا بەواتا(هەورەکان). هەروەها کەریم زەند ئەم بۆچونانەی تریشی بۆ واتای هەورامان تۆمار کردوون(هەورامان واتا(خۆرئامان)، یا بەواتا(خاوەر) یا بەواتا(خۆرهەڵات). لەلایەکی ترەوە رای وایە(ئورامان) واتا ئاهەنگی کۆنی کوردە. هەروەها دەڵێ(ئوورا) واتا(دوژ)یا(قەڵاو شورای سەخت).(ئاورامان) واتا(برسێتی).(ئاورمان-ئوورامان-ئازەرمان) واتا ئاگرگە یا ماڵی ئاگر))[٣٧].

ئەو هەموو راو بۆچونانە بۆ واتای زاراوەی(هەورامان) کەخرانە روو هەندێکیان جێی گومانن، هەندێکیان زۆر دوورن لەڕاستی‌یەوە، هەندێکیشیان لەڕاستی‌یەوە نزیکن بەبۆچونی شارەزایانی خەڵکی ناوچەکەو لەبەر رۆشنایی سەرچاوە مێژوویی‌یەکانداو ئێمەش وەك توێژەر هەر رای ئەوانەمان لاپەسەندە.

---

[٣٦] هادی رەشید بەهمەنی، پەیامی هەورامان، چاپخانەی ژین، هەولێر ٢٠٠١، ل٢١٤.

[٣٧] کەریم زەند، هەورامانناسی، گۆڤاری سورێن، مەکتەبی راگەیاندنی حزبی سۆسیالیست، سلێمانی، ٢٠٠١، ژمارە ٨٨، ل٥.

بۆیە وا پێویست دەکات بۆ دیاری کردنی واتای زاراوەی هەورامان پشت بەدوو سەرچاوەیان ببەستین کەجێی باوەڕپێکردنن ئەوانیش ئەمانەن:-

سەرچاوەی یەکەم جەماوەرو خەڵکی ناوچەکە.

سەرچاوەی دووەم سەرچاوە مێژووییەکانن. لەوە زیاتر راکانی تر جێی گومانن چونکە هیچ بەڵگەیەکی زانستییان نییە کەبۆچونەکانیان بسەلێنێت.

رای خەڵکی هەورامان لەسەر واتای زاراوەی هەورامان= هورئامان واتا(جیاکراوە، هەڵچوو، هەڵتۆقین- هەڵی هێناوە) تا ئێستا لەئاخافتنی شێوەزاری هەورامیدا لەناو خەڵکەکەدا واتای ئەمانە زیندووەو رۆژانە بەکار دەهێنرێت. بۆ نمونە: خەڵکەکە دەڵێت(شۆتەکە هورئامان= شیرەکە هەڵچووە یا بەرز بوەتەوە). (جوجەڵەکێش هۆر ئاردێنێ= جوجکەکانی هەڵهێناوە). (گەلەکە هورئامان= رانە مەڕەکە جیا بوەتەوە).

پێناسەی زاراوەی هەورامان بەپێی سەرچاوەی یەکەم کەخەڵکی هەورامان بوو واتا(سروشتێکی جوگرافی جیاکراوەو کۆمەڵگایەکی جیاکراوەو شێوەزارێکی جیاکراوە دەگەیەنێت).

بەپێی دووەم سەرچاوە کەسەرچاوە مێژووییە کۆنەکانن واتای(زاراوەی هەورامان هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی ئایینی زەردەشت باوەڕی بەخوای(ئاهورامازدا) هەبووە، مەڵبەندی هەورامانی ئێستاش بەپێی بوونی ژمارەیەکی زۆری(ئاتەشگا)کان لەو ناوچەیەداو بەپێی پەیڕەوکردنو مانەوەی هەندێك لەدابو نەریتو خوو ورەوشتی ئایینی زەردەشت لەناو کۆمەڵگاکەدا، دەبێت کاریگەری ئەو بیروباوەڕە

ئایینی‌یە زۆر بوبێت لەسەریان ناوی مەڵبەندەکەیان بەناوی خواکەیانەوە ناو نابێتو دواتر گۆڕابێت بەهەورامان). چونکە بەلابردنی(ئا)ی پێشەوەی زاراوەکەو، (دا)ی کۆتایی زاراوەکە کە(ئاهورامازدایە)و گۆڕینی پیتی(ز) بەپیتی(ن) راستەو راست زاراوەی(هەورامان) بەدەستەوە ئەدات، وەك لەم هاوکێشەیەدا دەردەکەوێت:

ئاهورامازدا ←—— ئا(هوراماز)دا ←—— هورامان.[٣٨]

لەبەر رۆشنایی‌ی ئەو سەرچاوانە دەتوانین واتای هەورامان دیاری بکەین‌و بڵێین(ئەگەر نەتوانین هەورامان بەڕەسەنی گەلی کورد بناسێنین، بێگومان دەتوانین بڵێین هەورامان بەشێکە لەپێکهاتەی خاکی کوردستان‌و گەلی کوردو زمانی کوردی، بەشوێنی نیشتەجێ بونیان‌و شێوەزارەکەیان خاکی کوردستانیان فراوان کردوەو زمانی کوردیان دەوڵەمەند کردوەو پێناسی خۆیان نیشان داوەو پێی دەناسرێنەوە)

دوای رونکردنەوەی واتاکانی(زاراوەی هەورامان) هەروەها دوای پێناسەکردنی زاراوەی هەورامان بۆ زیاتر شارەزا بوون لەجوگرافیای هەورامان‌و شێوەزاری هەورامی‌و مێژووی هەورامان لەبەر رۆشنایی سەرچاوەکاندا لەدواوە دەخەینە روو.

ج-جوگرافیای هەورامان

١-روبەری هەورامان:- بەگشتی روی زەوی هەورامان سەخت‌و شاخاوی‌یە، هەڵکەوتەکەی شێوە سێگۆشەیی‌یە، سێ پارێزگای کوردستان بەیەکەوە دەبەستێت(سلێمانی لەعیراق‌و کرماشان‌و سنە لەئێران) زنجیرە چیای زاگرۆس بەسروشتی بەشی کردووە بۆ هەورامانی رۆژهەڵات(هەورامانی تەخت)و هەورامانی رۆژئاوا(هەورامانی لهۆن)

---

[٣٨] محمد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠٩.

لەڕووبەرێکی ٢٥٠٠-٣٥٠٠کم٢.[٣٩] یا لەڕووبەرێکی ١٠٣٢٠کم٢دا.[٤٠] کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی عێراق و ڕۆژئاوای دوو پارێزگاکەی ئێران. لەپەیمانی زەهاوی ١٦٣٩ز لەنێوان دەوڵەتی سەفەوی-ئێران و دەوڵەتی عوسمانی- تورکیادا دابەش کرا، بەشی زۆری(هەورامان) بەر دەوڵەتی سەفەوی کەوت، بەشێکی هەورامانی لهۆن بەر دەوڵەتی عوسمانی کەوت، کەئێستا بەشێکە لەحکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.[٤١] لەساڵی ١٧٨٥دا(سان)[٤٢]ـە.

دەسەڵاتدارەکانی هەورامان جارێکی تر دابەشیان کردوەو کردیان بەپێنج بەشەوە بەناوی هەورامانەکانی(لهۆن، تەخت، دزڵی و شامیان، ڕەزاو وکەمەرە، ژاوەرۆو گاوەرۆ)[٤٣].

ئەم کارنامەیە لەسەر هەورامانی لهۆن بەشی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجام دراوە کەلەم شارۆچکەو لادێیانە پێک هاتووە(تەوێڵە، بیارە، ئێلان پێ، هانەی قوڵ، زەڵم، ئەحمەدئاوا، هانەی

---

[٣٩] فیروز حسن، گۆڤاری هەورامان، مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، ژمارە١، بێ چاپخانە، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٥.

[٤٠] هادی ڕەشید بەهمەنی، پەیامی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤١.

[٤١] کەریم زەند، هەورامانناسی، گۆڤاری سورێن، سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

[٤٢] سان:- دەسەڵاتداری دنیاییەو فەرمانڕەوای ناوچەیەکی کردووە لەسەردەمێکی مێژووییدا لەهەوراماندا. ئەو زاراوەیە هەندێك ڕایان وایە لە(ساتراب)ـەوە وەرگیراوە، بڕوانە ئی. م. دیاکۆنۆف، میدیا، وەرگێڕانی برهان قانع، ل٤٧٣-٤٧٩. کاتی خۆی وولاتی ئێران ٢١ ساتراب بووە زاراوەی(سان) لەو ساترابەوە وەرگیراوە هەندێکی تر ڕایان وایە لە(سلطان)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، بڕوانە ئەیوب ڕۆستەم، هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

[٤٣] بەهرام وەلەدبەگی، هەورامان، گۆڤاری ئاوێنە ژمارە(١٥-١٦)، تاران، ١٣٧٤ ئێرانی، ل٨٢.

دن، سـەرگەت، دەرەی مـەڕ، گەچـینە، باخـەکۆن، گۆلـپ، نارنجلـە، بنجەودڕێ، زەردەهاڵ، خارگێڵان، خەڕپانی، دەرەقەیسەر، دەگا شێخان، بەڵخە، سۆسەکان، پاڵانیا).

(ڕەشـاد مـیران) گونـدەکانی(هـاوار، چـاڵان، دەرەتـوێ)ی لەسـەر هـەورامان لەقەڵـەم داوە.[44] بـەڵام لەڕاسـتیدا ئـەو گوندانـە دراوسـێی هـەورامانی لهـۆنی بەشـی کوردسـتانی عێـراقن لـەلای باشـوری ڕۆژهەڵاتەوە. تێکڕا ژمارەی شارۆچکەو لادێکانی سنوری لێکۆڵینـەوەی ئەم کارنامەیە(٢٢) شارۆچکەو لادێیە. بـەڵام تـا ئێسـتا(٧) لادێیـان ئاوەدان نەکراونەتەوە کەئەمانەن(گەچینە، باخـەکۆن، گۆلـپ، خـەڕپانی، دەرەقەیسەر، پاڵانیا، بنجەودڕێ). هـەروەها ئـەم دوو گونـدەش( هانـەی قـوڵ، ئـێڵان پـێ) ژمارەیـان کەمـە هانـەی قـوڵ ٣خێـزانو ئـێڵان پـێ ٤خێزانن. کە لەڕوبەرێکی ١٠٤٢٧١کم٢[45] دروست کراون.[46]

٢-ژمارەی دانیشتوانی هەورامان:

کۆمـەڵێك سەرچـاوە ئاماژەیـان بـەژمارەی دانیشـتوانی هـەموو هەورامان کردوە. لە چلەکاندا محەمەد ئەمین زەکی ژمارەی دانیشـتوانی هەورامانی بە٤٠٠٠ کەس خەمڵانـدو[47] پـاش نزیکـەی نیـو سـەدە لـەو خەمڵاندنـە هـادی ڕەشـید بەهمـەنی ژمـارەی دانیشـتوانی هـەورامانی گەیاندە ١٠٥٥٠٠٠ کەس.[48]

---

[44] د. ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینیو نەتەوەیی لەکوردستاندا، سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵی ٢٠٠٠، ل١٥٣.

[45] سەیری پاشکۆی(٦) بکە.

[46] بەڕێوەبەرێتی ناحیەی بیارەو ناحیەی خورماڵ، تۆمارە بڵاونەکراوەکان.

[47] محەمەد ئەمین زەکی، خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢٤٠.

[48] هادی ڕەشید بەهمەنی، پەیامی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤١.

ژمارەی دانیشتوانی سنوری ئەم توێژینەوەیە(٧٠٢٦) کەسە کە لە(١٥٠٢) خێزان پێك هاتووە بەپێی تازەترین سەرژمێری کە لە٢٠٠٥دا بەڕێوەبەرێتی هەردوو ناحیەی(بیارە، خورماڵ) لەهەوراماندا ئەنجامیان داوە بۆ مەبەستی دەنگدانو هەڵبژاردن.[٤٩]

٣-نشینگەی هەورامان:-

جێی نیشتەجێ بونی هەورامیەکان(شارۆچکە نشینو دێنشینو لادێ نشین)ن، تێکرا ژمارەی شارۆچکەو دێو لادێی هەورامان(١٤٣)[٥٠]، یا(٣٥٠--٤٥٠)[٥١]، کەدابەش بوون بەسەر(٤-٥) هەزار ماڵدا. سنوری ئەم توێژینەوەیە دوو شارۆچکە(بیارەو تەوێڵە)و (١١) دێو لادێ دەگرێتەوە لەهەورامانی(لهۆن) بەشی کوردستانی عێراق. کەئێستا شوێنی نیشتەجێ بونی خەڵکی هەورامانن بەپێی تازەترین سەر ژمێری هەردوو ناحیەی بیارەو خورماڵ.

بەڕای توێژەر جیاوازیەکی زۆر بەرچاو دەکەوێت لەژمارەی دانیشتوانو ژمارەی ئەو گوندانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێ کراوە لەسەرچاوەکانەوە وەرگیراون ئەو جیاوازیانە دەبێت بۆ ئەم هۆکارانە بگەڕێتەوە:-

١-حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ مەبەستی سیاسی راستیەکانیان بەدەستەوە نەداوەو زانیاریەکانیان بەتێرو تەسەلی نەخستۆتە روو.

---

[٤٩] بەڕێوەبەرێتی ناحیەی بیارەو ناحیەی خورماڵ، تۆمارە بلاونەکراوەکان.

[٥٠] بەهرام وەلەدبەگی، هەورامان، هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕەی پێشوو.

[٥١] رەشید هەورامی، هەلاڵە برایمەی هەورامان، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی، ١٩٧١، ل٣.

**٢-هەندێك لەنوسەرەكان كەوتونەتە بەر كارلێكردنی لایـەنگیری بـێ لایەن نەبوون لەنوسینەكانیاندا.**

**٣-هەندێك لەنوسەرەكان شارەزا نەبونو بەمەیـدانی زانیاریـەكانیان كۆنەكردۆتەوە.**

**٤- دوور نی‌یە نوسەرەكان مەبەستی تایبەتی‌یان نەبوبێت لەخستنە روی زانیاری‌یەكانیانداو تۆماركردنیان دا.**

**٥- دوور نی‌یە روداوە رامیاری‌یەكانی كوردستان نەبوبنە هـۆی ئـەو جیاوازیانەی زانیاریەكان كە لەسەرچاوەكاندا دەركەوتون.**

## ٤-ژینگەی هەورامان.

**ژینگە :** Environment   Ecology[52]

**ژینگـە مـەبەسـت لەكاریگـەری كۆمــەڵێك فاكتـەری سروشـتی‌و كۆمەڵایەتی‌یە ، كەكار لـەمرۆڤ دەكـەنو راسـتەوخۆ كاردەكاتـە سـەر هەڵسوكـەوتو هــەموو چـالاكی‌یەكانی. مـــرۆڤ دەتوانێــت خــۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێتو خـۆی رابێنێـت. ژینگەیـەك لەیـەكێكی تـر جیاوازەو هەمیشەش لەگۆڕاندایە ، ژینگە كـار دەكاتـە سـەر دروست**

---

[52] یەكەم جار لەزانستی بایەلۆجیدا لەسەر دەستی زانای ئەڵمانی(هیگڵ) لەساڵی١٨٦٩ ئاماژە بەووشەی ئایكۆلۆجی كراوە، كەواتای پەیوەندی‌یە ئاڵوگۆڕەكان دەگەیەنێت لەنێوان رووەكو ئاژەڵدا پەیدا دەبێت لەژینگەیەكی سروشتی دیاریكراودا، دواتر لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا وەك زاراوەیەكی زانستە مرۆڤایەتی‌یەكان لەلایەن(تشارلس چالپن Charles Galpin)ی ئەمریكایی‌یەوە بەكارهات. كەواتای پەیوەندی‌یە ئاڵوگۆڕەكانی نێوان مرۆڤو ژینگە دەگەیەنێت. بۆ زانیاری زیاتر سەیری سەرچاوەی د. أحمد أبوزید/ البناء الاجتماعي مدخل لدراسة المجتمع(الأنساق) ط٣/الأسكندرية/ ١٩٧٩/ ص١١. یان الدكتور علاءالدين جاسم البياتي، البناء الأجتماعي والتغيير في المجتمع الريفي، مؤسسة الاعلمي- دار التربية، بيروت- بغداد، ١٩٧٥، ص٢٣-٢٤.

بونو گۆڕانی شارستانەتەکان، شارستانەتیش کاردەکاتە سەر ژینگـە. لەڕوی کۆمـەڵایەتی‌یەوە مـەبەست لەهەڵسوکەوتی تاکەکانی مرۆڤە کە لەژیانی رۆژانەیاندا ئاوێتـە بەیـەکتر دەبـنو چـالاکی‌یەکانیان ئـەنجام ئەدەن[٥٣].

مـەبەست لەئایکۆلۆجی پەیوەندی‌یەکانی نێوان مـرۆڤو سروشـتو بونەوەرەکانی ترە. ئـایکۆلۆجی‌ی کۆمـەڵایـەتی تـەنها بەوەڵامدانـەوەی ژینگەوە نەوەستاوە کە لەئەنجامی پەیوەندی کردنو بەیەکتر گەیشـتنو هەڵسوکەوت کردن لەژینگەیەکدا پەیدا دەبێت، بەڵکو گرنگیش ئەدا بەپێکهاتەو دابەشکردنی ئەرکو فەرمانەکانی ناو کۆمـەڵەکانو لەگەڵ باسکردنی پەیوەندی‌یە راستەوخۆکانو نا راسـتەوخۆکان کـە لـەنێوان ئەندامانی یـەك کۆمـەڵـدا پەیـدا دەبـن لەگـەڵ کۆمـەڵـەکانی تـردا. جگەلەوە گرنگی ئەدا بەدابو نەریت بـۆ دابینکردنـی هەڵسـوکەوتی کۆمەڵایەتی لای تاکەکانی کۆمـەڵگا[٥٤].

مـەبەست لەئایکۆلۆجی کۆمـەڵگا بەگشتی پەیوەندی نێوان مرۆڤو ژینگەیە وە لەو پەیوەندی‌یە سستمی تایبەت پەیدا دەبێـت جموجـوڵو هەڵسوکەوتی خەڵك بەیەکەوە دەبەستێت[٥٥]. هەروەها ژینگـەو کلتـور پەیوەنـدیان بەیەکـەوە هەیـەو کـار لەیـەکتر دەکـەن.[٥٦]. کۆمـەڵگای هـەورامان ژینگەیـەکی سروشـتو کۆمەڵایـەتی تایبـەتی هەیـە، پەیوەندی‌یـەکی ئـاڵوگۆڕ لـەنێوان ژینگـەی سروشـتیو ژینگـەی

---

[٥٣] د. شاکر مصطفی سلیم، قاموس الأنثروبولوجیا، مصدر سابق، ص٣٠٥.

[٥٤] د. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الأجتماع، مصدر سابق، ص١١٢.

[٥٥] نورالدین محمد سعید، التحدیث في اسرة قوش تبە، رسالة ماجستیر منشورة مقدمة الی کلیة الآداب جامعة بغداد، ١٩٨٣، ص٨٦.

[٥٦] M.M.Fattah. Sociological Texts and Concepts .Ministry of Higher Education .University of Salahadin Press .P.60.

کۆمەڵایەتیدا هەیە کەیەك کار لەوی تر دەکاتو کلتوری هەورامانی لێ پەیدا بووە کەتایبەتە بەکۆمەڵگای هەورامان.

## ژینگەی سروشتیی هەورامان

هەورامان بەگشتی ناوچەیەکی شاخاویی سەختە، رواڵەتە سروشتییەکانی تایبەتن بەژینگە سروشتییەکەیەوە، کەئەویش پێکهاتەی بەرزونزمی رووی زەویەکەیی‌و سەختی ئاوو هەواکەی‌و چڕی رووەکە خۆڕسکەکەی‌و فرەیی سەرچاوە ئاوییەکانی‌و هەمەجۆری ئاژەڵو باڵندە کێوییەکانیەتی، کەیەك لەگەڵ ئەوی تردا پەیوەندی هەیەو کار لەیەکتری دەکەن، بۆ رەخساندنی ژینگەیەکی تایبەت کەهەمووپێکەوە بگونجێن‌و هەڵکەن، تا ژیانێکی هەمەڕەنگی سروشتی جوان دەستەبەر بکەن. بەرزی ناوچەی هەورامان نزیکەی(٧٠٠-٣٠٠٠)مەترە[٥٧] لەئاست رووی دەریاوە، تێکڕای بەرزیەکەی(٢٥٤٨) مەترە لەئاست روی دەریاوە[٥٨]. ئاووهەوای هەورامان لەزستاندا بەفروبارانێکی زۆری لێ دەبارێتو ساردە، بەهاویندا فێنك‌و مام ناوەندە، ئەو دوو وەرزەی لەساڵدا درێژن دوو وەرزەکەی تری(بەهارو پایز) ئاوو هەوایان مام ناوەندەو باراناوین، هەورامان کەوتۆتە ناوچەی بارانی مسۆگەرەوەو ساڵانە تێکڕای بڕی باران بارینی لە(٦٠٠ ملم) کەمتر نی‌یە[٥٩] وە کەوتۆتە ناو بازنەکانی پانی ٣٥ پلەو هێڵی درێژی ٤٥-٤٦ پلە[٦٠].

[٥٧] هادی رەشید بەهمەنی، پەیامی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤١.
[٥٨] د. شاكر خصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحي الطبيعية والبشرية، مطبعة الشفيق، بغداد، ١٩٧٣، ص٢٦
[٥٩] عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٥٥.
[٦٠] هادی رەشید بەهمەنی، پەیامی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦.

ژینگەی سروشتی هەورامان بەچەشنێك هەڵکەوتووە کەژیانی سروشتی بەشێکی زۆری بونەوەرەکان مسۆگەر دەکات بەبێ کێشەو گیروگرفت، هەر ئەوەشە بۆتە سەنگی مەحەك بۆ پەیدابوونی کلتورێکی تایبەتمەند لەناوچەکەدا، کەژینگەیەکی کۆمەڵایەتی شیاو بەو ژینگە سروشتییە پەیدابێتو خەسڵەتی کۆمەڵگایەکی داخراو وەربگرێت ئەگەر لەدنیای دەرەوەش دابڕێت پەکی نەکەوێت.[٦١]

## ژینگەی کۆمەڵایەتی

ژینگەی کۆمەڵایەتی بریتییە لەتۆڕێکی چنراو لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.[٦٢] ، وە هەموو دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەگرێتەوە.[٦٣] ، بۆیە هەموو کۆمەڵگایەکی خۆجێیی ئەندامەکانی هەست دەکەن بەیەکەوە گرێ دراون هەرچەند جیاوازیش هەبێت لەنێوانیاندا.[٦٤] هەروەها جیاوازیی رەگەزی پەیدا دەبێت لەناو خەڵکدا، چونکە ئەو کۆمەڵە مرۆڤایەتییانە ماوەیەکی دوورودرێژ بەهۆی کاریگەری ناوەندە جوگرافییە تایبەتییەکەیانەوە دابڕاون.[٦٥]

(مرۆڤ لەژینگەکەیدا بۆ ژیانو گوزەرانو تێرکردنی ئارەزووەکانی هەوڵ ئەداو کار ئەکات تاکو رەوشتو هەڵسوکەوتی رێکخات لەگەڵ

---

[٦١] مارتن ڤان برونسن، ئاغاو شێخو دەوڵەت، وەرگێڕانی کوردۆ، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٥٢.

[٦٢] هادى رشيد جاوشلی، الحياة الاجتماعية في كردستان، المصدر السابق، ص٤٩.

[٦٣] د. قيس النوري، ما الأنثروبولوجيا، دائرة الشؤون الثقافية والنشر، بغداد، ١٩٨٦، ص٨.

[٦٤] ر. م. ماكيفرو شارلزه. ڤيدج، المجتمع، ترجمة دكتور السيد محمد العزاوى واخرون، الجزء الثاني، مكتبة النهضة المصرية، ١٩٧١، ص٥٦٧.

[٦٥] د. جمال رشيد أحمد، ظهور الكرد في التأريخ، مجلة كاروان، العدد ٦٨، دار الحرية للطباعة والنشر- بغداد، ١٩٨٨، ص١٣٧.

هەڵوێستەكانیدا كەژیانی كۆمەڵایـەتی سـەپاندویەتی بەسـەریدا).[٦٦] (تاكەكانی كۆمەڵگای مرۆڤ كەپێكەوە هەڵسوكەوت دەكەن لـەژیانی رۆژانەیانـداو لەرێگـەی جموجوڵـە كۆمەڵایەتی‌یەكانیانـەوە ژینگـەی كۆمەڵایـەتی تایبـەتی پێكـدێنن).[٦٧] (هـەروەها كۆمـەڵگا دەبێتـە گۆڕەپـانی جموجـوڵی تاكـەكان، كەسسـتمێكو هەڵسـوكەوتێكی كۆمەڵایەتی پێكدێنن كەبڕیاردەر دەبێت بۆ دیاریكردنی شێوەی ژیانی تاك لەناو كۆمەڵگاكەیدا، ژینگەی كۆمەڵایەتی تەواوكـەری ژینگـەی سروشتی‌یە، لەژیانی مرۆڤایەتی‌دا).[٦٨]

لەژینگەی كۆمەڵایەتی هەوراماندا (خەڵكی هەورامان لەگەڵ ئـەو كوردانەی دەوروبـەریان زمانیـان جیایـەو جـلو بـەرگیان جیایـە).[٦٩] هەروەها (خانوو دروستكردن لەهەوراماندا تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـەو جیاوازە لەچەشنی خانووەكانی كوردستانی عێـراق).[٧٠] هـەروەها (ئـەو هەورامیانـە لەناوچـەیەكی كێـوو شـاخی رژدو سـەختدا دەژیـن كـە لەهـەموو لایەكـەوە دیـواری بـەرزی سروشـتی دەوری داوەو تـەرتیبی ژیانیشیان وەك نیشتمانەكەیان لەچاو خەڵك شتێكی تـرە).[٧١] كەواتـە

---

[٦٦] عبد الستار طاهر شريف، المجتمع الكردي، من منشورات جمعية الثقافة الكردية، ١٩٨١، ص٦.

[٦٧] د. شاكر مصطفى سليم، قاموس الأنثروبولوجيا، المصدر السابق، ص٣٠٥.

[٦٨] هەمان سەرچاوە، ل٨٩٦.

[٦٩] أ. م. مینتیشاشفیلی، كورد، وەرگێڕانی دكتور عیزەدین مستەفا رەسول، وەزارەتی رۆشنبیری- سلێمانی-١٩٩٦، ل١٤٨.

[٧٠] محمد مصطفى أحمد، بيارة، دراسة سوسيو أنتروبولوجية، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى كلية الاداب، ١٩٩٤، ص٣٧.

[٧١] واسیلی نیكتن، كوردو كوردستان، وەرگێڕانی خالیدی حسامی(هێدی)، كتێبخانەی نیشتمانی هەرێمی كوردستان، هەولێر، ١٩٩٨، ل٤٩٣.

خەڵکی هەورامان ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتیان بەخۆیانو ژیانو گوزەرانیان دروستکردووەو رەخساندووە کە کەمێك جیاوازی هەیە لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی ناوچەکانی تری کوردستان. ئەویش لەبەر ئەم خاڵانەیە بەڕای ئێمەو لەبەر رۆشنایی سەرچاوەکاندا:-

خاڵی یەکەم- هەورامان کەوتۆتە ناوچەیەکی چەپەكو ژینگە سروشتییەکەی سەختو هەڵەتەو دووربوە لەڕێگاکانی هاتووچۆوەو لەشکرکێشیەکانی دوژمنانی گەلی کورد زۆر نەیگرتوەتەوە، هەرچەندە کەوتۆتە ناوەڕاستی خاکی کوردستانیشەوە، هیچ دوژمنێك نەیتوانیوە بەتەواوەتی داگیری بکاتو دەستی بەسەردا بگرێت.[٧٢]

خاڵی دووەم- دوژمنە زۆرەکانی گەلی کوردو چاوتێبڕینیان لەداگیرکردنی خاکی کوردستان، ووشیارانە خەڵکی هەورامان لەپەرێزدا بوون کەخۆیان بپارێزن لەو داگیرکەرانە، کۆمەڵگا دورەدەستو دورەپەرێزەکان بۆ درێژەدان بەژیانو گوزەران پەنا دەبەنە بەر سستمی ئابوری خۆبژێوی.[٧٣] بەهەمان شێوە هەورامیەکان بۆ ژیانو گوزەرانیان پەنایان بردۆتە بەر سستمی ئابوری خۆبژێوی، ئەوەش کاریگەری بوە لەسەر دابڕانو پەیوەندی نەکردنیان بەدنیای دەرەوەو هۆکارێکی خۆپاراستنیشیان بوە لەدوژمنەکانیان.

خاڵی سێیەم- زۆری پێویستییەکانیان پاڵنەر بون بۆ داهێنانی نوێ کەپێویستییەکانیان دابین بکات، بۆیە ژیارو کلتوری تایبەتمەند

---

[٧٢] محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢-٧٣.

[٧٣] جماعة من الأساتذة السوفيت، موجز قاموس الأقتصادي، ترجمة الأستاذ مصطفى الدباس، دار الجماهير، دمشق، ١٩٧٢، ص٤٥٠.

بەخۆیان دروست کـرد[٧٤] و بـەپێی تیـۆریی ناوچـە کەلتورییـەکان[٧٥] وبەپێی پرنسیپی پانتاییی شارستانیو پانتاییی کات[٧٦]، ناوچەیەكو ژینگەیـەکی کۆمەڵایـەتیی تایبـەت لەهـەورامان پەیـدا بـوو کـە بەبەشێکی شارستانیەتیی رەسەنی گەلی کورد دەژمێردرێ.

خاڵی چوارەم- کارکردنی سەرەمڕەو هەمیشەییو هاریکاری کردنو پێشبڕکێ لەناو ئەندامانی کۆمەڵگای هەوراماندا بـۆ مەبەسـتی پـڕ کردنەوەی پێویسـتییەکانی رۆژانـەیانو درێـژەدان بـەژیانو گـوزەران ژینگەیەکی کۆمـەڵایەتی تایبەتمەندیان بۆ خۆیان رەخساندووە هـەروەك ابـن خلـدون لـەوبارەوە دەڵێـت(کـەس بەتـەنها ناتوانێـت هـەموو پێویســتییەکانی ژیــان دەســتەبەر بکــات، بــەڵکو پێویســتی بەیارمەتیدانو هاوئاهەنگیی کەسانی تر هەیە)).[٧٧]

## د-شێوەزاری هەورامی

شێوەزار- مـەبەست لەکۆمـەڵێك هێمـای واتـاداری جیـاوازن، یـا شارەزاییەکە پەیوەستە بەمرۆڤـەوەو نیشـانەی پێگەیشـتنی هـۆشو هەستو جوڵەیەتی، وە ئامرازی پەیوەندی کردنی کۆمـەڵایەتیو هۆشی بنەڕەتییەتی هەروەها هەڵسوکەوتەکانیەتیو ئاوێتەبوونی کۆمـەڵایەتی

---

[٧٤] د. شاكر مصطفى سليم، قاموس الأنثروبولوجيا، مصدر السابق، ص٢٢٨.

[٧٥] د. حسين فهيم، قصة الأنثروبولوجيا، المصدر السابق، ص١٦١. أو د. مجيد حميد عارف أثنوكرافيا شعوب العالم، وزارة تعليم العالي والبحث العلمي مكتبة الوطنية بغداد ١٩٩٠، ص٤٨.

[76] د.عبدالحميد لطفي، الأنثروبولوجيا الأجتماعية، دار المعارف بمصر، ١٩٧١، ص١٢٥.

[٧٧] د. عبدالباسط عبد المعطي، اتجاهات نظرية في علم الأجتماع(نقل من مقدمة ابن خلدون) مجلة عالم المعرفة، العدد٤٤، كويت، ١٩٨١، ص٨٠.

بونیەتی لەگەڵ ئەوانی تردا[٧٨]. یاوەکو زمان چەند جوڵەیەکی دەنگین لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگایەکدا بەپێی چەند بنەمایەك کە لەسەر واتاکانیان ڕێککەوتون لەهەڵسوکەوتیانا دەردەکەون، بەو چەشنە زمان بوونی نییە، بەڵکو دەستنیشانکردنی واتای ئەو جوڵەو هێماو دەنگانەیە کە بەپێی چەند بنەمایەك کۆمەڵگا لەسەری ڕێککەوتوەو بەکردارو کردەوەی ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگا دیاریکراوەدا دەردەکەوێت[٧٩].

زمان(Language) پێکهاتەیەکە لەهێمای زارەکی کەواتای شتەکان یا هەڵسوکەوتەکان یاهۆش‌و بیرکردنەوەکان دەگەیەنێت، کەمرۆڤ بەکاریان دەهێنێت بۆ یەکتر تێگەیاندن‌و ئاڵوگۆڕکردنی بۆچونەکانی، وەبەهۆیەوە مرۆڤ لەئاژەڵەکانی تر جیادەبێتەوە جگە لەوەش کەبەشێکی گرنگی شارستانیەتی واتایی مرۆڤە، هیچ چالاکی‌یەکی کۆمەڵایەتی ناو ئەندامەکانی کۆمەڵگا بەبێ زمان روو نادەن، بەبێ زمانیش پەیوەندی بەژینگەوە ناکرێت‌و ئاگاداری تایبەتمەندیەکانی‌و رواڵەتەکانی نابێت.[٨٠]

زمانی کوردی کەئامرازی پەیوەندی کردن‌و نووسین‌و شارستانیەتی گەلی کوردە، شێوەزاری هەورامی کەلقێکی گرنگی ئەو زمانەیە راو بۆچونی زۆری لەسەرە بەکورتی هەندێ لەو راو بۆچونانە دەخەینە روو:-

---

[٧٨] د. عمر أحمد همشری، التنشئة الأجتماعیة للطفل، ط١، دار صفاء للنشر والتوزیع-عمان-٢٠٠٣، ص٩٢.

[٧٩] د. عبدالحمید لطفي، الأنثروبولوجیا الأجتماعیة، المصدر السابق، ص٦٥.

[٨٠] د. شاكر مصطفى سلیم، قاموس الأنثروبولوجیا، المصدر السابق، ص٥٥١.

(شەرەف خان) لەشـەرەفنامەدا دەڵێـت(هـۆزە سـەرەکیەکانی کـورد لـــەوبارەوە کەشـــێوەی ئاخـــافتنو هەنـــدێك ئاکـــارو دابو دەســـتورو هەڵسوکەوتیان لێك جیاوازە... دەکرێن بەچوار بەشـەوە، کرمـانج، لـوڕ، کەڵهوڕ، گـۆران).[٨١] بـەپێی رای ئـەم مێژوونوسـە شـێوەزاری هـەورامی دەچـێتە لقـی گۆرانـەوە. زمـانی کـوردی لـەدوو دیـالێکتی سـەرەکی پێکـدێت، کـەدیالێکتی ژوورو خـوارووە وە هەریەکـە لەمانـەش چـەند لقێکی لـێ دەبێتـەوە. (موکریـانو هـەکاریو شـوکاکو بایەزیـد) سـەر بەدیالێکتی کرمانجی ژوورون هەریەکە لەمانەش لقی تری لێ دەبێتەوە. (لەكو کرمانجو کەلهوڕو گۆرانو لوڕ) سەر بەکرمانجی خواروون.

(مێجەر سۆن) دەڵێ گۆرانەکانی زەهاو هەورامی‌یـەکی سنەو زازاو هەموو بەشو لقەکانی بەشێوەی ژووروی رۆژئاوا دەدوێـن، هـەروەها رای وایە زمانی کوردی چوار شێوەیە(کرمانجی، گۆرانی، لوڕی، زازایی).

(دی مۆرگـــان) دەڵێـــت زمـــانی کـــوردی لـــەم شـــێوەزارانە پێکهاتووە(موکریی رووسی، یەزیدیی بایەزیدی، سـنەیی، کرماشـانی، هەورامانی، جافی، رێژاوی، سلێمانی، لەکی، خوجرەندی).

بەڵام(مینۆرسکی) رای وایە زمانی کوردی لەم بەشانە پێکهاتووە:-

١-شێوەی خوارووـ کرماشانیو سنەیی دەگرێتەوە.

٢-شێوەی رۆژهەڵاتی- سلێمانیو سابلاخیو موکری دەگرێتەوە.

٣-شێوەی رۆژئاوایی- سەرانسەری کوردستان دەگرێتەوە.

بـەڵام تۆفیـق وەهبـی رای وایـە زمـانی کـوردی لـەم دیالێکتانـە پێکدێت:-

---

[٨١] شەرەفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، وەرگێڕانی هەژار، کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی نعمان- نجف، ١٩٧٢، ل٢٨.

١-كرمانجی- كرمانجی ژوورو، كرمانجی خواروو.
٢-لورِ- بەختیاری، لەك، فەیلی، كەڵهوڕی، مامەسانی.
٣-گۆران- باجەلاَنی، كاكەیی، زەنگەنە، هەورامانی.
٤-زازایی.... تێكڕاش دەبێتە دوو بەشەوە، كۆمەڵەی ژوورو، كۆمەڵەی خواروو.[٨٢]

بەلاَم رای(فوئادی حەمە خورشید) ئەوەیە كەزمانی كوردی بەپێی بەڵگەو راستی‌یە زمانەوانیەكان‌و هەل‌و مەرجی جوگرافی دەكرێت بەم دیالێكتانەوە:-

١-كرمانجی باكوور- بایەزیدی، هەكاری، بۆتانی، شەمدینانی، بەهدینانی، دیالێكتیكی رۆژئاوا.
٢-كرمانجی ناوەڕاست- موكری، سۆرانی، ئەردەلاَنی، سلێمانی، گەرمیانی.
٣-كرمانجی باشوور- لوڕی رەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، كۆهگلۆ، لەك، كەڵهوڕ.
٤-گۆران- گۆرانی رەسەن، هەورامانی، باجەلاَنی، زازا.[٨٣]

وەك بەرچاوخرا(شێوەزاری هەورامی) لەپێكهاتەی دیالێكتی گۆراندا بەشداری دەكات لەپێكهاتەی زمانی كوردیدا. میرنشینی ئەردەلاَن كە لەسەدەی چواردەیەمی زایینی‌دا دروست بوو، زمانی ئەو

---

[٨٢] زبیر بیلال اسماعیل، مێژووی زمانی كوردی، وەرگێرانی یوسف رؤوف علی، وەزارەتی رۆشنبیری، عیراق- بغداد، ١٩٨٤، ل١٠٤-١١٦.

[٨٣] فوئادی حەمە خورشید، زمانی كوردی دابەشبونی جوگرافیایی دیالێكتەكانی، وەزارەتی رۆشنبیری، عیراق-بەغدا ١٩٨٥، ل٤٠.

میرنشینە دیالێکتی گۆران بوو، جگە لەمە دیالێکتی گۆران زمانی رەسمی ئایینو ئایینزاو عەقیدە شارراوەکان بوو.[٨٤]

(ی. ئی. ڤاسیلیەڤا) دەڵێ شوێنی بڵاوبونەوەی دیالێکتی گۆران لەمیرنشینانی ئەردەڵانو باباندا تەنها(زەوی پەیڤینی گۆرانی) نەبوو، بەڵکو(گۆرانی) لەسلێمانیو سنەدا بەزمانێکی جوانو پاراو دادەنرا، لەئەردەڵانیشدا ئەوا زمانی ئەتنیکیەتی کۆشکی فەرمانڕەوایەتی بوو، شاعیرانی کۆشکی والیەکانی ئەردەڵانی بە(گۆرانی) دەیاننووسی، هەروەها شاعیرانی زووی کۆشکی بابانیش هەروابوو. یەکێك لەتوخمە گرنگەکانی رەوشی رۆشنبیری بوو.[٨٥] هەروەها شارەزایەکی تر دەڵێت تا ماوەیەك لەمەوپێش زۆربەی هۆنەرەکانی کوردستان بەشێوەی هەورامی هۆنراوەیان هۆنیوەتەوە.[٨٦] محەمەد ئەمین زەکی دەڵێت"لەمەوپێش لەئەردەڵاندا بەنەوعە زمانێك قسە ئەکرا کە لەهەورامی ئەچوو... هەورامان وەکو گۆرانی دێهاتی، زمانەکەی خۆی موحافەزە کردوەو ئیمرۆ بۆتە زمانێکی موئەسیرو شیرینو نەغمەدار".[٨٧] لەکۆشكو سەرای ئەردەڵانیەکاندا زمانی دڵنەوایی کردنو زمانی وێژە هەورامی بووە، کە لەراستیدا زاراوەیەکی(گۆرانی)یە.[٨٨] لەهجەی کوردی فەسیح یا

---

[٨٤] د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی لەسەرەتاوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، بەرگی دووەم، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٢، ل١٢.

[٨٥] ی. ئی. ڤاسیلیەڤا، کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات لەسەدەی حەڤدە تا سەدەی نۆزدە، وەرگێڕانی رەشاد میران، مۆسکۆ(ناوکا)، هەولێر، ١٩٩٧، ل٤٣-٤٤.

[٨٦] محمد بهاالدین صاحب، دیوانی پیرشالیاری زەردەشتی، چاپی یەکەم، سنندج، بێ ساڵی چاپ، ل٢٤.

[٨٧] محەمەد ئەمین زەکی، خولاصەیەکی تأریخی کوردو کوردستان، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، بەرگی یەکەمو دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢٢٠.

[٨٨] مارتن ڤان برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠.

بەجۆرێکی تر بڵێین کوردی ئەسڵو سادەمان تەنیا لەزمانی عێلاتی کوێستانە بەرزەکانی رۆژئاوای ئێران، وەکو دەوار نشینەکانی هەرێمی هەورامانو مەریوان دەست دەکەوێت.[89] لەگەڵ ئەوەشدا هەورامیەکان کەنیشتەجێی شاخن توانیویانە زیاتر پارێزگاری زمانی کوردی بکەنو ووشەی جیاواز بۆ ئامرازی پیاوو ئافرەت بەکاربێنن.[90] هەروەك زانایانی زمانو ووێژەو مێژوو ئاماژەیان پێ کردوە شێوەزاری هەورامی کە لەدیالێکتیکی گۆرانە، بۆ ماوەیەکی زۆر زمانی ئەدەبو رامیاریو کۆمەڵایەتیو بیروباوەڕی ئایینی بووە لەهەردوو میرنشینی ئەردەڵانو باباندا و لەسنجارو داقوقو تاوغو زەنگەنەو تەکیەی قەرەداغ(چوارشاخ) مۆرکی شێوەزاری هەورامیان پێوە دیارە.[91] بەڵام ئێستا شێوەزاری هەورامی بەرتەسك کراوەتەوە بۆ سنورێکی جوگرافیی دیاریکراو.

[89]عەلی ئەسغەری شەمیمی هەمەدانی، جوگرافیای کوردستانی ئێران، وەرگێڕانی زەبیحی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بغداد ، ١٩٨٠ ، ل٥٤.
[90]محەمەد مەردۆخی کوردستانی، مێژووی کوردو کوردستان، وەرگێڕانی عبدول کەریم محەمەد سەعید، چاپخانەی ئەسعەد- بغداد ، ١٩٩١ ، ل٨٤.
[91]مەحمود عەبدولسەمەد، کورتەیەك لە بەسەرهاتی ئاخافتنی هەورامی لەمێژوودا، گۆڤاری هەزارمێرد ژمارە(١٩)، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی شڤان، ل٥٧-٦٦.

## باسی دووەم

# مێژووی هەورامان

ئەو کەمتەرخەمی‌یەی کەکراوە بەرامبەر لێکۆڵینەوەو نوسینەوەی مێژووی نەتەوەی کورد، ئاڵۆزی‌یەکی دروست کردووە کەتاکو ئێستا بۆتە کێشەو گیروگرفت بۆ مێژوونوسان.[١] مێژووی نەتەوەی کورد تارمایی لەسەرەو ساغ نەکراوەتەوە ئاخۆ مێژووی هەورامان کەبەشێکی ئەو نەتەوەیەیە چۆن چۆنی پاك بکرێتو بنوسرێتەوە بەجیا بۆیە پەنا ئەبەینە بەر سەرچاوە مێژوویی‌یەکانو زانایانی ئەو بوارە بۆ هەڵکڕاندنی مشتێك لەخەرمانی مێژووی گەلی کورد.

لەسەردەمی ڕێنیسانسدا مێژوونوسان بۆ یەکەمجار مێژوویان بەپێی قۆناغ دابەش کرد.[٢] بەو پێیە مێژووی هەورامان دابەش دەکەین بۆ چوار قۆناغی یەك لەدوای یەك کە ئەمانەن:-

قۆناغی(کۆن، ناوەند، نوێ، هاوچەرخ).

### ١-قۆناغی کۆنی مێژووی هەورامان

ئەو سەردەمەیە کە لەسەر خاکی هەورامان مرۆڤ پەیدابووە تاوەکو داگیرکردنی لەلایەن سوپای ئیسلامەوە. نەتەوەی کورد لەم سەردەمەدا پێی ووتراوە(گۆتیو لۆلۆ). (گۆتی) مەڵبەندەکەیان کوردستانی باکووری ئێستا بووە، چەندەها فەرمانڕەوایەتی‌یان تێدا دامەزراندوە

---

[١] د. جمال رشید أحمدو د. فوزی رشید، تأریخ الکرد القدیم، أربیل، ١٩٩٠، ص٧.

[٢] د. کمال مظهر، مێژوو و کورتە باسێکی زانستی مێژوو کوردو مێژوو، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیریو لاوان، بەغدا، ١٩٨٣، ل٥٤.

بەناوی(ماننا، میتانی، سۆباری، ئۆرارتۆ، خۆری، نایری، کاردۆخی) ئەم سەرزەمینە لەسەدەی حەوتەمی پێش زایین هەمووی بوو بە بەشێك لەئیمپراتۆریەتی ماد(لۆلۆ) مەڵبەندەکەیان کوردستانی باشووری ئێستا بووە، بەچەند شێوەیەك ئەم ناوە لەبەڵگەنامە مێژوویەکاندا تۆمارکراوە وەك (لۆلوبوم، لۆلۆبیۆم، لۆلۆبو، لوللوم، لۆللو، لۆلۆمی، لۆللۆمی، لولوبی، لوللوبا، لوللوبووتو، لۆلاخو، لاللا، لائولوبوو، لالۆ... هتد) لەسەر خاکی لۆلۆکان چەند جۆر فەرمانڕەوایەتی دامەزراوە وەك(کاشی- کاسی- کاسای- کەشی، هۆری، وولاتی زاموا، ... هتد). سەرزەمینی ئەمانە لەسەدەی حەوتەمی پێش زایین بوو بەبەشێکی تری ئیمپراتۆریەتی ماد. کۆمەڵگای هەورامانی ئێستا، لەو سەردەمەدا لەسەر خاکی(لۆلۆکان) هەژمارکراوە. یەکێك لەو ناوانەی سەرەوە کە(لالۆ)یە ئێستا لای هەورامییەکان بەزیندویی بەکاردەهێنرێت بەواتای(خاڵ=خاڵۆ).[3]یە، دوور نییە ئەو زاراوەیە ریشەیەکی مێژوویی هەبێتو پەیوەندی بەگەلی(لۆلۆ) کانەوە هەبێت. یا ناوی(لۆلۆکان) لەوەوە وەرنەگیرابێتو ئەو گەلە بەو زاراوەوە نەناسرابێت. دوو گەلی(لۆلۆ)و(گۆتی)و ئەوانی تر لەچیانشینەکانی زاگرۆس بوون، ئەم هۆزو تیرانەی لەلاپاڵی چیاکانی زاگرۆس دانیشتوانی راستەقینەی ناوچەکە بوون.[4] ئەم وولاتە چەند کۆچێك رووی تێکردوە لە(باکوورو رۆژهەڵاتو رۆژئاواوە) لەهەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە تاکو سەدەی نۆیەمی پێش زایین. ئەو کۆچەرانە تێکەڵ

[3] فاضل قەرەداغی، مێژووی گەلی لوللو، بێ چاپخانە، ١٩٩٨، ل٥-٧.

[4] هورمزی بێگلەری، چیانشینانی زاگرۆس، وەرگێڕانی حەمەی حەمە سەعید، حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٩٧.

بەچیانشینانی زاگرۆس بونو تواونەتەوە.[٥]"قەومی کورد، وەکو بەعزێ موستەشریقین ظەنیان بردوە، هەر عبارەت لەقەومێکی تازەهاتوو نەبوون، بەڵکو گەلێ لەپێش عەصری حەوتەمداو بەناوی ترەوە، لەکوردستاندا مەوجود بوە، ... لەگەڵ ئەصڵەکانی قەدیمدا ئەبێ یەکدگیر بوبێ".[٦] تا ئێستا روون نەکراوەتەوە کەگەلی گۆتیو کاشی لۆلۆین کەی بوون بەنیشتەجێی خاکی زاگرۆس، بەڵام لەهەزارەی ٣ سێ پ. ز بەبۆنەی سۆمەرەکانو ئاشوورو ئاکادییەکانەوە ناویان... چویە ناو مێژووی رۆژهەڵاتەوە.[٧] هەورامانی ئێستا بەشێك بووە لەخاکی(لۆلۆ)کان، ئەو ناوە کۆنانەی کە بەشاخو دۆڵو چەمو گوندو سەرزەمینی لۆلۆکانەوە نراون، ئێستا بەزیندویەتی لەناو شێوەزاری هەورامیدا واتای خۆیان هەیەو بەکاردەهێنرێن بۆ نمونە(خانەقین- خان کێن، کفری-کۆفری، ئاراپخا- ئەرێباخا، چەم چەماڵ- چەمچەماڵ، چەرمو- چەرمە، هەشەزێنە- هەشەزێنە، هەشەسور- هەشەسور، دەرەویان، دەرەوار، شیواشۆك، کۆیە، کۆلارە، بێتوات، رانییە، پشدەر- پشت دەرە، کێوەرو، بێتوش، بێژوێ-بێجوێ، هۆملە، گۆملە،- کۆملە، بادانە- بێدانە، دەرەمیانە، تەرەتەوەن، ۆڵەسمت، ... هتد).

---

[٥] د. جمال رشيدأحمدو د. فوزي رشيد، تاريخ الكرد القديم، المصدر السابق، ص٩١-٩٩.
[٦] محەمەد ئەمین زەکی، خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤.
[٧] رشید شیخ عبدالرحمن، مێژووی زاگرۆس، وەزارەتی، رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠١، ل٥٤.

بۆ بەراورد بەشێوەزاری سۆرانیو هەورامی واتای ئەو ناوانەی سەرەوە بەخشتەی(١) دەخەینە ڕوو.

| واتای سۆرانی | واتای هەورامی | واتای سۆرانی | واتای هەورامی |
|---|---|---|---|
| تاشە بەردەکە خوارە | کۆلارە | پاشا کێیە | خان کێن |
| پێت ووت | بێتوات | خڕەبەردی زۆر | کۆفرێ |
| ڕێگا نییە | رانییە | بەڵێ باخە | ئەرێ باخا(ئارابخا) |
| پشتی چەم | پشتدەرە | وورچەکە زاوە | هەشە زێنە |
| گۆمشك | گۆمڵە | وورچە سوور | هەشە سور |
| بەردی تەڕ | تەڕەتەوەن | چەمی خواروو | دەرەوار |

ئەو ناوانەی سەرەوە بەشێکی ناوە سنوریەکانی خاکی لۆلۆکان بوون، چونکە سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەو جێیانە سنوری دەسەڵاتی لۆلۆکان بووە لەکۆندا.[٨]

ئەو سەرزەمینە توشی شاڵاوو پەلاماردانی(ئەکەدەکان، ئاشوریەکان، یۆنانەکان) بووە، زیانی قورسی بەرکەوتوە زۆرجار سەرپاکی زەوییەکە داگیرکراوەو شارو قەڵاو گوندەکان وێران کراونو خەڵکەکەیان ئەوەی کوژراوە کوژراوە، ئەوەی دەرباز بوە یادیل کراوەو گوێزراوەتەوەو جارێکی تر نەگەڕاوەتەوە، ئەوەشی رزگار بوە پەنای بردوەتە بەر چیاکانو خۆی حەشارداوە.[٩]

---

[٨] عزەت هەورامی، هەورامییەکان لۆلۆین یا لۆلۆکان هەورامین، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٢٤٦٠) ، ساڵی٢٠٠١، ل٩.

[٩] مەحمود عەبدولسەمەد، گۆڤاری هەزارمێرد، سەرچاوەی پێشوو، ژمارە ١٩، ل٥٧-٦٦.

لەساڵی ٢٥٢٤ پ. ز[١٠]و ٢١٢٠ پ. ز[١١]و ١٤٠٠ پ. ز[١٢]و عەصری ٢٨ پ. ز،[١٣] سوپای ئەکەد پەلاماری سەرزەمینی(گۆتۆ)و(لۆلۆ)یان داوەو بەسەریاندا سەرکەوتون، لە(دەربەندی گاور) زنجیرە شاخی قەرەداغ نەخشێك هەڵکەنراوە ئاماژەی ئەو شەڕەیە، دوای ئەو شکستە گەلی(گۆتۆ) تێکەڵ بووە بەگەلی(لۆلۆ)کانو چونەتە چیاکان.[١٤]

دوابەدوای ئەم روداوەی ئەکەدی‌یەکانو گۆتیو لۆلۆکانو کشانەوەی سوپای ئەکەدەکان... جارێکی تر گەلانی چیاکانی زاگرۆس وولاتێك لە(ئاراپخا-کەرکوك) وە تاکو چیاکانی هەورامان دروست دەکەنەوەو رێکی دەخەن بەناوی وولاتی(زاموا)وە. ماوەیەك فەرمانڕەوایی وولاتی خۆیان دەکەن، بەڵام لەسەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە تاکو پەیدابونی ئیمپراتۆریەتی ماد، چەند جارێکی تر لەلایەن ئاشوری‌یەکانەوە پەلاماردەدرێنو وولاتەکەیان وێران دەکرێتو داگیردەکرێت، محەمەد ئەمین زەکی دەڵێت:"لەشکری ئاسوری بەهجومێکی بەشدەت شاری(مەسۆ)ی کە لەجێگای(ولانە)ی ئیمڕۆ بوە گرتو زۆری خەڵکەکەی لەناوچوو، لەهەورامانیشدا پازدە شارێك کەوتە دەس ئاسوری". دواتر محەمەد ئەمین زەکی دەڵێت((ئاشور ناسرپاڵ،

---

[١٠] فوئاد حەمە خورشید، کورد کورتە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی‌یە، وەرگێڕانی سالح سەعید، چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٠، ل٤٨.

[١١] د. تقي الدباغ وآخرون، العراق في التاريخ، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٣، ص٧٩.

[١٢] سەرهەنگ: عبدولوحید، کوردو نیشتمانەکەی، وەرگێڕانی حمە صالح گەلاڵی، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٣٣.

[١٣] محەمەد امین زەکی، خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

[١٤] فاضل قەرەداغی، مێژوی گەلی لۆلۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

پەلاماری وولاتی لۆلۆکان- زاموای داوەو بیستو پێنج شاری گرتوە ئەمانەیان لەهەوراماندا بوون(بارا، هارهار) جگە لەشارەکان ئەم شاخانەی گرتوە لالار، سوانی، نیسپی))[15].

هەروەها هێرشو لەشکر کێشییەکانی ئاشوری‌یەکان بۆسەر وولاتی(لۆلۆ- زاموا) هەرچی وەستای دەست رەنگینو شارەزابوە نەیان کوشتون، بەدیلی گواستونیانەتەوە بۆ وولاتی ئاشور، خەڵکی پێگەیشتوو ئیشکەری بەتالانی بردوو منداڵەکانی لەئاگردا سوتانن... خەڵکی وولاتی زاموا(بەتایبەتی پیشەسازەکان) بردنیان بۆ پایتەختە تازەکەی ئاشور ناسیراپاڵ کەشاری(کلخۆ) بوو.[16]

هێرشو پەلاماری(یۆنانەکان) بەتایبەتی لەسەردەمی(ئەسکەندەری مەکەدۆنی)دا ((لەتێکهەڵچونی گۆگامل ٣٣١ پ. ز کە بەسەرکەوتنی ئەسکەندەری یۆنانیو تێکشکانی یەکجارەکی داریوشی ئێرانی تەواوبو، کۆتایی بەدەسەلاتی ئیمپراتۆری هەخامەنیشینی ئێرانی هێنا)).[17] روی لەهەورامانیش کردوە بەلام بەپێی گێرانەوەکانی مێژوو ئەسکەندەر ئەگەر بەشێکیشی گرتبێت هەموی بۆ نەگیراوە، بۆیە لەسەر سنوری ئێستای کوردستانی عیراق لای شاری زاخۆ زیندانێکی دروست کردوە بەناوی(ئەورامن)ەوە کەهەچ هەورامیییەك لەدەرەوەی خاکی هەوراماندا بگیرایە بەدیلی دەگوێزرایەوە بۆ ئەو زیندانە.[18] بەلام(حەکیمی مەلا

---

[15] محەمەد امین زکی، تأریخ سلێمانی وولاتی، سەرچاوەی پێشوو، ١٩٣٩، ل٧، ١٥-١٦.

[16] ئی. م. دیاکۆنۆف، میدیا، وەرگێرانی برهان قانع، دار الحریە للطباعة، بغداد، ١٩٧٨، ل٢٣٣-٢٣٤.

[17] نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردو عەجەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٥.

[18] محەمەد ئەمین هەورامانی ، مێژووی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠٦.

صالح) دەڵێت(بڵ، پاڵەنیا، سلێن، هەرسین، هەوڵی، هەیاس، هێرۆ، فەیلەقوس، سەڵسی) ئەمانە ناوی یۆنانین کە لەهەورامان تا ئێستا ماونەتەوە.[19] بەپێی ئەم ناوانە بێت هەورامان لەلایەن سوپای یۆنانەکانەوە داگیرکراوە ئەگەر بۆماوەیەکی کورتیش بوبێت. بەڵام زیانو کاول کارییەکانیان هیچ زانیاریەکیان دەست ناکەوێتو تۆمارنەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا(بەڵگەنامەکانی هەورامان)دەیسەلمێنێت شارستانێتی یۆنانەکان لەهەوراماندا بلاوبۆتەوە.[20] شای ئەرمینیا((تیریداتی سێیەم لەسەدەی چوارەم مەسیحیەتی کرد بەئاینی دەوڵەتی خۆی، ئەم دەوڵەتەش بەشێکی کوردستانی دەگرتە خۆ، بەڵام کوردەکان بەتایبەتیش لەجێگەکانی دوورە دەسەلاتی ئەم وەکو هەورامان، بەرەنگاری ئەمە بونەوەو هەر بەزەردەشتی مانەوە)).[21]

دوای ئەو سەردەمە دیارە هەورامان بۆتە بەشێك لەفەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی ئاشکانیو دواتریش دەوڵەتی ساسانی. لەسەدەی شەشەمی زایینیدا تا پەیدابونی ئیسلام قەبیلەی گۆران بەسەرکردایەتی (کواتانزە) دەوڵەتێکی گەورەیان دامەزراند کەتا شاری تەورێزو دەوروبەری دەگرتەوە، پایتەختەکەی کرمانشان بوو.[22] دیارە هەورامان بەشێك بوە لەو دەوڵەتە تا ئەو کاتەی کەسوپای ئیسلام داگیری دەکات.

---

[19] حەکیم مەلا صالح، جێ پەنجەی یۆنانیەکان بەسیمای کوردستانەوە، گۆڤاری ئاوێنە، ژمارە(١٩-٢٠)، تاران، ١٣٧٤ ئێران، ل٤٠-٤٢.

[20] د. جمال رشید أحمد، دراسة وثیقیة من وثائق هورامان التأریخیة، گۆڤاری کاروان، ژمارە(١٠)، ١٩٨٣، ل١٥٢.

[21] د. رەشاد میران، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

[22] د. ولید حمدی، کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، و. محمد نوری توفیق، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٩.

## ٢-قۆناغی ناوەڕاستی مێژووی هەورامان:

ئەم قۆناغە لەداگیرکردنی هەورامان لەلایەن سوپای ئیسلامەوە لەسالّی(٦٤١ز-٢١ ك) دەست پێدەکات تاکو بەرپابونی جەنگی چالّدێران سالّی(١٥١٤ ز-٩٢٠ ك) کە لەنێوان دەولّەتی سەفەوی شیعە ئایینزای ئێرانو ئیمپراتۆرەتی عوسمانی سوننە ئاییینزای تورکی روویداوە.[٢٣] لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا هەورامان سوپای ئیسلام وێرانی کردو کوشتارێکی بێشوماری لێکردو نێرینەکانیانی لەجەنگا کوژران، ژنو کچەکانیان بەدیل گیرانو بەغەنیمەی شەڕ دەسیان بەسەرداگیرا. (محمد مەردۆخ) بەم جۆرە دەیگێڕێتەوە: لەیەکەم هێرشدا(أبو عبیداللە أنصاری) ئەکوژرێ، هێرشی دووەمو سێیەم، کەسێ رۆژی خایاند سوپای موسلّمانەکان سەرئەکەون. بەشێوەیەك کەشاخو دەشتو دۆلّ بەخوێنی جەنگاوەرانی کورد سوور ئەبێ. لەئەنجامدا هەموو دێهاتو شارۆچکەکانی کوردستان کاول ئەکەن پەرستگاو ئاگردانەکان ئەڕوخێنن ژنو کچی کورد بەدیل ئەگرنو هەرچی سامانو دەولّەت هەیە تالاّنی ئەکەن. ئەوانەی مانەوە بونە ئیسلامو وازیان لێ هێنان... لەپاشدا روەو(هەورامان) ئەکەوێتە رێ لەنزیك(پاوە) توشی شەڕو کوشتارێکی خوێناوی دێت کەزۆربەی ئافرەتو پیرو منالّی کورد بەدەستی سوپای ئیسلام ئەکوژرێو لەناوئەچن.[٢٤] پارچەیەکی هۆنراوەی مێژوویی ئەو کارەساتە وێنە دەگرێتو ئاوا نیشانی ئەدا کە بەشێوەزاری هەورامی هۆنراوەتەوە کەهی ئەو سەردەمەیە:-

---

[٢٣] عبدالفتاح علی یحیی، أدریس البدلیسی، گۆڤاری کاروان، ژمارە(٢٤)، ١٩٨٤، ل١٥٥.

[٢٤] محەمەد مەردۆخ کوردستانی، مێژووی کوردو کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦-١٨٧.

زور کار ئەرەب کردنە خاپوور
گوناو پاڵە هەتا شارەزوور
ژنو کەنیکان وەدیل پشینان
مەرد ئازا تلی ژە ڕوی هونینا
هورمزگان رمان ئاتیران کوژان
هویژشان شاردەوە گەورەی گەورەکان
ئاین زەردەشت مانەوە بیکەس
بەزەیی کانا هورمزدو هیچ کەس....[٢٥]

واتاکەی(عەرەبی زۆردار لەگوندی گەناوو پاڵەوە تا شارەزوور کاولی کردوە، ژنو کچەکانیان دیل کردنو ئازاو دلێرەکانیش خەڵتانی خوێن کراون، جێی خواپەرستی روخاونو ئاگرەکان کوژاونەتەوە، گەورەو سەردارەکانیش خۆیان شاردۆتەوە، ئایینی زەردەشت بێ کەس کەوتوەو خوای هورمز بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە).

هەورامی‌یەکان، بەزۆرو بەشەڕو کوشتار بەڕوکەش موسڵمان بوون، بەڵام لەناخەوە لەسەر ڕێڕەوی ئاینەکەی خۆیان دەڕۆیشتن(ئاینی زەردەشت) تاوەکو ساڵی ٨٤٢ کۆچی.[٢٦]"هاتنی ئیسلام تا سەدەی دوازدەمیش لەکوردستاندا شوێنی وا هەر مابوون کەپەیڕەوی ئاییینی زەردەشتیان لێ دەکرا، وەکو هەورامان".[٢٧] لەبەر زۆر لێکردنو سەرانە سەندنو چەوسانەوەی ناڕەوا، هەرێمی شارەزوورو هەورامان بوە مەڵبەندێکی هەرە سەرەکی گروپی خەوارج.[٢٨] هەر کەسێك لەناو

---

[٢٥] حوسێنی مەدەنی، کوردستانو ئیستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٥٤.

[٢٦] محەمەد مەردۆخی کوردستانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧.

[٢٧] د. رەشاد میران، رەوشی ئایینیو نەتەوەیی لەکوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

[٢٨] شوان عوسمان مستەفا، کوردستانو پرۆسەی بەئیسلام کردنی کورد، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢٥٤.

دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامیدا زۆری بۆ بهاتایە روی ئەکردە هەورامان بۆ خۆ حەشاردانو رزگاربونی لەستەمی دەسەڵات وەك سەید قڕانەکەی سەردەمی ئەمەویو عەباسی‌یەکان، ئەو سەیدانەی رزگاریان بوو روویان کردە هەورامان.[٢٩] روداوی تر بۆ ئەم قۆناغە زۆرە بەڵام لەباسەکە دوور دەکەوینەوە.* لەم قۆناغەدا دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی(راشدینو ئەمەوی) تەواوبوون، خەلافەتی عەباسیش لەکۆتایی‌یەکەی نزیك ببوەوە. کۆمەڵگای هەورامان بەگشتی لەبارێکی مل کەچیو ژێردەستی ژیانیان بەسەر بردووە هێشتا یەك پارچە بووەو جیاوازی چینایەتی لەنێوانیاندا نەبووەو ئەم روداوانەی سەر گۆڕەپانی کوردستان وایان خواستوە کەخەڵك خۆی رێکخاتو راپەڕێتو داوای ئازادیو سەربەستیو سەربەخۆیی بکات، لەسەرانسەری کوردستاندا چەند میرنشینێك دامەزراون، لەدەوروبەری خاکی هەوراماندا میرنشینی(ئەردەڵان) بەبڕیاری جەنگیزخان دامەزراوە تاکو ساڵی(١٢٨٤) کۆچی لەناوچوە،"دوای ئەوەی(شەش عەصرو نیو) دەوامی کردوە))[٣٠] لەساڵی ٥٩٤ کۆچی دامەزراوەو تا ساڵی ١٢٨٤ کۆچی حکومەتیان کردوە.

لەساڵی ١٢٦٢ رەزا قولی خان کرایە فەرمانڕەوای ئەردەڵان کەئەوە دوایین فەرمانڕەوای ئەو میرنشینە بوو.[٣١] بەڵام مەستورەی کوردستانی

---

[٢٩] محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.

* بۆ زانیاری زیاتر سەیری محەمەد مەردۆخ کوردستانی بکە، سەرچاوەی پێشوو ل١٨٣-١٨٧.

[٣٠] محەمەد ئەمین زەکی، خۆلاسەیەکی تأریخی کوردو کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥.

[٣١] د. حسێنی خەلیقی، کۆمەڵناسی کوردەواری، بەرگی یەکەم، چاپخانەی الحوادث-بەغداد، ١٩٩٢، ل١٠٧-١٠٨.

**ساڵی ١٢٦٣ بەلەناوچونی ئەو میرنشینە دیاری دەکات[٣٢] کەخۆی واتا مەستورەی کوردستانی لەساڵی ١٢٦٤ مردووە.[٣٣] لەتەمەنی میرنشینی ئەردەڵاندا هەورامان چەند جارێك دابەشکراوەو لەلایەن فەرمانڕەوایانی ئەو میرنشینەوە بەڕێوەبراوە، لەپاش مردنی مەئمون بەگ بێگەبەگ جێگەی گرتەوە، بەڵام چونکە مەئمون بەگ هەر لەرۆژگاری ژیانیدا وولاتەکەی بەسەر کوڕەکانیدا بەشکردبوو هەر ناوچەکانی(زەڵمو شەمێرانو نەوسودو هاوارو شێخانو گوڵعەنبەر بەر بێگە بەگ کەوتبون.[٣٤] دوابەدوای ئەم دابەشکردنە لەئەنجامی پەرەسەندنی شەڕو پێکدادانەکانی هەردوو دەسەڵاتی ئیسلامی(ئێرانی شیعەو عوسمانی سونی) بە هێرش کردنو لەشکر کێشیەکانیان لەو سنورەدا بارودۆخەکە ئالۆز بوەو هەل رەخساوە بۆ پەیدابونی هەندێك دەسەڵاتی(خۆجێیی) لەهەوراماندا بەناوی (سان نشین-خان نشین)ەوە راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بەمیرنشینەکانی ئەردەڵان یا بابانەوە بەسترابونەوەو ئەوانیش بەدەسەڵاتی عوسمانی یا سەفەویەوە بەسترابونەوە. تا بەرواری ئەو روداوانەی کە لەسەرەوە باسکران هیچ سەرچاوەیەك نیە ئاماژە بکات بەسستمی دەسەڵاتی (سان یا بەگ یا خان) لەدوای ئەو بەروارەوە لەهەوراماندا ئەو دەسەڵاتانە پەیدا بوون. ئەوەی کەهەیەو لەوبارەوە نوسراوە لەمێژووی هەوراماندا جێی گومانەو پشت بەسەرچاوە مێژوویەکان نابەستێت بەڵکو هەڵبەسراوەو ناڕێکیو هەڵەی زۆری تیایە. هەورامان تاکو پەیدابونی میرنشینە**

---

٣٢ مەستورەی کوردستانی، مێژووی ئەردەڵان، وەرگێڕانی دکتۆر حسن جافو شکور مصطفی، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، دار الحریة للطباعة، ١٩٨٩، ل٢٢٧-٢٣٨.

٣٣ نەوشیروان مستەفا، مەستورە نوسەری(تاریخ أردلان)، گۆڤاری رۆڤار ژمارە ١١، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم.

٣٤ شرفخانی بدلیسی، شرفنامە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.

کوردی‌یەکان(ئەردەڵان‌و بابان) بێ دەسەڵات بوەو فەرمانڕەوایی خۆجێیی نەبوە.[*]

## ٣-قۆناغی نوێی مێژووی هەورامان:

ئەم قۆناغە لەشەڕی چاڵدێرانەوە ١٥١٤ز دەست پێ دەکات تا جەنگی جیهانی یەکەم ١٩١٤ز. هەروەك مێژوونوسان ئاماژەیان پێ کردوە لەو ماوەیەدا ململانەو شەڕو پێکدادان‌و لەشکر کێشیەکی ماوە درێژ نزیکەی چوارسەد ساڵێکی خایاندوە، لەنێوان دوو دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانی شیعەو عوسمانی سونیدا بەرپا بووە، بەشێکی زۆری سنوری ووشکانی ئەو دوو دەوڵەتە خاکی کوردستان بوەو کۆمەڵێك میرنشین‌و فەرمانڕەوایی خۆجێیی کوردی لەو نێوەندەدا فەرمانڕەوایەتیان کردوە، هەریەك لەو میرنشینانە لەو کاتەداو دواتر بەفەرمانێکی رەسمی(سەفەوی‌یەکان یا عوسمانی‌یەکانی) دامەزراون، هەندێکیان مێژوی دامەزراندنیان لەو سەردەمە کۆنترە، کەئەرك‌و مافیان لەوێوە بۆ دیاری کراوە وەبەپێی بەرژەوەندی‌یەکانیان هەڵسوکەوتیان کردوە، جاروباریش هەندێك لەمیرنشینەکان‌و فەرمانڕەواکانیان لەلایەنگری ئەم دەوڵەت بۆ ئەو دەوڵەت جێ گۆڕکێیان کردوە، ئەو دەوڵەتانەش بۆ بەرژەوەندی خۆیان فەرمانیان بۆ ئەم میرو ئەو میرە دەرکردوە.[٣٥]

هەورامان لەو ماوە دورودرێژەدا سەر بەمیرنشینی ئەردەڵان بووە، ئەو میرنشینە هەرچەندە خەڵکەکەی لەڕوی ئایینیەوە پەیڕەوی ئایینزای

---

[*] بۆ زانیاری زیاتر سەیری سەرچاوەکانی: مەستورەی کوردستانی مێژووی ئەردەڵان، سەرچاوەی پێشو، ل٢٢٧-٢٣٨ یان نەوشیروان مستەفا، میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی رۆم‌و عەجەم دا، سەرچاوەی پێشو، ل٦٧-٨٢.

[٣٥] نەوشیروان مستەفا، میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی رۆم‌و عەجەم دا، سەرچاوەی پێشو، ل٣٥-٤١.

سونەی کردوە، بەڵام بەپێی هەڵکەوتە جوگرافیایەکەیی‌و بەرژەوەندی‌یەکانیان لەسەر دەوڵەتی سەفەوی شیعەی- ئێرانی بووە.

لەئەنجامی شەڕو شۆڕی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئیسلامی شیعەو سونە- ئێرانی‌و عوسمانی چەند جارێك لەلایەن عوسمانییەکان‌و بابانەکانەوە(هەورامان) داگیرکراوە، تاکو ساڵی ١٦٣٩ز هەردوو دەوڵەت بەپێی(پەیمانی زەهاو) لەسەر دابەشکردنی کوردستان‌و دیاری کردنی سنوور لەنێوانیاندا ڕێککەوتن‌و کوردستان بەگشتی‌و هەورامان بەتایبەتی لەنێوانیاندا دابەشکرا.[٣٦] بەشی زۆری هەورامان کەوتە سەر دەوڵەتی سەفەوی شیعەی ئێرانی‌و بەشی کەمی کەوتە سەر دەوڵەتی سونەی عوسمانی بەڵام ئەم ڕێککەوتن نامەیە کۆتایی نەهێنا بەململانەو شەڕو شۆڕی نێوانیان چەند جارێکی تر لەشکر کێشیان کردوەتە سەر یەکترو پەلاماری یەکتریان داوەو چەند ڕێکەوتن نامەیەکی تر لەنێوانیاندا مۆر کراون وەك ڕێککەوتننامەکانی ساڵەکانی(١٧٤٦، ١٨٢٢، ١٨٤٧).[٣٧] تا بەرپابونی جەنگی جیهانی یەکەم ١٩١٤و کۆتایی هاتنی دەوڵەتی عوسمانی، جارێکی کە دابەشکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە کە کۆتایی‌یان بەشەڕو ململانێکان هێنا بۆ دواجار لەناوچەکەدا. ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە ململانەو لەشکرکێشی‌و پەلاماردان‌و شەڕوشۆڕی نێوان هەردوو میرنشینی ئەردەڵان‌و بابان، ئەو ڕوداوانە سەرپاکیان مایەی دەردەسەری‌و مەینەتی بوون بۆ کۆمەڵگای هەورامان.[٣٨]

---

[٣٦] دکتور م. س. لازاریف، کێشەی کورد، و. دکتۆر کاوس قەفتان، بەرگی یەکەم، مطبعة الجاحظ- بغداد، ١٩٨٩، ص٤٤.

[٣٧] نەوشیروان مستەفا، میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی ڕۆم‌و عەجەم دا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٤.

[٣٨] هادی رشید بەهمەنی، پەیامی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو ل٣٢.

لەئەنجامی ئەو شەڕوشۆڕەدا هەورامان زەرەرو زیانێکی زۆری بەر کەوتووە لەڕوی کۆمەڵایەتیو ئابوریو رامیاریەوە لەگەڵ ئەوەشدا پێگەیەکی دیاری کراوی نەبوە لەناو ئەو ٤٦ میرنشینە کوردیانەی کوردستاندا کەئەوکاتە مێژوو تۆماری کردون.[٣٩] ٢٣ لەو میرنشینانە سەر بەحکومەتی تورکی- عوسمانی بوون.[٤٠] بەڵام(رەسوڵ هاوار) دەڵێ((بەنێوبژیکەری مەولانا ئیدریسی ٤٦ میری کورد پاڵیان وە سڵتان سەلیمی داوە)).[٤١] کەچی هیچ ئاماژەیەك بۆ جێگای هەورامان نەکراوە لەو ناوەدا، لەگەڵ ئەوەشدا لەو کاتەدا هەورامان خاوەنی سستمێکی فەرمانڕەوایەتی خۆ جێیی بووە کە بەفەرمانڕەوایەتی(سان نشینی) بنەماڵەیی بەڕێوە چووە پشتاوپشت.

کەبەپێی ئەو(شەجەرە- سەجەرە)یەی کەرێکخراوە لەپەرتوکەکانی (مێژووی هەورامان، پەیامی هەورامان، کوردو تورکو عەرەب، کورد) لەلایەن محەمەد ئەمین هەورامانیو هادی رەشید بەهمەنیو ئەدمۆنزو أ.م مینتیشاشڤیلیەوە، ئەم فەرمانڕەوایانەی هەورامان بەناوی (سانو خانو بەگ) خەڵکێك بوون کەهەورامی رەسەن نینو بەڵکو هاتونەتە هەورامانو بوون بەهەورامی وەك لەهێڵکاری(١)دا نیشان دراوە، لەسەرو بەندی ململانێو شەڕوشۆڕی نێوان سەفەویەکانو عوسمانییەکان هەلیان بۆ رەخساوەو خۆیان سەپاندوە بەسەر دەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتی کۆمەڵگای هەوراماندا... بەپێی رای مەولانا ئیدریسی، خەڵکە رەسەنەکەی کۆمەڵگای هەورامان هەموویان شیاوی

---

[٣٩] رەسوڵ هاوار، کوردو باکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دوهەمی جیهانی، بەرگی یەکەم، چاپەمەنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٤٩.

[٤٠] دکتۆر عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان، و. فەرید ئەسەسەرد، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٢٨.

[٤١] رەسوڵ هاوار، کوردو باکوری کوردستان...، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣.

بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکە بوون، بەڵام ئەو پلەوپایەیە بەکەسێکی خزمەتگوزاری ئەوتۆی تەختی سوڵتانی دەدرێت کەهەموو میرەکان‌و دەسەڵاتدارەکان گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن(بەواتا ئەو کەسە بەکۆمەڵگاکە بێگانە بێت).[42]

کۆمەڵگای هەورامانیش کەبەشێکە لەنەتەوەی کورد ناچار بوە لەو هەل‌ومەرجەدا بەو جۆرە دەسەڵاتە رازی بێت. لەو قۆناغەدا هەورامان‌و کۆمەڵگای هەورامان زیانی گەورەی گیانی‌وماڵی بەرکەوتوە بۆ نمونە لەسەر روداوێك لەساڵی(١٢٥٨ك-١٨٤٢ز)، (ئەحمەد پاشای بابان)، لەشکرێکی ناردوەتە سەر هەورامان کەچەند هەزار تەور بەدەستی لەگەڵدا ناردوون، خەڵکی هەورامان رایانکردوەو خۆیان حەشارداوە، تەور بەدەستی بەبە، هەمو باخەکانیان بڕین، و هەورامی‌یەکانیان ماڵوێران کردن.[43] لەسەر روداوێکی تر، فڕۆکەی ئینگلیز هێرشیان کردە سەر هەورامان‌و حەوت یا هەشت فڕۆکە کەوتن یا خرانە خوارەوە.[44] ئەم گێڕانەوەیەی رەفیق حیلمی لەیاداشتەکەیدا تەم‌و مژاوییەو بەباشی دەست نیشانی ساڵ‌و چۆنیەتی‌و هۆکاری روداوەکەی نەکردووە.

## ٤-مێژووی هاوچەرخی هەورامان

ئەم قۆناغەی مێژووی هەورامان لەسەروبەری جەنگی جیهانی یەکەمەوە ساڵی ١٩١٤ دەست پێدەکات تاکو ئەمڕۆ... محەمەد ئەمین

---

[42] حوسێنی مەدەنی، کوردستان‌و ئیستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣.

[43] محمد أمين زكي، تأريخ سلێمانی وولاتی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩.

[44] رفیق حلمی، یاداشت، کوردستانی عێراق‌و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەشی سێیەم، دار الحرية للطباعة- بغداد، ١٩٩٢، ل١٣.

زەکی دەڵێ"تەبیعی لەبەینی کوردی ئێستادا، بەعزێ ئەرمەنیو سامیو ئاری هەیە، جا کەوابوو ناتوانین بڵێین کە کورد نەتەوەی یەك ئەصلە".[45] بەو پێیە دەبێ بوترێت کۆمەڵگای هەورامانیش کە بەشێکی خاكو گەلی کوردە، لەڕەگەزێكو پشتێك یا رەچەڵەکێك پەیدا نەبوە بەڵکو تێکەڵە لەهەورامیی‌یە رەسەنەکانو ئەو خەڵکانەی کە هاتوونەتە هەورامانو جێگیر بوونو دواتر بوون بەهەورامی. ئەو راستی‌یە رێگەمان نادات کەبڵێین هەورامی‌یەکان(لەیەك هۆز- عەشرەت، یا لەیەك تیرە، یا لەیەك بنەماڵە) پەیدابوون، بەڵکو لەچەندین بنەماڵەی جیاجیا کۆمەڵگای هەورامان پێکهاتووە لەهەورامی‌یە رەسەنەکانو ئەو خەڵکانەی کەهاتوونو بوون بەهەورامی(بەگو سانو خانو شێخو سەید) ئەمانە روویان کردۆتە هەورامانو لەوێ جێگیر بوون، دواتر توانیویانە ببنە چینێکی باڵادەستو دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوایی کۆمەڵگای هەورامانیان کردووە هەرچەندە کەمینەش بوون.

(سانو خانو بەگ) بەپێی سەجەرەکەی خۆیان یا دەبێ لەشاخی دەماوەندەوە یا لەهەکاری‌یەوە هاتبنە هەورامان.[46]

هەروەها(محەمەد ئەمین زەکی) دەڵێت بابا ئەردەڵان دامەزرێنەری میرنشینی ئەردەڵان لەهەکاری‌یەوە چوەتە ئەو مەڵبەندە.[47] بەو پێیە دەبێت یا لەباشوری دەریاچەی قەزوینەوە یا لەهەکاری‌یەوە رویان

---

[45] محەمەد ئەمین زەکی، خوڵاصەیەکی تأریخی کوردو کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

[46] هادی رەشید بەهمەنی، پەیامی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣.

[47] محەمەد ئەمین زەکی، خوڵاصەیەکی تأریخی کوردو کوردستان، جلدی دووەم، حکومەتو ئەمارەتانی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٤.

کردبێته هەورامان. هەروەها شێخەکانو سەیدەکان بنەماڵەیەکن کە لەهەوراماندا پایەیەکی ئایینیو کۆمەڵایەتییان هەیە، ئەم بنەماڵەیە لەسەیدەکانی نەعێمو لەجەبەل حەمرین بوون باپیرە گەورەیان ناوی سەید زاهر بوە، ئەم سەید زاهرە لەجەبەل حەمرینەوە چوە بۆ تەوێڵەو لەوێ نیشتەجێ بوە، شێخ عوسمان(سراج الدين) کەوەچەی ئەوە بەخواپەرستی بەپلەی شێخایەتی گەیشتوەو شێخەکانی هەورامان لەوەوە پەیدابون.[48] وەك لەهێڵکاری(٢)دا نیشان دراوە. رایەکی تر هەیە کە(محەمەد ئەمین هەورامانی) دەڵێ لەکاتی سەردەمی سەید قڕانەکەی عەباسییەکاندا هاتونەتە هەورامانەوە، دوای تێکەڵبونیانو توانەوەیان لەناو کۆمەڵگەی هەوراماندا بوون بەهەورامی دواتر توانیویانە ببنە خاوەن پلەوپایەو پێگەی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگاکەدا.[49] ئەمانە لەدوو قۆناغی دوایی مێژووی هەوراماندا رۆڵی بەرچاویان بینیوە لەڕووی(رامیاریو ئایینی)یەوە لەناوچەکەدا چ لەگەڵ دەوروبەرو دەرەوەی کۆمەڵگاکەدا بێت یا لەناوەوە لەگەڵ کۆمەڵگاکە خۆیدا بوبێت. لەگەڵ دەوروبەری کۆمەڵگای هەورامان(میرنشینی ئەردەڵانو بابان)دا پەیمانی دۆستایەتیو جەنگیان بەدەست بووە، لەگەڵ کۆمەڵگای هەوراماندا فەرمانڕەواو دادوەرو خاوەن بڕیاربوون، کۆمەڵگای هەورامان لەکاتی دەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتی ئەمانەدا تووشی زوڵمو زۆرو ملکەچیو دواکەوتوویی بووە.[50] هەروەها هەموو پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵگایە بەدنیای دەرەوە کەم بوونو بوەتە کۆمەڵگایەکی گەمارۆ دراو و داخراو، بۆ مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە

[48] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی شێخ عوسمانی تەوێڵە، گۆڤاری ١٤، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، بێ ساڵ چاپ، ل١٦.
[49] محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.
[50] شاکر فەتاح، رۆژنامەی خۆرماڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

تایبەتی‌یەکانی(دەسەڵاتداران) ئەو سیاسەتەیان پەیڕەو کردوە. توێژەر ئەم دیاردانەی تێبینی کردوون لەقۆناغی مێژوی هاوچەرخی هەورامان کۆمەڵگای هەورامان گۆڕانێکی باشی بەخۆوە دیوە لەم ڕووانەوە:-

١-لەڕوی رامیاری‌یەوە/ دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەیی پشتاوپشتی(سانو خانو شێخ) کۆتایی پێ‌هات.

٢-لەڕوی ئابوری‌یەوە/ خەڵکی هەورامان رزگاریان بوو لەبێگارو سەرانە سەندنو باج وەرگرتنی ناڕەواو داگیرکردنی ماڵو موڵکیان بەزۆرە ملێ. یاساکانی چاککردنی کشتوکاڵو دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیارو پاڵەداو خەڵك بویەوە بەخاوەنی زەوی‌و زاری باوو باپیرانی کە بەزۆر لێیان زەوت کرابوو بونەوە خاوەنی رەنجی شانی خۆیان. هەروەها بەرهەم هێنانو زیادکردنی کەلوپەلو کردنەوەی رێگای هاتوچۆی ئوتومبیل بەرفراوان بونو چالاکی بازرگانی پەرەی سەندو دوکانو بازاڕێکی زۆر کرانەوە بۆ ئاڵوویر کردنی بەرهەمە جۆربەجۆرەکان.

٣-لەڕوی ئاوەدان کردنەوەوە/ هەورامییەکان گوندو شارۆچکە وێران کراوەکانیان ئاوەدان کردەوەو دەوڵەتیش فەرمانگەو خانوی میری‌و پردو... هتد بۆ دروست کردنو زۆر بوو بۆ هاووڵاتیان.

٤-لەڕوی کارگوزاری‌و تەندروستی‌یەوە/ لەهەوراماندا چەند بنکەیەکی تەندروستی کرانەوەو دەستنیشانو چارەسەری نەخۆشیەکانیان دەکردو رێنمایی خەڵکیان دەکرد بۆ خۆپاراستن لەنەخۆشیەکان هەروەها شارەوانی‌و فەرمانگە کارگوزاری‌یەکانی تری دەوڵەتی بێ ووچان تێدەکۆشان بۆ راپەڕاندنی ئەرك‌و فەرمانەکانی سەرشانیان کە لەخزمەت بەرژەوەندی گشتی‌دا بوون.

٥-لەڕوی رۆشنبیری‌یەوە/ چەندین قوتابخانەو خوێندنگا کرانەوە کەنێرو مێ بەتێکەڵ دەیانخوێند بێ جیاوازی لەماوەیەکی کەمدا کۆمەڵگای نەخوێندەواری هەورامان گۆڕرا بۆ کۆمەڵگەیەکی ووشیارو

رۆشنبیر کەژمارەیەکی بەرچاو لەهەموو پسپۆڕیەکاندا خوێندکار پێگەیشت خزمەتیان بەکۆمەڵگا دەکرد. هەروەها چەندین کۆمەڵەو رێکخراوی رۆشنبیری دامەزران بۆ هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگای هەورامان.

٦-لەڕوی کۆمەلایەتیەوە بلاوبونەوەی خوێندەواری کاری کردە سەر هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگاکەو ئەو دیاردە دزێوانەی کەدزەیان کردبووە ناو کۆمەڵگاکە وەك(دوژمنایەتیو دزیو رێگریو روت کردنەوەو ململانێی ناڕەواو جیاوازی چینایەتیو... هتد)

جگە لەمانە کۆمەڵگای هەورامان هەنگاوی بەرفراوانتری ناو بەڕوی دنیای دەرەوە کرایەوەو پەیوەندیە هەمەجۆرەکان کە لەخزمەت کۆمەڵگاکە دابون لەگەڵ دەوروبەردا پەیدابونو دامەزرانو بەشێوەیەکی رێكو پێك هەموو کارو فەرمانێك جێبەجێ دەکرا بەبێ کێشەو گێروگرفت، شەڕوشۆڕو ئاژاوەو کوشتو کوشتار کۆتایی هات. بەکورتی کۆمەڵگای هەورامان لەقۆناغی مێژووی هاوچەرخیدا گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتو لەهەموو لایەکەوە قازانجو سوودمەند بوو، هەموو خەسڵەتو تایبەتمەندیە رەسەنەکانی خۆی دەست کەوتنەوە، کەماوەیەکی دووردودرێژ بو لەدەستی دابون بەهۆی لەشکر کێشیەکانی ئێرانو تورکو ململانێی ناڕەوای میرنشینە کوردیەکانەوە. هەرچەندە لەسالانی ١٩٧٥-١٩٧٧ بەپێی رێککەوتننامەیەکی نێوان عیراقو ولاتانی دراوسێی بەقولایی ٢٠کم گوندەکانی سنورەکانی راگواست.[٥١] لەو راگواستنەدا پازدە دێو لادێی هەورامانی لهۆنی

---

[٥١] نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٩٧، ل٢٥٩.

کوردستانی عیراق راگوێزران بۆ ئۆردوگا زۆره ملێکانی(زەمەقی، عەنەب، خورماڵ).*

بەڵام لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا هەلومەرجێکی نالەباری تر روبەڕوی گەلی کوردو کوردستان بوەوە بەهۆی بەرپابونی شەڕی نێوان دەوڵەتی عیراقو دەوڵەتی ئێران لەهەرسێ پارێزگای(سلێمانی، هەولێر، دهۆك) ٤٠٤٩ گوند تێکدران.[٥٢] هەورامان وەك بەشێك لەخاکی کوردستان ئەم روداوانە زۆر بەخراپی روبەڕوی بونەوە چونکە راستەوڕاست کەوتبوە نێوان شەڕەوە بەبێ ئەوەی توانای خۆپاراستنی هەبێت، بۆیە لەکۆتایی مانگی هەشتی ١٩٨٨ هەورامانی لهۆن بەگشتیو- بەشی کوردستانی عیراقی بەتایبەتی- بەیەکجاری لەلایەن حزبی بەعسەوە کاول کراو خانوەکانی روخێنرانو رەزو باخەکانی ووشك کرانو خەڵکەکەی بەشێکی ئەنفال کراو بەشێکیشی بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکانی(بەحرکە- هەولێر، باینجانو بازیانو ئەڵڵایی) راگوێزران.**

---

* سەیری پاشکۆی(٤) بکە.

[٥٢] رێکخراوی میدڵ ئیست ووچ، جینۆساید لەعیراقداو پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی سیامەندی موفتی زادە، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٥٣٠.

** سەیری پاشکۆی(٥) بکە.

## هێڵکاری ژمارە (١)

### شەجەرە- سەجەرەی دەسەڵات لەهەوراماندا*




---

* أ.م. مینتیشا شڤیلی، کورد، وەرگێڕانی د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ١٩٦٦، ل١٥٠. یان سەیری کوردو تورکو عەرەب، سی. جی. أدمۆندز، بکە.

## هێڵکاری ژماره (٢)

### شەجەرە- سەجەرەی پێگەی شێخەکانی هەورامان*




* هادی رەشید بەهمەنی، پەیامی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٥. محەمەد مصطفی، بیارە، سەرچاوەی پێشوو. ل١٥٣.

# بەشی دووەم

# ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای هەورامان

**باسی یەکەم:** ژیانی کۆمەڵایەتی: ١-تاك- هاوسەرێتی(هاوسەرگری)- The Marriage

٢-**خێزان** The Family-**خزمایەتی** Kinship

٣-بنەماڵە.

٤-لادێ- دێ- شارۆچکە.

**باسی دووەم:** ژیانی ئابوری: ١-کشتوکاڵ-بەروبومە روەکی‌یەکان- بەروبومە ئاژەڵی‌یەکان- باڵندەو پەلەوەر.

٢-پیشەسازیی سووك(پیشە دەستی‌یەکان):

أ-پیشەسازی‌یە بەرهەم هێنەرەکان.

ب-پیشەسازی‌یە خۆراکی‌یەکان.

پیشەسازی‌یە قورسەکان.

٣-بازرگانی.

٤-کانزاکردن.

٥-گەشتو هاوینەهەوار.

٦-کارگێڕی.

**باسی سێیەم:** ژیانی رامیاری: ١-ئەنجومەن ٢-دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی.

**باسی چوارەم:** ژیانی شارستانیەت(ژیانی کلتوری): ١-شارستانیەتی شمەکی(مادی).

٢-شارستانیەتی واتایی(مەعنەوی).

زمان، هونەر، ووشیاری- روناکبیری.

**باسی پێنجەم: دابینکردنی کۆمەڵایەتی:** ١-دابو نەریت.

٢-ئایین.

٣-رای گشتی.

٤-یاسا.

## باسی یەکەم

# ژیانی کۆمەڵایەتی هەورامان

لەکورتە مێژووەکەی هەوراماندا دەرکەوت لەقۆناغی ناوەندەوە تا چارەکی یەکەمی مێژووی هاوچەرخی هەورامان ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی خۆجێیی‌و داخراو بووە، سستمێکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی هەبووە کە لەسەر بنەمای جیاوازی چینایەتی بەڕێوەچوەو جیاوازی چینایەتی پێوە دیاربوە، کەئەوانیش چینی دەسەڵاتدارو چینی بێ دەسەڵات(رەعیەت)) بوون، کۆمەڵگای هەورامان یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی کەتایبەتمەندی خۆی هەیە لەڕوی ژیانی ئابوری‌و رامیاری‌و ئایینی‌یەوە وەتوانیویەتی پەیڕەوی سستمێکی تایبەتمەندی خۆی بکات‌و لەکۆمەڵگاکانی تر جیا بکرێتەوەو درێژە بەژیانی تایبەتی خۆی بدات، چونکە ئەو کۆمەڵگایە لەکۆمەڵە مرۆڤێك پێکهاتووە، کە بەهەڵسوکەوت‌و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتردا لەکۆمەڵگاکانی تر جیادەکرێتەوە، هەروەها بەدرێژایی تەمەنی کۆمەڵگاکە پێکەوە کاریان کردووەو سستمێکی تایبەت شێوەی ژیانی ڕێك خستوون وەك یەکەیەکی کۆمەڵایەتی لەناوچەیەکی سنوردارو دەست نیشان کراودا. ، وەکو گەڕیدەی بیانی(ریچ) یەکەم کەسێك بووە درکی بەو راستی‌یانە بردوە بۆیە دەڵێ(لەچاکترین سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە ئەوەم بۆ دەرکەوت، کەخۆشم زۆر دەمێك بوو بڕوام وابوو، کەگوندنشینەکان کۆمەڵە خەڵکێك پێك ئەهێنن سەرومڕ جیاوازییەکی تەواویان لەگەڵ کوردە خێڵەکییەکاندا هەیە).[1]

---

[1] کلودیوس جیمس ریچ، گەشتی ریچ بۆ کوردستان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی، چاپی یەکەم، بێ چاپخانە- ئێران- تەورێز، ١٩٩٢، ل١٠٨.

هــەروەها (مــارتن فــان برونەســن) دەڵــێ (هەورامی‌یــەکان خۆیــان بەگەلێکی جوداواز لەکورد دەزانــن، گــەر بــەپێی بنەچــەی نەریتەکــەیان بێت، دەبێت لەدەڤەرێکی باشوری خۆرئاوای دەریای قەزوینەوە هــاتبن... کۆمەڵگــەی هــەورامی خــۆی لــەخۆیدا هــەر زۆر کــەنارگیرو دابــڕاوو داخراوە).[2] ئەم رایەی(برۆنسن) رای دەســەڵاتدارەکانی هــەورامان بــووە، رای گشتی خەڵکی هەورامان نەبووە.

**پێکهاتــەی ژیــانی کۆمــەڵایــەتی هــەورامان** Hawraman Social Life

شێوەی ژیان‌و رێگاکانی بەدەست هێنانی گوزەرانی رۆژانەیان‌و شــێوەی هەڵســوکەوتیان‌و پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکانیان لەگــەڵ یــەکتردا دەگرێتەوە. هەمووو ئەو پەیوەندییــە ئاڵوگۆڕانــەی تاکــەکانی کۆمــەڵگا سستمێك رێکی خستون بۆ درێــژەدان بــەژیان هــەر تاکــەی رۆڵێــك یــان چــەند رۆڵێــك دەبینێــت لەیــەك کاتــدا لەچــوار چــێوەیەکی ســنورداردا کەلێوەشــاوەیی‌و توانــای تــاك لەبەرچــاو دەگیرێــت لەپێکهاتــەی ژیــانی کۆمەڵایــەتی کۆمــەڵگادا، هــەروەها پەیوەندیشــیان بەیــەکترەوە هەیــەو تەواوکەری یەکترن.

تاکــەکان جێگــای تایبــەتیان هەیــە(نێــر بێــت یامــێ)و پەیوەنــدیی رۆژانــەیان هەیــە بەیــەکترەوە، بــەپێی ســستمی ژیــانی کۆمەڵایــەتی هەڵسوکەوت دەکەن‌و سنورەکانیان نابەزێنن، هەریەکــەش چــەند رۆڵێــك دەگێڕێت لەیەك کاتدا، تەواوکەری کارەکانی یــەکتر دەبــن بــۆ پاراســتن‌و پەرەپێــدانی کۆمــەڵگای هــەورامان. ئەوانــەش بــەپێی گیــانی ســەردەم هەمیشە لەگۆڕاندان‌و ناوەستن.[3]

---

[2] مارتن فان برونسن، ئاغاو شێخ‌و دەوڵەت، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

[3] ئەیوب رۆستەم، هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٠-٢٤٤.

ئێستا ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کەپێکهاتەی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای هەورامان لە(تاك، خێزان، بنەماڵە، لادێ، دێ، شارۆچکە) پێکهاتووەو هەریەك لەوانە پەیوەندییان بەیەکترەوە هەیەو تەواوکەری یەکترین کە لەڕێی(هاوسەرێتی، خێزان، بنەماڵە، خزمایەتی)یەوە ئەو پەیوەندییانەی کە لەنێوانیاندا دروست ئەبن ژیانی کۆمەڵگای هەورامان دروست دەکەن، کە بەجیا باسی هەریەکە لەوانە دەکەین.

١-**تاك**-(ئەرستۆ) ئەڵێ تاك لەسروشتییەوە ئاژەڵێکی شارستانێتی رامیارییە، یا مرۆڤ ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتییە.[٤] (سمل) ئەڵێ یەك تاك بۆ خۆی سەنتەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە.[٥] هەروەها(بارسۆنز) دەڵێ تاك بەتەنها یەکەیەك، یا سستمێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە بۆ خۆی یەکەیەکی کارکەری سەربەخۆیە، هەموو خەسڵەتەکانی تیایە کەئەیکەن بەتێکۆشەرێك بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە دیاری کراوەکانی.[٦]

زاناکانی کۆمەڵناسی زۆرینەیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە(تاك) بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتییە. بەو پێیە تاك دەبێت گرنگیو قورسایی خۆی هەبێت لەناو کۆمەڵگادا، ئەوەش لەئەنجامی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو ئەو رۆڵەی کەئەیگێڕێتو ئەو پێگەیەی کە لەکۆمەڵگاوە دەستی دەکەوێت، جا بەشێوەی(پێ سپێردراو بێت یا بەدەست هێنراو).[٧]

---

[٤] زيدان عبدالباقي، التفكير الأجتماعي نشأته وتطوره، الطبعة الثالثة، القاهرة، ١٩٧٤، ص٦١.

[٥] ر. م. ماكيفر و شارلز هـ. پيدچ، المجتمع، الجزء الثاني، المصدر السابق، ص٤١٨.

[٦] د. عبدالحميد لطفي، علم الأجتماع، المصدر السابق، ص٦٠.

[٧] پەروین سازگارا، ئاوڕدانەوەیەك لەکۆمەڵناسی، وەرگێڕانی جەواد مستەفا فاستوپەیی، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١٢٦.

لەگەڵ ئەوەشدا کە(پێگەی کۆمەڵایەتی) یەکێکە لەپێکهاتەکانی هەموو کۆمەڵو کۆمەڵگایەك وە لەڕێگای ئەو پێگەوە تاك رۆڵی خۆی دەبینێت، بەڵام لەهەوراماندا بەو چەشنە نییەو بەپێچەوانەوەیە، لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا بەپێی ئەو(رۆڵەی) کەتاك دەیگێڕێت(پێگە)ی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکات، واتا پێگە لەکۆمەڵگای هەوراماندا(پێسپێردراو نییە بەڵکو بەدەست هێنراوە) ئەوەش لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای هەوراماندا رەنگی داوەتەوە. هەر ئەوەشە کاری کردۆتە سەر ئەوە کە(تاك) لەپێکهاتەی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای هەوراماندا جێگای دیارو بەرچاوی هەبێت. لەڕێگای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوەو گێڕانی چەند رۆڵێکی جیاجیای پێویست بۆ ژیانی خۆیو دابینکردنی پێویستییەکانی کۆمەڵگاو بەمەبەستی بەرەو پێش بردنو گەشەکردنی کۆمەڵگا، پێگەیەکی شیاو بەدەست دێنێت کە لەگەڵ رۆڵەکەیدا بگونجێت، بەتایبەتی لەبواری رۆشنبیریو چالاکییە ئابورییەکانو رامیاریو ئایینیدا زۆر بەباشی ئەوە دەردەکەوێت لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا. کەواتە تاك دەتوانێت بەپێی رۆڵەکەی کەدەیبینێت لەئیشو کاریدا بەئاسانی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی بگۆڕێت، جائەو گۆڕانە(ئاسۆیی بێت یا ستونی).

سستمی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای هەورامان رێگر نییەو پشتیوانی لەو گۆڕانە دەکات، ئەوەش لەچارەکی یەکەمی مێژووی هاوچەرخی هەورامانەوە پیادەکراوە تا ئەمڕۆ، چونکە کۆمەڵگاکە لەکۆمەڵگایەکی داخراوەوە گۆڕاوە بۆ کۆمەڵگایەکی نیمچە کراوەیی هەروەها دەسەڵاتی دەرەبەگایەتیو بنەماڵەی پشتاوپشتی فەرمانڕەوا نەماوە، هەروەها رێگای پەیوەندیو هاتوچۆکردن ئاسانو فراوان بووە.

لەسەروی ئەوانەشەوە دەزگاکانی بەڕێوەبردنو خزمەتگوزاری‌یەکانو رۆشنبیری‌یەکانو یاسا لەناوچەکە پەیدابووە.

### هاوسەرێتی

هاوسەرێتی بریتی‌یە لەیەکگرتنی پیاوێکو ژنێک بەجۆرێك ئەو مندالانەی لێیان ئەکەونەوە شەرعیو یاسایی بنو مندالی ئەو ژنو پیاوە بن.[٨] یان هاوسەرێتی بریتی‌یە لەپەیوەندی‌یەکی یاسایی یان نەریتی یان ئایینی کەژنو مێرد بۆ هەمیشە یاخود بۆ ماوەیەکی کاتی لەژیاندا دەکاتە هاوبەشی ژیانی یەکتری.[٩]

هاوسەرێتی ناوەرۆکەکەی یەك شت دەگەینێت لەهەموو کۆمەلگاکانی مرۆڤایەتی‌دا، ئەو هاوسەرگری‌یە روئەدات لەنێوان پیاوو ژن دا بەشێوەیەکی ئاشکراو ناساندنی لەروی کۆمەلایەتیو ئایینیو یاسایی‌یەوە، بەلام لەکۆمەلگایەکەوە بۆ کۆمەلگایەکی تر لەروی روالەتەوە جیاوازە، نەك لەروی سروشتو ناوەرۆکیەوە.[١٠] هاوسەرێتی‌فرە جۆرەو فرە چەشنە، بەگشتی دەکرێتە(هاوسەرێتی‌ی ناوخۆیی‌و هاوسەرێتی‌ی دەرەکی).[١١] وە بەپێ‌ی تێپەڕاندنی کات هاوسەرێتی‌یبەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە بەم جۆرە(هاوسەرێتی‌ی تێکەل، هاوسەرێتی‌ی بەکۆمەل، هاوسەرێتی‌ی فرە پیاوی، هاوسەرێتی‌ی فرە ژنی، هاوسەرێتی تاك ژنی‌و تاك پیاوی).[١٢] ئەم فرە چەشنی‌یە لەهاوسەرێتدا دابو نەریتو ئایینو یاسای کۆمەلگاکان دیاریان کردون.

---

[٨] لوسي مير، مقدمة في الأنثروبولوجيا الأجتماعية، المصدر السابق، ص١٠٥.

[٩] پروین سازگارا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

[١٠] د. معن خليل عمر، علم اجتماع الأسرة، ط١، دارالشروق، عمان، ٢٠٠٤، ص٥٩.

[١١] د. قيس النوري، ما الأنثروبولوجيا؟ المصدر السابق، ص٦٤-٦٥.

[١٢] د. شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثروبولوجيا، ص٦٠١. كذلك الدكتور ابراهيم ناصر، الانثروبولوجيا الثقافية علم الانسان الثقافي، دار الكرمل للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٨٥، ص١٣١-١٣٧.

هاوســـەرێتی لەکۆمـــەڵگای هەورامانـــدا لـــەڕوی نـــاوەرۆكو سروشتی‌یەوە، جیاوازی نی‌یە لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تری جیهانـدا، بـەڵام لەڕوی رواڵەتو شێوەوە جیـاوازی هەیـەو جـۆرە تایبەتمەندی‌یـەکی پێـوە دیارە وەك:

أ-لەهەورامـاندا (هاوسـەرێتی دەرەکـی) پەسـەند تـرەو زۆرتـر پیـادە دەکرێت، تا هاوسەرێتی ناوخۆیی- ناوەکی.

ب-زۆر لەجۆرەکانی هاوسەرێتی‌یە جیهانی‌یەکانو تەنانەت هەنـدێك لەهاوســەرێتی‌یە کوردەواری‌یــەکان لەکۆمــەڵگای هەورامانـدا بـەپێی دابو نەریتو بەپێی ئایین رێیان پێ نادرێتو قەدەغەکراون.

ج-هاوسەرێتی لەهەورامـاندا تەنها بە(شیربایی) دەبڕێتـەوە، ئـەویش بەپێی تواناو رێو رەسمی باوی سەردەمو چەشنی هاوسـەری‌یەکە بڕەکـەی دەگۆڕرێـت. ئـەم چەشـنە رێو رەسمـی ژن هێنانـە راوبۆچـونی جیـاوازی لەسەرە وەك:-

(شیربایی) فرۆشتنی مرۆڤێك نـەبێ نرخـی چـەند بـێ؟ چـۆن چـاوی گەشو کولمی ئاڵو قژی زەردی.... ئەفرۆشرێ.[13] (ئێستا خەڵك شیربایی وەردەگرێت وەك مـەرجێکی بنەڕەتی بۆ تەواوکردنی ژن هێنانی شەرعی، هــەروەها شــیربایی تــوخمێکی گرنگــە کــەژنهێنان لەپەیوەندی‌یــە سێکسیەکان جیا دەکاتەوە).[14]

ئەو چەشنە هاوسەرێتیانەی کە لەسەرەوە باسکران لەناو کۆمـەڵگای هەورامـاندا تەنها ئەمانەی لای خوارەوە پیادە دەکرێن:-

---

[13] ئەحمــەد رەســوڵ پشــدەری، رەدوو کــەوتن، گۆڤــاری بــەیان ژمــارە(١٣)، وەزارەتــی راگەیاندن، چاپخانەی دارالحریة، ١٩٧٤، ل٣١.

[14] د. أحمـد أبـو زيـد، البنـاء الأجتمـاعي مـدخل لدراسـة المجتمـع- الأنسـاق، ط٣، الأسكندرية، دارالنشر الجامعي، ١٩٧٩، ص٣٥٤-٣٥٥.

١-تـاك هاوسـەری Monogamous Marriage بەگشـتی ئـەم جـۆرە هاوسەرێتی‌یە لەهەوراماندا باوەو پەیڕەو دەکرێت.

٢-فـرە هاوسـەری Polygynous Marriage ئـەم جـۆرە هاوسـەرێتی‌یە لەکۆمـەڵگای هەورامـاندا هەندێ جـار پیـادە دەکرێـت لەبـەر پێویسـتی کۆمـەڵایەتی‌و ئابوری‌و رامیاری.

٣-دووجار هاوسەرێتی Secondary Marriage ئەم جۆرە هاوسەرێتی‌یە لەکۆمـەڵگای هەورامـاندا پەیڕەو دەکرێت کەدوو جۆرە:-

أ-هاوسـەرێتی لەگـەڵ ژن خوشـکدا Sororat Marriage کاتێـك پیـاو ژنەکـەی دەمرێـت‌و منـداڵی هەیـە لەژنەکـەی، یالەوانەیـە منداڵیشـی نەبێت، ئەگەر ماڵە خەزوری کچی شونەکردویان هـەبێت، یـا کچـی بـێ مێردیان هەبێت. ئەگەر هەردوولایان رازی بن ئـەو پیـاوە بـەپێی داب‌و نەریت‌و ئایینی کۆمـەڵگای هەورامـان دەتوانێت خوشکی ژنە مردوەکەی مـارە بکات‌و ببێتە هاوسەری دووەمی.

ب-هاوسـەرێتی لەگـەڵ شـوبرادا (بـرای مێـرد): Levirate Marriage کاتێك ژن هاوسەرەکەی لەدەست ئەداو منـداڵی هەیـە لەپیاوەکـەی، یـا لەوانەیـە منداڵیشـی نـەبێت، ئەگـەر مـاڵی خـەزوری کـوڕی بـێ ژنیـان هـەبوو (بـرای مێردەکـەی)، وە هـەردوولایان رازی بـن بەیـەکتری، ئـەوە بـەپێی داب‌و نـەریت‌و ئـایین ژنەکـە رێی پـێ دەدرێـت جـارێکی تـر شـووبکاتەوە بـەبرای مێردەکـەی، دەبێتـە هاوسـەری دوەمـی یـا دووەم هاوسەرێتی. کاتی واش هەیە شـوبراکەی ژنـی تـری هەیـە هـەر بـەپێی داب‌و نـەریت‌و ئـایینی کۆمـەڵگای هـەورامان دەتوانێـت ژنـی براکـەی کەمردووە (براژنەکەی) مـارە بکات‌و ببێتە دووەم هاوسەری.[١٥]

---

[١٥] عبد علي سلمان، الانثروبولوجيا الأجتماعية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي-جامعة صلاح الدين، بدون سنة طبع، ص٥٨. أو. د. قـيس النـوري، مـا الانثروبولوجيـا، المصدر السابق، ص٦٧.

٤-بەگشتی هاوسەرێتی دوو جۆرە هاوسەرێتی(دەرەکیو ناوخۆیی).[١٦] لەهەورامانـدا پـەیڕەوی ئـەم دوو جـۆرە هاوسـەرێتییە دەکرێت، بەڵام هاوسەرێتی دەرەکی پەسەند ترە.

**٢-خێزان** The Family

خێزان بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتییە، بەسادەترین شێوە لـەباوكو دایـكو منداڵـەکانیان پێـك دێـت. و ئـەرکی ئـابوریو پارێزگـاریو پەروەردەو فێرکردنی ئەندامەکانی دەگرێتـە ئەسـتۆ.[١٧] هـەروەها خێـزان بەسەرەتاو گرنگترینیەکەی نـاو کۆمـەڵگا دەژمێرێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا خێزان یەکەیەکە پەیوەندی سێکسی دروستی دەکاتو دای دەمەزرێنێت بەجۆرێك کەمنداڵیان لێ بکەوێتەوە، دەشێ پەیوەندی لاوەکی کاری تێ بکات، کە بەژیانی ژنو مێردەکـەوە بەسـتراوە، کـە لەگـەڵ نەوەکانیانـدا یەکەیـەکی تایبەتمەنـد دروسـت دەکـەن.[١٨] هـەروەها خێـزان پەیوەنـدی بەهاوسەرێتییەوە هەیە، هاوسەرێتی چۆن گۆڕانی بەسەردا هاتوە بەپێی کاتو بەپێی قۆناغەکانی ژیانی کۆمـەڵگاکان، هەربەو جـۆرەش خێـزان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو گۆڕراوە لەخێزانێکی بەربڵاوو فراوانەوە تـا بووە بەخێزانێکی بچووك.[١٩]

خێـزان چەشـنی زۆرە وەك خێزانـی(بچـوك-نـووی، ذری، درێـژ، پێکهاتوو، یەکگرتوو، هاوبەش، جێگیر، لق، ناجێگیر، تێکـەڵ، بـەتاڵ-

---

[١٦] احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، المصدر السابق، ص٣٢٢.

[١٧] الدكتور علاءالدين جاسم البياتي، البناء الأجتماعي والتغيير في المجتمع الريفي، مؤسسة الأعلمي- دار التربية، بيروت- بغداد، ١٩٧٥، ص١٦٩.

[١٨] ر. م. ماكيڤر شارلز هـ. پيدچ، المجتمع الجزء الثاني، المصدر السابق، ص٤٥٧.

[١٩] د. أحسان محمد الحسن التصنيع وتغيير المجتمع، وزارة الثقافة والأعلام، دار الرشيد للنشر، العراق، ١٩٨١، ص٩٤.

هەڵوەشاو، سەرەتایی، بایالۆجی، کۆمەڵایەتی).[20] هەروەها لەڕوی پشتیشەوە خێزان دابەشکراوە(دایکایەتیو باوکایەتی)[21] هەریەك لەوانەش پێناسەی تایبەتی خۆی هەیە کە لەخوارەوە پێناسەکراون

-خێزانی تێکەڵ:-ئەو خێزانەیە کەباوكو دایك لەیەك نەتەوە یا لەیەك رەگەز یا لەیەك ئایین نین، بەڵام منداڵەکانیان دوو جۆر خەسڵەتیان هەڵگرتووە خەسڵەتی باوك وە خەسڵەتی دایکیشیان. بۆ نموونە(باوك کوردە بەڵام دایك ئینگلیزە) منداڵەکانیان خەسڵەتی کوردو ئینگلیز هەڵدەگرن.[22]

-خێزانی سەرەتایی= خێزانی هاوبەش:- ئەم جۆرە خێزانانە بریتییە لەو خێزانەی کە لەسەرەتای پەیدابونی ژیانی خێزانییەوە پەیدابووە لەسنورێکی جوگرافیدا بەشێوەی کۆمەڵ کۆمەڵ، کرداری سێکسی لەنێوان(نێرو مێ)کاندا روی داوەو منداڵیان لێ کەوتۆتەوە، ئەو منداڵانە ناسنامەی دیاری کراویان نەبوە( واتا باوکیان نەناسراوە)، بەڵکو ناسنامەی ئەو منداڵانە پەیوەست بووە بەو کۆمەڵە مرۆڤەوە کە لەسنورێکی جوگرافیدا ژیاون.[23]

-خێزانی جێگیر: ئەو جۆرە خێزانەیە کە لەسنورێکی جوگرافی دیاری کراودا ژیاوەو پیشەکەی کشتوکاڵکردن بووەو جێگیر بوە، ئەندامەکانیان باوەڕیان بەو بیروباوەڕە کۆمەڵایەتیو ئایینیو

---

[20] د. شاكر مصطفى سليم، قاموس الأنثروبولوجيا، المصدر السابق، ص٣٢٩. أو د. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الأجتماع، المصدر السابق، ص٤٠٠-٤٠٣.

[21] د. أحمد أبو زيد، البناء الاجتماعي مدخل لدراسة المجتمع- الانساق، المصدر السابق، ص٣٤٠.

[22] د. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، المصدر السابق، ٤٠٢.

[23] د. أحمد أبو زيد، البناء الآجتماعي مدخل لدراسة المجتمع- الانساق، المصدر السابق، ص٢٨١-٢٨٦.

ڕەوشتی‌یانە بووە کە لەژینگەکەدا باو بوەو گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە، بەڵکو وەچە لەدوای وەچە پەیڕەویان کردوە پێیشی دەوترێت خێزانی(ستاتیکی). بەلاّم منداڵەکانیان خاوەن ناسنامەنو باوکیان دیاری کراوە.[٢٤]

-خێزانی ناجێگیر: ئەو جۆرە خێزانانەیە کە لەکۆمەڵگا پیشەسازی‌یەکانو شارستانەتەکاندا پەیڕەو دەکرێت کەئەویش خێزانی نوێ دەگرێتەوە. بۆیە پێی دەوترێت ناجێگیر چونکە منداڵەکانیان لەگەڵ باوكو دایکیاندا بیروباوەڕیان جیاوازە هەروەها شێوەی گوزەرانو پیشەوکاریان جیاوازە، ئەم جیاوازییانەش بونەتە هۆی ئەوە خێزانەکە ناجێگیر بێتو پەیوەندی‌یە کۆمەلاّیەتی‌یەکانیان لاوازبنو ئەوەش کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر بەدەست هێنانی ئامانجە بنەڕەتی‌یەکانیان.

-خێزانی لق:- ئەو جۆرە خێزانەیە کە بەقۆناغی گواستنەوەدا تێدەپەڕێت، لەخێزانی جێگیرەوە بۆ خێزانی ناجێگیر وەخەسڵەتی هەردوو جۆرە خێزانەکەی لەخۆگرتوە، لەخێزانی جێگیر دابڕاوە چونکە بیروباوەڕو پیشەو کارو جێگای نیشتەجێبونی گۆڕاوە، هێشتا نەشبوەتە خێزانی پیشەسازیو شارستانێت، بەڵکو بەهەڵواسراوی لەنێوان هەردوکیاندا ماوەتەوە، بەواتا بەقۆناغی گواستنەوەدا تێدەپەڕێت.[٢٥]

-خێزانی هەڵوەشاو(بەتاڵ- خاڵی):- ئەو جۆرە خێزانەیە کەبەڕوکەش خێزانێکی تەواوو یەکگرتوە، بەلاّم لەناوەڕۆکدا هەڵوەشاوەو داری بەسەر پردویەوە نەماوەو وێرانە، پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوان ژنو مێردا نەماوەو ئارەزوە سێکسی‌یەکانی یەکتر تێر ناکەن،

---

[٢٤] د. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، المصدر السابق، ص٤٠٠.

[٢٥] المصدر نفسه، ص٤٠١.

پەیوەنـدیی خێزانـی تـەنها ئەوەندەیـە لەماڵێکـدا دەژیـن‌و بەرامبـەر مەترسـی‌یە دەرەکی‌یـەکان پارێزگـاری لەیـەکتر دەکـەن، لەگـەڵ منداڵەکانیاندا هەڵسوکەوت‌و رەفتارێکی ساردو سڕ ئەنجام ئەدەن بـەبێ پەیوەندی خۆشەویستی‌و بەبێ راپەڕاندنی ئەرکی پەروەردەو فێرکردن.[٢٦]

-خێزانی بایالۆجی:- ئـەو جـۆرە خێزانەیـە کـە لەئـەنجامی کـرداری سێکسـی نێـوان نێـرو مـێدا پەیـدادەبێت‌و شـوێنی حەوانـەوەو خۆشەویسـتی‌و یاسـاو ئـایین‌و داب‌و نـەریت رەچـاو دەکـرێن لەدامەزراندنیدا، جا یا منداڵ دەکەوێتەوە لەنێواندا یا بێ منداڵ دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا بەخێزانێکی بایالۆجی دادەنرێن.[٢٧]

-خێزانی کۆمەڵایەتی:- ئەو جـۆرە خێزانەیـە کـەبۆ مەبەستی نـەوە خستنەوە(منداڵ بوون) دروست دەکرێت. بـەڵام ئـەو منداڵانـەی کەلـەو نێرو مێیـە دەبـن بـەناوی هـیچ کامیانـەوە نـا ناسرێن لەیاسـاو داب‌و نەریتی ئەو کۆمـەڵگایەدا، بەڵکو ئەو منداڵانە بـەناوی کەسـێکی تـرەوە ناو دەنرێن کەمنداڵی لێ نەکەوتوەتەوەو کۆچی دوایی کردوە، بۆ ئـەوەی وەجـاغی کوێرنەبێتـەوەو نـاوو ناوبـانگی نەسـڕێتەوە لـەناو بـەرەی خێزانەکەیاندا، خێزانێك بەناوی ئەو کەسەوە دروست دەکرێت. ئـەو دوو کەسەی کەخێزانە بایالۆجی‌یەکەیان دروست کـردوەو کـرداری سێکسـی لەنێوانیاندا رو ئەدات‌و منداڵیان لێ دەکەوێتەوە، منداڵەکانیان بەناوی ئەو کەسەوە تۆمار ئەکرێن لەیاساو لەنەریتدا کەکۆچـی دوایـی کـردوە، باوك‌و دایکە راستەقینەکە مافی ئـەوەیان نی‌یـە منداڵـەکانیان بـەناوی خۆیانـەوە نـاو بنـێن چ لەیاسـادا چ لـەداب‌و نـەریتی ئـەو جـۆرە کۆمـەڵگایانەدا، تەنانەت لێشیان بەرپرسیارنین بەهیچ جۆرێك. ئەم جۆرە

---

[٢٦] د. شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثروبولوجيا، المصدر السابق، ص٣٢٠.

[٢٧] المصدر نفسه، ص٣٢٩.

خێزانانه لەناو هەندێك لەكۆمەڵگا هۆزایەتی‌یەكان‌و تیرەگەرییەكانی ئەفریقیاو ئوسترالیادا پەیڕەو دەكرێت وەك هۆزی(نویر).[٢٨] ئەمەش لەچەند هەل‌و مەرجێكدا روئەدات بۆ نموونە كاتێك پیاوێكی دەوڵەمەند كوڕی نابێت‌و كۆچی دوایی دەكات، كچەكەی دەتوانێت(خێزانێكی كۆمەڵایەتی) بەجۆرە هاوسەرێتی‌یەك دروست بكات كە بەناوی(هاوسەرێتی سێبەر-(زواج الشبح ghost marriage) لەنێرو مێ‌یەك، لەو نێرو مێ‌یە ئەو منداڵانەی كەلێیان ئەكەونەوە ئەوان لێیان بەرپرسیار نین، بەڵكو بەپێی یاساو بەپێی داب‌و نەریتی ئەو كۆمەڵگایە منداڵەكان بەناوی كەسە دەوڵەمەندە كۆچكردووەكەوە ناودەنرێن‌و دەناسرێن، وە دەبنە میراتگری كەسە دەوڵەمەندەكە، هەرچەندە هیچ پەیوەندی‌یەكی خزمایەتیشیان پێوەی نی‌یە، بەڵكو خێزانێكە بەناوی ئەوەوە دروست كراوە دوای مردنی بۆیە پێی دەوترێت(خێزانی شەبەح).[٢٩]

-خێزانی درێژ:- ئەو جۆرە خێزانەیە كەباوك‌و دایكێك منداڵیان دەبێت كوڕەكانیان ژن دێنن منداڵیان لێ دەكەوێتەوە، وەهەندێكی تر لەمنداڵەكانیان هێشتا خێزانیان دروست نەكردوە هەر هەمویان پێكەوە لەماڵێكدا دەژین‌و جێی حەوانەوەیان هەر ئەو ماڵەیە. كاتی واش هەیە كچەكانیش شوودەكەن لەو ماڵە جیا نابنەوە بەخۆیان‌و مێردو منداڵەكانیانەوە هەمویان پێكەوە ئەژین.[٣٠] ئەو جۆرە خێزانە

---

[٢٨] لوسي مير، مقدمة في الأنثروبولوجيا الأجتماعية، المصدر السابق، ص١٠٩.

[٢٩] د. أحمد أبو زيد، البناء الأجتماعي مدخل لدراسة المجتمع- الأنساق، المصدر السابق، ص٤٢٩.

[30] J. R. Eshleman, The Family, United States of America 2003, P.P. 40-41.

لەکۆمەڵگا کشتوکاڵی یەکانو هۆزایەتی یەکان پیادە دەکرێن پەیوەندی نێوانیان توندوتۆڵو بەهێزە هەر هەموویان هەست بەئەرکو فەرمانی سەرشانیان دەکەنو خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن بەرامبەر بەژیانو گوزەرانو پاراستنی ناوو ناوبانگی ئەو خێزانە، پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یەکانیان بەجۆرێك رێك خراون کەسستمێکی یەکگرتووی تەواوکەری یەکتر پێك دێنن. واتا (باپیر+ نەنك+ کورو ژنەکەیو منداڵەکانیان+ کچو مێردەکەیو منداڵەکانیان+ باوکی باپیرە گەورە+ دایکی نەنك دایە گەورە)[31] هەر هەموویان شوێنی حەوانەوەیان یەك ماڵەو لەو ماڵەدا هەڵسوکەوت دەکەن.

-خێزانی ئاوێتە:- ئەو جۆرە خێزانەیە کەپیاو زیاد لەهاوسەرێکی هەبێت (فرە ژنی)و لەهەموویان منداڵی هەبێتو پێکەوە بژینو هاوکاری یەکتری بکەن. واتا هەموویان لەرێی باوکیانەوە لەخێزانەکەدا بەیەکترەوە بەستراونەتەوە. کاتی واش ئەبێت ژنێك چەند شوویەك دەکات لەهەموو مێردەکانی منالی لێ دەکەوێتەوە هەموو منداڵەکانیو دواین مێردی پێکەوە ئەژین لەرێی دایکیانەوە منداڵەکان لەو خێزانەدا بەیەکەوە بەستراونەتەوە. ئەم جۆرە خێزانە بەخێزانی پێکهاتوو ناسراوە.

-خێزانی یەکگرتوو:- ئەو جۆرە خێزانەیە کەدوای کۆچی دوایی باوكو دایك، کورەکانیان ژن دێنن منداڵیان دەبێت هەموو براکانو ژنەکانیانو منداڵەکانیان پێکەوە لەیەك ماڵدا دەژین، کاتی واش دەبێت کچەکانیش شوودەکەن ئەوانیش منداڵیان دەبێت بەخۆیانو بەمنداڵەکانیانو مێردەکانیان لەگەڵ براوو براژنو برازاکانیاندا هەموویان پێکەوە لەیەك ماڵدا دەژینو جیانەبونەتەوە. بەڵکو پێکەوە

[31] د. قيس النوري، ما الانثروبولوجيا، المصدر السابق، ص٦٥-٦٦.

بەیەكگرتوویی دەمێننەوەو پەیوەندییە كۆمەڵایەتیو خزمایەتییەكانیان بەهێزو بەتینتر دەبنو هەموویان هەست بەلێپرسراوێتی مانەوەی خێزانەكەیان دەكەن بەیەكگرتویی بمێنێتەوە، هەرچەندە باوكو دایكیان ماوەیەكی دوورودرێژە كۆچی دوایی‌یان كردووە بۆیە بەناوی خێزانی یەكگرتوو ناودەبرێن یا دەناسرێن. ئەو جۆرە خێزانانەش لەكۆمەڵگا كشتوكاڵییەكانو هۆزایەتییەكانو تیرە گەرایەتییەكاندا زۆرتر بەدی دەكرێن.[٣٢]

-خێزانی بچووك(نووی-ذری):- بریتییە لەو جۆرە خێزانەی كە لەماڵێكدا یەك پیاوو یەك ژنو منداڵەكانیان پێكەوە دەژینو بەجیا دانیشتونو ئەركو مافەكانی خێزان بەسەربەستیو سەربەخۆیی جێبەجێ دەكەنو دابەشكردنی كارو یارمەتی دانی یەكتریو توندوتۆڵی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانو خۆشەویستی نێوانیانو هەست بەلێپرسینەوە بەرامبەر بەیەكتر، خەسڵەتەكانی ئەم جۆرە خێزانەن، كۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەم سەردەمە لەبەر باری ژیانو گوزەرانو ئابوریو پێویستییە زۆرەكانو جەنجاڵیو زۆری كێشەو گیروگرفتو ململانێ جۆربەجۆرەكان پەیڕەوی پیادەكردنی خێزانی بچوك دەكەن، بۆ دوركەوتنەوە لەو هەموو كێشەو گیروگرفتانەی ژیان.[٣٣] هەروەها خێزان لەسەر بنچینەی پشت كراوەتە دوو جۆرەوە كەئەمانەن:-

---

[٣٢] د. بدرخان السندي، المجتمع الكردي في المنظور الاستشراقي، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل، بدون سنة الطبع، ص١٠٦.

[٣٣] بيث هس وآخرون، علم الأجتماع، تعريب دكتور محمد مصطفى الشعبيني، دار المريخ للنشر، المملكة العربية السعودية، ١٩٨٩، ص٤١٤-٤١٥.

-خێزانی دایکایەتی:- لەسەردەمێکی مێژووی مرۆڤایەتیدا دایک بەرپرسیاربوە بەرامبەر بەخێزانو بەناوی دایکییەوە خێزان ناوبراوە، لەهەندێ کۆمەڵگاشدا پشتی دایك واتا خاڵو پوور لەپێش پشتی باوکەوەن واتا لەپێش مامو پورن لەباوکەوە، ئەرکی لێپرسینەوەی خێزان دوای باوك بەخاڵ دەسپێردرێت بۆیە بەو چەشنە خێزانانە دەوترێت خێزانی دایکایەتی، هەروەها منداڵ ناسنامەکەی بەناوی دایکییەوە دەبێت بەپێی یاساو نەریت، کاتی واهەیە ژنەکە چەند شوویەك دەکاتو لەهەموویان منداڵی لێ دەکەوێتەوە ئەو منداڵانە کەباوکیان جیاوازە هەموویان بەناوی دایکیانەوە دەناسرێن.

-خێزانی باوکایەتی:- ئەو جۆرە خێزانەیە کە لەبەشی هەرەزۆری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئێستادا پەیڕەو دەکرێت، پێشی دەوترێت(باوك سالاری) واتا باوك بەرپرسیارە لەهەڵسوڕاندنی ئەركو فەرمانەکانی خێزان وەهەر ئەویش بەرپرسیارە لەدابینکردنی پێویستییەکانی خێزان. هەروەها پشتی باوك لەپێش پشتی دایکەوەیە، واتا باپیرو مامو پوور لەباوکەوە لەپێشترن تا باپیرو خاڵو پوور لەدایکەوە. ناسنامەی منداڵ بەناوی باوکەوە دەبێتو باوك بەرپرسیارە بەپێی یاساو دابو نەریت لەو جۆرە خێزانانەدا. کاتی واهەیە پیاوێك چەند ژنێك دێنێت لەهەموویان منداڵی لێ دەکەوێتەوە ئەو منداڵانە کەدایکیان جیاوازە هەموویان بەناوی باوکیانەوە بانگ دەکرێنو دەناسرێن.[٣٤] هەروەك لەهێڵکاری(٣) هەندێك لەخێزانەکان دیاری کراون.

---

[٣٤] د. أحمد أبو زيد، البناء الاجتماعي مدخل لدراسة المجتمع- الانساق، المصدر السابق، ص٣١١-٣٤٠.

## هێڵكاری(٣) هەندێك جۆری خێزانەكان نیشان ئەدات




**خێزانی درێژ-** لەسەرەوە ئەو خێزانە لەباوك‌و دایكێكی زیندوو كە لەسێ كوڕو كچێك پێك هاتوون، دوان لەكوڕەكانی ژنیان هێناوە بەهەردوكیانەوە حەوت منداڵیان هەیە لەگەڵ ژنەكانیان‌و ئەو براو خوشكەی كەهێشتا خێزانیان دروست نەكردوە هەموویان پێكەوە لەماڵێكدا دەژین.



**خێزانی پێك هاتوو-** لەسەرەوە ئەو خێزانە لەپیاوێك كەدوو ژنی هێناوە لەژنێكیان دوو كچ‌و دوو كوڕی هەیە، وەلەژنەكەی تری كوڕێك‌و دوو كچی هەیە هەموویان پێكەوە لەماڵێكدا دەژین.



**خێزانی پێك هاتوو-** لەسەرەوە ژنێك دوو شوی کردوە لەپیاوێکیان دوو کچی بووەو مێردەکەی مردوە، شوی کردوەتەوە بەپیاوێکی تر، دوو کچەکەی لەگەڵ خۆی بردوە، لەپیاوی دووەمی سێ کوڕی بووە، هەموویان پێکەوە لەماڵێکدا دەژین.



**خێزانی یەکگرتوو-** لەسەرەوە ئەو خێزانە لەباوك‌و دایکێك کەدوو کوڕیان بوە، کوڕەکان ژنیان هێناوە، یەکێکیان سێ منداڵ‌و ئەوی تریان دوو منداڵی بووە، پاش مردنی دایك‌و باوکەکە کوڕەکان بەژن‌و منداڵەکانیانەوە لەیەك ماڵدا دەژین بەیەکگرتویی‌و جیانەبونەتەوە.



**خێزانی بچووك-** لەسەرەوە ئەو جۆرە خێزانە لەژنێك‌و پیاوێك‌و چوار منداڵ پێك هاتووە کە لەماڵێکدا دەژین.[٣٥]

---

[٣٥] شاكر مصطفى سليم، المدخل الى الأنثروبولوجيا، جامعة الكويت، ١٩٨١، ص٤١. أو د. أحمد أبو زيد، البناء الاجتماعي مدخل لدراسة المجتمع- الانساق، المصدر السابق، ص٣١٢-٣٤٠. أو محمد مصطفى أحمد، بيارة، رسالة ماجستير، المصدر السابق، ص١٠٤. أو نوري ياسين هرزاني، الكاكائية، رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية الآداب جامعة بغداد غير منشورة، ١٩٨٥، ص١٦٦.

خێزان لەکۆمەڵگای هەوراماندا گرنگیو بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. بەسەرچاوەی پەروەردەو فێرکردنو ژیانو گوزەرانو جێگیری ژیانی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت، جگە لەڕوە بایالۆجییەکی، پێگەیەنەری تاكو فێرکەریەتی وەدیاریکەری رۆڵو پێگەی کۆمەڵایەتیی تاکە. هەرچەندە رۆڵو پێگەی تاك بەهۆی تێکۆشانی خۆیەوە دەستی دەکەوێت، بەڵام خێزان یەکەم هاندەرو یارمەتی دەریەتی بۆ بەدەست هێنانی ئەو رۆڵو پێگە کۆمەڵایەتییە کە لەکۆمەڵگادا دەیان گێڕێت.

خێزان بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتییە لەکۆمەڵگای هەوراماندا، هەروەها یەکەم ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەندامەکانییەتی، هەرئەوە ئەندامەکانی گۆش دەکاتو پەروەردەیان دەکاتو فێریان دەکاتو کاروپیشە بۆ هەموو ئەندامێکی ناو کۆمەڵگاکە دەست نیشان دەکاتو ئەرکی خەرج کێشانی ئەندامەکانی ئەکەوێتە ئەستۆ لەهەموو کاروبارێکی رۆژانەیاندا.

لەکۆمەڵگای هەوراماندا (چوار جۆر خێزان) پێکەوەنان پەیڕەو دەکرێت، کە لەقۆناغە مێژوویییەکانی کۆمەڵگاکەدا یەك لەدوای یەك پەیدابوون، تا ئێستاش وەك پێویستییەك لەهەندێ کاتدا پێك دێت وەك(خێزانی درێژ، خێزانی پێکهاتوو، خێزانی یەکگرتوو) پەیڕەو دەکرێنو ئاسەواریان ماوە. بەڵام وەك پێویستییەکی کۆمەڵگای ئێستای هەورامان بەزۆری پەیڕەوی پێکەوەنانو دروستکردنی(خێزانی بچووك) دەکرێت.[٣٦] کەهەر یەکەیان بەجیا باس دەکەین:-

### ١-خێزانی درێژ

هەلومەرجی ژینگەی جوگرافیاییو ژینگەی کۆمەڵایەتی هەورامان وای پێویست کردوە ئەو جۆرە خێزانە پەسەند بێت بۆ قۆناغێکی

---

[٣٦] محمد مصطفى أحمد، بيارە، دراسة سوسيو أنثروبولوجية، المصدر السابق، ص١٠٧.

مێژووی کۆمەڵگای هەورامان، چونکە باری ئابوریو باری رامیاریو باری کۆمەڵایەتی لەو سەردەمەدا پێویستی بەو جۆرە خێزانە بووە بۆ خۆپاراستن لەدیاردە مەترسی دارەکانو دابینکردنی ئاسایشو دەستەبەرکردنی خۆراكو شوێنی حەوانەوەو ئیشو کاری تر بۆیە پێویستی بەژمارەیەکی زۆری ئەندام بوە لەماڵێکدا، کەهاوکاریو هاریکاری یەکتر بکەنو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان توندو تۆڵ بنو راستەوخۆ بن بۆ بەسەربردنی ژیانێکی بەکۆمەڵ. تا ئێستاش لەلادێو دێکانی هەوراماندا ئەو جۆرە خێزانە پەیڕەو دەکرێتو ئاسەواری ماوە کە(باپیر+ نەنك+ منداڵەکانیان+ نەوەی منداڵەکانیان بەکورو کچەوە) هەموویان پێکەوە لەماڵێکدا دەژین.

## ٢-خێزانی ئاوێتە

خێزانی پێکهاتوو لەپیاوێكو لەهاوسەرێك زیاتر، یا لەژنێكو چەند شوویەکی یەك لەدوای یەك زیاتر، بەمنداڵەکانیانەوە پێك دێت کە لەماڵێکدا دەژین. ئەم جۆرە خێزانە لەکاتی پەیدابونی ئایینی ئیسلامو بڵاوبونەوەی لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا پەیدابووە. چونکە بنەماکانی ئەو ئایینە رێ ئەدات بەپیاو زیاد لەهاوسەرێکی هەبێتو رێگری لەمنداڵ بونی زۆریش ناگرێت، هەروەها رێ ئەدات بەژن کەچەند شوویەك بکات یەك لەدوای یەك چ بەهۆی جیابونەوە بێت(تەلاق) یا بەهۆی لەدەست دانی هاوسەرەکانیەوە بێت بەمردن[٣٧]

کۆمەڵگای هەورامان بەوە ناسراوە کەکۆمەڵگایەکە بەتوندی پەیڕەوی بنەماو بیروباوەڕە ئیسلامییەکان دەکات.[٣٨] ئەو ئایینەش رێخۆشکەرە بۆ پەیدابونی ئەم جۆرە خێزانە بۆیە باری کۆمەڵایەتیو

---

[٣٧] حمد مصطفى أحمد، سەرچاوەی پێشوو.

[٣٨] حمد مصطفى أحمد، بيارە، دراسة سوسيو أنثروبولوجية، المصدر السابق، ص١٣٢.

ئــایینیو ئــابوری کۆمــەڵگای هــەورامان هانــدەری دروســت بــوونو پەیدابوونی ئەم جۆرە خێزانەن بەتایبەتی.((دوای ئەوەی کە بەزۆر ئیسلام کراوە))[٣٩] بۆیە مەڵبەندێکی گرنگی رێبــازی نەقشــبەندییەکان بــۆ زۆر بــوونی ژمــارەی دانیشــتوانو زۆربــوونی لایــەنگرەکانیانو دابینکردنــی بژێویانو کارپێکردنیان هانی کۆمەڵگاکــەیان دا کەئــەم جــۆرە خێزانــە پەرە پێ بدەنو پشتیوانیشــیان لێکــرد ، لــەڕوی پێکهاتەیــەوە(پیاوێــك+ چەند هاوسەرێك بەمنداڵەکانیانەوە) هــەموویان لەیــەك مــاڵدا پێکــەوە ئەژین. یان(ژنێك+ منداڵەکانی کــە لەچــەند شــوویەك بویــەتی+ دوایــن شووی) هەموویان پێکەوە لەیەك ماڵدا دەژین.

### ٣-خێزانی یەکگرتوو

ئــەم جــۆرە خێزانــە لەکۆمــەڵگای هەورامانــدا پــەیڕەو دەکرێــت لەبەرپێویســتی ژیــانی کۆمەلایــەتیو ئــابوریو رامیــاریو ئــایینی. پێکهاتەکــەی دوای ئــەوەی پیاوێــكو ژنێــك هاوســەرگری یــەکتر دەبــن، منـــداڵیان لـــێ دەکەوێتـــەوە کوڕەکانیـــان ژن دێـــنن، بـــەخۆیانو بەژنەکانیانەوەو بەمنداڵەکانیانەوە، لەماڵێکدا لەگەڵ بــاوكو دایکیانــدا دەژیــن. کاتێــك کــەباوكو دایکیــان کۆچــی دوایــی دەکــەن، کوڕەکــانو ژنەکانیانو منداڵەکانیان پێکەوە لەهەمان مــاڵدا دەمێننــەوەو پێکــەوە دەژیـــنو جیانابنـــەوە، بۆیـــە پـــێی دەوترێـــت خێزانـــی یـــەکگرتوو، پەیوەندییەکانیان تونــدوتۆڵنو روبــەڕونو هەمیشــەیین یارمــەتی یــەکتر ئـــەدەنو هاوکـــاری یـــەکتر دەکـــەن، بەرژەوەنـــدیی خێـــزان لەســـەروو بەرژەوەندییــە تایبەتــەکانی خۆیانەوەیــە. پێکهاتەکــەی(چــەند کوڕێــك+ ژنەکانیان+ منداڵەکانیان) هەر هەموویان پێکەوە لەماڵێکدا دەژین.

---

[٣٩] اقدي، ولاتگیری رەشەخاکی عیراق، وەرگێڕانی مەلا جەمیلی رۆژبــەیانی، یەکــەم چــاپ، ١٩٩٧، ل٣٥-٣٦.

## ٤-خێزانی بچووك( نووی-ذری )

لەناو کۆمەڵگای هەورامانی ئێستادا بەزۆری پێکەوەنانی ئەم جۆرە خێزانە باوە ئەوەی کاری کردۆتە سەر گەشەکردنو پەرەسەندنو جێگیربونی ئەم جۆرە خێزانە لەهەورامانـدا (ژیانی ئابوریو ژیانی کۆمەڵایەتیو ژیانی رۆشنبیرییە). کۆمەڵگای هەورامان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لاواز بوون، پێویستی زۆرو ژیانی رۆژانەو گوزەرانی قورسو جەنجاڵی ژینگەو پەیدابونی کێشەو گیروگرفتی زۆرو بەرزبونەوەی ئاستی رۆشنبیریو زانستو خوێندەواریو بڵاوبونەوەی هۆکانی پەیوەندی کردنو راگەیاندنو فراوان بوونو ئاسان بوونی رێگاکانی هاتوچۆ هەموویان هاندەرو پشتیوانی سەرهەڵدانو جێگیربوونی ئەم جۆرە خێزانەن لەناو کۆمەڵگای هەورامانـدا. پێکهاتەکەی (پیاوێك+یەك هاوسەر+ منداڵەکانیان) پێکەوە لەماڵێکدا دەژین. خۆیان بەرپرسیارن لەپەروەردەو فێرکردنو ژیانو گوزەرانی منداڵەکانیانو پاراستنی خێزانەکەیان لەدیاردە دزێوو مەترسی دارەکان کەرۆژانە بەهۆی پێشکەوتنو گەشەکردنی زانستەوە روو لەکۆمەڵگاکانی جیهان دەکەن. سەیری هێڵکاریەکە بکە.

**خزمایەتی** Kinship

بریتییە لەسستمێکی رێکوپێکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا، کەئەو تاکانە بەیەکترەوە دەبەسترێنەوە بەتۆرێك کەلەو پەیوەندییانەو لەو یەکتر گرتنانە پەیدا دەبێت، نەك لەسستمەکە خۆی.[٤٠] هەروەها خزمایەتی دانپیانانێکی کۆمەڵایەتییە بەپەیوەندییە زیندوەکانیشیانەوە. لەلایەکی ترەوە خزمایەتی بریتییە

---

[٤٠]. أحمد أبوزيد، البناء الأجتماعي مدخل لدراسة المجتمع- الأنساق، المصدر السابق، ص٣١٢.

لەپەیوەندی‌یەکی کۆمەڵایەتی کە لەسەر پەیوەندی خوێن(پشت)ی ڕاستەقینە، یا(پشت)ی دروستکراو یا(پشت)ی هزری خەیاڵی دروست بووە.[٤١] لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەست بونێکی دان پیانراوی کۆمەڵایەتی‌یە، ئەو پەیوەست بونەش لەسەر بنەمای خوێن(پشت)و ڕەچەڵەك لەنێوان باوكو دایكو نەوەكانیان وەستاوە. هەروەها خوشكو براش دەگرێتەوە.[٤٢]

بەتێکڕا خزمایەتی دوو جۆرە(فیزیکیو کۆمەڵایەتی)یە. مەبەست لە(فیزیکی) ئەو خزمایەتی‌یەیە کە لەپشتی باوك(نێر) کەپێی دەوترێت هێڵی باوکایەتی، یان لەپشتی دایکەوە(مێ) کەپێی دەوترێت هێڵی دایکایەتی، پەیدا دەبێت واتا(خزمایەتی بایۆلۆجی) دەگرێتەوە.[٤٣] بەڵام خزمایەتی کۆمەڵایەتی، ئەو خزمایەتی‌یە کەبە(پشت)ەوە نەبەستراوە، واتا نە لەڕێی باوکەوە وە نەلەڕێی دایکەوە پەیوەندی‌یە خزمایەتی‌یەکان دروست نەبوون، بەڵکو لەڕێی(نشینگە) واتا شوێنی نیشتەجێ بوونو پێکەوە ژیانەوە پەیوەندی‌یە خزمایەتی‌یەکان دروست بوون لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پەیوەندی‌یانە تۆکمەو توندو تۆڵو پتەونو لەکاتی پێداویستدا دەردەکەون.

خزمایەتی لەکۆمەڵگای هەورامانـدا بەدەر نی‌یە لەو خزمایەتی‌یانەی کە لەسەرەوە باس کران، بەڵام زۆرتر(خزمایەتی کۆمەڵایەتی) پەسەندترەو لەناو کۆمەڵگاکەدا ڕەنگی داوەتەوە. چونکە کۆمەڵگای هەورامان لە(هۆزو تیرەو پشتو ڕەچەڵەك... هتد) پێك نەهاتووە، بەڵکو لەسەربنەمای(تاكو خێزانو بنەماڵەو Groupو لادێو دێو شارۆچکە)

---

[٤١]. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الأجتماع، المصدر السابق، ص٥٠٨
[٤٢]. شاكر مصطفى سليم، قاموس الأنثروبولوجيا، المصدر السابق، ص١٠٠٥.
[٤٣]. أحمد أبو زيد، المصدر السابق، ص٢٩٤.

دامەزراوە. پەیوەندیی خوێن‌و پشت ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نی‌یە کەشیاوی باس کردن بێت.

پەیوەندی‌یە خزمایەتی‌یەکان لەکۆمەڵگای هەورامانـدا لەسەرئاستی (هاوجێیی- نشینگە، هاوزمانی، هاوبەرژەوەندی) دامەزراوە، ڕەنگە تۆزێك لە(بدنە)ی عەرەبی‌یەوە لێکچونیان هەبێت، بەڵام (بدنە) لەسەر هێڵێکی خوێن دامەزراوە، لەو ڕووەوە لەوێش جیاوازە. کەواتە پەیوەندی‌یە خزمایەتی‌یەکانی کۆمەڵگای هەورامان لەجۆری (خزمایەتی کۆمەڵایەتی) یەوە نزیکن، هەرچەندە خزمایەتی کۆمەڵایەتی لەسەر بەرژەوەندی‌یەکان دامەزراون گیانی خۆشەویستی‌و هاوسۆزی‌و خۆبەختکردنیان کەمە، پەیوەندی‌یە خزمایەتی‌یەکانی کۆمەڵگای هەورامان لەسەر ئاستی سوودو بەرژەوەندی گشتی دامەزراون.

کەواتە خزمایەتی لەکۆمەڵگای هەوراماندا جۆرە تایبەتمەندی‌یەکی پێوەدیارە، کەتایبەتە بەکۆمەڵگاکە خۆی‌و پەیوەندی‌یەکانی لەسروشتە جوگرافی‌یەکەی‌و سروشتە کۆمەڵایەتی‌یەکەی سەرچاوەیان گرتووە.

هەورامی‌یەکان خێڵەکی نین‌و هۆزو تیرەش نین، بەڵکو کۆمەڵگایەکن خاوەن داب‌و نەریت‌و سستمێکی تایبەتن کە بەتۆڕێك لەپەیوەندی‌یە خزمایەتی‌یەکان بەیەکترەوە بەستراونەتەوە (یەکەی نشینگە) ش فاکتەری پەیدابونی جۆری خزمایەتی‌یەکەیانە کەئەوەش تایبەتە بەخۆیان‌و کاری کردۆتە سەر پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانیان‌و پەیوەندی‌یە ئابوری‌یەکانیان‌و پەیوەندی‌یە ڕۆشنبیری‌یەکانیان‌و تەنانەت پەیوەندی‌یە ئایینی‌یەکانیشیان، هەروەها پەیوەندیشیان هەیە بەچالاکی‌یە ڕامیاری‌یەکانیانەوە کەبەشێکن لەژیانی کۆمەڵایەتی‌ی کۆمەڵگای

هەورامان. خزمایەتی هەر وەك لەسەرەتاوە ئاماژەی پێكرا لەژینگە سروشتی‌یەكەی‌و لەژینگە كۆمەڵایەتی‌یەكەیەوە دەست پێ دەكات، تا سستمێكی رێكوپێك لەپەیوەندی‌یە ئاڵوگۆڕەكان دادەمەزرێت، كەیەك كار لەوی تردەكات‌و بەیەكەوە بەستراون‌و تەواوكەری یەكترن‌و كۆمەڵگا رێك دەخەن‌و یەكەیەكی خزمایەتی پەیدا دەبێت بەناوی(بنەماڵە)وە، كەزۆری پەیوەندی‌یەكان‌و داب‌و نەریتەكان‌و تەنانەت هەڵسوكەوتی تاكەكان ناوو ناوبانگی بنەماڵە كاریان لێ دەكات.

### ٣-بنەماڵە

لەدوای خێزانەوە دووەم یەكەی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی‌یە، بنەماڵە سەرچاوەكەی خێزانە كاتێك وەچەی خێزانێك زۆر دەبن‌و منداڵیان لێ دەكەوێتەوە چەند خێزانێكی سەربەخۆ یان سەربەست دروست دەبن بەناوی خێزانی یەكەمەوە دەناسرێن، هەریەك لەم خێزانە نوێیانە بەرپرسی خۆی هەیە كە بەرپرسیارە بەرامبەر بەخێزانەكەی‌و پاراستنی پەیوەندی‌یە كۆمەڵایەتی‌یەكانی لەگەڵ خێزانەكانی تردا بەبێ جیاوازی ئەم خێزانە نوێیانە خەسڵەتی یەكەم خێزان وەردەگرن ئیتر ئەو خێزانە لەرەگەزی(نێر بێت- مێ) جیاوازی نی‌یە بۆ نموونە دەڵێن بنەماڵەی(زۆراب) بۆ نێر ئیتر هەموو خێزانەكان كەتازە دروست بوون بەو بنەماڵەوە دەناسرێن وەك شوێنی نیشتەجێ بوونی(دێ- لادێ) كەدا بەلام كاتێك لەشوێنی نیشتەجێ دوور دەكەوێتەوە بەناوی(نشینگە)كەیەوە دەناسرێت بۆ نموونە دەڵێن خەڵكی گوندی گوڵپە یا تەوێڵەیە ئیتر ئیتر بنەماڵەكەی نا ناسرێت. هەروەها بۆ(مێ) دەڵێن بنەماڵەی(خاوەر) لەدێ یا لادێكەدا ناسنامەی خۆی وەرگرتوە

کەلـەو بنەماڵەیەیـە بـەڵام کەچـووە دەرەوە بـەناوی شـوێنی نیشـتەجێ بونەکەیەوە دەناسرێت نەك بەناوی بنەماڵەکەیەوە.

ئەم بنەماڵانە کاتێك کەزیاد دەکەنو یەکەیەکی نشینگەی جوگرافی پێك دەهێنن دەبنە گروپ چەند گروپێك دەبنـە دانیشـتوانی(لادێ، دێ، شارۆچکە) یەك زۆرجـار رێـك دەکـەوێت دانیشـتوانی لادێیـەك لەیـەك بنەماڵـە پەیـدابوون، یـا بنەماڵەیـەك لەچـەند لادێیەکـدا نـەوەی هەیـە بەناوی بنەماڵەکەشو شوێنی نیشتەجێ بونیشیەوە دەناسرێتەوە.

بـــەڵام لەکۆمـــەڵگای هەورامانـــدا رێـــك نەکـــەوتوە دێیـــەك یـــا شارۆچـکەیەك سـەرپاکی دانیشـتوانەکەی یـەك بنەماڵـە بـن بـۆ نموونـە شارۆچکەی بیارە لەم بنەماڵانە پێك هـاتووە(بنەماڵـەی شـێخان، بەگـە رووتـە، گشـتی خـەڵك- کەئەمانـەش هەریـەك لەچـەند خێزانێـك پێـك هـاتوون) ئـەم بنەماڵانـە هـەموویان بەکۆمـەڵێك پەیوەنـدی بەیەکـەوە بەسـتراونەتەوە کەیـەك تەواوکـەری ئـەوی تـرە وە تۆڕێـك لەپەیوەندییـە ئابوورییەکانو کۆمەڵایەتییەکانو رامیارییەکانو رۆشنبیرییەکان پێك دێنن کەسستمێك رێك دەخـەن بـۆ بـەڕێوەبردنو درێـژەدان بـەژیان لـەو نشینگەیەدا کەهەر هەموویان لێی بەرپرسیارن بەبێ جیـاوازی. سـەیری خشتەی(٢) بکە کەزاراوە خزمایەتییەکان نیشان ئەدات.

## خشتەی(٢)

## زاراوە خزمایەتی‌یەکانی کۆمەڵگای هەورامان

| شێوەی هەورامی | شێوەی سۆرانی | تێبینی |
|---|---|---|
| ئەدا ، ئەیا | دایك | بۆ نوسینی ووشەی(دایك) بەشێوەی هەورامی پێویستی بەپیتێك هەیە، بەڵام لەئەلفو بێی زمانی کوردیدا ئەو پیتە دیاری نەکراوەو نەناسراوە وەك گەدا، سەدا... هتد). |
| تاتە | باوك | |
| واڵی | خوشك | |
| برا | برا | |
| بابا | باپیر | بۆ باوکی دایكو باوکی باوك چوون یەکە |
| ماما | نەنك، نەنە | بۆ دایکی باوكو دایکی دایك چوونیەکە |
| مەتی | پوور | بۆ خوشکی باوكو خوشکی دایك چوون یەکە |
| مامۆ | مام | |
| لالۆ | خاڵ | |
| مەتی‌یەزا | پورزا | بۆ نەوەی خوشکی باوكو خوشکی دایك چوون یەکە |
| مامۆزا | ئامۆزا | |
| لالۆزا | خاڵۆزا | |
| وارەزا | خوشکەزا | |
| برازا | برازا | |
| کوڕم | کوڕم | |
| کناچێم | کچم | |

| | | |
|---|---|---|
| مەتیەو ئەێم<br>مەتیەو تاتەیم<br>مەتیە زاوئەیەم<br>مەتیە زاوتاتەیم<br>پەشتەو ئەێم | پوری دایکم<br>پوری باوکم<br>پورزای دایکم<br>پورزای باوکم<br>پشتی دایکم | خزمەکانی دایك ئەوانەی کەپەیوەندی خزمایەتیان دوورە |
| پەشتەو تاتەیم | پشتی باوکم | خزمەکانی باوك ئەوانەی کەپەیوەندی خزمایەتیان دوورە |
| بنەماڵو ئێمەن | بنەماڵەی ئێمەیە | ئەو خزمانەن کە لەنشینگە دور کەوتونەتەوەو ناناسرێن. |

تێبینی ١-لالۆ، مامۆ:- لەناو نشینگەدا(دێ، لادێ، شارۆچکەدا) بۆ هەموو نێرێك بەکاردەهێنرێت وەك چۆن لەسۆرانیدا(کاك) بەکاردێت بۆ نێر.

٢-مەتی:-لەناو نشینگەی کۆمەڵگای هەورامانـدا بۆ هەموو مێیەکی بەتەمەن بەکاردەهێنرێت وەك چۆن لەسۆرانیدا(دادە، باجی) بەکاردەهێنرێت.

## ٤-لادێ، دێ، شارۆچکە

دوای تاكو خێزانو بنەماڵە، (لادێ- دێ- شارۆچکە) بەدوایین یەکەی پێکهاتەی کۆمەڵگای هەورامان دەژمێرێن لەڕوی ژمارەی دانیشتوانەوە.

گرنگترین فاکتەر بۆ دروست بونی ئەو یەکە نشینگانە(شوێنە جوگرافییەکەیەتی)، کەتوخمەکانی(ئاو، زەوی، روبەخۆر، روەکی خۆڕسك) بڕیاردەرن بۆ ئەوەی ئەو شوێنە جوگرافییە بکرێت بەنشینگە. وەئەو نشینگەیە بەیەکێك لەو توخمە سروشتیانەوە دەناسرێت.

هەندێ کاتیش بەناوی کەسێك کەدامەزرێنەری نشینگەکە بووە ناو دەنرێت وە(ئەحمەد ئاوا) کەکاتی خۆی ئەحمەد ناوێك بۆ یەکەم جار لەو شوێنە جوگرافییەدا خانوی دروست کردووە دواتر گەشەی کردووەو بوە بەدێ. ئەگەر سەیری دێکانی ترو شارۆچکەکانی تری هەورامان بکرێت بەناوی توخمە جوگرافییەکانەوە ناونراونو ناسراون. تا ئێستا لەهەوراماندا شاری گەورە دروست نەبوە هەرچەندە مێژووی هەندێ لەدێکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مادەکان وەك دێکانی(ئالپی- هێلانپێ، هارهار- شاری هەورامان، زاوەر، بارا- بیارە، ڕەزاو... هتد).[٤٤] هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ژینگە سروشتییە جوگرافییەکەی کەڕێگرە لەبەردەم فراوان بونو گەشەکردنی نشینگەکاندا کەنابنە شاری گەورەو ژمارەی دانیشتوانیان زیاد ناکات کەواتە جوگرافیای هەورامان پاڵنەرو دەرکەرو کۆچکەری دانیشتوانە نەك وەرگری.[٤٥]

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی(لادێو دێو شارۆچکەکانی هەورامان) بەجۆرێك رێك خراون کەسستمێکی تایبەتی لەڕوی

---

[٤٤] ی. م. دیاکۆنۆف، میدیا، وەرگێڕانی برهان قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٣-٢٣٤.
[٤٥] یرۆز حسن، گۆڤاری هەورامان ژمارە ١، سەرچاوەی پێشوو، ل٦-٧.

کۆمەڵایەتیو ئابوریو ئایینیو رامیاریو رۆشنبیری دروست دەکات کەیەك تەواوکەری ئەوی ترە لەچوارچێوەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەو ئەو سستمە دروستکراوەدا، پێویستە هەموو ئەندامێك پێگەو رۆڵی تایبەتیو بەرچاوی هەبێت، وە هەموو ئەندامێك زیاد لەکارێك راپەڕێنێت لەناو کۆمەڵگاکەدا ئەوەی یارمەتیدەرە کەئەم پەیوەندییانەو ئەم سستمە لەکارنەکەوێتو کاریگەری هەبێت لەسەر کۆمەڵگاکە ئەم خاڵانەیە:

١-دڵسۆزیو کارکردن بەبێ فرتو فێڵو خۆدزینەوەو تەمەڵی.

٢-تێکۆشانو کۆڵنەدانی خەڵکەکەی.

٣-بەکارهێنانی سەلیقەو ووردیو ژیری لەکارکردندا.

٤-راپەڕاندنی چەند رۆڵێك لەیەك کاتدا.

٥-گوێڕایەڵیو مل کەچ کردنو رێزگرتن لەخوارەوە بۆ سەرەوە.

٦-رەچاوکردنو پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی.

٧-هاریکاری کردنو یارمەتی دانی یەکتر لەئیشو کارە قورسو زۆرەکاندا.

٨-کارکردن بەشێوەی گەلکاریو بەدەسەوام- دەستیاوو بێ بەرامبەر.

٩-هەوڵدان بۆ فێربونی هەموو کارو پیشەیەك بەنێرو مێوە.

١٠-خولیاو گەڕان بەدوای زانستو زانیاریدا.

١١-بەشداری کردن لەهەموو خۆشیو ناخۆشییەکی یەکتردا.

ئەو سستمە کەکۆمەڵگای هەورامان پەیڕەوی ئەکات سستمێکی (تایبەتی)یە واتا کۆمەڵگاکە خۆی لەناو خۆیدا زۆرینەی پێویستییەکانی پڕ دەکاتەوە، هەر ئەوەشە کەبۆتە فاکتەرێکی کاریگەر کەکۆمەڵگای هەورامان خاوەنی شارستانەتێکی تایبەتی خۆی بێتو

لەدەوروبــەرەوە زۆر بەکــەمی کاریگــەری خرابێتــە ســەرو خــاوێنی خــۆی پاراستوە بەدرێژایی مێژوو.

بەکورتی پێکهێنەرەکانی پێکهاتــەی کۆمــەڵگای هــەورامان لــەڕوی دانیشتوانەوە خرانــە روو کەهەریــەك تەواوکــەری ئــەوی تــرە بــەپێ‌ی ئــەو سستمە تایبەتی‌یەی کۆمەڵگاکە کەژینگە جوگرافییەکەی‌و پێگــەو رۆڵو فرە کاری ئەندامەکانی فاکتەری سەرەکی بوون بــۆ پاراســتنی هێمنــی‌و ئــــارامی‌و ئاســــایش لەکۆمەڵگاکــــەداو دوور کەوتنــــەوەی لەکێشــــەو گیروگرفــت. بــەڵام لەبەرئــەوەی ژیــان لەگۆڕاندایــەو پێویســتی‌یەکان رۆژ بەرۆژ زیــاد دەکــەن‌و هۆکــانی پەیوەنــدیش بــەرفراوان بــوون‌و بێگومــان کۆمەڵگای هەورامان لەنیوەی دووەمی ســەدەی بیســتەمەوە گــۆڕانێکی بەرچــاوو خێــرای بینیــوە لەهــەموو بوارەکــانی ژیانــدا. بــۆ پێکهاتــەی کۆمەڵگای هەورامان لەڕوی مرۆیی‌یەوە سەیری هێڵکاری(٤) بکە.

## هێڵکاری(٤)

کۆمەڵگا، شارۆچکە- لادێ-دێ ،

بنەماڵە، خێزان، تاك



## باسی دووەم

# ژیانی ئابووریی هـــەورامـــان

مەبەست لەژیانی ئابووری شێوەی گوزەرانو ڕێگاکانی بەرهەم هێنان دەگرێتەوە کەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی پشتی پێ بەستوەو بژێوی خۆی پێ دەستەبەر کردووە، ئەو شێوە ژیانە لەسەرەتاوە سادەو ساکار بوەو ووردە ووردە گرانو ئاڵۆز بووە، بەمەبەستی ڕازانەوەو ڕێکخستنی پێویستییەکانی ژیان.[١] ژیانی ئابووری هەموو کۆمەڵگایەك لەسەر(هۆکانی بەرهەم هێنانو پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان)وەستاوە.[٢] ئەوانەش لەڕێی ئەم چالاکییانەوە(بەرهەم هێنان، ئاڵوگۆڕ، دابەشکردن، بەکاربردن)ەوە پێویستییەکان پڕدەکەنەوە.[٣]

ژیانی ئابووریی مرۆڤایەتی بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە کەقۆناغەکانی(کۆکردنەوە، ڕاوو شکار، ئاژەڵداری، کشتوکاڵ، پیشەسازی)یە.[٤] ئەو قۆناغانەش بەپێی سەردەمە مێژووییەکانی

---

1 K.Grint. The Sociology of Work an introduction, Singpore, 1991,P.100.

٢ جان بابى، القوانين الأساسية للأقتصاد الرأسمالى، ترجمة لجنة من شريف حتاته و آخرون، بيروت- لبنان، بدون السنة الطبع، ص٤.

٣ د. على يوسف خليفة والسيد عدنان مناتى صالح، مجلة البحوث الأقتصادية والأدارية، العدد الأول، جامعة بغداد- العراق، ١٩٨١، ص ١٢٧.

٤ بيث هس وآخرون، علم الأجتماع، ترجمة الدكتور محمد مصطفى الشعبيني، دار المريخ للنشر، الرياض،١٩٨٩ ص٤٤٠.

ژیانی مرۆڤایەتی هەمیشە لەگۆڕاندا بوون.[5] بەپێی یاساو ڕێسایەك گەشەیان کردووەو گۆڕاوون.[6] ئەو گەشەکردنەش سستمە ئابووری‌یەکانیان لێ پەیدابوون کە بەگشتی سێ سستمن(سۆسیالیستی، تێکەڵ، سەرمایەداری)[7].

ئەنترۆپۆلۆجستەکان رایان وایە(ئابووری پێوەری جیاوازیو لەیەك نەچوونی کۆمەڵگاکانە لەڕوی گەشەکردنو پێشکەوتنەوە)[8]. و ئابووری پێوەری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانە Social Organization لەئەنجامی پێویستی‌یەکانو نەبونی‌یەکانو پەیداکردنەکاندا پەیدابووە لەناو کۆمەڵگا جۆربەجۆرە جیاوازەکاندا[9].

بەڵام ئابووریناسەکان هەندێکیان(ئابووری) بەتاکە فاکتەری گۆڕانکارییەکان دەزانن. هەندێکی تریان(ئابووری) بەهۆیەك لەهۆکانی گۆڕانکارییەکان دەزانن.[10] بۆیە پێویستە بۆچوونی چەند زانایەکی زانستی ئابووری بخەینە ڕوو کەئابووری ئەو زانستەیە کەگرنگی دەدات بەو بەشە چالاکی‌یانەی مرۆڤ(تاكو کۆمەڵ)

---

[5] محەمەد فازل قەفتان، رژێمە ئابوری‌یەکانو کۆمەڵگای تەکنەلۆجی نوێ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی، ١٩٨٥، ل٣٤.

[6] غليزرمن، قوانين التطور الاجتماعى، ترجمة د. زهير عبدالملك، دار الفارابى- بيروت، ١٩٧٨، ص ٥١-٥٤.

[7] د. محمد على الليثى، تطور نظم الادارة الاقتصادية في البلاد الاشتراكية، دار الجامعات المصرية- اسكندرية، ١٩٧٤، ص٣.

[8] د. قيس النورى، الأنثروبولوجيا الأقتصادية، وزارة التعليم العالى والبحث العلمى، مطابع الموصل، ١٩٨٩، ص٩.

[9] هەمان سەرچاوە، ل ١٩-٢١.

[10] بەیاد عەبدولقادر، دەروازەی گۆڕانی کۆمەڵ، چاپخانەی الحوداث، بغداد، ١٩٨٧، ل٦٣.

**کەتەرخانی دەکات بەگەیشتن بەچاکترین شێوەی شمەك کەببێتە مایەی خۆشگوزەرانی[١١]. یا ئەو زانستەیە کەباس لەو هەموو جموجۆڵو چالاکی‌یانەی مرۆڤ دەکات لەڕوی(هۆکانی بەرهەم هێنانو کردارە ئابووری)یەکانەوە، کەسوودبەخشنو ئامانجیان تێرکردنو پڕکردنەوەی زۆرترینی پێداویستی‌یەکانەو بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی (تاكو کۆمەڵ)ە بۆ گەیشتن بەچاکترین شێوەی ژیان[١٢]. لەسەدەی حەوتەمی پێش زاییندا سستمی کۆیلایەتی بەشێوەی کلاسیکی لەکوردستاندا نەبووە بەڵکو شێوەی دەوڵەتی کۆیلەداری هەبووە، لەگەڵ دوو چەشنە موڵکداری کە(موڵکداری دەوڵەتو موڵکداری تێکڕایی)بوون[١٣].**

**ئەگەر بێینە سەر باسی ژیانی ئابووری کۆمەڵگای کوردەواری بەگشتی‌و کۆمەڵگای هەورامان بەتایبەتی، ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کەژینگەی سروشتی(جوگرافی)کاریگەری هەبووە بۆ سەر ژیانی ئابووری ئەم کۆمەڵگایە.**

**سروشتە جوگرافییەکەی هەورامانو سەرچاوە ئابوری‌یە دیاری کراوەکانی‌و دابڕانو دورە پەرێزی کۆمەڵگاکەو پێویستی‌یە بایۆلۆجی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌یە جۆربەجۆرەکانی‌و هەوڵدانو تێکۆشانی بێ وچانی تاکەکانی کۆمەڵگاکە بۆ بەدەست هێنانی سستمێکی ئابوری تایبەتمەند بۆ کۆمەڵگاکە ڕێك دەخات کە(سستمی خۆبژێوی) یە کەپشتی بەفرە ڕۆڵی‌و فرەکاری بەستوە، چونکە هەریەك لەو کارانەو**

---

[١١] د. السيد محمد بدوى، في علم الاجتماع الأقتصادي، دار المعرفة الجامعية الأسكندرية- مصر، بدون سنة طبع، ص١٥.

[١٢] فؤاد حنا دودة، الموجز في مبادئ الأقتصاد، مكتبة النهضة- بغداد، **١٩٦٢**، ص٥.

[١٣] د. عبدالرحمن قاسملۆ، کوردستانو کورد، و. عبدالله حسن زادە، بێ چاپخانە، **١٩٧٣**، ل١١٥.

لەو رۆڵانەی کەئەندامەکانی کۆمەڵگاکە دەیبینن پەیوەندیی بەوانی ترەوە هەیەو تەواوکەری یەکترن و یاساو ڕێسایەك پێك دێنن کە بەپێی یاساو ڕێساکانی گەشەکردن و گۆڕان پەیدابوون.

بەڵام ئەگەر بێتو بەووردی سەرنجی سستمی ئابوری کۆمەڵگای هەورامان بدرێت سستمی ئابوری ئەو کۆمەڵگایە(سێ جۆر موڵکایەتی)تیابەدی دەکرێن، چونکە لەلایەکەوە بەشێك لەزەوی و زاری هەورامان موڵکایەتی‌یەکەی موڵکداری گشتی تێکڕایی‌یەو دەوڵەت خاوەنی راستەقینەی ئەم جۆرە موڵکداری‌یەیە بەپێی یاسا، وەك چەم وشاخ و لەوەڕگا گشتی‌یەکان- مرعی. بەشێکی تر لەزەوی و زاری هەورامان موڵکایەتی‌یەکەی تایبەتە، بەچەشنێك هەموو کەسێك و هەموو خێزانێك مافی خاوەندارێتی‌ی تایبەتی هەیە وەهەر کەسێك توانای هەبوبێت بوەتە خاوەنی زەوی‌وزار یاخاوەنی هەرشمەکێکی‌تر کەپێویستی بوبێت لەژیاندا، ئەمەش وەك خاوەنداریەتی یا موڵکایەتی(زەوی، باخ، کەلوپەلی تری بەرهەمهێنان.. هتد). ولەلایەکی ترەوە موڵکایەتی تێکەڵ لەهەوراماندا دەردەکەوێت کەخاوەنداریەتی‌و موڵکایەتی‌ی شمەك یاکەرەستە، لەلایەکەوە موڵکی دەسەڵاتدارەکان(سان و بەگ و خان و شێخ)بوە، بەنیوەکاری یا بەرێژەیەك کە لەسەری رێککەوتون خەڵکە بێ دەسەڵاتەکە بەرهەمیان هێناوە کە(پشك- بەش)ی تیا بوە، واتا ئەم جۆرە موڵکداری‌یە بەشێکی بۆ خاوەن دەسەڵاتەکان دەگەڕێتەوەو بەشەکەی تری بۆ بێ دەسەڵاتەکانە بەپێی پشکایەتی. بەو جۆرە لەسستمی ئابوری کۆمەڵگای هەوراماندا(هەر سێ جۆرە موڵکایەتی‌یە)کە بەرچاو دەکەون.

بەڵام بەشێوەیەکی زۆر ساکارانە بەڕێوە چونو سەپێنراون، ئێستا لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا(خاوەنداریەتی تایبەت)زۆرتر پەیڕەو دەکرێت.

ژیانی ئابوریی کۆمەڵگای هەورامان لەسەر چەند جموجۆڵو چالاکییەك دامەزراوە وەك(کشتوکاڵ، پیشەسازی، بازرگانی، کانزاکردن، گەشتو هاوینەهەوار)، هەروەها ئێستا لەکۆمەڵگای هەوراماندا کارگێڕی بەشدارە لەژیانی ئابووریی کۆمەڵگاکەدا هەرچەندە کارگێڕی یەکێکە لەپێکهێنەرەکانی سستمی کۆمەلایەتی. کەهەر یەکە بەجیاو بەکورتی باسیان دەکەین.

## ١-کشتوکاڵ

کشتوکاڵ لایەنێکە لەلایەنەکانی پێکهاتەی ژیانی ئابووریو بەڕواڵەتێکی گرنگی ژیانی ئابووری دەژمێردرێت کە لەسەردەمێکی مێژووییدا پیشەی هەرە گرنگی مرۆڤ بووە کەژیانی لەسەر دامەزراوە، بەگشتی کشتوکاڵ دەکرێت بەدوو بەشەوە بەشێکی رووەکەو بەشەکەی تری ئاژەڵو باڵندەیە[١٤]سێ توخمی سەرەکی جگە لەمرۆڤ فاکتەری بنەڕەتی کشتوکاڵن کەئەمانەن(هەوا، خاك، ئاو)[١٥]. ئەو توخمانەش کاریان کردوەتە سەر جیاوازی کشتوکاڵ لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر[١٦]. ئەوانەش کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر دیاری کردنی جۆری کۆمەڵگاکان وئاستی پێشکەوتنیانو جیاوازی کۆمەڵگاکانی

---

[١٤] د.شاكر خصباك، العراق الشمالى دراسة للنواحي الطبيعية والبشرية، مطبعة شفيق- بغداد، ١٩٧٣، ص٣٢١.

١٥ د.قيس النوري، الأنثروبولوجيا الاقتصادية، المصدر السابق، ص٢٢.

[١٦] د.فاروق اسماعيل، الانثروبولوجيا الثقافية دراسة حقلية في الثقافات الفرعية، دار المعرفة الجامعة- اسكندرية ١٩٨٩-ص٧٨.

مرۆڤایەتی کەبەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیون[17]. بێگومان چالاکی‌یەکانی مرۆڤ پەیوەندیان هەیە بەسەرچاوە ئابوری‌یە سروشتی‌یەکانەوەو بەئامرازەکانی بەرهەم هێنانەوەو بەداب‌و نەریت‌و خووڕەوشتی باوی کۆمەڵگاکانەوە[18].

هەروەها سستمی ئابوری جیاناکرێتەوە لەسستمەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی، بەڵکو کار لەیەکتردەکەن‌و بەیەکەوە بەسراون، هەچ گۆڕانێك لەلایەنێك لەلایەنەکانی سستمی ئابووری روبدات سەرپاکی دەگرێتەوەو ئەویش کاردەکاتە سەر سستمەکانی ترو ژیانی کۆمەڵایەتی‌و کۆمەڵگاکە دەگۆڕێت[19]. لەکوردستانی عیراقدا پاشماوەی مرۆڤی چاخی بەردینی کۆن لەچەند ئەشکەوتێکدا دۆزراوەتەوە کەبەڕاوو شکاری ئاژەڵە کێویی‌یەکان ژیاون، دواتر هەندێ ئاژەڵیان دەستەمۆ کردووەو دۆستایەتی‌یان لەگەڵدا پەیداکردوون‌و ماڵییان کردوون[20] بەدوای ئەو قۆناغەدا مرۆڤ لەکوردستانی عیرقدا بۆ یەکەم جار نیشتەجێبوەو دێی سەرەتایی دروست کردوە، ئەوەش کاتێك بوە کەکار دابەشکردن پەیدابووە لەنێوان(نێرو مێ)دا. نێرەکان خەریکی راوو شکار بوون مێکانیش خەریکی چنین‌و رستن بوون‌و منداڵیشیان

---

١٧ د. ابراهيم ناصر، الانثروبولوجيا الثقافية علم الانسان الثقافي، دار الكرمل للنشر والتوزيع-عمان-الاردن، ١٩٨٥، ص١٥٦.

18 د.فاروق مصطفى اسماعيل، الانثروبولوجيا الثقافية، ج١، دار المعرفة الجامعية-اسكندرية، ١٩٨٤، ص٢١٦.

19 د.قيس النوري، الانثروبولوجيا الاقتصادية، المصدر السابق، ص١١.

20 نخبة من الباحثين العراقيين، حضارة العراق، الجزء الاول، دار الحرية للطباعة- بغداد، ١٩٨٥، ص٢١.

بەخێوکردووە[21] ئافرەت زۆرتر لەپیاو عەودالّی بەروبومی دارو درەختو گژوگیا بووە. بۆیەکا واپێ دەچێت کشتوکالّ- یەکەم بەردی گەورەی بناغەی شارستانەتی‌ی مرۆڤ- بەرهەمی بیری ئەوبێت کەدیسان واپێ دەچێت ئەوسا بیری لەبیری پیاو تیژتر بوبێت[22].

کشتوکالّ کلتورو ژیاری مرۆڤە کەبەرهەمی ئاوێتەبونی مرۆڤو ژینگەی سروشتی‌یەو گەلی کورد زۆر لەکۆنەوە پیشەی کشتوکالّ کردنو ئاژەلّ بەخێوکردنو راگرتنی زانیوە[23] کەواتە لەدێرزەمانەوە گەلی کورد (جێگیر)بوەو نیشتەجێ بووە بەپێ‌ی رای شوێنەوارناسەکان یەکەم دێ‌ی کشتوکالّی دێ‌ی(چەرمو- چەرمە)بوە لەنزیك چەمچەمالّ کەمێژووەکەی بۆ نزیکەی(نۆ هەزار سالّ) لەمەوبەر دەگەڕێتەوە[24] لەو سەردەمە بەدواوە مولّکایەتی‌و خاوەنداریەتی پەیدابووە هەرچەندە جۆری خاوەنداریەتی‌یەکە بەتەواوی دیاری نەکراوە.

زۆرتر مەبەست لەجێگیربوونو خۆپاراستنو پێشکەوتنی ئاستی ژیری بووە کەمرۆڤی کورد دەرکی پێ کردوە لەو سەردەمە مێژوویی‌یەدا. ئەوەش وەرچەرخانێکی گەورە بوە کەمرۆڤی کوردی گۆڕیوە لەقۆناغی راووشکارەوە بۆ قۆناغی کشتوکالّ کردنو جێگیربوون. وەخاوەنداریشو مولّکایەتیش لەو سەردەمەدا پەیدابووە.

---

[21] نخبة من الباحثين العراقيين، حضارة العراق، المصدر السابق، ص١٢٠.

[22] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، ئافرەت لەمێژوودا کورتە باسێکی مێژوویی‌و کۆمەلاّیەتی، چاپخانەی الحوادث- بەغدا ١٩٨١، ل٦.

[23] أ. شاميلوف، حول مسالة الاقطاع بين الكرد، ترجمة د. كمال مظهر أحمد، مطبعة الزمان- بغداد، ١٩٧٧، ص٣٥.

[24] عبدالرقيب يوسف، شوێنەوارەکانی نەوێ لەشاخی سورێن، وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان، ١٩٩٤، ل٥٧.

ئەگەر بەگشتی مێژووی مرۆڤایەتی بخرێتەپێش چاو دەردەکەوێت کەلەو سەردەمەدا ئابوری غەمی سەرەکی ژیان نەبو[٢٥]. بەڵکو جێگیر بوون‌و نیشتەجێ بوون‌و مەبەست بووە.

کۆمەڵگای هەورامان وەك بەشێك لەخاك‌و نەتەوەی کورد بەپێی ژینگە جوگرافییەکەی کەهەمووی شاخ‌و بەردەڵانە سەدان ئەشکەوتی قوڵی تیابووە، تائێستا نەپشکێنراون، سەرپاکی ناوچەکە بەدارو درەختی بەرهەم دارو جۆرەها گژوگیای بەسود داپۆشراوە بێگومان ئەوانە بونەتە لانکەی ژیان لەسەردەمە کۆنەکاندا. هەورامییەکانی ئێستا وەچەی ئەوانن کە لەو سەردەمەدا ژیاون هەرچەندە ئاسەواری چەند دێیەکی هەورامان بۆ سەردەمی مادەکان دەگەڕێتەوە[٢٦]. بەڵام پێش ئەوەش چۆڵ نەبووە، چونکە شاخەکان بەربەستێکی سروشتی بوون بۆ پاراستنیان‌و دابینکردنی ئاسایش، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە شاخەکان مەڵبەندی روەکە خۆڕسکە بەرهەمدارەکان بوون کەسەرچاوەی ژیانن، هەروەها ئاوی زۆرو هەوای سازگارو زۆری جەنگەڵەکانی یارمەتیدەر بوون بۆ نیشتەجێبوون‌و جێگیربون‌و دێ دروست کردن.

کاتێك کەنیشتەجێ بون پەرەی سەندووە ژمارەی دانیشتوان زیادی کردوە دێکان گەورە بوون جۆری گژوگیاو روەکەکان ناسراون کار دابەشکردن پەیدابووە لەنێوان(نێرو مێ)دا نێرەکان خەریکی ئیش‌و

---

[٢٥]ئێریك فرۆم، مرۆڤ لەنێوان رواڵەت‌و جەوهەردا، و: سابیر بەکر بۆتانی، چاپی دووهەم-سلێمانی، چاپخانەی شڤان ٢٠٠٤، ل٦٣.

[٢٦] ئی. م. دیاکۆنۆف، میدیا، وەرگێڕانی بورهان قانع، دار الحرية للطباعة، بەغدا، ل٢٣٢-٢٣٣.

کاری دەرەوە بون‌و مێیەکانیش جگە لەمنداڵ بەخێوکردن خەریکی چنین‌و رستن‌و ئاژەڵ راگرتن‌و دووریش نی‌یە کشتوکاڵ لەسەردەستی ئەوان پەیدابووبێت[٢٧].

ئەگەربێتوو بەووردی سەرنجی خەڵکی کۆمەڵگای هەورامان بدەین دەبینین زۆر کارامەن لەناسینی گژوگیا بەسوودەکان چ بۆ خۆراك چ بۆ دەرمانسازی، هەروەها ژەهراوی‌یەکانیشیان ناسیون، لەناسینی دارو درەختدا شارەزایی‌ی زۆریان هەبووە کەکامەیان بەرهەمدارەو کامەیان بۆ خانوبەرە دروستکردن دەست دەدات‌و کامەیان بۆ پیشەسازی‌یەو کامەیان بۆ سوتاندن دەشێت.

جگە لەوە زۆر شارەزان لەناسینی ئاژەڵ‌و باڵندە کێوی‌یەکاندا ئەوانەیان سوودبەخشن‌و ئەوانەشیان کەدڕندەن‌و زیان بەخشن بەناو وبەشێوە(رواڵەت)دەیانناسن، هەروەها دەزانن کام ئاژەڵەو کام باڵندەیە ماڵی دەبێت‌و کامەشیان ماڵی نابێت.

ئەوانە هەموو بەڵگەو ئاماژەن کەهەورامی‌یەکان بەقۆناغەکانی ژیانی ئابووری‌دا تێپەڕیون لەو ژینگە جوگرافییە سروشتی‌یەدا.

لەبواری کشتوکاڵ کردندا بەهۆی ژینگە جوگرافییەکەوە زۆرتر رەزو باخ بەرهەم هێنراوە لەهەوراماندا جگەلەوە لەدامێنی چیاکان‌و لەدۆڵەقوڵەکاندا بەهۆی لافاوەوە چەند جۆرە دەشتێکی لاکێشەیی‌و تەسك‌و باریك لەم بەرو لەوبەری چەمەکاندا دروست بوون کەخاکەکەیان بەپیت‌و پڕ لەکانزایە، هەندێك کشتوکاڵیان لێ دەکرێت کە(بەشێکی هاوینەو بەشێکی زستانە)بووە. وەلەبەر کەمی زەوی

---

[٢٧] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، ئافرەت لەمێژوودا کورتە باسێکی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

کشتوکاڵی، هەورامییەکان زەوی‌یەکانیان بەپەینی ئەندامی‌و بەشەوەرو وێنجەکردن بەهێز دەکەنەوە چونکە زەوی‌یەکانیان هەمیشە بەبەرەوەن‌و نۆرەیان پێ ناکرێ.

ئاژەڵداری لەهەوراماندا کەمە چونکە ژینگە جوگرافییەکەی رێگرەو یارمەتیدەر نی‌یە بۆ ئاژەڵداری، هەروەها خۆراك‌و ئالیکی ئاژەڵ‌و شوێنی راگرتنی(گەوڕ) بەئاسانی دەستەبەر ناکرێن ئەرك و ماندوبونێکی زۆری دەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئاژەڵداری کەم کە لەچەند سەرێك تێپەڕ نەکات بەخێو دەکرێت‌و راگیر دەکرێت بەتایبەتی ئەو ماڵانەی کەخاوەن زەوی‌وزارو خاوەن خێزانێکی زۆرن.

هەروەها لەکۆمەڵگای هەوراماندا باڵندەو پەلەوەریش بەکەمی بەخێودەکرێن کە لەگەڵ ژینگەی سروشتی هەوراماندا دەگونجێن. دەتوانین بەگشتی کشتوکاڵ لەهەوراماندا بکەین بەسێ بەشی سەرەکی‌یەوە کەئەمانەن:-

أ-بەروبومە روەکی‌یەکان: بەروبومە روەکی‌یەکان بەگشتی لەهەوراماندا دوو بەشن(خۆرسك، چاندن- بەرهەمهێنراو).

خۆرسك: ئەو بەروبومە روەکی‌یانەن کەبەبێ دەستی مرۆڤ دەڕوێن لەژینگەی جوگرافی هەوراماندا ئەو فاکتەرانە کەیارمەتیدەرن بە(بەپیتی خاکەکەی‌و گونجاندنی ئاووهەواکەی‌و زۆری رێژەی بارینی بەفروباران)، بەروبومە روەکی‌یە سروشتی‌یە بەناوبانگەکانی هەورامان وەك(داری بەڕوو، مازوو، داری قەزوان، داری گوێژ، بەلاڵوك، چواڵە، هەرمێ کێویلە،..هتد).

جگەلەمانە کۆمەڵێك گژوگیای سروشتیش چ بۆ دەرمانسازی یا بۆ خۆراك لای هەورامییەکان ناسراوەو کۆدەکرێتەوە وەك(کنگر، گێلاخە،

روسقه، پیژۆك، گەبلە، گۆزروان، سەیاران، هالّكۆك، شنگ، كنیوالّ، قارچك، دومەلأن، خەرتەلە، تۆلّەكە، هاز...هتد) بەشێكی تریشیان دەچنە ئالیكی ئاژەلّەوە وەك(هەلّس- لۆ، كەما، سێپەڕە، جۆكێویلە) وەهەندێكی تریان بۆ دەرمانسازی بەكاردەهێنرێن وەك(بەڕەزا، قەیتەران، بەرزەلنگ، چنور، شەوبۆ، وەنەوشە، گیا سۆیا، جاترە، كوزەلّە، بەنۆلّە، پونگە،...هتد)هەندێكی تریش بۆ رازاندنەوەو جوانی بەكاردەهێنرێن وەك(گولّەباخ، شروە هەلألّە، هەلألّە برەمی، گولّە حاجیانە،...هتد).

چاندن- بەرهەمهێنراو: ئەو بەروبومانەن كەهەورامییەكان دەیچێنن‌و بەرهەمی دەهێنن بۆ پڕكردنەوەو تێركردنی پێویستی‌یەك لەپێویستی‌یەكانی رۆژانەیان كەگرنگترینیان ئەمانەن(دارودرەخت- گوێز ٦٠٠٠دار[28]- ٦٠٠٠٠دار[29]، توو، هەنجیر، مێو، ڕەز، هەلّوژە، بەهێ، هەرمێ، قۆخ، هەنار، قەیسی، گێلاس، بی، سپی چنار، سورە چنار، شاتوو....هتد)هەروەها هەندێكی تر كەخۆراكی سەرەكین وەك((گەنم، جۆ، گەنمەشامی، كونجی، گولّەبەڕۆژە، نۆك، نیسك، ماش، فاسۆلیا، عەلی بابا، پاقلە)هەندێ تەڕەو سەوزەش وەك(بامیە، تەماتە، پەتاتە، خەیار، ترۆزی، پیاز، سلّق، شێلم، چەوەندەر، كولەكە، باینجان، بیبەر، ...هتد)

ب-بەروبومە ئاژەلّی‌یەكان:- ئەو ئاژەلأنەی كە لەگەلّ ژینگەی جوگرافی هەورامانداو دەگونجێن‌و هەلّدەكەن بەگشتی دوو بەشن(ئاژەلّە كێوی‌یەكان، ئاژەلّە مالّی‌یەكان).

ئاژەلّە كێوی‌یەكان: گرنگترین ئەو ئاژەلأنەی كەكێوین‌و لەگەلّ ژینگەی هەوراماندا راهاتون‌و دەژین ئەمانەن(مەڕوبزنی كێوی، كەروێشكی كێوی، رێوی، وورچ، بەراز، چالەكە، ژیژك، سوچەڕ، سمۆرە،

---

[28] د. شاكر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص٣٩٤.

[29] محمد مصطفى أحمد، بيارة، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة، صلاح الدين،١٩٩٤، ص٦٥.

پشیلەی کێوی). و هەندێکی تر کەدڕەندەو مەترسیدارن وەك(گورگ، پڵنگ، چەقەڵ، دەڵەك، بەوەرز).
ئاژەڵە ماڵی‌یەکان:گرنگترین ئەو ئاژەڵانەی کەماڵین و لەگەڵ ژینگەکەدا دەگونجێن هەورامی‌یەکان رایان دەگرن ئەمانەن، باربەرەکان وەك(ئێستر، گوێ درێژ). ئەوانەش کەبۆ شیرەمەنی‌و گۆشت‌و خوری رایان دەگرن وەك(مەڕ، بزن، مانگا). هەروەها بۆ پاسەوانی وڕاوکردن(سەگ‌و تانجی)رادەگرن.
ج-باڵندەو پەلەوەر: ئەو باڵندەو پەلەوەرانەی کە لەهەورامانداا لەگەڵ ژینگە جوگرافییە سروشتی‌یەکەیدا دەگونجێن بەگشتی دووبەشن(باڵندەو پەلەوەرە کێوی‌یەکان، باڵندەو پەلەوەرە ماڵییەکان).
باڵندەو پەلەوەرە کێوی‌یەکان: لەهەورامانداا چەندین جۆر باڵندەو پەلەوەری کێوی هەیە کەهەندێکیان هەمیشەیین هەندێکیشیان وەرزین، هەمیشەیی‌یەکان وەك(داڵ، کەو، سوێسکە، هەموو جۆرە چۆلەکەیەك، کۆتری کێوی، قەلەڕەش، قەلەباچکە، پۆڕ، کوندەپەپوو، بایەقووش.. هتد) وەهەندێکی تریش ساڵانە لەوەرزێکدا کۆچ دەکەن‌و بۆ ماوەیەك دەمێننەوە لەهەورامانداا وەك(لەق لەق، پەڕەسێلکە، عەینەمل، پەپوسلێمانە، قژاڵکە، کەنەسمە....هتد).
باڵندەو پەلەوەرە ماڵی‌یەکان: گرنگترین ئەو باڵندەو پەلەوەرانەی کە لەهەورامانداا رادەگیرێن‌و ماڵی دەکرێن وەك(مریشك، قەل، قاز، مراوی، کۆتر، هەنگ). هەندێ(مێروو)ی زیان بەخش لەهەورامانداا دەژین کە لەگەڵ ژینگەکە هەڵدەکەن وەك(مار، دوپشك، جاڵجاڵۆکەی ژەهراوی، جاڵجاڵۆکەی ئاسایی، هەموو جۆرە مێروولەیەك‌و چەندین جۆر کرم، چەند جۆرێك کوللە، سون). بەگشتی کشتوکاڵ کردن لەهەورامانداا بەزۆری(بەراوە)و پشت بەئاوی چەم‌و جۆگاکان دەبەستێت‌و بەشێکی کەمیشی بەباراناو.
کشتوکاڵ لەهەورامانداا بەپێی سستمێکی رێك‌وپێك رێکخراوە کەتایبەتمەندە بەتواناو سەلیقەو ژیری‌وووردەکاری خەڵکەکەوە

**لەلایەك‌و لەلایەكی ترەوە بەتۆپۆگرافیای هەورامان، ئەوەی بۆ ساتێكیش سەردانی ئەو ناوچەیەی كردبێت راستەوڕاست سستمی كشتوكاڵكردنی هەورامان سەرنجی راكێشاوە بۆ نموونە(ئەدمۆندز) دەڵێت ((ئەندازیارە كشتوكاڵی‌یە بەناوبانگەكەم پێ‌ی ووتم، زانست‌و زانیاری‌یەكانی من هیچی زیاد نی‌یە لەشارەزایی هەورامییەكان لەڕووی رێكخستنی ئەندازەیی‌یەوە بۆ مەبەستی ئاودێری‌و جۆگا دروست كردن لەزەوی‌یە شاخاویەكاندا))[30].**

**رێكخستنی ئەو دیمەنەی هەورامان‌و رازاندنەوەی قەدپاڵی شاخەكان‌و رێكخستنی دۆڵە قوڵەكانی‌و دابەشكردنی ئاوەكانی‌و دروستكردنی ئەو هەموو(تەلان* جۆگا** بنەوان*** بەنگا****)یانە سیمایەكی جوانی بەخشیوە بەناوچەكەو ژینگەكەیان رازاندۆتەوە[31].**

---

[30] سی. جی. أدموندز، كوردو ترك و عرب، ترجمة جرجيس فتح الله، بدون مطبعة وسنة الطبع، ص١٥٥.

*تەلان:-ئەو پارچە زەوی‌یە تەسكە درێژكۆلەیەیە كەبەقەد پاڵی چیاكان‌و زەوی‌یە لێژەكانەوە دروست دەكرێن كەپانی‌یان لەمەترێكەوە بۆ پێنج مەترو درێژی‌یان بەپێ‌ی روبەرەكە دەگۆڕێت، ریزێك یا دووریز درەختی تیا دەڕوێنرێت كەدوری هەردرەختێك لەوی ترەوە لەدوومەتر زیاترە، ئەوەش ئەرك‌و ماندوبونێكی زۆری دەوێت تاتەخت دەكرێت.

** جۆگا:- بریتی‌یە لەرێڕەوێكی ئاوی كە لەدرێژی‌و پانیدا جیاوازە بەپێ‌ی زۆرو كەمی ئاوو باخەكان كەمرۆڤ دروستی دەكات لەناوچە شاخاویەكاندا بۆ گەیاندنی ئاو لەسەرچاوەوەو یان لەبنەوانەوە بۆ سەر كشتوكاڵ‌و باخەكان.

*** بنەوان:-بریتی‌یە لەهەڵبەستن‌و بەرزكردنەوەی ئاوی چەم‌و روبارەكان لەلایەن مرۆڤەوە بۆ ئاستێك كەجۆگای لێ‌هەڵدەگیرێت بەمەبەستی ئاودان، وەك عەمبارێكی ئاوی بچكۆلە وایە كە لەسەر چەم‌و روبارەكان دروست دەكرێت.

**** بەنگا:-رێرەوێكی ئاوی‌یە كە لەجۆگاوە هەڵدەگیرێت بۆ دابەشكردنی ئاو بەسەر تەلانەكاندا، زۆرو كەمی ئاوەكەی‌و كورت‌و درێژی بەنگاكە بەپێ‌ی تەلانەكان دیاری دەكرێت.

[31] د. شاكر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص٣٥٧.

هەروەها فاکتەرە سروشتی‌یەکان‌و دڵسۆزی‌و ووردەکاری خەڵکەکە لەکارکردنیاندا کاریگەری‌یان هەیە بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی بەرهەم‌و بەرووبومی کشتوکاڵی[٣٢].

کشتوکاڵ لەهەورامانادا بەشێوەی گەلکاری‌و یارمەتیدان‌و هاریکاری کردنی یەکتری دەکرێت ئەوەش دەبێتە فاکتەرێك بۆ تێکەڵ بوون‌و یەکترناسین، هەروەها نێرومێ بەشداری دەکەن لەو پرۆسەیەدا بەبێ جیاوازی، ئەوەش کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە لەسەر پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و ژیانی کۆمەڵگاکە، کەپەیوەندییەکان توندوتۆڵ دەبن‌و گیانی خۆشەویستی‌و یارمەتیدان بەهێز دەبێت لەکۆمەڵگاکەداو لەخۆشی‌و ناخۆشی یەکتر هاوبەشی دەکەن‌و بەهانای یەکترەوە دەچن‌و یارمەتی یەکتر ئەدەن، چونکە پەیوەندییەکانیان روبەڕون‌و هەمیشەیین‌و توندوتۆڵن ئەوانەش دەبنە هۆی یەکگرتنی کۆمەڵگاو سستمێکی کۆمەڵایەتی تایبەت پەیدا بووە کەیەك کار لەوی تر دەکات‌و تەواوکەری یەکترن هەچ گۆڕانێك روبدات لەیەکێك لەپێکهاتەکانی سستمەکەدا تێکڕای کۆمەڵگاکە دەگۆڕێت.

## ٢- پیشەسازی

بێگومان کشتوکاڵ کردن، پێویستی بەئامرازی بەرهەم هێنان هەیە جا ئەو ئامرازانە لە(دار یا لەبەرد یا لەکانزاکان) دروست کراون‌و بەدرێژایی مێژوو بەپێی پێویستی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، کەهەموو ئامرازو کەرەستە جۆربەجۆرەکانی بواری بەرهەم هێنان

[٣٢] د. شاكر خصباك، الاكراد دراسة جغرافية اثنوغرافية، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٢، ص٢٨٤.

دەگرنەوە کەپێویستن بۆ ژیان لەکاتی ئاشتیو شەڕدا، لەکۆنو نوێدا[٣٣].

تێکڕا پیشەسازی دوو جۆرە: پیشەسازی سووك(سەرەتایی-دەستییەکان)، پیشەسازیی قورس(کارگە) وەهەریەك لەوانە خەسڵەتی تایبەتی خۆیان هەیە[٣٤] ئەمەش هەمیشە لەگۆڕاندایە چونکە گۆڕان راستییەکەو هەر ئەبێ رووبدات، جگە لەوەی دیاردەیەکی گشتیو تایبەتییە لەژیانی کۆمەڵایەتیدا[٣٥]. هەموو کۆمەڵگاکانی جیهان روبەڕوی دیاردەی گۆڕان دەبنەوە، هیچ کۆمەڵگایەکیش نییە شێوەیەك لەشێوەکانی پیشەسازی نەکردبێت[٣٦] هەموو کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای جەنگی جیهانی دووەم روبەڕوی گۆڕان بونەوە لەسەر داواکارییەکانی ناوەوەو دەرەوە جا ئەو گۆڕانە لەسەرخۆ یا بەخێرایی رو ئەدات[٣٧].

کۆمەڵگای هەورامان ژینگە سروشتییەکەیو تۆپۆگرافیاکەیو روداوە رامیارییەکانی دەوروبەریو پێویستییە زۆرەکانی خەڵکەکەی بۆ درێژەدان بەژیان هاندەربوون کەهەر لەسەرەتای پەیدابونیدا لەپاڵ

---

[٣٣] د.محمد عبدة محجوب، مقدمة فى الانثروبولوجيا المجالات النظرية والتطبيقية، دار المعرفة الجامعية-أسكندرية، بدون سنة الطبع، ص ١٣٤-١٣٨.

[٣٤] د.على محمود اسلام الفار، علم الأجتماع الصناعى، دار المعارف بمصر، ١٩٧٨، ص٩١، ١٣٥.

[٣٥] فهمى سليم الغزوى و آخرون، المدخل الى علم الأجتماع، دار الشروق-عمان، ١٩٩٢، ص٢٨٥.

[٣٦] د.مجيد حميد عارف، أنثروبولوجيا التنمية الحضرية، وزارة التعليم العالى والبحث العلمى، ١٩٩٠، ص٦٧.

[٣٧] د.محمد الجوهرى وأخرون، دراسات في التغيير الأجتماعى، دار المعرفة الجامعية-القاهرة، بدون سنة طبع، ص٢١٣.

کشتوکاڵ کردندا پیشەسازیش بکەن، بۆ پڕکردنەوەی پێویستی‌یەکانی کشتوکاڵو بەرهەم هێنان کە لە(دارو لەبەردو لەکانزاکان)کەڵك وەرگیراوە لەپیشەسازی‌دا ئەوەش لەچەندین بواری جۆربەجۆردا رەنگی داوەتەوە وەك پیشەسازی کردن لەبواری(کشتوکاڵو چنین‌و رستن‌و وپێستەو چەرم‌و کەلوپەلی ناوماڵو کەرەستە خۆراکی‌یەکانی‌و راوو شکارو بەرگی‌و جەنگدا). بۆ هەر پیشەسازی‌یەك لەو پیشەسازی‌یانە دەستەی تایبەتی کارکردن‌و کرێکارو وەستای تایبەتیان هەبوە کەبەخێزان‌و ماڵو منداڵەوە لە(ناوماڵەکاندا)پیشەسازی‌یان کردووە، دواتر جێگای کارکردنیان گواستوەتەوە بۆناو(دوکان‌و کورەخانەکان‌و شوێنەکانی‌تر)کەکاریان تیاکردوە بەلاّم(کارگەو کارخانەو کۆمپانیا) لەهەورامانددا دانەمەزراوە، چونکە ژینگە سروشتی‌یەکە رێگربووە لەپەرەسەندن‌و گەشەکردنی پیشەسازی‌دا. ئەوانەی کە لەو پیشانەدا کاریان کردوە بەپیشەکانیانەوە ناسراون بەتاك‌و بەخێزان‌و بەبنەماڵەوە وەك ووتراوە(دارتاشەکان، جۆلاّکان، ئاسنگەرەکان، چەخماخ سازەکان، پێلاّودروەکان- کلاّش کەرەکان، رەنگ چیبەکان- خومچی‌یەکان، سەرتاشەکان، زەرەنگەرەکان، کەوشەوانەکان- راوچی‌یەکان، حەکیمەکان، وەستاو بەناکان،.. هتد). هەرکەسێك کە لەیەکێك لەو پیشەسازیانەدا کاری کردبێت پیشەی تریشی هەبووە، خێزان یا بنەماڵەی وا هەبووە کە لەچەند پیشەسازی‌یەکدا کارامە بوون‌و دەستێکی بالاّیان هەبوە، وە بەچەند پیشەیەکەوە ناسراون.

بۆ نموونە زۆری خەڵکی(تەوێڵە) پیشەسازن پیشەسازی‌یەکەیان (پیشەسازی دەستی‌یە)، جگەلەوەی باخیشیان هەیە[٣٨]. لەخانەقاکەی

---

[٣٨] سی.جی. أدموندز، کردو ترك‌و عرب، المصدر السابق، ص١٥٥.

بیارەدا عووروسییەکی داری نەخشینی بەشوشەی ڕەنگاوڕەنگ دروست کراوە[39]. هەروەها دێیەکانی هەورامان بەتایبەتی (تەوێڵەو بیارەو باخەکۆن) پێشکەوتووبوون لەپیشەسازیو بازرگانیو باخ بەرهەم هێنانو خانووبەرەدا[40] خانووەکانی تەوێڵە یەکجار ڕێكو پێك کرابوون.. زۆریان بەبەردی ڕەنگاوڕەنگی شاخەکە بەووشکەکەڵەك* دروست کرابوون.. خانوویەکی سێ نهۆم لەئالەتکاری پەنجەرەدا پڕە لەئاوێنەکاری، مینابەندیش کراوە، پیاو بەڕاستی کەبەراوردی لادێکانی(شارباژێرو هەورامان)ئەکات سەری سوڕ ئەمێنێ، ئەم خانوانە لەشاریشدا کەم وێنەیان هەیە[41] بۆ بەهێزکردن وبەستنەوەیو پتەوکردنی دیوارەکانی دیمەك** بەکارهاتووە[42].

لە(تەوێڵە) قەیسەریەك، سێ چوار چایخانە، چەند دوکانێکی تر، دوو سێ سەرشۆرگ(حەمام)، خانەقایەك، دوومزگەوتی زۆر نایاب، کلاش دروو، چەقۆکەر، ئاسنگەر، دارتاشی یەجگار هونەرمەند، ١٥

---

[39] عبدالرقیب یوسف، بانگەوازێك بۆ روناکبیرانی کورد، چاپخانەی کامەرانی- سلێمانی، ١٩٨٥، ل٨٢.

[40] شاکر فتاح، رۆژنامەی خورماڵ، چاپخانەی- الحوادث- بغداد، ١٩٨٣، ل٤.

* ووشکە کەڵەك: دیواری خانوو بەبێ بەکارهێنانی چیمەنتۆو گەچو قوڕ کەتەنها بەبەرد دروست دەکرێت.

[41] شاکر فتاح، گەشتی هەڵەبجەو هەورامان، چاپخانەی کامەرانی- سلێمانی، ١٩٧٣، ل٣٣-٣٤.

** دیمەك:- پارچەیەکە لەدار کەدارتاشەکان دەیتاشنو ڕێکی دەخەن، درێژی لەیەك مەتر بۆ دوو مەترو پانیەکەیو بەرزیەکەی لە٢٠-٣٠سم دەبێت بۆ ڕاگرتنو قایم کردنو توندوتۆڵ کردنی دیواری خانوو سەرپەنجەرەو سەردەرگا بەکاردەهێنرێت.

[42] هادی رشید چاوشلی، الحیاة الاجتماعیة في کوردستان، مطبعة الجاحظ، بغداد،١٩٧٠، ص٩٤.

مەكینەی بەرگدورووی تیابوو، كلآشی قۆندەرئاسا، پۆتینی دەزوی نایاب، چەقۆی یەجگار ناسكو جوان، داردەستی زۆر رەنگین، كەوچكو شەكردانی چاك، خوا زیرەكی‌یەكی گەورەی پیّ بەخشیون لەبەرئەوە چاوی كوردی ئەم ناوە زۆركراوەتەوە، جیّو بانیان زۆرپیّش كەوتوە[٤٣].

## كەرەستە خاوەكانی پیشەسازی لەهەورامانـدا

تیّكرا پیشەسازی‌یەكانی كۆمەڵگای هەورامان دەستینو لە چوار كەرەستەی خاوی سروشتی دروست دەكریّنو دەبن بە دوو بەشەوە ئەویش بەم جۆرە:-

أ-بەرد: هەندیّك لەپیشەسازی‌یەكان كەرەستە خاوەكەیان لەجۆرە بەردیّك پیّكهاتووە كەبەردتاشەكان دەیانناسنو كەرەستەیان لیّ دروست دەكەن. ئەو پیشەسازی‌یانەی لەبەرد دروست دەكریّن وەك(بەرداشو دەستهاڕو بانگردیّنو هیّلەساوەو ئاوان- دۆڵو هەسانو سەنگی كیّشانەو پیّوانە...هتد).

ب-دار:- بەشیّكی یەكجار زۆری پیشەسازی‌یە دەستی‌یەكانی هەورامان كەرەستە خاوەكانیان دارە، بۆهەر پیشەسازی‌یەك جۆرە داریّك بەكاردەهیّنریّت كەدارتاشەكان دەی ناسن. پیشەسازی‌یە داری‌یەكان وەك(كەوچك، شانە، سەبەتە، تەیكە، لەنگەری، مەن، كاسە، هەزارپیّشە، یەغان- سندوق، بەفرماڵ، دەسكی ئامیّرە كشتوكاڵی‌و بڕەرەكان، سیّلك، شەن، هیّڵەكو كەمو بیّژنگ، تەختەی خیّزەرە بۆ دارەڕا، داری دارەڕا، دیمەك، دەرگا، پەنجەرە، بیّشكە، پنەو تیرۆك، كورسی، تەشی، شەكردان، نانەشان، كیتەڵە، دەفر، هەموو جۆرە تەشتیّكی دارین..هتد).

---

[٤٣] شاكر فەتاح، گەشتی هەڵەبجەو هەورامان، سەرچاوەی پیّشوو، ل٧.

ج-چەرمو خوری ئاژەڵ:-بەشێك لەپیشەسازیيە دەستیيەكانی هەورامان كەبۆ كەلوپەلی ناوماڵو لەبەركردنو لەپێكردن بەكاردەهێنرێ، كەرەستە خاوەكەيان چەرمو خوری ئاژەڵە وەك(خامینە-جۆرە پێڵاوێكی چەرم بوە، كلاش، قایش، كوندە ومەشكەو هیزە، جلو بەرگی لەبەركردن بۆ نێرومێ، مەوجو جاجمو بەرماڵو هەموو جۆرە پێخەفێكیتر، گوریسو قەیاسەو زینو رەشوەو خەرارو رەشكە،..هتد).

د-كانزا:-بەشێك لەپیشەسازیيە دەستیيەكانی هەورامان كەئامرازەكانی بەرهەم هێنانو راو وشكارو جەنگ بوون، كەرەستە خاوەكەيان بەشێكی ناوخۆیی بووە وەك(شاخی ئاژەڵ بۆ دەسكی چەقۆو خەنجەر بەكاردەهێنرا، بەشێكیشی دەرەكی بووە كە لەرێی بازرگانیو ئاڵوگۆڕەوە هاتۆتە ناوچەكەو پیشەسازی پێوەكراوە). وەك(ئاسن، مس، زیو، زێڕ) كەوەستاكان بەپێی پێویستیيەكان ئامێرو ئامرازی جۆراوجۆريان لێ دروست كردوە، لە(زێڕوزیو)خشڵو كەلوپەلی رازاندنەوەی ئافرەت دروست كراوە، لە(ئاسن)ئامێرە كشتوكاڵیيەكانو جەنگیيەكانو راو وشكار دروست كراوە، لە(مس) ئامێرەكانی ناوماڵ وەك مەنجەڵو سینیو كەوچكو دەفرو شتی تر كەپێویست بون دروست كراوە.

بەگشتی پیشەسازی لەهەوراماندا دوو بەشە:-

بەشی يەكەم:-پیشەسازیيە بەرهەم هێنەرەكان.

ئەو پیشەسازیيانەن كە بەكاردەهێنرێن بۆ بەرهەم هێنان لەجمو جۆڵو چالاكیيەكانی(كشتوكاڵ كردن، پیشەسازی كردن، بازرگانی كردن، كانزاكاری)تردا. هەروەها كەرەستەی تری وەك مەنجەڵو سینیو كەوچكو دەفر بەرهەم دێنێ.

بەشی دووەم- پیشەسازی‌یە بەکاربەرەکان، کەئەوانەش (خۆراکی‌یەکان‌و ڕستن‌و چنین‌و کانزایی‌یەکان)ن مەبەست لە خۆراکییەکان هەموو ئەو پیشەسازیانە دەگرنەوە کەدەبنە خۆراك‌و بەکاردەبرێن رۆژانە وەك پیشەسازی (دۆشاو دروست کردن- دۆشاوی تەماتەو دۆشاوی توو و ڕوبەهەنار، نان دروست کردن لەهاڕینی گەنمەکە وە تادەگاتە دروستکردنی نان کە بە(نانی هەورامی) بەناوبانگە، هەموو پیشەسازی‌یە خۆراکی‌یەکانی وەك شیرەمەنی‌یەکان، هەویری‌یەکان، خۆشاو، شیرینی‌یەکان).

رستن‌و چنین مەبەست لەپیشەسازی‌یەکانی رستن‌و چنین لەهەوراماندا ئەو کاڵاو کەرەستانە دەگرنەوە کە بەچنین‌و رستن بەرهەم دەهێنرێن‌و هەردوو رەگەزی(نێرو مێ)بەشداری دەکەن لەبەرهەم هێنانیدا. هەورامان بەڕستن‌و چنین بەناو بانگ بووە لەسەردەمە کۆنەکاندا، ئێستاش ئەو پیشەیە ماوە، بەڵام بەرەو لاوازی‌و پوکانەوە دەچێت، چونکە کاڵاو کەلوپەلە نوێکانی بیانی جێیان پێ لێژکردون کەبەنرخێکی هەرزان‌و لەماوەیەکی کورتدا دەستەبەر دەکرێن. ئەو کەسانەی کەبەو پیشەیەوە خەریك بوون بە(جۆلا، کڵاشکەر، پێڵاودروو، خەیات، هتد..)ناسراون.

کانزایی‌یەکان ئەو کاڵاو کەلوپەلانەی کە لەکانزاکانی ئاسن‌و مس‌و قورقوشم‌و شاخی حەیوان دروست کراون لەهەوراماندا لەلایەن چەن وەستایەکەوە بووە کە بە(ئاسنگەر، خەنماخساز، چەقۆکەر،...هتد) ناسراون. هەندێکی تری لەکاڵاو کەلوپەلەکان کە لەدارو بەرد دروست کراون لەلایەن چەند وەستایەکەوە کە بە(دارتاش‌و بەردتاش) ناسراون. هەندێکی‌تر لەکاڵاو کەلوپەلەکان بۆ رازاندنەوەو

جوانکاری بەکارهێنراون لەلایەن چەند وەستایەکەوە کە بە(خومچیو رەنگکەرەکان)ەوە ناسراون.

ئەم دوو جۆرە پیشەسازی‌یە کە لەهەورامان دەکرێن لەناو(ماڵەکاندا یا لەدوکانەکاندا) بەرهەم دەهێنرێن بەسەرمایەیەکی کەمو ژمارەیەکی کەمی وەستاو کرێکار کە لەچوارچێوەی خێزانو بنەماڵەدا تێپەڕناکەن، وەدەچنە بەشی پیشەسازی‌یە(سوکەکان- سەرەتایی‌یەکان- دەستی‌یەکان)ەوە، چونکە پێویستیان بەکارگەی گەورەو سەرمایەی زۆرو رێکخستن نی‌یە. هەندێکی لەهەوراماندا بەکاردەبرێنو بەشێکیشی بازرگانیان پێوەکردووە.

کاریگەریی پیشەسازیی خۆماڵی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی‌ی کۆمەڵگای هەورامان:

پیشەسازی وەك لایەنێکی پێکهاتەی سستمی ئابووری کۆمەڵگای هەورامان چەند یەکەیەك بەشداری تیادەکات، وەك(خێزان، بنەماڵە)، بەرهەمەکەیان بۆ هەموو کۆمەڵگاکە دەبێتو لەڕێی بەرهەمەکەیانەوە پردی پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان دروست دەبێت، یەکترناسینو هاوکاری کردنی یەکترو خۆشەویستی نێوانیان بەهێز دەبێت، کەهەموویان هەست بەوە دەکەن کەیەك خێزان بن بەو جۆرە بەیەکگرتوویی پەرە بەژیانی کۆمەڵایەتی دەدەنو پشتی یەکتری دەگرنو بەهانای یەکترەوە دەچن لەکاتی پێویستدا، هاوبەشی خۆشی و ناخۆشی یەکتردەکەنو کۆمەڵگاکە بەیەکەوە دەبەستنو جیاوازییەکان کەم دەبنەوەو رقو دووبەرەکایەتی نامێنێتو بەئاشتیو ئاسایش ژیان

بەسەر دەبەن. ئەو رەوشەش دەبێتە مایەی یەکگرتوویی کۆمەڵگاکەو بەستنەوەی ئەندامەکانی بەیەکترەوەو رۆڵو پێگەی ئەندامەکان کار لەیەکتر دەکەنو دەبنە تەواوکەری یەکترو پێویستیەکانی کۆمەڵگاکە پڕدەکەنەوە. بۆ نمونە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ وەستا(قادری جۆلا)دا کردو ئەم پرسیارانەمان ئاراستە کرد. پرسیار: ئەم پیشەیە لەباوو باپیرتەوە بۆت ماوەتەوە یان خۆت فێری بوویت؟ وەڵام: خۆم فێری بوم، پرسیار: چەند ساڵە ئەم پیشەیەت؟ وەڵام: نزیکەی ٤٠ ساڵ دەبێت. پرسیار: پیشەکەت بژێویو گوزەرانت داین دەکات؟ وەڵام: نەخێر من موچەشم هەیەو خانەنشینیشمو ئەم کارەش ئەکەم. پرسیار: بەرهەمەکەت لای خەڵکی ناوچەکە پەسەند دەکرێت؟ وەڵام: بەڵێ زۆر پێیان باشە، بەڵام ئەم پیشەیە ئێستا وەك جاران خواستی خەڵکی لەسەر نیيەو بەرەو پوکانەوە دەچێت، چونکە کەرەستە سەرەتاییيەکانی ئەم بەرهەمەی ئێمە کەمنو بەئاسانی دەست ناکەونو زۆریان تێ دەچێتو ماوەیەکی زۆری دەوێت بۆ دروستکردنیانو گران بەهانو خەڵکەکەش هەژارە چەند کەسێکی دیاریکراو نەبێت خەڵکی تر ڕوومان تێ ناکەن. پرسیار: ئەم پیشەیەی تۆ هیچ کاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندیيە کۆمەڵایەتیيەکانت؟ وەڵام: بەڵێ، بەهۆی پیشەکەمەوە بەشی هەرە زۆری خەڵکی هەورامان دەناسم، هەچ پێویستیەكو روداوێك کەرو بدات دەبێت بچم بەدەمیەوەو سەردانی ئەو کەسانە بکەمو ئەوەش بۆتە هۆی بەهێزبونی پەیوەندیيەکانم لەگەڵ خەڵکی هەورامان‌دا، ئەوانیش زوو زوو

سەردانی من دەکەن‌و هاتوچۆی یەکتری‌و تێکەڵاوی یەکتر دەکەین‌و وەك ئەندامانی خێزانێکمان لێ هاتووە.

هەروەها چاوپێکەوتنمان لەگەڵ وەستا (جەبار)دا کرد کەوەستای کڵاش کردنە لەهەوراماندا‌و چەند پرسیارێکمان ئاراستەکرد. لەوەڵامی تێکڕای پرسیارەکانماندا بەم جۆرە وەڵامی داینەوە:- پیشەکەی ئێمە قورس‌و گرانە‌و سەلیقە‌و وردەکاری دەوێت‌و کەرەستە خاوەکانی بەگران دەستەبەر دەکرێن، بۆیە نرخی کڵاش گرانە. بەڵام بەهۆی پیشەکەمانەوە خەڵکێکی زۆر رووماں تێ دەکات‌و زۆرینەی خەڵکی هەورامان دەناسم‌و لەکاتی رودانی روداوە کتوپڕ‌و دڵتەزێنەکاندا سەردانم دەکەن‌و بەسەرم دەکەنەوە، منیش هەروەها سەردانیان دەکەمەوە چونکە ئێمە بەهۆی ناسراوی پیشەکەمانەوە لەگەڵ خەڵکی هەوراماندا وەك ئەندامانی یەك خێزانمان لێ هاتووە‌و ئاگاداری هەموو جموجۆڵ‌و روداوەکانی ناوچەکەین کەروو دەدەن ئەو پیشەیەی من بۆتە هۆی یەکترناسینی من‌و کۆمەڵگای هەورامان‌و پەیوەندیەکانمان پتەوو بەهێزبوون‌و لەهەموو رویەکی کۆمەڵایەتی‌یەوە کاریگەرییان هەیە، ئەمە جگەلەوەی دوکانەکەی من‌و پیشەکەی من بوەتە شوێنی یەکترناسینی هەورامییەکان چ ئەوانەی لەناو هەورامان دەژین یا ئەو هەورامیانەی لەدەرەوەی هەورامانن‌و بۆ کڵاش کڕین سەردانمان دەکەن، مەبەستم لەدەرەوەی هەورامان ئەو هەورامیانەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی عیراق دەگرێتەوە، جاروباریش هەورامییەکانی کوردستانی ئێرانیش سەردانمان دەکەن‌و پەیوەندی کڕین‌و فرۆشتنمان هەیە لەگەڵیاندا.

## ٣-بازرگانی

بازرگانی بەشێکی سستمی ئابووری‌یەو رواڵەتێکە لەرواڵەتەکانی ژیانی ئابوری، لەسەر بنەمای وەرگرتن‌و پێدان دامەزراوە[٤٤]. هەروەها رەنگ دانەوەی ئاستی گەشەکردنی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت[٤٥]. بەواتا بازرگانی سیمای کردنەوەو پەیوەندی کردن‌و دەرچونە لەبازنەیەکی داخراودا بەرِوی دنیای دەرەوەدا[٤٦]. هەروەها بازرگانی ئەوە دەگەیەنێت هاوسەنگ بوونی نرخی شمەك بەتێچونی گواستنەوەشەوە لەئاڵوگۆڕکردندا، ئەوەش دووجۆرە بازرگانی دەرەوەو بازرگانی ناوەوە[٤٧]. بەو پێ‌یە بازرگانی ئاڵوگۆڕی شمەك‌و کارە خزمەت گوزاریەکانە لەنێو وولآتان‌و گەلاندا لەکۆن‌و نوێ‌دا رویداوە[٤٨]. بازرگانی کردەیەکی ئابوری‌یەو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی‌یە لەبەر پێویستی پەیدا دەبێت‌و دوو جۆرە بازرگانی ناوەوەو دەرەوەو، شمەکی زیادە بەرهەمهاتوی زیاد لەپێویست ئاڵوگۆڕ دەکرێت بەشمەکی‌تر کەپێویستن، پێویستە لەو کردەیەدا هاوسەنگ بونێك هەبێت بۆئەو ئاڵوگۆڕە. بازرگانیش کەیەکێکە لەچالاکییەکانی مرۆڤایەتی ئەویش بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕی کردوە تا ئەو کاتەی کەپارە پەیدابووەو ئیتر ئاڵوگۆڕ

---

[٤٤] د.قیس النوری، الأنثروبولوجیا الأقتصادیة، المصدر السابق، ص١٣١.

[٤٥] نخبة من الباحثین العراقیین، حضارة العراق، ج١٢، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٨٥، ص١٥٢.

[٤٦] د.قیس النوري، الأنثروبولوجیا النفسیة، وزارة التعلیم العالی والبحث العلمی، دار الحکمة للطباعة والنشر، ١٩٩٠، ص٣٥٢.

[٤٧] بومول و جاندلر، علم الاقتصاد العملیات و السیاسات الاقتصادیة، ترجمة سعید السامرائی و وآخرون، ج٢، مطبعة أسعد، ١٩٦٥، ص١٤٥.

[48]عبدالمنعم السید علی، مدخل في علم الاقتصاد مبادئ الاقتصاد الکلي، ج٢، المکتبة الوطنیة-بغداد، ١٩٨٤، ص٢٠٨.

بەپارەکراوە، وەپارە بەهاو نرخی شمەکی یاکەلوپەلی دیاری کردووە بەدوای پەیدابوونی پارەدا بازرگانی چوە قۆناغێکی نوێوە وجێگیر بوو[٤٩]

کۆمەڵگای هەورامان وەك کۆمەڵگایەکی کۆن خاوەن بەرهەمو بەرووبووم بووە لەچەند بوارێکدا زیاد لەپێویست شمەکی بەرهەم هێناوە، لەهەمان کاتیشدا کۆمەڵگایەکی داخراو بووە پێویستی بەکەرەستەی جۆراو جۆر بوە کە لەتوانایدا نەبوە بەرهەمی بهێنێت، بۆ بەدەست هێنانی ئەو کەلوپەلە پێویستانە پەنای بردوەتە بەر(ئاڵوگۆڕکردن)لەگەڵ دەوروبەریدا، ئەو ئاڵوگۆڕکردنە لەسەرەتاوە(شمەك بەشمەك)بوە دواتر کەپارە پەیدا بووە ئەو ئاڵوگۆڕەش گۆڕاوە شمەك بەپارە لەڕێی ئەو چالاکیيەوە توانیویەتی کەلەوپەلو بەروبومی زیادە بەرهەم هاتوو بگۆڕێتەوە بەو کەلوپەلانەی کەپێویستی بووە، ئەویش لەڕێی(کاروان کردن)ەوە بوە، واتا بەئاژەڵی باری(ئێسترو گوێدرێژ)کاروان کراوە. لەبەرنەبونی ڕێگاکانی هاتوچۆی ئوتومبێلو شەمەندەفەر هەورامییەکان لەگەڵ ناوچە سنوریيەکان بەو جۆرە ئاڵوگۆڕیان کردوە ئەو جۆرە ئاڵوگۆڕکردنە بە(بازرگانی دەرەوە)دادەنرێت. کەکۆمەڵگای هەورامان بۆماوەیەکی دوورودرێژ پەیڕەوی کردوە تا ئەو کاتەی ڕێگای ئوتومبیل لەعیراقدا کراوەتەوەو هەورامان بەڕێگای ئوتومبێلەوە بەستراوەتەوە.

جگە لەم جۆرە بازرگانییە لەناو کۆمەڵگای هەورامان خۆیدا جیاوازی هەیە لەنێوان دێیەك بۆ دێیەکیترو شارۆچکەیەك بۆ شارۆچکەیەکی تر لەڕوی بەرهەم هێنانو بەروبومەکانەوە، بۆ

---

[٤٩] جان بابی، القوانين الاساسية للاقتصاد الراسمالی، المصدر السابق، ص٢٢، ٨٥.

پڕکردنەوەی پێویستی‌یەکان لەناوخۆشدا (بازاڕو دوکان) کراونەتەوە بۆ ئاڵوگۆڕکردن‌و کڕین‌و فرۆشتنی کەلوپەل‌و شمەکە پێویستەکان، وە هەندێك دێ‌و لادێ دوورە دەست بوو لەڕێی (وردەواڵە فرۆشی) یەوە پێویستی‌یەکانیان پڕکراوەتەو کەهەندێك (بازرگانی گەڕۆك) بەسەر دێ‌و لادێکاندا گەڕاون‌و شمەك‌و کەلوپەلیان پێ فرۆشتون‌و بەروبومە زیادەکانیان لێ کڕیون، ئەو جۆرە ئاڵوگۆڕکردنەش بە (بازرگانی ناوەوە) دەژمێردرێت، کە لەهەوراماندا پەیڕەو کراوەو تائێستاش بەدی دەکرێت.

بۆ یەکەم جار کەئوتومبیل هاتە عیراق ساڵی ١٩٠٨ بووە[50] و لەساڵی ١٩٥٦دا هەورامانی کوردستانی عیراق ڕێگای ئوتومبیلی بۆ کراوەتەوە[51] بەگشتی لەسەرەتاوە بازرگانی لەهەوراماندا لاوازبووە، چونکە (تۆپۆگرافیای ناوچەکەو زۆری دانیشتوان‌و کەمی شمەکی بەرهەم هاتوو و کەمی بەروبومەکانی‌و نالەباری ڕێگای هاتوچۆی‌و بارە رامیاری‌یە ناجێگیرەکەی‌و کەمی پارە)، هەموویان فاکتەری لاوازبوونی بازرگانی بوون لەهەوراماندا.

بەڵام لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە هەلومەرجەکان گۆڕان‌و بارو دۆخێکی نوێ هاتۆتە ئاراوە کەیارمەتی دەربووە بۆ چالاکبونی دیاردەی بازرگانی لەهەوراماندا کەئەویش (ڕاکێشانی ڕێگای هاتوچۆی ئوتومبیل‌و زۆربونی پارەو زۆری خواست لەسەر کەلوپەل‌و شمەکی نوێ‌و بڵاوبونەوەی ڕۆشنبیری‌و گەشەکردنی هوشیاری خەڵکی

---

[50] د. علی الوردي، لمحات اجتماعية فی تاريخ العراق الحديث، ج١، مطبعة الارشاد- بغداد، ١٩٦٩، ص٢٨٧.

[51] ئەیوب ڕۆستەم، هەورامان، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی هەورامان، ٢٠٠٤، ل٢٦٥.

هەورامان‌و گۆڕینی باری رامیاریی ناوچەکە)بوو. کەئەمانە فاکتەری چالاك بوونی هەردوو جۆرە بازرگانییەکە بوون. کۆمەڵێك کەرەستەی زیادە بەرهەم هاتوو وەك(تەختە، سپی چنار، گوێز، تووی ووشك، هەڵوژەو قەیسی‌ی ووشك ...هتد)دەگوێزرانەوە بۆ بازاڕەکانی کوردستان‌و عیراق، لەبەرامبەر ئەوانەشدا کەلوپەلە پێویستەکان وەك(گەنم‌و جۆو رۆن‌و نەوت‌و شەکرو چا..هتد) دەهێنران، بەپارە کڕین‌و فرۆشتن ئەنجام دراوەو پێویستی‌یەکان پڕکراونەتەوە.

ئەگەر بێتو سەرنجێك بدرێت لەژیانی ئابوریی هەورامان دەبینین فاکتەری جوگرافی‌و ریگای هاتوچۆو پەیدابونی دراوو باری رامیاری کاریگەریان هەبوە لەسەر لاوازبوون یا چالاکبونی ژیانی ئابوریی هەورامان، ئەوەش کاری کردۆتە سەر پەیوەندی‌یە کۆمەلایەتی‌یەکان‌و لایەنەکانی تری پێکهاتەی کۆمەڵگای هەورامان. بۆ نموونە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ دوو بازرگانی هەورامان کرد بەناوی(کاك باقی‌و حاجی کەریم)کۆمەڵێ پرسیارمان ئاراستەکردن ئەوانیش بەم جۆرە وەڵامیان دایەوە. پرسیار: ئایا ئێوە دوو بازرگانی دێرینی هەورامانن؟ وەڵام: بەڵێ، پرسیار: چەند ساڵ بازرگانیتان کردوە؟ وەڵام: نزیکەی ٣٠-٣٥ ساڵ. پرسیار: ئەو کەلوپەلانەی بازرگانیتان پێوە دەکردن چی بون؟ وەڵام زۆر شت بوو، ئەوی گرنگ بێت(گوێز، توو، هەڵوژە، قەیسی، توتن،...هتد) هەروەها داروتەختەو سپی چناریش. پرسیار: لەگەڵ کوێ بازرگانیتان دەکرد؟ وەڵام لەگەڵ سلێمانی‌و بەغداو موسڵ. پرسیار: ئەی چیتان دەکڕی؟ وەڵام: ئەوەی پێویست بوبێت کڕیومانەو گواستومانەتەوە بۆ هەورامان بەتایبەتی(شەکرو چاو رۆن‌و برنج). پرسیار ئێستا بازرگانی چۆن دەبینن لەهەوراماندا؟

وەڵام: ئێستا بازرگانی زۆر ئاسانەو مەترسی نی‌یەو خێروبێری زۆرترە، ئەوسا کەئێمە بازرگان بوین ڕێگای هاتوچۆ مەترسی‌ی زۆری لەسەر بوو کری‌ی گواستنەوە زۆر گران بوو ئوتومبیل دەست نەدەکەوت ڕێگای ئوتومبیل بۆ هەموو دێکانی هەورامان نەبوو، هەروەها باری رامیاری زۆر خراپ بوو، پارە کەم بوو، پیاو خراپو ڕێگری لەسەرجادەکان زۆر بوو بەتایبەتی لە(چۆڵی قۆلفە)دا ئیتر ئەوە ئازاردان لەبازگەکانی عیراقدا با لەولاوە بوەستێ، جگە لەبەرتیلو زۆرجار دەگیراین‌و سەرانەیان لێ دەسەندین. ئێستا زۆر باشە ئەوانە نی‌یەو نەماون بەئاسانی‌و بێ ترس‌و لەماوەیەکی کەمدا چیت دەوێ‌و چ کەلوپەلێکت پێویستە دەیگەیەنێتە هەورامان‌و لەوێوە چی زیاد بێت دەیبەیت بۆ شارەکانی تری کوردستان‌و عیراق. پرسیار: ئەو پیشەیەی ئێوە کاریگەریی هەبوو لەسەر پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتییەکانتان؟ وەڵام: بەڵێ، ئێمە بەهۆی پیشەکەمانەوە زۆرینەی خەڵکی هەورامانمان دەناسی‌و هاتوچۆمان دەکردن‌و سەردانمان دەکردن ئەوانیش هەروەها، لەخۆشی‌و ناخۆشی یەکتریدا بەشداریمان دەکردو وەك ئەندامانی خێزانێکمان لێ هاتبوو، بەڵام ئێستا دنیا گۆڕاوە پەیوەندییەکانیشمان وەك ئەوسا نەماون، خۆشەویستی‌و یارمەتیدان‌و هاوکاری کردنی یەکتری کەم بۆتەوەو ئێمەش لەهەورامان دوور کەوتوینەتەوەو پەیوەندییەکانمان خەریکە لاواز دەبن.

## ٤-کانزاکردن

کانزاکردن کۆڵەکەیەکی گرنگ‌و ڕواڵەتێکی ژیانی ئابوری‌یە، ئەو گەل‌و وڵاتانەی کەتوانای کانزاکردنیان هەیە دەتوانن ببنە خاوەن بازاڕ، کەواتە ژیانی ئابوری بەشێکی هەرەزۆری بەکانزاکردنەوە بەستراوە

بەتایبەتی ئەو وولاّتانەی کەپێشکەوتون لەبواری کانزاکردندا توانیویانە بازاڕی زۆر لەوولاّتانی تر بۆ خۆیان قۆرخ بکەن. کانزاکردن پێویستی بە(کەرەستەی خاوو سەرمایەی زۆرو کرێکاری شارەزاو پسپۆڕو کارگەی  گەورەو رێکخستنێکی ووردو پێشکەوتوو)هەیە کەواتە کانزاکردن زۆرتر وولاّتە پێشکەوتووە پیشەسازی‌یەکان دەگرێتەوە کە لەبواری تەکنەلۆجیدا بالاّدەستن.

کۆمەڵگای هەورامان لەڕوی کانزاکردنەوە خاوەنی ئەو بنەمایانەی سەرەوە نی‌یە کەپێویستن بۆ کانزاکردن کەواتە کۆمەڵگایەکە لەڕوی کانزاکردنەوە لاوازو بێ توانایە، بۆ بەدەست خستنی هەندێك کەرەستەی کانزایی کەپێویستن بۆ چالاکی‌یە(کشتوکاڵی‌یەکان، پیشە دەستی‌یەکان)لەڕێی بازرگانی‌و ئاڵوگۆڕەوە دەستی دەکەون‌و پیشەسازیان پێوەدەکات‌و لەبواری بەرهەمهێناندا بەکاریان دەهێنێت ئەگەر پشکنین‌و سۆراخ کردنێك بکرێت لەهەوراماندا دوورنی‌یە کەرەستەی خاوی کانزاکردن دەست بکەون چونکە لەشارۆچکەی خورماڵ (گەڕاو) هەیە کە بەسروشتی دێتە دەرەوە. ئەو کەمتەرخەمیەش بەپلەی یەکەم بەرۆکی کۆمەڵگاکە دەگرێتەوە کەمتەرخەمی دەسەلاّتداران‌و فەرمانڕەوایان‌و دەوڵەت نیشان دەدات بەرامبەر بەناوچەکە، دووریش نی‌یە بیرو بۆچوون‌و داب‌و نەریت‌و یاساو رێساکانی کۆمەلاّیەتی رێگر نەبوبن. هەروەك زانایەك دەڵێت((دواکەوتنی کۆمەڵگا خۆجێ‌ییەکان لەئەنجامی رەنگدانەوەی تایبەتمەندیەکانی سستمە ئابوری‌یەکەی‌و رامیاری‌یەکەی‌و کۆمەلاّیەتی‌یەکەی‌و شارستانێتەکەیدا بووە))[٥٢].

[٥٢] بول سویزی، الامبریالیة، ترجمة عصام الخفاجی، دار ابن خلدون، ١٩٨٠، ص١٠٣.

## ٥-گەشتو گوزار( هاوینەهەوار)

هەر گەڕیدەو بیانییەكو تەنانەت خەڵكی لای خۆشمان كەڕێیان كەوتبێتە هەورامان، جوگرافیای ناوچەكەو سەلیقەو كارامەیی خەڵكەكەیو رەزو باخو پیشە دەستییەكانو ئاوو هەوای هەورامان سەرنجی راكێشاوە. بەپێی توانای خۆیان وبەپێی بەرژەوەندییەكانیان باسێكیان دارشتووەو چامەیەكیان هۆنیوەتەوە هەر لە(گۆرانی شاعیرو قانع و شاكر فەتاحەوە بیگرە هەتا دەگاتە ریچو سۆنو ئەدمۆندزو نیكتنو ڤان برۆنەسەن)ئەو سروشتە دڵگیرە تائێستا نەبۆتە سەرچاوەی داهات وبەشداری نەكردووە لەپێكهاتەی ژیانی ئابووریی هەوراماندا، چونكە بارە رامیارییەكەییو كەمتەرخەمی دەسەڵاتدارانو ئاوڕنەدانەوەی دامودەزگا بەرپرسەكانو بانگەشە نەكردنی هۆكانی راگەیاندن كەهانی گەشتیارانو سەیرانكەران بدەن رووبكەنە ناوچەكە، هەموویان فاكتەری نالەبار بوون لەو بارەوە، ئەوەش كاریگەری خراپی كردۆتە سەر پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی ناوچەكە لەگەڵ دنیای دەرەوەداو لاوازكردنی ئەو لایەنەی ژیانی ئابووریی هەورامان*

---

*كلاید كلۆكهۆن دەڵێ((لەبەر ئەوەی زانیاریی تۆماركراو نییە لەسەر خێڵێك كەلێكۆڵیار باسی دەكات، یا زانیارییەكان كەمنو بەشی پێویستی ناكەنو راست نینو یەكتر تەواو ناكەن، چاك وایە پشت ببەستێت بەوەرگرتنی نموونە یابیستن لەخەڵكەكە كەباسیان دەكات، نەك بەشتی تۆماركراوی ناو پەرتوكەكان)).
الانسان في المرآة، علاقة الانثروبولوجي بالحياة المعاصرة، ترجمة الدكتور شاكر مصطفى سليم، مطبعة أسعد، بغداد ١٩٦٤، ص١٣.

## ٦-كارگێڕی

هەرچەندە کارگێڕی بەشێکە لەپێکهاتەی سستمی کۆمەڵایەتی، بەڵام لەبەرئەوەی بۆتە سەرچاوەیەکی دەرامەت‌و گوزەران بۆیە ئێمە وەك پێکهاتەیەکی ژیانی ئابووری ئاماژەمان پێ کردووە.

لەکۆمەڵگای هەوراماندا خوێندن‌و خوێندەواری بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ زانستە ئایینی‌یەکان بوون کە(بیارەو تەوێڵە)وەك دوو مەڵبەندی رۆشنبیری ئایینی نەك هەر لەناوچەکە بەڵکو لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێگەیەکی دیاریان هەبووە[٥٣]((نە هەرئەوە بەڵکو زۆری نەخایاند کەپەلی بۆ هەموو کونجێکی جیهانی ئیسلامی هاوێشت‌و خانەقاکانی لێ دامەزران))[٥٤].

کاتێك کەرۆشنبیریی نوێ‌و خوێندن‌و خوێندەواری نوێ سەری هەڵدا لەسی‌یەکانی سەدەی بیستەوە قوتابخانەو خوێندنگای نوێ لەهەورامان کرانەوەو کۆمەڵگای هەورامان بەگەرمییەوە پێشوازی کردووە بەپەرۆشەوە منداڵەکانیان خستونەتە بەر خوێندن بەهەردوو رەگەزەکەوە(نێر، مێ)لەسەرەتاوە ماڵەکانی خۆیان کردوە بەقوتابخانە تا ئەو کاتەی کەدەوڵەت بینای خوێندنگای دروست کردووە لەسەرەتاوە لە(بیارەو تەوێڵە)وە دەستی پێکردووە دواتر لەدێ ولادێکانی تری هەوراماندا قوتابخانە کراوەتەوە.

---

[٥٣] مارتین فان برۆنەسن، ئاغاو شێخ‌و دەوڵەت، وەرگێڕانی کوردۆ، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٣، ل١٤٣-١٤٤، ١٨٩.

[٥٤] د. رەشاد میران، رەوشی ئایینی‌و نەتەوەیی لەکوردستاندا، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٦١.

یەکەم دەستە نۆبەرەی ئەو پرۆسە نوێیە لەکۆتایی ساڵەکانی سی سەدەی بیستەمدا هاتۆتە بەرهەم، دوای ئەو ماوەیە دەستە بەدەستە خوێندکار دەرچوونو لەفەرمانگە میرییەکاندا دامەزراون، لەماوەیەکی کەمدا خوێندەواری دەرچووی کۆمەڵگای هەورامان ئەوەندە زۆربون کەنەك هەر پێویستییەکانی هەورامانیان دابین دەکرد، بەڵکو بەشێکیان لەشارو شارۆچکەکانی تری کوردستانو عیراق دادەمەزرانو دەبونە فەرمانبەرو موچەیان وەردەگرت، موچەکانیان دەبوە داهات بۆ ژیانی ئابووریی کۆمەڵگای هەورامان.

ئێستا لەکۆمەڵگای هەوراماندا هەموو فەرمانگە میرییەکان فەرمانبەرەکانیان خەڵکی ناوچەکەن ئەوەش لەدوو لاوە سوودبەخشە، لەلایەکەوە دڵسۆزن لەکارگێڕیو فەرمانبەریو کارگوزاریدا، لەلایەکی ترەوە ئەو(کات)ەی کەبۆیان دەمێنێتەوە بەفیڕۆی نادەنو لەچەند پیشەیەکی تردا سوودی لێوەردەگرن.

چالاکییەکانی ئابووری کە لە(کشتوکاڵو پیشەسازیو بازرگانیو کانزاکردنو گەشتوگوزارو کارگێڕی)پێك هاتبوون هەموویان بەشداری دەکەن لەپێکهاتەی ژیانی ئابووریی کۆمەڵگای هەوراماندا.

## کاریگەریی ژیانی ئابوری لەسەر پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵایەتیی هەورامان

ئەو دیاردەیە لەهەوراماندا پەیوەندییەکی تەواوی هەیە بەژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای هەورامانەوە چ لەڕووی پەیوەندی تاکەکان بەیەکترەوە چ لەڕوی پەیوەندی تاکەکان بەکۆمەڵگاوە چ لەڕوی پەیوەندی کۆمەڵگاکە بەدەوڵەتەوە چ لەڕوی پەیوەندی کۆمەڵگاکە بەجوگرافیای ناوچەکەوە، کەیەك کار لەوی تر دەکاتو دەبنە

تەواوکەری یەکترو بەیەکەوە بەستراون و تۆڕێکیان پێك هێناوە کەسستمی ژیانی کۆمەڵگاکەی ڕێك خستووە بەهاوکاری ژیانی رامیاری و شارستانیەت و دابینکردنی کۆمەلأیەتی ی کۆمەڵگاکە. هەچ گۆڕانێك رووبدات لەلایەنێك لەلایەنەکانی سستمی کۆمەلگا کەتێکڕای سستمەکە گۆڕانی بەسەردا دێت و کۆمەڵگاکە دەگۆڕێت جا ئەو گۆڕانە بۆ پێشەوە بێت یا بۆ دواوە. بەڕای هەندێك لەئابووریناسان ئابووری یەکەم پێکهێنەرو بناغەی دامەزراندنی پێکهاتەی ژیانی کۆمەلأیەتی یە، لەو روانگەیەوە ژیانی ئابووری هەورامان کۆڵەکەیەکی بەهێزی راگرتنی ژیانی کۆمەلأیەتی ی کۆمەلگاکەیە چونکە بەئاسانی دەستەبەر ناکرێت بەڵکو پێویستی بەرەنج و ماندووبونێکی زۆرە، ئەوەش فاکتەرێکی گرنگە کەپەیوەندییە کۆمەلأیەتییەکان بەهێز دەکات چونکە تێکەڵ بوون و یارمەتیدان و هاوکاریکردنی یەکتر وەك پرۆسەیەك و وەك داب و نەریتێك ماوەتەوەو کۆمەڵگاکەی بەیەکەوە بەستووە.

## هێڵکاری(٥)

## پێکهاتەی ژیانی ئابوریی کۆمەڵگای هەورامان نیشان ئەدات.



# باسی سێیەم

## ژیانی سیاسیی هەورامان

ژیانی رامیاری بەشێکە یا لایەنێکە لەلایەنەکانی پێکهاتەی ژیانی مرۆڤایەتی کە ململانێیە لەپێناو دەسەڵاتدا، وەپێناسە دەکرێت بەم جۆرە، بریتیە لەچالاکیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا بەجیا، یا چالاکیەکانی کۆمەڵە رێکخراوەکان، بەمەبەستی بەدەست هێنانی(دەسەڵات)ی دان پیانراوی کۆمەڵگا لەفەرمانڕەوایدا هەروەها ناکۆکییەکانو ململانێکانە لەسەر فەرمانڕەوایی.[1] لەلایەکی ترەوە پێناسەکراوە بەوەی بریتیە لەسستمی کاری رامیاری.[2] ژیانی رامیاری واتا بەشداری کردنە لەکاروباری دەوڵەتدا، ئەوەش بۆچونی دەوڵەتو دیاریکردنی شێوەکانیو ئەرکەکانیو ناوەرۆکی چالاکییەکانی دەوڵەت دەگرێتەوە.[3]

پێناسەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەرامیاری ململانێیە بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی، جا ئەو ململانێیانە هەیانە بەرێککەوتن کۆتایی دێتو شێوەی پێشبڕکێ وەردەگرێت، هەشیانە دژایەتی کردنەو رێك ناکەون تا لایەك بەسەر لایەکی تردا

---

[1] د. صادق الاسود، علم الاجتماع السياسي، مطابع الجامعة، جامعة بغداد، ١٩٨١، ص٦٧.

[2] جورج بالانديه، الأنثروبولوجيا السياسية، ترجمة جورج أبي صالح، مركز الانماء القومي، بيروت-لبنان، ١٩٨٦، ص٣٣.

[3] أناتولي الكسندر فيتش فيدوسييف، السياسة كموضوع للدراسة الاجتماعية، ترجمة زياد الملا، دار دمشق للطباعة والنشر، ١٩٨١، ص١٩.

سەرنەکەوێت.[٤] گەیشتن بەدەسەڵات واتا بەدەست هێنانی فەرمانڕەوایی ئەوە لەلایەکەوە لەلایەکی ترەوە واتا رازی بوونو مل کەچ کردن بۆ ئەو فەرمانڕەوایەتی‌یە.[٥] مێژوو خەڵك دروستی دەکات، خەڵکیش پێك هاتووە لەتوێژو دەستەو چینی جیاواز، پێویستە لەهۆکانی پەیدابونی ئەو جیاوازیانە بکۆڵرێتەوە، کەبەرژەوەندی‌یەکان دروستیان کردون، ئەوانیش دەبنە هۆی پەیدابونی ململانێکان.[٦] ململانێکان لەنێوان دوو چیندا پەیدادەبن، کەچینێکیان(کەمینە)نو خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانو دەسەڵاتو فەرمانڕەوایین، چینەکەی تر(زۆرینە)نو رەنجکێشنو بێ دەسەڵاتنو بەشدار نین لەفەرمانڕەوایی‌دا.[٧] پەیدابونی جیاوازی چینایەتی بەپێی کاتو شوێنو سەردەمو هۆکانی پەیدابونی جیاوازی چینایەتی دەگۆڕێن.[٨] پەروەردەو فێرکردن، ئیشو کارو پیشە، بڕی پارە، زەوی‌وزار، ماڵیات، شێوەی گوزەرانو بژێوی رۆژانە هەموویان هۆی پەیدابونی جیاوازی چینایەتین.[٩]

---

[٤] آرفنج زايتلن، النظرية المعاصرة في علم الأجتماع، ترجمة د. محمود عودة و د. ابراهيم عثمان، ذات السلاسل- كويت، ١٩٨٩، ١٨٠.

[٥] د. قيس النوري ود. عبدالمنعم الحسني، النظريات الأجتماعية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بدون سنة طبع، ص٢٧٠.

[٦] د. خضر زكريا، نظريات سوسيولوجية، مطبعة الأهالي، بدون سنة الطبع، ص١٠٥.

[٧] ستالين، أسس اللينينية، الشركة اللبنانية للكتاب، بيروت- لبنان، بدون سنة طبع، ص٥٥، ٩٥.

[٨] بيار لاروك، الطبقات الأجتماعية، ترجمة جوزيف عبود كبة، ط١، منشورات عويدات، بيروت- لبنان، ١٩٧٣، ص٢٢.

[٩] نيقولا تيماشيف، النظريات الأجتماعية، ترجمة عاطف غيث، بدون اسم المطبعة ومكان وسنة الطبع، ص٢٧٢.

ئەگەر بێینە سەر ژیانی رامیاریی گەلی کورد بەگشتیو ژیانی رامیاریی کۆمەڵگای هەورامان بەتایبەتی، بەپێی هەندێك سەرچاوەو بەپێی ئەو(دەمودوو) وەرگرتنانە کە بەپراکتیکی لەناو کۆمەڵگای هەورامانی لهۆنی بەشی کوردستانی عیراق وەرمان گرتووە، ژیانی رامیاریی کۆمەڵگای هەورامان لەسەردەمە مێژوویی‌یەکاندا جیاوازە، بۆیە وەك خۆی ئەوەی لە(هەواڵدەر)ەکان وەرگیراوە بەم جۆرە دەخەینە روو، ژیانی رامیاریی ئەم کۆمەڵگایە دەکەین بەدوو بەشەوە(ئەنجومەن، دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی):-

**١-ئە نجومەن**

ئەو دەستە راوێژکارییە بە تەمەنانەن کە متمانەی رەوایی خەڵکیان بەدەست هێناوەو بەنوێنەرایەتی ئەوان فەرمانڕەوایەتی دەکەنو بەرزترین دەسەڵاتەو خاوەنی بڕیارە.

هەورامیییەکان لەمێژووی رابردویاندا ئەنجومەنێکیان هەبووە بەناوی(ژیلێ مەرێ).*

**ژیلێ مەرێ**

باسی ئەم زاراوەیە بەم جۆرەی خوارەوە کراوە ئەنجومەنێکی کۆنی کۆمەڵگای هەورامان بووە پێش ئیسلام پێکهاتەی ئەو ئەنجومەنە بەپێی گێڕانەوەکان دەقاودەق لەپێکهاتەی(پەرلەمان)ی ئەوروپا دەچێت. ئەو ئەنجومەنە لە٩٩ کەس پێکهاتووە، کەنوێنەری ناوچە

* ژیلێ: ناوی ئەنجومەنەکەیە لەبەر کۆنیی زاراوەکە تۆزێك گۆڕانی بەسەردا هاتووە کەراستی‌یەکەی ووشەی(ژێر)ە.

مەرێ: ناوی ئەو جێگایەیە کەئەنجومەن تیایا کۆبوەتەوە، دور نییە لەووشەی(مەڕ)ە=(ئەشکەوت) وەرگیرابێت کە بەسەر یەکەوە دەکاتە(ژێری مەڕێ= ژێرەکانی ئەشکەوت) لەبەر کۆنیی زاراوەکە گۆڕاوە بە(ژیلێ مەڕێ).

جیاوازەکانی سنوری دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی هەورامان بوون. (بەهمەنی) بەم جۆرەی نوسیوە((لەهەوراماندا ٩٩ کەسی دیینی هەبووە، لەجیاتی موغو پێشەوای دینی سەردەمی زەردەشت پێیان ووتون: پیر، هەر کۆمەڵێ لەم پیرانە یەکێك رابەریان بووە، بەوە ووتراوە پیرشالیار. شالیاری پیرەکان= وەزیری پیرەکان)).[١٠]

دوو ساڵ جارێك ئەو ئەنجومەنە نوێ کراوەتەوە بەواتا هەڵوەشێنراوەو دروست کراوەتەوە، ئەندامەکانی بەشێوەی هەڵبژاردن لەناو جەماوەردا دیاریکراون، دواتر لەبارەگای ئەنجومەندا تاقیکراونەتەوە،[*] کۆبونەوەکانی ئەنجومەن بەپێی پێویست بووە، ئەو ئەنجومەنە خاوەنی

[١٠] پەیامی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٧

[*] تاقیکردنەوەی ئەنجومەن: دوای ئەوەی نوێنەری ناوچەکان هەڵبژێرراوە، رەوانەی بارەگای ئەنجومەن کراوە بۆ تاقیکردنەوە. لەبارەگای ئەنجومەندا(سەنگێك=پێوانەیەك) دانراوە نوێنەر دەبوایە ئەو سەنگە هەڵبگرێتو لەدەستی نەکەوێت، هەڵگرتنی ئەو سەنگەش پێویستی بە(هێزو بەژیری) بووە، ئەو نوێنەرە ئەگەر ئەو سەنگەی هەڵگرتبێت لەتاقیکردنەوە دەرچووە ئەگەر لەدەستی کەوتبێت لەتاقیکردنەوە دەرنەچووە، زۆرجار لەناوچەکان چەند نوێنەرێك رەوانەی بارەگای ئەنجومەن کراون بۆ تاقیکردنەوە بۆ ئەوەی هەر نەبێت یەکێك لەنوێنەرەکان دەربچێت، ئەگەر هاتوو هەموو نێرراوەکان کەسیان لەو تاقیکردنەوە دەرنەچوبن ئەوە ناوچەکە بێ نوێنەر ماوەتەوە لەو خولەی هەڵبژاردندا، تا خولی داهاتوو(ئەنجومەن خۆی) سەرپەرشتی کاروبارەکانی ناوچەکەی کردووە. دەڵێن کاتی خۆی کەئەسکەندەری مەکەدۆنی یۆنانی پەلاماری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داوە تا ئێرانی گرتووە لەناوچەی هەوراماندا سودی لەو(ئەنجومەنو فەرمانڕەوایەتیە ناوچەنشینی)یە وەرگرتوە، کە لەنوسینەکانی(هیرۆدۆت)دا ناوچەنشین بە(ستراب) نوسراوە وەئەنجومەن بە(پەرلەمان) نوسراوە. هەروەها لەپێش ئەسکەندەردا هیرۆدۆتس لەمێژوەکەی خۆیدا باسی ئیمپراتۆریەتی مادی کردوە کەئەو ئیمپراتۆرەتە دابەش بوە بەسەر ٢١ ستراب نشیندا واتا ناوچەنشیندا.

(بۆ زانیاری زیاتر سەیری پەرتوکی ئی. م. دیاکۆنۆف، میدیا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٣-٤٧٩) بکە.

بەرزترین دەسەڵات بووە، کەدەسەڵاتی دیاریکردنو لەکارخستنی فەرمانڕەوای ناوچەکانی هەبووە، بەپێی بیروباوەڕی ئەو سەردەمە سوێندی دڵسۆزیان خواردوەو پەیوەست بوون بەسوێندەکەیانەوە، بەپێی یاساو ڕێساو ئایینو دابو نەریتی ئەو سەردەمە هەڵسوکەوتیان کردوە.

ئەو ئاماژانە کەگەواهی بونی ئەو ئەنجومەنە ئەدەن ئێستا لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا ئەمانەن(زاراوەکە تا ئێستا لەناو کۆمەڵگاکەدا بونی هەیە، هەر کەسێك ڕاستگۆبێتو ژیرانە بیربکاتەوە پێی دەڵێن(ژیلێ مەرێ)یە ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە خەڵکی هەورامان زۆرتر مل کەچی بڕیارە بەکۆمەڵەکانن). وە ئەو ئەنجومەنە ئەوەندە لەکۆمەڵگاکەدا پیرۆزە تا ئێستاش خەڵکەکەی ئەگەر تووشی گیروگرفتێك یان تەنگو چەڵەمەیەك بن هاوار لە(٩٩ پیرەی هەورامان) دەکەن، کەبێت بەهانایانەوە لەو تەنگو چەڵەمەیە ڕزگاریان بکات. بەڵام وەك واتای زاراوە کەهەموو هەورامییەکان نازانن چی‌یە ئەوەندە نەبێت زاراوەکەیان بیستووەو دەیناسن.[11]

## ٢-دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی

**دەسەڵات:** بریتی‌یە لەلێوەشاوەیی لەبەرەنگاربونەوەداو بەدەست هێنانی وورە لەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا.[12] یا بریتی‌یە لەو هێزە پەنانەکییە کەفەرمانڕەوا بەکاری دەهێنێت بۆ دابینکردنی کۆمەڵگا.[13]

---

[11] مصطفى حمە حسين أحمد، دەمودوو وەرگرتن، خەڵکی گوڵپ، لەدایکبوی ١٩٤٥، پارێزەر، بکالۆریۆس یاسا، دەرچوی زانکۆی بەغدا ١٩٧٦، لەرۆژی ٢٤-١٠-٢٠٠٤ لەخانەی دادی سلێمانی ژووری پارێزەران ئەم زانیاریانەی لێوەرگیراوە.

[12] س. ی. بوبوف، نقد علم الأجتماع البورجوازي المعاصر، ترجمة نزار عيون السود و د. الطيب تيزيني، دار دمشق للطباعة والنشر، بدون سنة طبع، ص١٣٢.

لێوەشاوەیی یا هێزی فەرمانڕەوا بەمیراتی، یا بەتوانا، یا بەپێسپاردن دەستی دەکەوێت. (ماکس فیبر) دەسەلاّت ئەکات بەسێ بەشەوە لەجیهاندا کە(دەسەلاّتی داب‌و نەریتی، دەسەلاّتی کاریزمی، دەسەلاّتی ڕەوا- زانستی)ن.

١-دەسەلاّتی داب‌و نەریتی: بریتی‌یە لەو دەسەلاّتەی کەفەرمانڕەوا لەباووباپیرانیەوە بەمیرات دەستی دەکەوێت، یاساو دەستوورو ڕەوایەت پەیڕەو ناکات، هێزو توانای داب‌و نەریت بڕیاردەرە لەسەر دیاریکردنی فەرمانڕەوا، فەرمان ڕەوا پاشایی‌یەکان‌و بنەماڵەیی‌یەکان لەو جۆرەن.

٢-دەسەلاّتی کاریزمی: بریتی‌یە لەو دەسەلاّتەی کەفەرمانڕەوا خۆی بەدەستی دەهێنێت لەڕێی تواناکانییەوە، جا ئەو توانایانە(ئازایەتی، زیرەکی، چاکەو مێرخاسی، فێڵبازی، توندوتیژی‌و خراپەو کەللەڕەقی) لەجۆرە کەسێکدا کۆ دەبنەوە کەئەو کەسە جیاواز دەبێت لەوانی تر، دەتوانێت لەو ڕێیەوە خۆی بسەپێنێت بەسەر دەستەو حیزب‌و چین‌و کۆمەڵگادا. ئەو دەسەلاّتانە تاك ڕەوین‌و تاکە کەس خاوەن بڕیار دەبێت، دامودەزگا میری‌یەکان بێ دەسەلاّتن‌و هیچیان پێ ناکرێت بەبێ ڕەزامەندی فەرمانڕەوا، سەرچاوەی بڕیار پشت بەبیروبۆچونی فەرمانڕەوا دەبەستن، ڕەوایەت‌و یاساو دەستوور پێشێل دەکرێن.

٣-دەسەلاّتی ڕەوا- زانستی: بریتی‌یە لەو دەسەلاّتەی کەکۆمەڵگا دەیسپێرێت بەکەسێك کەفەرمانڕەوایەتیان بکات بەپێی یاساو دەستوری دان پیانراوی کۆمەڵگاکە، ئەو دەسەلاّتە لەڕێی هەڵبژاردن‌و ئەنجومەنەوە پەیدا دەبێت‌و دەسپێرێت بەکەسێك کەشیاوی فەرمانڕەوایی

---

[١٣] احسان محمد الحسن، رواد الفكر الأجتماعي دراسة تحليلية في تأريخ الفكر الأجتماعي، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، دار الحكمة للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٩١، ص٣١٠- ٣١٣.

بێت‌و ئەرك‌و مافەكان بەپێ‌ی یاساو دەستوور بەڕێوە ببات، پێشی دەوترێت دەسەڵاتی(زانستی- عەقڵی). چونكە فەرمانڕەوا بەپێ‌ی یاساو دەستوور هەڵسوكەوت دەكات‌و دووردەكەوێتەوە لەئارەزوو و مەرام‌و بەرژەوەندی‌یە تایبەتی‌یەكانی خۆی، هەوڵدەدات بۆ پاراستنی بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەكان. نموونەی ئەو دەسەڵاتەش هەموو دەسەڵاتە دیموكراتییەكان‌و گەلی‌یەكان‌و یاسایی‌یەكان‌و دەستوری‌یەكانن كە لەبەشێكی زۆری جیهاندا پەیڕەو دەكرێن.

ئەگەر بێتوو باسی دەسەڵات‌و فەرمانڕەوایی كۆمەڵگای كوردەواری بكەین بەگشتی‌و فەرمانڕەوایی‌و دەسەڵات لەكۆمەڵگای هەوراماندا بەتایبەتی دەتوانین بەم شێوەیە لەبەر رۆشنایی سەرچاوەو شوێنەوارەكاندا دەستنیشانی ئەو دیاردەیە بكەین كە لەناو كۆمەڵگاكە پەیڕەو كراوە.

## دەسەڵات‌و فەرمانڕەوایی لەكۆمەڵگای هەوراماندا:-

دەسەڵات‌و فەرمانڕەوایی لەكۆمەڵگای هەوراماندا تەم‌و مژاوی‌یەو بەڵگەی سەلمێنراوی زانستی بەدەستەوە نین بۆیە بەئاسانی رۆشن ناكرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێ‌ی ئاسەواری بەجێماوو پاشماوەی دێرینی كۆن‌و ئەو(سەجەرانەی دەسەڵات) كە لەپێشەوە خراونەتە روو دەكرێت دەسەڵات‌و فەرمانڕەوایی كۆمەڵگای هەورامان لە(سێ قۆناغی) جیاجیادا دەست نیشان بكەین:-

قۆناغی یەكەم: ناتوانین لەم قۆناغەدا هیچ جۆرە بڕیارو بەڵگەیەكی سەلمێنراو بۆ دەسەڵات‌و فەرمانڕەوایی هەورامان دەست نیشان بكەین، ئەوەندە نەبێت كەهەندێك ئاسەوارو پاشماوەی دێرین بخەینە روو واتاكانیان بە(شێوەزاری هەورامی) بەدەستەوە بدەین كەتا ئێستا

بەکاردێن‌و پارێزراون‌و بەزیندویی ماونەتەوەو لەناو ئەو شێوەزارەدا ووتوویێژو ئاخافتنی کۆمەڵگاکەن. بەم جۆرەی لای خوارەوە:

آنوبانینی:-[١٤] واتای ئەم زاراوەیە بەشێوەزاری هەورامی ئەوەیە(زاراوەکە ناوێکی لێکدراوە، لەسێ ووشە پێکهاتووە، ئانە- ئامرازی دەستنیشان کردنە واتاکەی- ئەوە-،- بان- واتاکەی- سنوور- ،- و- ئامرازی پەیوەندیە، - نی- ناوە، دەبێت ناوی فەرمانڕەوا یا پاشا بووبێت. زاراوەکە بەسەریەکەوە دەکاتە- تا ئەوێ سنوری پاشانی- یە).

کاسی، کاسای، کاشی، کەشی:[١٥] بەچوار جۆر ئەم زاراوەیە تۆمار کراوەو واتای ئەم زاراوەیە بەشێوەزاری هەورامی ئەوەیە(-کەش- واتاکەی- شاخ- ، - کەشی- واتاکەی- شاخاوی). جۆرە فەرمانڕەوایەتییەك بووە کە لەسنوری مەندەلی‌و بەدرەو جسان‌و تادیالەی ئێستاو بابلیشیان گرتوە لەو سنورەدا بۆ ماوەی ٤٠٠ ساڵ پێش زایین فەرمانڕەوایەتیان کردوە.

هەشەزێنە: گوندێکە لەگەرمیانی ئێستا سەر بەچەمچەماڵە، واتای ئەم زاراوەیە بەشێوەزاری هەورامی ئەوەیە(ناوێکی لێکدراوە لەدوو ووشە پێك هاتووە- هەشە- واتاکەی- وورچ- ، - زێنە- واتاکەی- زاوە-، بەسەریەکەوە زاراوەکە دەبێتە- وورچەکە زاوە-).

پشدەر: واتای ئەم زاراوەیە بەشێوەزاری هەورامی ئەوەیە(ناوێکی لێکدراوە لەدوو ووشە پێك هاتووە- پشت- واتاکەی- دواوە- ، دەرە- واتاکەی- چەم-، بەسەریەکەوە دەبێتە- پشتی چەم-).

---

[١٤] کمال رشید رحیم، منحوتة دربند باسرە، گۆڤاری هەزارمێرد ژمارە(٢٠)، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢١١.

[١٥] ئەحمەد میرزا رۆستەمی، کاسیەکان‌و حکومەتی کاسای، گۆڤاری هەزارمێرد ژمارە(١٢)، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٣٧.

رانیە: واتای ئەم زاراوەیە بەشێوەزاری هەورامی ئەوەیە(ناوێکی لێکدراوە لەدوو ووشە پێك هاتووە- را- واتاکەی- رێگا- نیە- واتاکەی- نی‌یە-، بەسەریەکەوە دەبێتە- رێگانی‌یە-).

ئارابخا: واتای ئەم زاراوەیە بەشێوەزاری هەورامی ئەوەیە(ناوێکی لێکدراوە لەدوو ووشە پێك هاتووە- ئەریٚ- واتاکەی- بەڵیٚ-، باخا- واتاکەی- باخە-، بەسەریەکەوە دەبێتە- بەڵیٚ باخە-).

ئەم زاراوانەو سەدان زاراوەو ناوی تر لەسنورە جوگرافییەکانی دەوروبەری(خانەقین‌و کفری‌و کەرکوك‌و گەرمیان‌و قەرەداغ‌و کۆیەو تەق تەق‌و بتوێن‌و پشدەرو شارباژێڕو شارەزوور)دا واتاکانیان لەناو شێوەزاری هەورامیدا دەست دەکەون‌و پارێزراون‌و ئێستا لەئاخافتنی کۆمەڵگاکەدا بەکار دەهێنرێن ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە نوسراوەکانی(ئەکەدی‌و بابلی‌و ئاشورییەکان) کەباسی جەنگەکانیان کردووە لەگەڵ لۆلۆکاندا، ووتویانە(لۆلۆکان) شکان‌و چونەوە ناو چیاکان، نەیان ووتووە لەناومان بردن. کەواتە لۆلۆکان دەبێت نەوەو وەچەیان مابێت‌و لەچیاکاندا درێژەیان بەژیان دابێت. بەبەراورد کردنی شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی لەگەڵ زمانی لۆلۆکاندا هیچ کامیان ئەوەندەی شێوەزاری(هەورامی) نزیکایەتیان نی‌یە لەگەڵ زمانی لۆلۆکاندا، هەروەها هەندێك زمانناس تەنانەت(محەمەد ئەمین زەکی)ش ووتویەتی((رەگەزی هەورامییەکان لەگەلانی قەوقازی دەچێت)).[١٦] دیسان ووتویانە لۆلۆکان رەچەڵەکیان قەوقازی‌یە. ئەگەر ئەو بۆچونانەش راست بن لەوەشدا هەریەك دەگرنەوە. هەرچەندە بۆچونەکانیان بیٚ بەڵگەی زانستین. ئەوانە هەموویان راستی‌یەك بەدەستەوە ئەدەن ئەویش

---

[١٦] محەمەد ئەمین زەکی، خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٠.

ئەوەیە(هەورامییەکانو لۆلۆکان) دەبێت پەیوەندییەکی مێژوویيان هەبێت. بەواتایەکی تر یەکێکیان ئەوی تریانە، یا هەورامییەکان لۆلۆن یا لۆلۆکان هەورامی بوون. چونکە بێ بنەما ئەو هەموو زاراوەو ناوو ووشە هەورامیانە لەو مەڵبەندە جوگرافی‌یەدا بڵاونەدەبونەوە کەسنوری دەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتی لۆلۆکان بووە تا پەیدابونی ئیمپراتۆریەتی ماد.

سەلماندنی ئەم راستیەش بەجێ دێڵین بۆ مێژوونوسانو شوێنەوارناسانو زمانناسانی گەلی کورد. ئەگەر بۆیان راست کرایەوە، بێگومان کۆمەڵگای هەورامان دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی بەناوی(لۆلۆ، کەشی، هۆری)یەوە تاسنوری جوگرافی ئەو فەرمارەوایانەیان گرتۆتەوە لەسەردەمێکی مێژوویيدا.

**قۆناغی دووەم:** لەکورتە مێژووەکەی هەوراماندا باسی ئەوە کرا، کەسوپای ئیسلام هەورامانی داگیرکرد وێرانیشی کرد کوشتارێکی زۆری خەڵکەکەشی کرد.[17] هەرچەندە هەمیشە خۆیان فەرمانڕەوایەتی خۆیان بوون.[18] بەجۆرێك لەپەلوپۆی خست کەژیانی رامیاریی کۆمەڵگای هەورامان بۆ ماوەیەکی دووردرێژ نەیتوانی خۆی دروست بکاتەوە، تا ئەوکاتەی کەدوو دەوڵەتی ئیسلامی بەهێز لەڕۆژهەڵاتو رۆژئاوای کۆمەڵگای هەورامان پەیدابوون. یەکێکیان دەوڵەتی ئیسلامی ئاینزا(شیعە) بەناوی دەوڵەتی سەفەوی‌یەوە لەئێران دامەزرا، ئەوی تریان بەناوی خەلافەتی عوسمانی ئایینزا(سوننە) دەسەڵاتی گرتە

---

[17] د. رەشاد میران، رەوشی ئایینیو نەتەوەیی لەکوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤-٤٧.

[18] حسام الدين على غالب النقشبندى، الكرد في الدينور وشهرزور خلال القرنين الرابع والخامس الهجريين، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الآداب جامعة بغداد. غير منشورة، ١٩٧٥، ص٦١.

دەست. ئەو دوو دەوڵەتە ئیسلامییە کەوتونەتە ململانێی یەکترو شەڕ بەرپابووە لەنێوانیاندا، ئەو شەڕە ماوەیەکی دوورودرێژی خایاندوە هەردوو دەوڵەت شەکەت‌و ماندوو بون، لەو سەردەمەدا هەلێك رەخساوە بۆ گەلی کورد کەچەند میرنشین‌و فەرمانڕەوایەتیەکی(ناوچەیی) دامەزرێنێت، بەمەبەستی خۆپاراستنیان لەئاگری ئەو شەڕەو رزگاربونیان لەدەسەلاتی داگیرکەران، بەلام بەبێ ئەوەی خواستی خۆیان بێت لەشەڕەکەوە گلاون.[١٩]

لەسنوری جوگرافی هەوراماندا دوو میرنشین پەیدابوون لەرۆژهەلاتەوە میرنشینی(ئەردەلان) بوە کەسەر بەدەوڵەتی سەفەوی بوە وەلەرۆژئاواوە میرنشینی(بابان)بوە کەسەر بەخەلافەتی عوسمانی بوە، کۆمەلگای هەورامان دابەش کراوە بەسەر ئەو دوو میرنشینەدا بەشی کەمی سەر بەبابانەکان بوە بەشی زۆریشی سەر بەئەردەلانەکان بوە.

لەو هەل‌و مەرجەدا هەلێك رەخساوە بۆ کۆمەلگای هەورامان کەفەرمانڕەوایەتی(خۆجێیی) دابمەزرێنێت‌و دەسەلاتی ئەو فەرمانڕەوایەتی‌یە بەناوی(سان نشین‌و خان نشین) فەرمانڕەوایەتی کۆمەلگاکەیان کردووە، کۆمەلگای هەورامان کاتێك کەئەو چینە دەسەلاتدارەی تیاپەیدابوە بەهۆی لێزانی‌و وورییایی‌و فێلبازی‌و شارەزایی ئەو چینەوە، توانیویانە خۆیان بسەپێنن بەسەر کۆمەلگاکەداو بەناوی(سان نشین‌و خان نشین)ەوە کۆمەلگای هەورامان بەلای خۆیاندا راکێشن‌و مەرام‌و بەرژەوەندی‌یەکانیان لەناو کۆمەلگاکەدا دەستەبەر بکەن.

بەپێی تیوری(النخبة أو الصفوة)ی(پاریتۆ) کەدەلێت کۆمەلگا لەدوو چین پێك دێت، چینی فەرمانڕەواو دەسەلاتدار The Rulig

[١٩] عبدالفتاح علی یحیی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥-١٥٦.

Class، وەچینی ژێردەست The Ruled Class چینی فەرمانڕەوا خاوەن هێزو دەسەلاتو پلەوپایەو موڵكو ماڵو زەویو زارو خاوەن بڕیارنو کەمینەن، چینی ژێردەست کەهەموو خەڵکەکە دەگرێتەوە خاوەنی هیچ نینو ملکەچی بڕیارەکانی دەسەلاتدارو فەرمانڕەواکاننو زۆرینەن.[٢٠]

ئەو تیورەی سەرەوە پراوپڕ بەسەر کۆمەڵگای هەورامانیدا دەچەسپێت کە لەو قۆناغە مێژوویی‌یەدا کۆمەڵگای هەورامان دووبەش(چین) بووە، بەشێکی یاچینێکی دەسەلاتدارو فەرمانڕەواکان بوون(دنیاییو ئایینی)و کەمینە بوون، ئەمانە دەست بەسنگەوە گیراوە بۆیانو ڕێزێکی زۆریان لێ گیراوە لەکۆمەڵگاکەدا وەخاوەنی هێزو دەسەلاتو پلەوپایەی کۆمەلایەتیو موڵكو ماڵو خاوەن بڕیار بوون. بەشی(چین)ی دووەمیان کە(زۆرینەن)و هەموو هەورامییە ڕەسەنەکانی کۆمەڵگاکە دەگرنەوە چینێکی بێ دەسەلاتو ڕەنجدەرو زەحمەتکێش بوون هەژارو ڕەشو رووتو بێ زەویوزار بێ پلەوپایە بوون، بڕیارو فەرمانەکانی چینەکەی تریان جێبەجێ کردوونو ملکەچ بوون.[٢١]

چینی دەسەلاتدار لەهەوراماندا(دوو) دەستەبوون، دەستەیەکیان(سانو خانو بەگ) بوە کەدەسەلاتی دنیایی‌یان بەدەست بووە، دەستەی دووەم(شێخەکان، سەید، مەلا) بوون کەدەسەلاتی ئایینیان لەئەستۆ بووە، ئەم دەسەلاتدارانە لەناوخۆیاندا ناکۆك بوون، بەلام بەرامبەر خەڵکە هەژارو ڕەشو رووتو بێ دەسەلاتەکان(هەورامییە ڕەسەنەکان) یەك جۆر رامیاریان پیادە کردوە کەئەویش(بەهەژار کردنو روتاندنەوەو ملکەچ پێکردنو ترسو تۆقاندن)بووە.[٢٢]

---

[٢٠] بیار لاروك، الطبقات الأجتماعیة، ترجمة جوزف عبود کبة، المصدر السابق، ص٢٢.

[٢١] احسان محمد حسن، رواد الفکر الأجتماعي، المصدر السابق، ص٣٤١.

[٢٢] شاکر فتاح، رۆژنامەی خورماڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤-٥.

**دەستەی یەکەم:-** بەپێی سەجەرەکەیان دەچنەوە سەر(بەهمەن) ناوێك جا کام بەهمەنیە ئەوە سەجەرەکەیان بەهەندیّ کەمو کورتیەوە دەستنیشانی کردوە، ئەگەر(بەهمەن)ی کێوەکانی دەماوەند بێت یا بەهمەنی پێش داریوش بێت، یەکەمیان ساڵی ٦٠٢- ٥٣٣ پ. ز بووە، ئەوی تریان ساڵی ٤٨٥ پ. ز بووە، سەجەرەکە زۆر دوورە لەسەردەمی ئەمانەوە.[٢٣] کۆمەڵگای هەورامان لەسەدەی چوارەمی پێش زایین کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی(یۆنانەکان) کاتێك کە ئەسکەندەری مەکەدۆنی دوای شەڕی(گۆگامل) روی لەئێران کرد، هەورامان لەساڵی ٢٠٠ پ. ز کەوتە ژێر دەسەڵاتی(ئەرمەنەکان)، دوای ئەوانیش بوە بەبەشێك لەسەر زەمینی ساسانیەکان، بەدوای ئەوانیشدا سوپای ئیسلام داگیری کردوە لەساڵی ٦٣٩-٦٤١ز ئەو ماوەیە تا لاوازبونی دەسەڵاتی ئیسلامەکان ٨٤٠ ساڵی خایاندووە.[٢٤]

کۆمەڵگای هەورامان لەو سەردەمەدا لەڕوی ژیانی رامیاری‌یەوە گرێدراوی ئەو دەسەڵاتانە بوە کەداگیریان کردوە، بەواتا مێژوو هیچ فەرمانڕەوایی‌یەکی(خۆجێیی) لەهەوراماندا تۆمار نەکردوە، بەڵام لەساڵی ٩٧١-١٠٥٦ز (بەهمەن) ناوێك تۆمارکراوە گوایە بە١٨ پشت ئەچێتەوە سەر بەهمەنی یەکەم.[٢٥] لەگەڵ ئەو نوسینەدا بەڵگەی سەلێنراو نەخراونەتە روو وە لەگەڵ سەجەرەکەیان پێك نایەتەوە، چونکە لەلایەکەوە لەگەڵ دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی دەسەڵاتدارانی(ئەخمینی‌یەکانو یۆنانییەکانو ئەشکانییەکانو ئەرمەنییەکانو ساسانییەکان)دا ناگونجێت کە لەو کاتەدا هەورامان خاوەنی فەرمانڕەوایی خۆجێی خۆی

---

[٢٣] هادی رەشید بەهمەنی، پەیامی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣، ١٢٢.
[٢٤] محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژوی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥-١١٧.
[٢٥] هادی رەشید بەهمەنی، پەیامی هەورامان، هەمان سەرچاوە، ل١٢٣.

بوبێت دوور لەدەسەڵاتی ئەو زل هێزانە، لەلایەکی ترەوە سەجەرەکە خۆی جێی گومانەو هەڵەی مێژوویی تیا بەدی دەکرێت.

کەواتە ئەو سەجەرەیە دەبێت بۆ مەبەستێك فەرمانڕەواکانی هەورامان بەو جۆرە رێکیان خستبێت، چونکە پێنجەم فەرمانڕەوای ئەردەڵانەکان ناوی(باڵوڵ)بوە لەهەوراماندا بە(باڵوڵە شێت) ناسراوە دوورنی‌یە، (باریە بەگ)[٢٦] کوڕی(باڵوڵ) بوبێتو دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگای هەورامان پەیوەندیەکیان بەباڵوڵو باریە بەگەوە هەبێتو نەوەی ئەوان بنو لەوانەوە فەرمانڕەوایەتیان وەرگرتبێت، چونکە میرنشینی ئەردەڵان لەسەدەی ١٩دا لەحەوت ناوچەی سەرەکی پێکهاتوە: ١-جوانڕۆ ٢-هەورامان ٣-مەریوان ٤-بانە ٥-سەقز ٦-ئیسفند ئاباد ٧-حەسەن ئاباد.[٢٧]

هەروەها(ئەمین زەکی) وتویەتی((بابا ئەردەڵان لەخانەدانێکی قەدیمو نەجیبی دیاربەکر بوو هیجرەتی کردبوە ناو عەشیرەتی گۆران، وە ئەوەندەی پێنەچوو نفوزی پەیداکردوو عەشایری شارەزوورو خێڵانی دۆڵانی شەرقی هەورامانی کرد بەتابعی خۆی)).[٢٨] دیارە لەو کاتەدا هەورامان فەرمانڕەوایی خۆجێیی نەبوە، لەنەوەکانی بابا ئەردەڵانەوە ئەو فەرمانڕەوایەتی‌یە ناوچەیی‌یە لەهەوراماندا پەیدابووە پشتاوپشت بەناوی(سانو خانو بەگ)ەوە فەرمانڕەوایەتی‌یان کردووە، ئەمانە پێیان باش نەبووە سەجەرەی فەرمانڕەوایەتی‌یەکەیان بە(باڵوڵە شێت)ەوە

---

[٢٦] شرفخانی بدلیسی، شرفنامە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٧.

[٢٧] حەمەد ئەمین زەکی، نازناز محەمەد عەبدلقادر، میرنشینەکانی کوردستانی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠١، ل٣٤.

[٢٨] خولاصەیەکی کوردو کوردستان-جلدی دووەم حکوماتو ئەمارەتانی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥.

ناوبانگی دەربکات بۆیە باڵۆڵیان گۆڕیوە بە(بەهمەن)وە سەجەرەیەکیشیان بۆ دروست کردووە.[٢٩]

(قانع ی شاعیر)لەم هۆنراوەیەدا بەڵگەیەك بەدەستەوە ئەدات کەدەڵێت

یادگاری پاشی خۆی ناوێ(کلۆڵ)ە، بێ درۆ
پاشی ئەو(ئەلیاس)و(خدر)و(بابلو)[*]ی خاوەن عیتاب[٣٠]

فەرمانڕەوایانی هەورامان لەو سەردەمەوە بەناوی باڵۆڵەوە ئەبێت دەست پێ بکات کەسەربەمیرنشینی ئەردەڵان بوەو دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی کۆمەڵگاکەیان گرتۆتە ئەستۆو فەرمانڕەوایەتی‌یەکی (خۆجێیی) یان دامەزراندوەو جارێکی تر(ژیانی رامیاری هەورامان) دەستی پێکردوە کە لەنێوان ساڵەکانی(١٠٥٦-١٩٣١ز) بوە کە جافرسان لەهەورامانی لهۆنو مەحمود خانی دزڵیو مەحمود خانی کانی سانان ١٩٢٨ لەهەورامانی تەخت کۆتایی بەدەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتی‌یان هاتووە.[٣١] بۆ زیاتر شارەزابوون لەسەجەرەی دەسەڵاتدارانی هەورامان سەیری ئەو سەرچاوانە بکە کە لەپەراوێزدا نوسراون.[**]

---

[٢٩] حەمەد ئەمین هەورامانی، مێژوی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦.

[*] (بابلو- دەبێت باڵۆڵ بێت): کە لەکۆمەڵگای هەوراماندا بە(باڵۆڵە شێت) ناسراوە.

[٣٠] دیوانی قانع، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپخانەی قانع، سلێمانی ٢٠٠٣، ل٧٢.

[٣١] عومەر مەعروف بەرزنجی، مەحموودخانی دزڵی، چاپخانەی نوسینگەی ئازاد- سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٧٤. یا هادی رەشید بەهمەنی، پەیامی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٨.

[**] بۆ سەجەرەی فەرمانڕەوایانی هەورامان قۆناغی دووەم سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:-

أ-سی. جی. ئەدمۆندز، کوردو تورکو عەرەب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢، ئەچنەوە سەر فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان.

ب-أ. م. مینتیشاشڤیلی، کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠، ئەچنەوە سەر ئەردەڵانەکان.

**دەستەی دووەم:-** دەسەڵاتی(ئایینی) کۆمەڵگای هەورامان بەدەست(شێخ، سەید، مەلا)کانەوە بوە کە لەژێر پەردەی ئاییندا بونەتە خاوەن دەسەڵات کە هیچیان لەدەسەڵاتدارانی دنیایی کەمتر نەبوە، بەڵکو زۆرینەی کۆمەڵگای هەورامانیان بەلای خۆیاندا راکێشاوە، چونکە تێکڕای خەڵکی هەورامان ئیسلامن‌و پەیڕەوی هەموو یاساو رێسا ئیسلامییەکانیان کردوە، شێخەکان هەرچەندە مێژووی سەرهەڵدانیان لەهەوراماندا زۆر دوورنی‌یە بەڵام بونەتە خاوەن پێگەو پلەو پایەی ئایینی‌و کۆمەڵایەتی نەك هەر لەناو کۆمەڵگاکەدا بەڵکو لەکوردستان‌و لەووڵاتە ئیسلامییەکانیشدا دەنگیان داوەتەوە. لەڕێی پێگە ئایینی‌یەکەیانەوە لەهەوراماندا بونەتە خاوەنی چاکترین زەوی‌و زارو باخ‌و باخاتی هەورامان‌و موڵك‌و ماڵ‌و خانووبەرەیەکی زۆریان بۆ خۆیان دەستەبەر کردوە، چەند خانەقاو مزگەوتێکیان لەسەر رەنجی شانی کۆمەڵگای هەورامان دروست کردوە کەبونەتە جێگای خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان. وەك لەلاپەڕە(٣٤)دا نیشان دراوە. (شێخەکان) بەڕەچەڵەك‌و بەپێی سەجەرەکەیان هەورامی نین، بەڵکو بوون بەهەورامی. شێخەکانی هەورامان عەرەبن‌و لەسەیدەکانی(نعێم)ن لەکاتی(سەید قڕانی) سەردەمی عەباسییەکاندا باپیرە گەورەیان بەناوی(سەید ظاهر)ەوە هەڵهاتوەو روی کردوەتە هەورامان‌و بەمەبەستی

---

ج-محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨، ٦٦٦. لەم سەرچاوەیەدا لەلاپەڕە ٥٧٢ کۆمەڵێك هەڵەی مێژویی تیا بەدی دەکرێت، بەبەراورد لەگەڵ پەیامی هەورامان- هادی رەشید بەهمەنی‌دا لە ل١١٣، ١٢٢، ١٢٣دا.

د/هادی رەشید بەهمەنی، پەیامی هەورامان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧ دەچنەوە سەر بنەماڵەی ئەردەڵانەکان. کەچی لەپێشەوە دەچنەوە سەر(ساسانی فارس)ەکان، بەو پێیە سەجەرەکە گومانی لەسەرەو دروستکراوەو راست نی‌یە.

خۆ حەشاردان‌و خۆشاردنەوە.[32] دوایی نەوەکانی بونەتە خاوەنی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی‌و ئایینی‌و لەسەردەمی شێخ عوسمانی تەوێڵە(سیراجەدین ۱۷۸۱-۱۸٦۷ز)دا کاتێك کەبوە بەخەلیفەی مەولانا خالد بۆ بڵاوکردنەوەی رێبازی نەقشبەندی سۆفیگەری لەهەوراماندا ناوو ناوبانگی بڵاوبۆتەوە.[33] لەسەردەمی ئەو بەدواوە ئیتر شێخەکان دەستیان گرتوە بەسەر چاکترین زەوی‌وزارو موڵك‌و ماڵ‌و باخ‌و باخاتی کۆمەڵگای هەوراماندا لەژێرپەردەی خواپەرستی‌و ئایینیدا ئەو دەسەڵاتدارانە دەستەی یەکەم‌و دەستەی دووەم(دنیاییەکان، ئایینی‌یەکان) لەناوخۆیاندا ناکۆك‌و ناتەبا بوون. بەڵام بەرامبەر کۆمەڵگای هەورامان یەك جۆر رامیاریان پیادەکردوە کە لەسەر(بەهەژارکردن‌و داگیرکردنی زەوی‌وزارو باخ‌و باخات‌و ملکەچ پێکردنی کۆمەڵگاکەو ترس‌و تۆقاندنیان‌و ئاوارەکردن‌و دەربەدەرکردنیان‌و رسواکردن‌و تەنانەت کوشتن‌و زیندانی کردنیان) دامەزراوە. بەکورتی لەقۆناغی فەرمانڕەوایی خۆجێیی هەورامان هەر سێ دەردەکە(نەخۆشی، نەخوێندەواری، هەژاری) سەریان کردبوە کۆمەڵگای هەورامان‌و لەجوڵەیان خستبوو.[34]

بەڕای توێژەر ئەو باسەی پێشەوە ئەم خاڵانەی لای خوارەوەی لێ پەیدا دەبن:-

۱-بەپێی سەجەرەی(سان‌و خان‌و بەگ) چ ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر(بەهمەن) یا ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر(باڵوڵ) ئەمانە هەورامی

---

[32] محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل۷۳.
[33] مەلا عەبدول کەریمی مودەرس، گۆڤاری رۆڤار ژمارە(١٤) سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.
[34] شاکر فتاح، رۆژنامەی خورماڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤-٥.

رەسەن نین، بەڵكو بونەتە هەورامیو دواتر دەسەڵاتی رامیاریی كۆمەڵگاكەیان بۆ خۆیان قۆرخ كردوە.

٢-هەندێك هەورامی رەسەن بەهۆی تێكەڵاوبونیانەوە لەگەڵ دەستەی فەرمانڕەواو دەسەڵاتداردا، ساناویو خاناویو بەگاوی بوون، لەناو كۆمەڵگاكەدا بە(بەگە رووتە) ناسراون، ئەوانە هەورامی رەسەنن.

٣-بەپێی سەجەرەی(شێخەكان) ئەوانە هەورامی نین، بەڵكو بوون بەهەورامیو دەسەڵاتی ئایینی كۆمەڵگاكەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان قۆرخ كردوە.

٤-هەندێك هەورامی رەسەن بەهۆی تێكەڵاوبونیانەوە لەگەڵ شێخەكاندا، شێخاوی بوون، لەناو كۆمەڵگاكەدا بە(شێخە درۆزنە)یا(شێخە رووتە) ناسراون، ئەوانە هەورامی رەسەنن.

٥-چینی دەسەڵاتدار(دەسەڵاتی دنیاییو دەسەڵاتی ئایینی) هەمیشە ناكۆك بوون لەناو خۆیاندا، بەڵام بەرامبەر بەهەورامییە رەسەنەكان یەك جۆر رامیارییان پیادەكردوە.

٦-لەو سەردەمەدا كۆمەڵگای هەورامان بووە بەدوو چینەوە، چینێكی كەمینەی دەسەڵاتدارو فەرمانڕەواو خاوەن بڕیارو خاوەن زەویوزار بوون. چینەكەی تر زۆرینەنو هەموو هەورامییە رەسەنەكانن كەهەژارو بێ دەسەڵاتو جێبەجێكەری بڕیارەكانی دەسەڵاتداران بوون.

٧-فەرمانڕەواو دەسەڵاتدارەكانی كۆمەڵگای هەورامان لەو سەردەمەدا (سەربەست نەبوون)، بەڵكو گرێدراوی دەوڵەتە ئیسلامییەكانی(سەفەویو عوسمانی) یاگرێدراوی میرنشینە كوردییەكانی (ئەردەڵانو بابان) بوون.

٨-ئاژاوەو شەڕو شۆڕ لەكۆمەڵگاكەدا لەپێناو بەرژەوەندییەكانی دەسەڵاتداراندا بەرپابووەو بەناوی نەتەوایەتییەوە بۆیاخ كراوەو هیچ

جۆرە Ideologie یەتێکیان نەبووەو هیچ ئاسەوارێکی بیروباوەڕی ناوچەگەری یا نەتەوایەتی یا ئایینی بەکۆمەڵگاکەوە بەجێ نەماوە.

٩-ململانێ هەبوە لەنێوان ئەو دوو چینەدا(چینی دەسەڵاتدار-کەبوون بەهەورامی)و(چینی بێ دەسەڵاتو هەژارەکان کەهەورامییە رەسەنەکان) بوون.

**قۆناغی سێیەم:** ژیانی رامیاریی هەورامان لەم قۆناغەدا زۆر هەڵدەگرێت لەسەری بنوسرێت، هەر لەپەیدابونی بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیەتی نەتەوایەتیو نیشتمانیو کۆمۆنیستیەوە بیگرە تا پەیدابونی بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی گەلی کورد. بەڵام باسەکەی ئێمە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەیەو ناکرێت لێی دەربچین، بۆیە بەچەند خاڵێك ژیانی رامیاریی کۆمەڵگای هەورامان لەم قۆناغەدا دەستنیشان دەکەین:-

١-لەسەرەتای مێژووی هاوچەرخی هەوراماندا هێشتا دەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتیی ناوچەیی(جافرسان) لەهەورامانی لهۆنو(ئەفراسیاو بەگ) لەهەورامانی لهۆنی بەشی کوردستانی عیراقو(مەحمود خانی دزڵی)و(مەحمود خانی کانی سانان)و پلەو پایەی شێخەکانی نەقشبەندی(شێخ حیسامەدینو شێخ عەلائەدینو شێخ عوسمانی بیارە) کۆتاییان نەهاتبوو. بزوتنەوەکەی شێخ مەحمودی حەفید دەستی پێکرد بوو ئەوانە(پشتوپەنا) بوون لەهەموو روویەکەوە، تەنانەت هاوکاریان دەکرد لەشەڕەکانیدا دژی ئینگلیزەکان((دوای ئەوەی کە-مەحمود خانی دزڵی- شاری سلێمانی لەچنگی داگیرکەرانی ئینگلیز رزگار کردو سوپاو دەستو پێوەندەکانی دەرپەڕاندو کلیلی سەرفرازی شارەکەی دایە دەست شێخی نەمر... ژمارەیەکی زۆری سوپاکەی شێخ مەحموودی نەمر لەجەنگاوەرەکانی مەحمودخانی دزڵی پێکهاتبوو.....وە

پێشڕەوی شەڕەکەی دەربەندی بازیان بوون)).[٣٥] کۆمەڵگای هەورامان لەم قۆناغەدا کەهەردوو دەسەلاتی(رامیاری‌و ئایینی) بەهێزبووە، ((وە دەسەلاتی ئایینی ئیسلامیان کردوەتە پەت‌و ملیان بەرەو نۆکەری‌و ملکەچی‌و یەخسیری‌و بێبەشی‌و رۆژە رەشی، راکێشاوە))[٣٦] دەسەلاتی فەرمانڕەوایەتی‌یە رامیاری‌یەکەشی لەوە باشتر نەبوە. ئەو بارودۆخە نالەبارە کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر ژیانی کۆمەلایەتی هەورامان، کۆمەڵگاکە لەبارێکی خراپ‌و دواکەوتوو پڕ لەشەڕو ئاژاوەو نائارامیدا نالاندویەتی خەڵکەکەی توشی(هەژاری‌و نەخۆشی‌و نەخوێندەواری) بوە بەگشتی کۆمەڵگاکە لەو هەل‌و مەرجەدا لەڕوی کۆمەلایەتی‌و ئابوری‌و فەرهەنگی‌یەوە دواکەوتوو بووە چونکە ژیانی رامیاری‌یەکەی کاریگەری هەبوە لەسەر بارەکانی تری ژیانی کۆمەلایەتی.[٣٧]

٢-کەجولانەوەکەی ئەیلولی گەلی کورد لەساڵی ١٩٦١دا دەستی پێکرد بەشێك لەکۆمەڵگای هەورامان- هەورامانی لهۆنی دیوی کوردستانی عیراق- بەشداری کاریگەری کردوە لەو جولانەوەیەدا. ئەوەش بەجۆرێك بووە کە بەدرێژایی تەمەنی جولانەوەکە بارەگاکانی هێزی خەبات لە(تەوێڵەو بیارە)دا جێگیربوون‌و هەموو پێداویستیەکانیان لەناو کۆمەڵگاکەدا دەستەبەر کراون. بەناوبانگترین شەڕ کە لەمێژووی ئەو جولانەوەیەدا تۆمارکراوە شەڕی(پردەکەی زەڵم) بووە کە لەساڵی ١٩٦٤دا هەورامییەکان بەفەرماندەیی(حەمەلە گوڵپی) هەڵیان کوتاوەتە سەر لیوای ٢٠ کە(زەعیم سدیق) فەرماندەی

---

[٣٥] عومەر مەعروف بەرزنجی، مەحموود خانی دزڵی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥، ٧٩.
[٣٦] د. حوسێنی خەلیقی، کۆمەڵناسی‌ی کوردەواری، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٩٢، ل٧٩.
[٣٧] شاکر فتاح، رۆژنامەی خورماڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

بووەو لەو هەڵمەتەدا بۆ یەکەم جار بووە کەپێشمەرگە بە(خەنجەر) پەلاماری زرێپۆشی دابێت بەڵام لەبەر نابەرامبەری هێزەکان لەڕوی جۆری چەكو ژمارەی شەڕکەرو رێکخستنەوە فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە دەکوژرێت کە بەخەنجەرەکەیەوە لەسەر دەبابەیەك بووەو دەبابەکەی دواوە تەقەی لێکردوەو لەگەڵ خۆیدا(سێ) پێشمەرگەی تر کەیەکێکیان(ئەمین کوێخا برایم) خەڵکی لادێی دەگاشێخان بوە نزیك شارۆچکەی بیارەو دوو پێشمەرگەی تریش کەخەڵکی شاری هەڵەبجەو گوندی عەبابەیلیێ بوون زرێپۆشەکان لەسەنگەرەکانیاندا شێلاونیانو گۆشتو خۆڵەکە بەجۆرێك تێکەڵ بوە نەناسراونەتەوە.

ئەو هەڵمەتە لەڕوی(وورە)وە گورزێکی کاریگەربووە کەهەڵوێستەی بەدوژمنی گەلی کورد کردوە وەبۆ دوژمنانیان سەلماندووە داگیرکەران ناتوانن هەورامان داگیر بکەن تا بەسەر لاشەکانیاندا تێنەپەڕن، لەدوای ئەو روداوە وە دوژمنان رویان لەهەورامان نەکردوە وە هەورامان بۆتە قەڵایەکی قایم بۆ بزوتنەوەکەی ئەیلول. یەکێك لەوانەی لەو دەستەیەدا بوەو لەشەڕەکە رزگاری بوە(مام عەبدی- رەحمان رۆستەم) کەخەڵکی شارۆچکەی بیارە بووە.[٣٨]*

٣-لەدوای(ئاش بەتاڵ)ەکەی ساڵی ١٩٧٥ لەکوردستاندا(شۆڕشی نوێ) بەرپابوو دژی رژێمی بەعس کە(یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بەرپای کردو پاشماوەکانی شۆڕشەکەی ئەیلول کە لەئێران مابونەوە بەناوی(قیادەی موەقەت- پارتی دیموکراتی کوردستان) لەساڵی ١٩٧٧وە گەڕانەوە سنورەکانی هەورامان، هەردوو رێکخراوەکە

[٣٨] هادی رەشید بەهمەنی، پەیامی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩.

* شایەت حاڵەکان(مام عەبدی- رەحمان رۆستەم) خۆی پێشمەرگەی ئەو دەستەیە بوەو بەشداری کردوە لەشەڕەکەدا.

بنکەو بارەگایان لەهەوراماندا کردەوە، پێویستییەکانی ئەو دوو ڕێکخراوە لەسەر شانی کۆمەڵگای هەورامان بوون، ئەو پێشمەرگانەی کەهەورامی بوونو دژی ڕژێمی بەعس جەنگاون لەناو هەردوو ڕێکخراوەکەدا نزیکەی ٧٠٠ کەس بوون، کەنزیکەی ١٢٠ کەسیان کوژراون تاکو ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١.

٤-هەورامییەکان ئەو ژیانە نالەبارو پڕ کێشەو دەردەسەرییەی کە بەدرێژایی مێژوو بەرۆکی گرتوون لەلایەكو لەلایەکی ترەوە ململانێی سەرەمڕەیان لەگەڵ تۆپۆگرافیای هەورامان لەمرۆڤێکی ئاساییەوە بۆ مرۆڤێکی ڕامیاریو خاوەن شارستانەتێکی دێرین گۆڕاون، بەڵام چەرخی ڕۆژگار یاوەریان نەبووە، ئەو ئاواتو خواستانەی کەهەیان بون بۆیان بەدی نەهاتوون، وەك کۆمەڵگایەکی دێرینو بەئەزمون سەیر نەکراون، زۆرجار ڕوبەڕوی توانجو بۆچونی بێ سەروبەر بونەتەوە وەك(دکتۆر کەمال فوئاد ) کەخۆی شارەزا نەبووە لەشێوەزاری هەورامی پێی ڕەوا نەبینیون کەزمانەکەیان زمانی کوردی ڕەسەن بێت بەڵکو بەکوردی نەزانیوە.[٣٩] و هەروەها (ئەمین زەکی) بەتاجیك دەیانناسێنێت.[٤٠]

## کاریگەری ژیانی ڕامیاری لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگای هەورامان

هەروەك دەرکەوت لەئەنجامی باری ڕامیاری کۆمەڵگای هەورامان جێگیر نەبووە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاواز بووە، لەسەردەمێکدا دابەش بووە بۆ(دوو چین) دیارە ململانێ هەبوە لەنێوانیاندا ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە توشی هێرشو پەلامارەکانی دوژمنانی گەلی کورد بونەتەوەو گورزی کاریگەریان بەر

[٣٩] محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨٥.

[٤٠] محەمەد ئەمین زەکی، خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٠.

کەوتووە، سەرباری ئەوە هەمیشە لەجەنگدابوون لەگەڵ تۆپۆگرافیای ناوچەکە، ئەوانە هەموویان کاریگەری خراپیان هەبوە لەسەر ژیانی رامیاریی کۆمەڵگای هەورامان، ئەوەش بەخراپی کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی ئابووریو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو ئایینی کۆمەڵگاکە، چونکە ژیانی کۆمەڵایەتی لەسستمێك پێك دێت کە بەتۆرێك لەپەیوەندی پەیدابوەو بەیەکەوە بەستراوەو تەواوکەری یەکترە خراپی ژیانی رامیاری کاریگەری بوە لەسەر سستمی پێکهاتەی کۆمەڵگاکە ئەوەش دەرەنجامی شێواندنو ئاڵۆزبونی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای هەورامانی لێ کەوتۆتەوە بۆیە توشی هەرسێ دەردەکە بوە(هەژاریو نەخۆشیو نەخوێندەواری).

## باسی چوارەم

# ژیانی شارستانیو کلتوریی هەورامان

ژیارو کلتور پێوەست نی‌یە بەکۆمەڵگایەکەوە بەتەنها، بەڵکو هەموو کۆمەڵگایەك بەشی خۆی کلتوری تایبەتی خۆی هەیە. ئیتر ئەو کۆمەڵگایە سەرەتایی بێت یا پێشکەوتوو. شارستانێت Civilization زاراوەیەکە دەچێتە ناو کلتورەوە Culture، لەڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆجی‌یەوە جیاوازی نی‌یە لەنێوان ئەو دوو زاراوەیەدا.[٤١]

ژیارو کلتور Culture تێکەڵە پێکهاتەیەکی یەکتر تەواوکەرە کە لەبیروباوەڕو دابو نەریتو خوو و ڕەوشتو ئامرازەکان، کەپێویستە مرۆڤ خۆی بگونجێنێت لەگەڵیاندا لەناو کۆمەڵگادا بەمەبەستی دابینکردنی پێویستییە سەرەکییەکانی ژیانی.[٤٢] هەروەها هەموو ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەیە کەدابو نەریتو بیروباوەڕو هونەرو ڕەوشتو یاساو هەموو شارەزایی‌یەکانو هەڵسو کەوتەکان کەمرۆڤ وەریگرتوون وەك ئەندامێکی کۆمەڵگا، بەکورتی شارستانێتی(کلتور) ئەوەیە، ئەو بەشە ژینگەیە کەمرۆڤ دروستی کردوە.[٤٣] لەگەڵ ئەوەشدا شارستانێت(کلتور) بریتی‌یە لەشێوە باوە گشتی‌یەکەی ژیان لەکاتێکی دیاری کراودا لەناو

---

[١] د. عبدالحميد لطفي، الانثروبولوجيا الاجتماعية، المصدر السابق، ص٥٩.

[٢] د. محمد أحمد الزعبي، التغير الأجتماعي، ط١، دار الطليعة للطباعة والنشر- بيروت، ١٩٧٨، ص١١١.

[٣] ميلفيل. ج. هرسكوفيتز، طبيعة الثقافة، ترجمة د. رياح النفاخ، مطبعة وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٧٣، ص٥.

کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بەگشتی.[٤] هەر بەو شێوەیەش شارستانێتی(کلتور) ئەو شتانەیە کەتاکە کەس لەکۆمەڵگا وەری دەگرێت وەك هونەرەکان، زانستەکان، زانیارییە گشتیەکان، فەلسەفە، بیروبڕواو شتی لەو چەشنانە.[٥] کەواتە شارستانێتی(کلتور) بەرهەمی ئاوێتە بوونی مرۆڤو ژینگەی سروشتیە، کەتواناکانیو سەرچاوەکانی بەکار دەهێنرێنو سوودو کەڵکیان لێ وەردەگیرێت، هەر یەك کار لەوی تر دەکاتو تەواوکەری یەکترین.[٦] کەواتە شارستانێت(کلتور) لەسەرەتاوە بیرو هزرێکە لەلای مرۆڤ گەڵاڵە دەبێت، بەهەوڵو تێکۆشانو ماندووبوون بەرهەم دەهێنرێت، ئەو بەرهەمە یا بەشێوەی(شمەك) کە بەشێوەی هەموو ئامرازەکانی ئابوریو ئاوەدان کردنەوە لەژیاندا دەردەکەون، یا بەشێوەیەکی(واتایی) لەبواری کۆمەڵایەتیدا لەشێوەی هەڵسوکەوتی ئەندامانی کۆمەڵگادا دەردەکەون وەك دابو نەریتو خووڕەوشتو یاساو هونەرو بیروباوەڕەکان.[٧] کۆمەڵگا گەورە بێت یا بچوك خاوەنی شارستانێتی تایبەتی خۆیەتیو چەند خەسڵەتو نیشانەی تایبەتمەندی پێوەدیارە کە بەپێی کاتو شوێن لەیەکتر جیا دەکرێنەوە.[٨]

---

[٤] د. قيس النوري، الحضارة والشخصية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، المكتبة الوطنية، بغداد ، ١٩٨١، ص٧٤.

[٥] د. حوسێنی خەلیقی، کۆمەڵناسی کوردەواری، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٨.

[٦] نخبة من الباحثين العراقيين، حضارة العراق، الجزء الأول، المصدر السابق، ص١٦.

[٧] مجموعة من اساتذة علم الاجتماع، دراسات في علم الأجتماع والأنثروبولوجيا، الطبعة الأولى، دار المعارف بمصر، ١٩٧٥، ص٣٧٢.

[٨] ليو أوينهايم، بلاد ما بين النهرين، ترجمة سعدي فيضي عبدالرزاق، وزارة الثقافة والأعلام، دار الرشيد- بغداد ، ١٩٨١، ص١٥٤-١٥٩.

هەر ئەوەشە وای کردووە زانایانی ئەنترۆپۆلۆجی خاوەن ڕێبازی(مەڵبەندە شارستانێتەکان) بڵێن: شارستانێت (کلتور) لەگەلێکەوە بۆ گەلێکی تر جیاوازی هەیەو لێکچونەکانیشیان لەئەنجامی پەیوەندییەکانەوە دروست بوون، جا لەڕێگای شەڕو شۆڕەوە بێت یا لەڕێگای کۆچ کردنو بازرگانی کردنو هێرشەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بوبێت.[9] مرۆڤ هەمیشە بیردەکاتەوە ئەنجامی بیرکردنەوەکەشی داهێنانە یەك لەدوای یەکەکانە(شمەکی)و(واتایی)یە، ئەوانیش هەمیشە لەگۆڕاندانو ناوەستن چونکە پێویستی‌یەکانی ڕۆژانە ئەوە دەخوازن، هەر ئەوەشە بۆتە هاندەری مرۆڤ بەچەند قۆناغێکی ژیاندا تێپەڕێتو خۆی لەئاژەڵەکانو بونەوەرەکانی تر جیا بکاتەوە.[10] ئەو گۆڕانەش بەشێوەیەکی ڕێكو پێكو بەپێی سستمێك بووە، نەك لەخۆیەوەو بەپێی هەڵکەوت بوبێت.[11] بەپێی هەڵکەوتی جوگرافیو پەیدابونی کۆمەڵگا جیاوازەکانو ژینگە جیاوازەکان شارستانەتەکان جیاوازیان هەیە، هەرچەندە هەندێك(شارستانەتی گشتی) هەیە کەلای هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی لەجیهاندا وەك یەکن.[12] کە بەهۆی

---

[9] د. محمد عبده محجوب، الأتجاه السوسيو أنثروبولوجى في دراسة المجتمع، دار العلم للملاين، بيروت، بدون سنة الطبع، ص١٣-١٥.

[10] د. حوسێنی خەلیقی، فەلسەفەی کۆمەڵ، الشركة العراقية للطباعة، بغداد، ١٩٨٩، ل١٣٢.

[11] صدام الزيادى، المدخل الى الفلسفة، ج١، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٩، ص٢٠٨.

[12] د. تقي الدباغ ود. قيس نعمة النوري، علم الأنسان الطبيعي، وزارة التعليم العالي، مطبعة الجامعة- بغداد، ١٩٨٣، ص٢٦٦.

کرداری فێربونەوە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، یا لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر، یا لەوەچەیەکەوە بۆ نەوەکانی دەگوێزرێتەوە.[١٣]

گۆڕانی شارستانێتیش کتوپڕ نی‌یە، بەڵکو ماوەیەکی دوورو درێژی دەوێت، هەروەها گۆڕانی شارستانێتی(شمەك)ی وەك گۆڕانی شارستانێتی(واتایی) نی‌یە، شمەکی‌یەکان زوو دەگۆڕێن، بەڵام واتایی‌یەکان لەسەرخۆو ماوەیەکی زۆریان دەوێت تا دەگۆڕێن.[١٤] هەموو داهێنانو دۆزینەوەیەکی نوێ کاریگەری خۆی هەیە لەسەر کۆمەڵگاو راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت ئەویش بەرێگای کاردانەوەو گەیاندنو فێرکردن کار لەلایەنەکانی تر دەکاتو کۆمەڵگا بەرەو گۆڕان دەباتو دەگۆڕێت.[١٥] گەلانو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی پێشکەوتووبن یا دواکەوتوو، گەورەبن یا بچووك خاوەن شارستانێتی تایبەتین ئەوەش سەرنجی زانا ئەنترۆپۆلۆجیەکانیان راکێشا کەزاراوەی(شارستانێتی رێژەیی Cultural Relativity) یان داهێنا کەئاماژە بەجیاوازی شارستانێتی گەلانو کۆمەڵگاکان دەدات.[١٦] وە شارستانێت(کلتور) دەبێت بەدوو لقی سەرەکی‌یەوە کە(شمەکی- مادی، واتایی-مەعنەوی)یە. ئەگەر بێینە سەر باسی شارستانێتی(کلتوری) کۆمەڵگای کوردەواری بەگشتیو

---

[١٣] أن تايلر وآخرون، مدخل الى علم النفس، ترجمة عيسى سمعان، ج١، وزارة الثقافة- دمشق، ١٩٩٦، ص٤٦١.

[١٤] د. فوزية دياب، القيم والعادات الأجتماعية، دار النهضة العربية- بيروت، ١٩٨٠، ص٦١.

[١٥] أ. ك. آوتاوايى، التربية والمجتمع، ترجمة د. وهيب ابراهيم سمعان وآخرون، مكتبة الأنجلو المصرية- القاهرة، ١٩٧٠، ص١٢.

[١٦] د. قيس النوري، الأنثروبولوجيا الاقتصادية، المصدر السابق، ص١٤.

کۆمەڵگای هەورامان بەتایبەتی دەبینین کۆمەڵگای هەورامان وەك بەشێکی گرنگی نەتەوەی کورد لەکۆنو نوێدا خاوەنی شارستانێتی تایبەتی خۆی بووە، جگە لەوەی بەشداریشی کردووە لەپێکهاتەی(شارستانێتی گشتی) نەتەوەی کورددا، تێکڕا شارستانێتی کۆمەڵگای هەورامان دوو بەشە کەئەوانیش شارستانێتی(شمەك)یەو شارستانێتی(واتایی)یە کە بەکورتی باسیان دەکەین.

## بەشی یەکەم:

### شارستانێتی(کلتوری)ی شمەك- مادی:

مەبەست لەشارستانێتی‌ی شمەك هەموو ئەو کەرەستەو ئامرازو ئاسەوارانەیە کە بەشێوەی(شمەك)ی کۆمەڵگای هەورامان لەبواری ئابووریو ئاوەدانکردنەوەو جەنگو سەربازیدا ئاسەواری بەجێ ماوە لەسەردەمە کۆنەکاندا، یا ئێستا ئامرازو کەرەستەی ژیانی شارستانێتی کۆمەڵگای هەورامانن.

تا ئێستا سنوری جوگرافی هەورامان نەپشکێنراوە لەلایەن دەزگا بەرپرسەکانەوە، پاشماوەی دێرینو شارستانێتی ئەو کۆمەڵگایە لەژێر خاكو خۆڵو کەلاوە روخاوەکانو ئەشکەوتەکاندا ماوەتەوەو ئاشکرا نەکراوە، بۆیە زانیاریمان لەسەر ژیانی شارستانێتی(کلتوری) ئەو کۆمەڵگا دێرینە ئەوەندە نییە کەباسەکە تێرو تەسەل بکاتو هەموو کەلەبەرەکان پڕ بکاتەوە لەگەڵ ئەوەشدا بەپشت بەستن بەچەند سەرچاوەیەکی مێژوویی مشتێك لەخەرواری شارستانێتی(کلتوری) دێرینی ئەو کۆمەڵگایە دەخەینە روو کە لەناو(بەڵگەنامەکانی هەورامان، چەند نمونەیەکی دراوی کۆن، چەند کەرەستەیەکی سوپاییو جەنگی) ئاماژەیان پێ دراوە.

## بەڵگەنامەکانی هەورامان[17]

لەهەورامان(سێ) بەڵگەنامەی مێژوویی دۆزراونەتەوە پاش گواستنەوەیان بۆ لەندەن زانایان(کاولی، منس) تاووتوێیان کردون مێژوەکەیان بۆ ساڵەکانی ٨٨ پ. ز، ٢٨ پ، ز، ١١ پ. ز دەگەڕێتەوە کە بەخەتی یۆنانیو ئارامیو بەزمانی کۆمەڵگاکە نوسراون. ناوەڕۆکی بەڵگەکان باس لەکڕینو فرۆشتنی رەزوباخ دەکەنو بەهای شمەکە کە بەجۆرە(پارە) یەك دیاری کراوەو فرۆشیارو کڕیارو شایەت دیاری کراون. ئەو بەڵگانە بۆ بابەتی کۆمەڵناسیو ئەنترۆپۆلۆجی بایەخی تایبەتیان هەیە، چونکە چەند راستی‌یەکی شارستانێتی(کلتوری) ئەو کۆمەڵگایە بەدەستەوە دەدەن لەو سەردەمە مێژوویی‌یەدا لەم روانەوە:

١-کۆمەڵگای هەورامان لەو سەردەمەدا جێگیربووەو کۆچەر نەبوە.

٢-رەزو باخ دانانیان زانیوەو سەرچاوەی بژێویان بوون.

٣-خاوەنی سستمێکی خاوەندارێتی بوون کە(خاوەندارێتی تایبەتە) بەپێی کڕینو فرۆشتنو شایەت ئەو خاوەندارێتی‌یە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر گوێزراوەتەوە.

٤-دراویان هەبوەو لەکانزا دروست کراوەو مامەڵەی پێ کراوە.

٥-شێوەزارەکەیان یا زمانەکەی خۆیان لەکڕینو فرۆشتنەکەدا بەکار هێناوە.

٦-کۆمەڵگای هەورامان خاوەن یاساو رێساو دەستورێك بووە کەپشتی بەنووسینو تۆمارکردنو بەڵگە بەستووە.

---

[17] د. جمال رشید أحمد، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وولاتی کوردەواری، وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن، بەغدا- عیراق، ١٩٨٨، ل٣٣١-٣٥٤. هەروەها بڕوانە: سۆران کوردستانی، بەڵگەنامە کۆنەکانی هەورامان، وەرگێڕانی کارزان محەمەد، گۆڤاری هەزارمێرد ژ.(٢٢) وەزارەتی رۆشنبیری، ٢٠٠٢، ل٧٦.

## دراو لەهەوراماندا[18]

لەهەوراماندا پێش ئیسلام لەسەردەمی ئاشکانیەکاندا(دراوی کانزایی) بەکارهاتووە لەمامەڵەو چالاکی‌یە ئابوریەکاندا جۆرە دراوێك دۆزراوەتەوە دیوێکی وێنەی ژنێکی پێوەیەو دیوەکەی تری بەئەلف‌و بێ‌ی ئارامی لەسەری نوسراوە بۆ زانستی کۆمەڵناسی‌و ئەنترۆپۆلۆجی چەند سودێك دەبەخشێت وەك:-

١-بۆ ئاڵووێر کردن‌و چالاکی‌یە ئابوری‌یەکان دراو بەکارهاتووەو کانزاکان ناسراون.

٢-بەهای هەندێك کانزا لەوانی تر زیاتر بووەو بەرەنج‌و ماندووبون هاوسەنگ کراوە.

٣-ژن نرخێکی زۆری هەبووە چونکە وێنەی ژن لەسەر دراو هەڵکەنراوە لەوانەشە فەرمانڕەوا بوبێت لەو سەردەمەدا، تا ئێستا بەشێوەزاری هەورامی ئەو ووشەیە پارێزراوەو زیندوەو رۆژانە بەکاردێت کەبەو دراوەوە هەبوەو پێ‌ی وتراوە(ئەدا، ئاداد، Adad) بەواتا(دایك).

٤-جۆری پەیوەندیەکان‌و خاوەنداریەتەکان دیاری دەکات.

## چەند کەرەستەیەکی سوپایی‌و جەنگی[19]

لەشارۆچکەی بیارە لەبەرواری ١٣/٥/١٩٩٧ چەند دەفرێکی برۆنزی هەمە شێوەو چەند کەرەسەو ئامرازێکی جەنگی‌و سوپایی کانزایی دۆزرانەوەو خرانە مۆزەخانەی سلێمانی‌یەوە کە ئێستا بەژمارەکانی(١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢، ١٨٣، ١٨٤، ١٨٥، ١٨٦، ١٨٨، ١٨٩) تۆمار کراون. مێژووەکەیان بۆ سەدەی هەشتەم‌و حەوتەمی پ. ز دەگەڕێتەوە، شوێنەوارەکە وێرانە شارێکەو

---

[18] محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤

[19] مۆزەخانەی سلێمانی، ئاسەوارێکی بیارە- ئاسنە وەرد، ١٩٩٧، ژمارەکانی(١٧٦-١٨٩).

دوور نییە لەشەڕوشۆڕی ئاشوریەکان لەسەردەمی(ئەدەد نیراری یەکەم) سالّی ٩١١ پ. ز پاشای ئاشووری پەلاماری ئەو دەوروبەرەی دابێت‌و هێرشەکانی تا هەورامان گەیشتبن‌و وێران کرابێت.[٢٠] یا لەسەردەمی (ئەدەد نیراری دووەم ٨٩١ پ. ز) ئەو کاولکارییە روی نەدابێت، چونکە ئەویش شەڕو پەلاماردانەکانی سنووری هەورامانیان گرتۆتەوە.[٢١] کاتێك سوپای ئیسلام هەورامانی داگیرکردوە ژیانی شارستانێتی(کلتوری) کۆمەڵگای هەورامان بەرەو پوکانەوە چوەو خەڵکەکەی خەریکی خواپەرستی بوون، زۆر بەتەنگ کاروبارە دنیاییەکانەوە نەبوون تا ئەو کاتەی عوسمانییەکان‌و سەفەوی‌یەکان کەوتونەتە شەڕەوەو هەلێك رەخساوە لەهەوراماندا جۆرە فەرمانڕەوایەتی‌یەکی(ناوچەیی- خۆجێی) دامەزراوە، ئەویش دەسەڵاتی نیمچە دەرەبەگایەتی‌و بنەماڵەیی‌ی لێ پەیدابووە، هەرچەندە کۆمەڵگایەکی دێرین‌و خاوەن شارستانێتیش بووە، هەروەك چۆن کۆمەڵگای کوردەواری لەو سەردەمە پیادەی کردووە.[٢٢]

ئەو دەسەڵاتە ناوچەیی‌یە کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر کۆمەڵگای هەورامان‌و بوە بەدوو چینەوەو ململانەو شەڕو شۆڕێکی درێژ خایەن بەرۆکی گرتووە، جگە لەشەڕە ناوخۆیی‌یەکان تووشی شەڕی رووسەکان‌و ئینگلیزەکانیش بووە.[٢٣]

## کلتوری تەندروستی

---

[٢٠] کرێکار عبداللە حسین، کوردو ئاشوری، بلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی‌و روناکبیریی گەلاوێژ، چاپی یەکەم ، وەزارەتی رۆشنبیری، حکومەتی هەرێمی کوردستان- سلێمانی، ١٩٨٨، ل٥٢.

[٢١] د. فوزی رشید، آشور، دار الحرية للطباعة، ١٩٨٥، ص٢٦.

[٢٢] أ. شاميلوف، حول مسالة الأقطاع، ترجمة د. كمال مظهر أحمد، المصدر السابق، ص٢٦.

[٢٣] د. کمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل٣٧، ٥٦، ١٨١.

خەڵكی هەورامان بەگشتی لەش ساغو توندوتۆڵو تۆكمەن، ئەویش بەهۆی كاریگەریی ژینگە جوگرافیەكەیانەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەخۆشییەكانی(زگماك، روداوە سروشتییەكان، روداوی تر)خەڵكەكە دوچاری نەخۆشییە جۆراو جۆرەكان بوون، بۆ چارەسەركردنی نەخۆشییەكانیان شارەزاو لێزانو پسپۆڕی هەمەچەشنەیان بووە كە بەكەرەستەی جۆراو جۆر چارەسەری نەخۆشییەكانیان كردووە. تێكڕا دەكرێن بە(سێ)دەستەوە:-

**دەستەی یەكەم**:-ئەو كەسانەی بەهۆی روداوەكانەوە ئەندامێكی لەشیان(شكاوە) براوەنەتە لای شارەزایانی شكستە كە بە(جەڕاحەكان) ناسراون لەناو كۆمەڵگاكەدا، ئەوانیش دوای پشكنینو لێوردبونەوە چەند كەرەستەیەكیان بەكار هێناوە بۆ چارەسەری جۆری شكستەكە وەك(ئاوی شلەتێن، سابون، مشەمای هێلكە، تەختەداری تاشراوی بەئەندازەو رێكوپێك، پێستەو چەرم، دووگ، خورماو رۆن، مۆم، ... هتد). دوای شتنو شێلانو راكێشانو تەقاندنو رێك كردنەوەی ئەندامە شكاوەكە، بەو كەرەستە سەرەتاییيانە چارەسەریان كردوە.

**دەستەی دووەم**:- ئەو كەسانەی تووشی نەخۆشییەكانی(پێست، گەڕی، كەچەڵی، دومەڵ، زیپكە، سكچوون، رشانەوە، میزگیران، هەناوییەكان، هەوكردنەكان، فشاری خوێن، رۆماتیزم- بایاری، شەكرە، ئازاری گورچیلە، نەخۆشییەكانی ژنان، لاوازییە سێكسیەكان، هەڵامەت، دان ئێشە، سەرئێشە، تەنگەنەفەسی، بالوكە، مارو دوپشك پێوەدان، مایەسیری.... هتد) بوون براونەتە لای شارەزایانی ئەو نەخۆشییانە كەبە(حەكیمو دانساز) ناسراون لەناو كۆمەڵگاكەدا، ئەوانیش چەندین جۆر داوودەرمانیان لەكەرەستە خاوەكان دروست كردوە كەلە(گژوگیاو بەروبومی رووەكو بەروبومی ئاژەڵو باڵندەكان)

کەهەریەکەیان چارەسەری جۆرە نەخۆشی‌یەکیان پێ کردوون گرنگترین ئەو کەرەستە خاوانە ئەمانە بوون(بنێشتە تاڵ، هەنگوین، کاکڵە گوێز، گوێزی فەریکە، گەڵای گوێز، توو، قەزوان، قەیتەران، رازیانە، بەڕەزا، بەرزەلَنگ، گوڵەباخ، گوڵە فەقێ-گوڵە حاجیانە، بەنەوشە، گیا سۆپا، گەڵا ریکیشە، گەڵای تورِك، گەڵای مێوی کشمیش، گەڵا هەنجیر، ئاوی نەعنا، ئاوی کەرەوز، پیازی پیشاو، گیلاخە، گەبڵە، سەیاران، تەماتەی گەرمکراو، ئاوی تەماتەی کاڵ، شەلەمە، رۆن گەرچەك، گۆزروان، ترشە سماق، مێخەك، گوڵە هێرۆ، گەزەنێ، کوزەڵە، پونگە، پەڵپینە، ماست، شیری کاڵ، گۆشتی ژیژك، گۆشتی رێوی، نۆك، رەشکە، شملی، جاترە، شویت، شاتووی ووشککراو، تووترك، توێکلی هەنار، گولاو، گوڵنار، تەڕینە، گەڵای بی، توتن، ریشاڵی گەنمەشامی، بەهێ، هەرمێ، سێو، حەوت دەرمانە لەمانە دروست دەکرێت مازووی شین+ گوڵنار+ خوێ+ مێخەك+ سمڵ+ گوڵە هەرتەل، ...هتد) ئەمانەو دەیان جۆری تری گوڵو گژوگیا بۆ چارەسەری نەخۆشی‌یەکان بەکارهێنراون.

ئەو دوو دەستەیە واتا(جەراحەکانو حەکیمو دانسازەکان) ئەو هەموو ئەرکو ماندوبونەیان بەبێ بەرامبەر ئەنجام داوە، تەنها پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانو پاراستنی بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکان هاندەرو مەبەست بوون، ئەوانەش لەکۆمەڵگاکەدا کاریگەری خۆیان هەبوە بۆ بەدەست هێنانی برایەتیو یەکێتیو یەکریزیو قوڵکردنەوەی گیانی خۆشەویستیو رێزگرتنو یارمەتی دانو هاوکاری کردنی یەکتری. لەناو کۆمەڵگاکەدا بەچاوی رێزو پیرۆزی‌یەوە سەیری ئەرکو پیشەی(جەراحو حەکیمو دانسازەکان) کراوە تا ئێستاش کۆمەڵگای هەورامان بۆ چارەسەری هەندێك لەنەخۆشی‌یەکانیان روو دەکەنە ئەو(دوو) دەستەیەو پەیرِەویی رێنماییو ئامۆژگارییەکانیان دەکەن ئەوەش بەشێکی گرنگە

لەشارستانیەتی شمەکی کۆمەڵگای هەورامان کە لەباوو باپیرانیانەوە بەمیرات بۆیان بەجێ ماوە.

**دەستەی سێیەم:-** ئەم دەستەیە پەیوەندی بەشارستانێتی (واتایی)یەوە هەیە، بەڵام بۆ تەواوکردنی باسەکەو دانەبڕانی لێرەدا باس کراوە.

ئەوانەی توشی(نەخۆشی دەرونی) بوون براونەتە لای هەندێك پیاو چاکی ئایینی وەك(شێخو مەلاو سەید) یا براونەتە سەر گۆڕو نێزرگە پیرۆزەکان وەك(شەخس)ەکان، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی‌یەکانیان بەبیروڕای کۆمەڵگاکە ئەو پیاوچاکانە کەرامەتیان هەیەو درك بەنهێنی‌یەکان دەبەنو لەگەڵ هێزە شاراوەکاندا پەیوەندیان هەیەو دەتوانن دەرمانو دەوای دەردە دەرونی‌یەکان(نەخۆشی‌یە دەرونی‌یەکان) بکەن.

ئەوانیش لەڕێی(نوشتەکردنو دوعاکردنو رمڵ لێدانەوە) بەرامبەر بەو ئەرکەی کە کێشاویانە(سەرقەڵەمانەو دیاری بەنرخو خێروخێرات کردنو ئیش پێکردنو بێگارپێکردنو مل کەچ کردنو تا کۆیلە کردن بەناوی سۆفیو دەروێش)ەوە لەکەس‌وکاری نەخۆشەکانیان وەرگرتووە بەجۆرێك کەهەم نەخۆشەکانو هەم کەس‌وکاری نەخۆشەکان ئەوەندە ئازاردراونو رەتێنراون، رووتو رەجاڵ بوونو ئاوەڕووتکراون، سەرباری ئەوەش نەخۆشەکەش چاك نەبۆتەوەو نەخۆشی‌یەکەش چارەسەرنەکراوە. دواین وەڵامی نوشتەکەرو دوعاکەرو فاڵگرەوەکان ئەوەبوە کە(جنۆکەی کافر چوەتە گیانی نەخۆشەکەوەو دەرناچێت بۆیە نەخۆشەکە چاك نابێتەوە) لەخۆیانەوە ناوێکیشیان داتاشیوەو ناویانە بەجنۆکەکەو بانگیان کردوە بێ ئەوەی هیچ بنەمایەکی راستی هەبێت تەنها بۆ هەڵخەڵەتاندنی کەس‌وکاری نەخۆشەکان بووە. بۆ نموونە((جارێکیان

قانعی شاعیر لەخانەقاکەی بیارەدا دەبێت، شێخ علاءالدین پرسیار دەکات لەسۆفی‌یەك‌و دەڵێت: (دایکە هاڵیا مەنەن)* واتا دایکە هاڵیا ماوە؟ ئەویش دەڵێ بەڵێ.... خەڵکەکە بێدەنگ دەبن‌و شێخ دەڵێ جنۆکەیەکمان هەیە مێردەکەی مردوەو لەهەوارگەی ئەم سۆفیەدا کەپرێکی غەیبی بۆ خۆی دروستکردووە. قانع ماوەیەك دەنگ ناکات، دوای ئەوە روو دەکاتە هەمان سۆفی‌و دەڵێ: (ئەجیل زارەبین مەنەن) واتا ئەجیل زارەبین ماوە؟ کابرا دەڵێ بەڵێ، ئینجا قانع بەشێخ دەڵێ: پێت بڵێم ئەجیل زارەبین چی‌یە؟ شێخ دەڵێ بەڵێ، قانع دەڵێ جنۆکەیەکمان هەیە ژنەکەی مردووەو لەناو باخی ئەم سۆفیەدا ژوورێك خانووی غەیبی بۆ خۆی کردۆتەوە... ئینجا منیش بۆ ئەوە هاتووم بۆ خزمەتتان بەڵکو ئیجازە بفەرمووی دایکە هاڵیای لای جەنابتانی لێ مارەبکەین‌و هەردوولایان رزگاریان بێت... شێخ بەشەرمەوە سەری دائەخات... دوای نەختێك دەچێتە دەرەوە....)[٢٤]

چۆن شێخ‌و مەلاو سەیید بەدوعاو نوشتەو رمڵ لێدان کەس‌وکاری نەخۆشە دەروونییەکانیان هەڵخەڵەتاندون‌و لەخشتەیان بردوون، بەو جۆرەش لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا کۆمەڵێك(نێزرگەی پیرۆزو شەخس) هەن، کەهەر یەکەیان چارەسەری نەخۆشییەکی لەئەستۆ گرتووە بەپێی بیروباوەڕی هەندێك لەخەڵکی کۆمەڵگای هەورامان بەرامبەر بەسەردان بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشەکانیان هەر لەسەرەتاوە دەبێت بڕیار بدەن لەسەر خێرکردن بۆ ئەو شەخسە پیرۆزە

---

* دایکە هاڵیا.... لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا بە(ماما هاڵیا) ناو دەبرێت‌و ناسراوە. بەڵام مامۆستا قانع بە(دایکە هاڵیا) تۆماری کردووە. وە لەناو شارۆچکەی بیارەدا کانی‌یەك‌و باخێك بەناوی(مامۆ هاڵیا) وە ناونراون.

[٢٤] قانع، دیوانی قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

جگە لەوەی دیاریو بەخشیش دەدرێت بە(زیرگەوانی)* ئەو شەخسو نێزرگە پیرۆزانە. بەناوبانگترین ئەو شەخسانە ئەمانەن(میری سوور، ئیمامی زامن، تلّفی ساوا، سەیوەلقاس-سعد بن أبی وەقاس...هتد).

بەرامبەر بەو بەخشیشو خێروخێرات کردنە پارچەیەك پەڕۆ لەئالآی شەخسەکان دەکەنەوەو دەیبەستن لەقۆڵ یا لەملی نەخۆشەکانیان، یا خۆراکێك یاتۆزێك خۆڵ وەك(موفەرك) لەسەر گۆڕی شەخسەکان هەڵدەگرنو دەرخواردی نەخۆشەکانیان ئەدەن لەگەڵ خواردندا.

پەیوەندی ئەم دەستەیە لەگەڵ کۆمەڵگاکەدا لەسەر(بەرژەوەندی تایبەت) دامەزراوە کەزۆرتر پیاوچاکەکانو نێزرگەکانو شەخسەکان سوودمەند بون، بەڵام نەخۆشەکانو کەسوکاریان جگە لەوەی ماندوبونێکی زۆرو ئەرکێکی زۆر دەکەوێتە سەر شانیان(زیانێکی ماددی) زۆریشیان کردووە، بەڵام هیچ سودمەند نەبونو پەیوەندیەکانیشیان کاتینو بۆ مەبەستێك دروست بون، لەبەرئەوە وەك خووو رەوشتێك ماوەیەك باو بووەو کاریگەری هەبووە لەسەر کۆمەڵگاکە، بەڵام نەبۆتە دابو نەریت، بۆیە ئێستا ئەو خوو و رەوشتە زۆر کەم بۆتەوە لەناو کۆمەڵگاکەداو ئەو پەیوەندیە لاوازبوەو بەرەو لەناوچوون دەچێت، لەئەنجامی بڵاوبونەوەو پێشکەوتنی زانستی تەندروستی لەناو کۆمەڵگاکەداو گەشەکردنی ئاستی هوشیاریی خەڵکەکە.

---

* زیرگەوان: ئەو کەسەیە کەپاسەوانی نزرگە پیرۆزەکانو شەخسەکان دەکاو پاكو خاوێنییان رادەگرێ، ئەو نەخۆشانەی کەسەردانیان دەکەن بەخشیشو دیاریی دەدەنێ.

**بەشی دووەم:** شارستانێتی(کلتوری)ی واتایی- مەعنەوی:

شارستانێتی واتایی زۆرتر پەیوەندی بە(داباینکردنی کۆمەڵایەتی)یەوە هەیە کەتوخمەکانی داب‌و نەریت، رای گشتی، ئایین، یاسا، ری‌و رەسمە باوەکانن لەگەڵ ئەوەشدا دادەنرێت بەلقێکی سەرەکی شارستانێتی(کلتور).

زاناکان راوو سەرنجی جیاوازیان هەیە لەوبارەوە، هەندێکیان بەتایبەتی ئەنترۆپۆلۆجی‌یەکان باوەڕیان وایە کە(شارستانیەتی شمەکی) لەسەر(شارستانیەتی واتایی) پەیدابووە. یا شارستانێتتی شمەکی بەرهەمی شارستانێتی واتایی‌یە، چونکە هەموو شارستانێتێکی شمەکی لەسەرەتاوە بیرو هزرێکە لای مرۆڤ گەڵاڵە دەبێت‌و دواتر بەشێوەی یەکێك لەڕواڵەتە شارستانێتە شمەکی‌یەکان دەردەکەوێت. هەروەها هەندێکی تریان راکانیان پێچەوانەی ئەوانەی پێشەوەیە. لەبەر رۆشنایی‌ی راو بۆچونەکانیان چەند پێناسەیەکی(شارستانێتی‌ی واتایی) دەخەینە روو:-

(شارستانێتی واتایی) بریتی‌یە لەتۆمارێکی باوەڕپێکراوی ژینگەی کۆمەڵایەتی کەبەرهەمی هێناوەو لەسەری دامەزراوەو ریشەی قوڵ‌وکاریگەری هەیەو خاوێنە. یا بریتی‌یە لەتوخمە شارستانێتەکان کەگەڵ دای هێناون.[25] هەروەها ئەو شارستانێتە هەڵقوڵاوە کەڵەکە بوی کۆمەڵە کە بەدرێژایی‌ی سەردەمەکان پەیدابووە.[26]

(شارستانێتی‌ی واتایی) بریتی‌یە لەکۆمەڵێك هەڵس‌و کەوت کەمرۆڤ فێریان دەبێت لەڕێی بەکارهێنانی چەند هێمایەکەوە، کەدواتر

---

[25] د. مجيد حميد عارف، الأثنولوجيا والفولكلور، المصدر السابق، ص١٢.
[26] د. ابراهيم ناصر، الأنثروبولوجيا الثقافية، المصدر السابق، ص٤٩.

دەچەسپێن‌و مرۆڤ بەهێماکاندا دەیانناسێتەوە لەژیانی رۆژانەدا کەبەکاریان دەهێنێت.[٢٧]

(مارکس) دەڵێ: ووشیاریی مرۆڤ بونی مرۆڤ دیاری ناکات، بەڵکو کۆمەڵایەتی بونی مرۆڤ ووشیاری دیاری دەکات.[٢٨] بەواتا ژیانی کۆمەڵایەتی ووشیاری‌و فەرهەنگ لای گەلان دروست دەکات، نەك ووشیاری لەتوانایدا هەبێت کۆمەڵگاکان دروست بکات. کەواتە رای مارکس پێچەوانەی رای ئایدیالیستەکانە. مرۆڤ لەهەموو بونەوەرەکانی تر بەوە جیادەکرێتەوە کەبۆ بەسەربردنی ژیانی پشت دەبەستێت بەداب‌و نەریت‌و فێربوون، بەپێچەوانەی بونەوەرەکان کەبۆ بەسەربردنی ژیانیان پشت بەئارەزووەکانیان دەبەستن.[٢٩] هێماو زمان‌و پەروەردەو فێرکردن‌و وێژەو هونەر کۆڵەکەی بنەڕەتی شارستانێتی واتاین.[٣٠]

ئەگەر بێینە سەر باسی(شارستانێتی واتایی) گەلی کورد بەگشتی‌و کۆمەڵگای هەورامان بەتایبەتی دەبینین شارستانێتی واتایی کۆمەڵگای هەورامان بەدەر نی‌یە لەو پێناسانەی سەرەوە چونکە خاوەنی داب‌و نەریت‌و هەڵس‌وکەوت‌و رێ‌و رەسم‌و ئایین‌و رای گشتی‌و یاسای تایبەتی خۆیەتی کە لەناو کۆمەڵگاکەی خۆیدا هەڵقولاوەو کۆمەڵگاکەی دابین کردووە. بەڵام لەبەرئەوەی باسێکمان تەرخان کردووە بۆ(دابینکردنی کۆمەڵایەتی) هەندێك لەو توخمانەی شارستانێتی لەژێر ئەو باسەدا تۆمارکراون لێرەدا باس ناکرێن تەنها باسی(سێ) توخمی شارستانێتی واتایی دەکەین کەئەمانەن(زمان، هونەر، ووشیاری).

---

[٢٧] د. عبد الحميد لطفي، الأنثروبولوجيا الأجتماعية، المصدر السابق، ص٧٠.

[٢٨] أ. ك. أوليدوف، الوعي الأجتماعي، ترجمة ميشيل كيلو، المصدر السابق، ص٧.

[٢٩] د. قيس النوري، الأنثروبولوجيا الأقتصادية، المصدر السابق، ص١٤.

[٣٠] د. جمال رشيد أحمد، دراسات كردية في بلاد سوبارتو، مطبعة دارآفاق عربية للصحافة، بغداد، ١٩٨٤، ص٦٩.

**زمان:** کۆمەڵگای هەورامان بەو پێیەی خاوەن مێژوویەکی دێرینە، بێگومان خاوەن شارستانیێتیێکی واتایی قوڵیشە کە بەدرێژایی مێژووەکەی توانای رێکخستنو داینکردنی کۆمەڵگاکەی هەبوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو(شێوەزارە) کەکۆمەڵگاکە پێی دواوەو ئەو هێمایانە کە لەزمانەکەدا ناسراونو کۆمەڵگاکە بەکاری هێناون نەوە لەدوای نەوەوە، توانای پێشکەوتنو فراوان بوونو گەشەسەندنی هەبوە، بەپێی گۆڕانەکانی سەردەم وە ئەو شێوە زمانە تایبەتمەندی خۆی پاراستوە، بەشێکی زۆری هێمای واتاکانی لەسەر ئەو زمانەی کە(ئاوێستا)ی پێ نوسراوەتەوە لەو شێوەزارەدا پارێزراوە.[31]

لەلایەکی ترەوە لەمێژووی ناوەندی گەلی کوردا لەمیرنشینی ئەردەلانو باباندا بۆ ماوەی زیاتر لە٤٠٠ ساڵێك(زاری هەورامی) زمانی وێژەو کۆشك بووە.[32] وە لەلایەکی تریشەوە دەیان کەڵەشاعیری کورد وەك(مەولەویو سەیدیو خانای قوبادیو بێسارانیو ئەڵماس خانی کەنولەییو ئەحمەد بەگی کۆماسیو مەلاخدری رواریو حەمەئاغای دەربەندفەقەرەو وەلی دێوانەو... هتد) بەشێوەزمانی هەورامی هۆنراوەیان نوسیوە. بۆ ئەوەی زۆرتر بەڵگە نەهێنینەوە بەم ووتەیەی سەرەك وەزیرانی ئێران(موحسین موسوی) کۆتایی دێنین بە باسەکە کەدەڵێ: دیالیکتی هەورامی دایکی کرمانجیو سۆرانییە.[33] لەبەرئەوەی شێوەزاری هەورامی ووشەی پاراوو رستەی پڕ واتاو پڕاوپڕو پاكو

---

[31] م. ئاورنگ، کوردناسی، و: بورهان قانع، چاپی یەکەم، چاپەمەنی خاك، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٨٠.

[32] مەحمود عەبدول سەمەد، ئاخافتنی هەورامی لەمێژوودا، گۆڤاری هەزارمێرد ژمارە(١٩)، وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٢، ل٥٧.

[33] کۆمەڵێ نوسەری روسی، چەند ووتارێکی کوردناسی، وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محەمەد، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٩١.

خاوێنی پاراستوەو وەك شارستانێتی‌یەكی واتایی هێمای تایبەتییان هەبوە لەكۆمەڵگاكەدا ناسراون لەكۆشكو كۆڕو كۆبونەوەكانو هۆنراوەو ئەدەبیاتی كوردی‌دا بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ بەكارهاتووە، بێجگە لەمانە زمان بەكۆڵەكەیەكی گرنگی بونی نەتەوە دەژمێرێت، كەسانی تر تێدەگەن كەئەو زمانە خاوەن فەرهەنگێكی جیاوازو دابو نەریتێكی جیاوازە، هەروەها زمان هۆی گەیاندنو فێربوونی هێماكانە لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی ترو وە لەكۆمەڵگاشەوە بۆ ئەندامەكانی.

بەكورتی شێوەزاری هەورامی(زمانی هەورامی) لقێكی گرنگی شارستانێتی واتاییی‌یەو كاریگەری هەبووە لەسەر كۆمەڵگاكەو تایبەتمەندی خۆی پاراستووە بەدرێژایی مێژوو وەتا ئێستاش بۆ دۆزینەوەی ووشەو زاراوەی رەسەنی كوردی پەنا دەبرێتە بەر ئەو شێوەزارە.

**هونەر:** لقێكی تری شارستانێتی‌ی واتایی‌یە، بەوە پێناسە دەكرێت كەهەموو چالاكی‌یەكی بەرهەم هێنەر دەگرێتەوەو كاری تاكە كەس نی‌یە بەتەنها، بەڵكو بەرهەمی كەڵەكەبوی رەنجو تێكۆشانی دوورو درێژی كۆمەڵە.[34] لەگەڵ ئەوەشدا رەنگدانەوەی سروشتو واقیعی رۆژانەیەو وەڵام دانەوەی دنیای ناوەكی مرۆڤە لەرێی ئەو دەساوردانەی كەرۆژانە چنگی دەكەون لەسروشتو ئەو پەیوەندیانەی كەهەیەتی لەگەڵ دنیای دەرەوەداو دەربڕینی چالاكی‌یە بیری‌و هزری‌و هۆشی‌یەكانیەتی بەواقعی هەست پێكراو.[35] یا بەواتایەكی تر مرۆڤ بەشێكە لەسروشت، پێكەوە هاوئاهەنگییان هەیە، شوێن لەسەر یەكتر دادەنێنو هەمیشە كارلێكیان پێكەوە هەیە.[36]

---

[34] د. شاكر مصطفى سليم، قاموس الأنثروبولوجيا، المصدر السابق، ص٦٨.

[35] بوريس ستوتشكوف، المصائر التأريخية للواقعية، ترجمة محمد عيتاني وأكرم الرافعي، دار الحقيقة- بيروت، ١٩٧٤، ص٦.

[36] د. حوسەینی خەلیفی، كۆمەڵناسی‌ی كوردەواری، چاپخانەی الحوادث- بەغدا، ١٩٩٢، ل٧.

ئەوەی گوزەری کردبێت بەهەوراماندا هونەری هەورامان سەرنجی ڕاکێشاوەو کاری تێکردوە بیرو هۆشی بەرامبەر بەو دیمەنو سروشتو ڕەنجو ماندووبونە دەربڕیوەو باسێکی لەسەر نوسیوە. لەڕوی کشتوکاڵو باخو ڕەزو ڕێکخستنی زەویو زارەوە(ئەدمۆنز) هەورامییەکان بەمامۆستای ئەندازیارەکان ناو دەبات، لەڕوی پاكو خاوێنیو ڕێکخستنی ناو ماڵەوە بەتیتالیاو ئەوروپای بەراورد کردوون.[٣٧]

ئەوەی ماوەتەوە ئێمە پرسیار بکەین، هۆی بەهرەمەندی هونەری هەورامان لەچی‌یەوە سەرچاوەی گرتووە؟ بەهەڵەدا ناچین ئەگەر بڵێین بەرزی ئەو هونەرە لەم خاڵانەدا سەرچاوەی گرتووە:

١-کاریگەری تۆپۆگرافیای هەورامان لەهزرو بیرو هۆشی خەڵکەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

٢-ئاوێتەبونی باری دەرونی خەڵکەکە لەگەڵ ژینگە سروشتی‌یەکەیدا بونەتە پاڵنەر کەچالاکانە هونەرەکەیان ئەنجام بدەن لەبەر پێویستی‌یەکان.

٣-داخراوی کۆمەڵگاکە بەڕوی دنیای دەرەوەداو زۆربونی پێویستی‌یەکان کەهونەرەکەیان هەژاندووە کە لەهەموو بوارێکدا پێشڕەوی بکات.

٤-گۆڕڕانو گەشەکردنی کۆمەڵگاکە فاکتەری لەدایکبونو پێش خستنی هونەری ڕەسەنن لەکۆمەڵگای هەوراماندا.

٥-فاکتەرە بایەلۆجیو کۆمەڵایەتیو ڕامیاریو ئابوریو ڕۆشنبیریو ئاینی‌یەکان ڕۆڵی خۆیان بینیوە لەباڵا دەستی هونەری هەوراماندا.

بەم ووتەیەی(ماکسیم گورکی) کۆتایی بەهونەری هەورامان دێنین کەدەڵێ: هونەر وەك ئەڵماسێکە کە بەدەستی خەڵکی پێك دێو خاوەن هونەر دەبێ بیتاشێ تا نرخەکەی دەرخات.[٣٨]

---

[٣٧] سی.جی. أدموندز، کوردو ترکو عرب، المصدر السابق، ص١٥٥.

[٣٨] د. حسێنی خەلیقی، کۆمەڵناسی‌ی کوردەواری، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

## وشیاریو رۆشنبیری

بریتی‌یە لەپێکهاتەیەکی هەڵسو کەوتی وەرگیراو لەتێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو لەئەنجامدا ئەو هەڵسوکەوتە هاوبەشە دروست بووەو توانای گواستنەوەی هەیە.[39] هەروەها مەبەست لەپەیدابونی رۆشنبیری یارمەتی دەری مرۆڤە بۆ خۆپاراستنی لەمەترسییەکانی سروشت.[40] چونکە رۆشنبیری پێکهاتەیەکە لەزانستو بیروباوەڕ، کەهونەرو رەوشتو دابو نەریتو یاساو هەموو تواناکانو دابەکانی تر دەگرێتەوە کەمرۆڤ لەکۆمەڵگاکەیدا وەریان دەگرێت بەو پێیەی کە ئەندامی ئەو کۆمەڵگایەیە.[41] لەگەڵ ئەوەشدا رۆشنبیری مەبەست لەژیانو شێوازی هەڵسوکەوتی مرۆڤە کە لەکۆمەڵگاکەیدا سەرچاوەی گرتووە بەدرێژایی مێژوو کە لەرێی میراتی‌یەوە بۆی بەجێ ماوە.[42] یا لەرێگای فێربونو دوبارەبونەوە وەری گرتوە لەدەوروبەرەکەی.[43]

هەروەها ووشیاریو رۆشنبیری شێوەی ژیانو گوزەرانو چۆنیەتی‌ی فێربوونو راهێنانو پەروەردەکردنو خۆپاراستنو رێزگرتنی دەرودراوسێو کات بەسەربردنو راوکردنو یاری کردنو چۆنیەتی خواپەرستیو ئایینو شارەزایی لەبەکارهێنانی داو ودەرمانو هونەری خانوو دروستکردنو یاساو رێساکانی تر دەگرێتەوە کە بەهۆیانەوە

---

[39] أ. ك. أوتاواى، التربية والمجتمع، المصدر السابق، ص٢٤.

[40] د. مجيد حميد عارف، الأنثروبولوجيا والفولكلور، المصدر السابق، ص٤٧.

[41] د. ابراهيم ناصر، الأنثروبولوجيا الثقافية علم الأنسان الثقافي، المصدر السابق، ص٤٩.

[42] ديفيد فونتانا، الشخصية والتربية، ترجمة عبدالحميد يعقوب جبرائيل و د. صلاح محمد نوري داود، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، أربيل، ١٩٨٩، ص١١.

[43] د. فاخر عاقل، مدارس علم النفس، دار العلم للملايين، ط٤، ١٩٧٩، ص١١٧، ١٢٦.

کۆمەڵگایەك لەوی تر جیادەکاتەوە، واتا هەر گەلو نەتەوەو کۆمەڵو کۆمەڵگایەك(رۆشنبیری تایبەتی) خۆی هەیە، کۆمەڵ ئەندامەکانی خۆی ئامادە دەکاتو رایان دەهێنێت لەرێی پەروەردەو فێرکردنەوە لەناو ماڵو لەخوێندنگادا دواتر لەرێی چاولێکەریو لاسایی کردنەوەوە ئەو رۆشنبیرییە بڵاو دەبێتەوە لەناو هەموو ئەندامانی کۆمەڵگادا.[٤٤]

شارستانێتیش وەك دیاردەکانی تری کۆمەڵایەتی لەهەر چاخێکدا داهێنانی نوێو بەرهەمی نوێ بەپێی خواستو بەپێی پێویستی چاخەکە بەرهەم دێنێت وە دەکرێت شارستانێت لەروی بەرهەم هێنانیەوە بەشارستانێتی(هەڵکەوتوو، گشتی، نەتەوایەتی) لێك جیا بکرێتەوە، شارستانێتی هەڵکەوتوو ئەو داهێنراوانەن کە لەئەنجامی بیرو هزری تاکە کەسەوە بەرهەم هێنراونو دواتر کۆمەڵگا سوودی لێوەرگرتوونو پەسەندکراونو بونەتە موڵکێکی گشتی بۆ ئەو کۆمەڵگایە وە لەو چوارچێوەیەش تێپەڕ دەکاتو دەبێتە موڵکێکی نەتەوایەتی کە بەهۆیانەوە نەتەوەیەك لەوی تر جیا دەکاتەوە.

هەروەها شارستانێتی رەسەن کۆمەڵێك سیمای کۆمەڵایەتی بیروباوەڕیو شمەکیان پێوە دیارە کە کۆمەڵگاکە پێیانەوە دەناسرێتو جیادەکرێتەوە لەکۆمەڵگاکانی تر کەگەلێك یا نەتەوەیەکیان پێك هێناوە. ئەو سیمایانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە لەسنورێکی جوگرافیدا پەیدادەبنو بە(شارستانێتی لق) دەناسرێن خاوەنی دابو نەریتو ئایینو بۆنە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکانی خۆیانن، پارێزگاری لەخۆیان دەکەن لەهەچ کاریگەرییەك کەرویان تێ بکات، ئەوانە بەگران گۆڕان بەسەریا دێت.[٤٥]

---

[٤٤] ابرهیم الخطیب وآخرون، مدخل الی علم الأجتماع، المطبعة الأهلیة للنشر والتوزیع، عمان، بدون سنة طبع، ص٣٠.

[٤٥] د. أحسان محمد الحسن، موسوعة علم الأجتماع، المصدر السابق، ص٢١٤.

## کاریگەریی کلتور لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی

هەروەك پێش چاو خرا شارستانێتیی کۆمەڵگای هەورامان لەڕوی(شمەکی، واتایی)یەوە رەگو ریشەیەکی قوڵی هەیەو بەپێی سەردەمە مێژوویی‌یەکان‌و بەپێی پێویستی‌یەکان توانای گەشەکرن‌و پێشکەوتن‌و گۆڕانی هەبووە وەهەر گۆڕانێك لەلایەنێکی ژیانی شارستانێتی(کلتور) رویدا بێت کاری کردۆتە سەر گۆڕانی لایەنەکانی تریش‌و ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە تۆڕێکەو بەیەکەوە بەستراوەو یەك کار لەوی تر دەکات، ژیانی شارستانێت لەکۆمەڵگای هەوراماندا پەیوەندیی هەیە بەژیانی کۆمەڵایەتی‌یەوەو لەیەکتر جیانابنەوە چونکە شارستانێت بەرهەمی بیروهزری کۆمەڵگاکەیە لەبەر پێویستی پەیدابووە. بێگومان شارستانێت لەگەڵ سروشتە تایبەتییەکانی کۆمەڵگادا پەیوەندییەکی لێك نەپچڕاوی هەیەو ئەو سروشتانە هەندێك تایبەتمەندی پێك دێت کەشارستانێتی لەوانەوە پێکدێت.

# باسی پێنجەم

## دابینکردنی کۆمەڵایەتیی هەورامان

Social Control of Hawraman

مەبەست لەدابینکردنی کۆمەڵایەتی جۆرەکانو رێبازەکانن کەهەڵسوکەوتی ئەندامەکانی کۆمەڵگایان پێ دابین دەکرێت، دابینکردنی کۆمەڵایەتی بەشێکە لەشارستانێتی واتایی کۆمەڵو کۆمەڵگاکان کە بەرهەمی بیروهزری کەڵەکەبوی پێشینانە بۆ نەوەکانی دوای خۆیان ماوەتەوە، زانایان لەوبارەوە بەچەندین جۆر پێناسەیان کردووە

وەك: دابینکردنی کۆمەڵایەتی بریتیە لەکۆمەڵێك دابونەریت کە بەهۆیانەوە دەتوانرێت ناکۆکیەکانو ململانێکانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا بنبەست بکرێنو هەروەها دەتوانن تاکەکانو کۆمەڵەکان بەیەکەوە ببەستنو ئاسانکاری دەکەن لەڕاپەڕاندنو بەیەك گەیشتنیان.[1] یا مەبەست لەو دەساوردانەیە کەکۆمەڵگا رێك دەخەن.[2] یا مەبەست لەو سستمەیە کەژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا رێك دەخاتو لەبەر پێویستی پەیدابووە.[3] هۆکانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی بەشێکیان ناوەکینو بەشێکیان دەرەکین.[4] کەگرنگەکانیان بریتین لەویژدانو

---

[1] بوتومور، تمهيد في علم الأجتماع، ترجمة د. محمد الجوهري وآخرون، المصدر السابق، ص٢٦٧.

[2] جاسم العبودي، التجريم والعقاب في إطار الواقع الأجتماعي، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، دار الحكمة، بدون سنة طبع، ص١٢٥.

[3] أ. ك أوليدوف، الوعي الأجتماعي، ترجمة ميشيل كيلو، المصدر السابق، ص٢٣٢.

[4] د. أكرم نشأة ابراهيم، علم الأجتماع الجنائي، مطبعة النيزك، بغداد، ١٩٨٨، ص٨١.

**داب‌ونەریت‌و ئایین‌و یاساو رای گشتی.[5] دابینکردنی کۆمەڵایەتی چەند جۆرێکە(شێوە) یەکە وەك: داب‌ونەریت، ئایین، رای گشتی، یاسا، رەوشت، پەروەردەو فێرکردن کەهەریەکە لەوانە دەزگای تایبەتی خۆی هەیە بۆ جێ‌بەجێ کردنیان وەك دەزگاکانی(خێزان، سستمە رامیاری‌یەکان، مزگەوت‌و کەنیسەکان، پەروەردەو فێرکردن، دەزگای تری پەیوەندیدار) کە بەرپرسیارن لەجێ‌بەجێ کردنی ئەرکەکانیدا.**

**لەخوارەوە بەکورتی باسی هەریەك لە(داب‌ونەریت، ئایین، رای‌گشتی، یاسا) دەکەین:-**

**١-داب‌ونەریت: ئەم زاراوەیە زۆر بەکاردەهێنرێت لەناوەندەکانی کۆمەڵایەتی‌و رامیاری‌و دەزگاکانی راگەیاندن‌و پەروەردەو فێرکردندا تەنانەت لەژیانی رۆژانەشدا، کەچی چەند زاراوەیەکی واتا جیاوازن‌و تێکەڵ بەیەکتر کراون‌و بەسەریەکدا شێلراون‌و واتاکەیان وون بووە، بۆیە پێویستە لەبەر رۆشنایی سەرچاوەکاندا سەرەتا ئەو زاراوانە لەیەکتر جیابکەینەوەو دواتر بچینە ناو باسەکەوە.**

**بەها- نرخ Value:-گرنگی‌دان بەهەرشتێك بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو بایەخ پێدانە نرخێك پەیدا دەکات، کە لەئەنجامی کەڵەکەبونی شارەزایی‌و لێزانی مرۆڤەوە پەیدابووە. یا ئەو بڕیارەیە کەمرۆڤ دەیسەپێنێت بەسەر شتێکدا کەپەیوەستە بەکۆمەڵێك بیروباوەڕو نەریتی ئەو کۆمەڵگایەوە کەتێیدا دەژی، یاخود یاساو پێوەرێکە کەجۆرە جێگیربونێکی لەخۆگرتووە بەدرێژایی کات.[6]**

[5] عبدالجبار عريم، نظريات علم الأجرام، مطبعة المعارف- بغداد، ١٩٦٨، ص١٩٤، ٢٣١.

[6] د. فوزية دياب، القيم والعادات الأجتماعية، المصدر السابق، ص٣٦، ٤٣، ٤٧، ٥٢.

**داب Custom: هەموو هەڵس‌و کەوتێکی دوبارەبووەوەی کۆمەڵایەتی‌یە، فێربونی یا پەیڕەو کردنێکی کۆمەڵایەتی‌یە، یامیراتێکی کۆمەڵایەتی‌یە.**[٧]

**لاسایی کردنەوە Tradition: گێڕانەوەو لاسایی کردنەوەی پێشینانە نەوە لەدوای نەوە.**[٨]

**نەریت Norm: هەموو دابێکی پەسەندکراوو گشتگیرو بەرفراوان‌و سەرتاپاگیرە کە لەیاساوە نزیکە، یاسیمایەکی یاسایی هەیەو نەنوسراوەتەوە، کەلادان لێی تاوانەو سزای لەسەرە.**[٩]

**ڕێورەسمە گەلی‌یەکان- ڕێگا گشتی‌یەکان Folk ways، سوننەتی- نەریتی- گەلی Mores، ڕێککەوتن- پێکهاتن Convention، بەهەمان واتاکانی سەرەوە بەکارهێنراون لەداب‌ونەریتی کوردەواریدا.**[*]

**(داب‌و نەریت) بریتی‌یە لەشارستانێتی واتایی کۆمەڵێك یاکۆمەڵگایەك یا گەلێك یا نەتەوەیەك کەنەوە لەدوای نەوە پەیڕەوی کردووە، داب‌ونەریت بەڕادەیەك جێگیرو سەپێنراوە کەگۆڕڕانی قورس‌و گرانە، ماوەیەکی دوورودرێژی دەوێت بۆ گۆڕڕانی هەرچەندە بەشێکن لەژیانی کۆمەڵایەتی، چونکە لەدەرون‌و بیروباوەڕدا جێی خۆیان کردۆتەوە بەشێوەی هەڵس‌وکەوت‌و چالاکی‌یەکانی ئەندامەکانی کۆمەڵگا دەردەکەون، شوێنەواری داب‌ونەریت لەڕێکخستنی کۆمەڵگادا لەکاریگەریی یاسا کەمتر نی‌یە، بەتایبەتی لەکۆمەڵگا**

---

[٧] المصدر نفسه، ص١٠٤.

[٨] د. فوزية دياب، القيم والعادات الأجتماعية، المصدر السابق، ص١٦٢.

[٩] المصدر نفسه، ص١٨٦.

[*] بەها- نرخ= القيم، بەهاى كؤمةلآيةتى= القيم الاجتماعية، داب= العادات، دابى كؤمةلآيةتى= العادات الأجتماعية، لاسايى كردنةوة- طيَرانةوة- ضاوليَكةرى= التقاليد، نةريت= العرف، داب‌ء نةريتى كؤمةلآيةتى= العادات والاعراف الأجتماعية.

سەرەتایی‌و دواکەوتوەکاندا ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت کەکۆمەڵگا پێشکەوتوەکان مل کەچی داب‌ونەریت نابن بەڵکو داب‌ونەریتی کۆمەڵگایەك لەگەڵ یەکێکی تردا جیاوازی هەیە، بۆ نموونە کۆمەڵگا رۆژهەلاتی‌و ئیسلامییەکان لەگەڵ نان خواردندا(ئاو) دەخۆنەوە، بەلام رۆژئاوایی‌یەکان(مەی) دەخۆنەوە، هەروەها رۆژهەلاتی‌و ئیسلامییەکان درەنگ داب‌و نەریتیان دەگۆڕێت، بەپێچەوانەی رۆژئاوایی‌یەکانەوە کەپەیڕەوی یاسا دەکەن‌و لەگەڵ گۆڕانی یاسادا داب‌ونەریتەکانیشیان دەگۆڕرێت.

(داب‌ونەریت) زاراوەی رووت نین‌و لەخۆوە پەیدانەبون، بەڵکو بەرهەمی بیرو ئایدیۆلۆجیان کە لەبەر پێویستی پەیدابوون، لەڕێی هێزەوە یا لەڕێی سزاوە دەسەپێنرێن‌و تاکەکانی کۆمەڵگا مل کەچیان دەبن، لەسەرەتاوە وەك ئارەزووی تاکە کەس سەرهەڵ ئەدەن، دواتر لەهەڵس‌وکەوتی تاکەکاندا دەردەکەون لەڕێی لاسایی کردنەوەوە دەبنە(خوو)و بەدوبارە بونەوە لەناو کۆمەڵگادا. ئەو خووانە لایەنی چاك‌و لایەنی خراپیشیان هەیە، چاکەکانیان(هەڵدەسەنگێنرێن‌و پێوانە) دەکرێن بەپێی پێوەرەکانی کۆمەلایەتی لەناو کۆمەڵگادا، پەسەندکردنیان لەکۆمەڵگادا دەبنە(داب‌ونەریت)و هێز لەکۆمەڵگاوە وەردەگرن. بەواتایەکی تر کۆمەڵگا پشتیوانیان لێ دەکات وەك (یاسایەکی نوسراو) دەسەلاتی دابینکردن‌و رێکخستنی کۆمەڵگایان دەبێت، لەناو کۆمەڵگا سەرەتایی‌و دواکەوتووەکاندا لادان لێیان سزای لەسەرەو بەتاوان دەژمێررێت. هەندێکی تر لەخووەکان کۆمەڵگا پەسەندیان ناکات‌و دەیان داتە دواوە، چونکە زیان بەخشن کۆمەڵگا بەرەو لادان‌و گۆڕان دەبەن بۆیە کۆمەڵگا قەدەغەیان دەکات‌و رێگا بەبلاو بونەوەیان نادات وەنابنە داب‌ونەریت. داب‌ونەریت دوو جۆرە،

جۆری یەکەمیان کۆنن وەك(لاسایی کردنەوەو نەریت) کەگۆڕانیان ئاسان نیەو ماوەی دەوێت، جۆری دووەمیان نوێکانن کە کۆمەڵگا بەئاسانی وەریان دەگرێو بەزووی دەیان گۆڕێت، داب‌ونەریت سێ خەسڵەتی تایبەتیان لەخۆگرتووە ١-توانای درێژەکێشانو سەرەمرۆیی‌یان هەیە. ٢-توانای گۆڕانو نوێ بەنەوەیان هەیە. ٣-بەرگری لەمانەوەی خۆیان دەکەنو خۆیان دەپارێزن لە لەناوچون.[١٠]

هێڵکاری(٦) چۆنێتی پەیدابونی دابو نەریت نیشان دەدات لەناو کۆمەڵگادا.




ئەگەر بێینە سەر دابو نەریتی کوردەواری بەگشتیو دابو نەریتی کۆمەڵگای هەورامان لەو پێناسەو باسو رونکردنەوانەی سەرەوە بەدەر نیە، کۆمەڵگایەکە خاوەنی دابو نەریتی تایبەتی خۆیەتی. هەروەك ئاماژەی پێکراوە کۆمەڵگای هەورامان لانکەی ئایینی زەردەشت بووە.[١١] دواتر کەسوپای ئیسلام داگیری کردو رێبازی نەقشبەندی لەناوچەکەدا بڵاوبۆتەوە، بوە بەمەڵبەندێکی گرنگی پەروەردەو

[١٠] د. فوزية دياب، القيم والعادات الأجتماعية، المصدر السابق، ص١٦٢، المصدر نفسه، ص١٥١-١٦٢.

[١١] **جلیل عەباسی، ئاڤێستا، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١٩،** المصدر نفسه، ص١٨٦

**فێرکردنی زانسته ئیسلامییەکان.[12] بۆیە(داب‌و نەریتی) کۆمەڵگای هەورامان زیاتر(مۆرکێکی ئایینی) پێوەدیارە بەتایبەتی ڕەوشەکانی ئایینی زەردەشت. بۆ نموونە لەئایینی زەردەشتدا هاتوە کە(شتی هەرەباش بۆ مرۆڤ کشتوکاڵ‌و بەخێوکردنی ئاژەڵە، دزی‌و درۆزنی لەشتە زۆر خراپەکانە، پیاوێك توانیویەتی هەر ژنێك بێنێت، ئاو، ئاگر، خاك، هەوا چوار ڕەگەزی پیرۆزن نابێ پیس بکرێن...هتد.[13]**

**داب‌و نەریتی کۆمەڵگای هەورامان لەژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و رامیاری‌و فەرهەنگی‌دا پشتی بەو چەمك‌و یاساو ڕێسا ئایینی‌یانە بەستووەو لێی لانادەن‌و بەرێکوپێکی پیادەیان دەکەن، ڕێزدەگرن لەژن وەژن بەپێ‌ی ئایینی زەردەشت خاوەنی بەرزترین دەسەڵاتە لەماڵدا وە لەناو خێزاندا ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵ‌و منداڵی لەئەستۆدایە کاتێك کەمێردەکەی لەماڵ نەبێت پێشوازی میوان دەکات‌و بەتەواوی سەربەستی‌یەوە لەگەڵیا ئەدوێ، وەك ژنی موسڵمانی تریش ڕوپۆش ناکات لەژیانی ڕۆژانەیاندا جوتیارێکی گورج‌و گۆڵن.[14] ئەو داب‌ونەریتانە کە لەکۆمەڵگای هەوراماندا پەیڕەو دەکرێن هێزی یاسایان هەیەو سەرچاوەی هێزیان لەکۆمەڵگاوە وەرگرتووە ئەندامانی کۆمەڵگا ملکەچیانن‌و لێیان لانادەن، لادان لەداب‌و نەریتی کۆمەڵگاکە سەرپێچی کردنە لەیاساو ڕێسا ئایینی‌یەکان بەتاوان دادەنرێت‌و سزایان لەسەرە. ئەو هێزە سەپێنراوە توانیویەتی کۆمەڵگاکە دابین بکات‌و ڕێکیخات‌و جێگیریکات، کە بەگران دەگۆڕێت‌و ماوەیەکی**

---

[12] مارتن ڤان برونەسەن، ئاغاو شێخ‌و دەوڵەت، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٧.

[13] صالح قەفتان، مێژووی گەلی کورد لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٠٠.

[14] دکتۆر بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد، وەرگێڕانی محەمەد حەمەباقی، بێ چاپخانە، ١٩٩٠، ل٢٧-٢٨.

دوورودرێژی دەوێت بۆ گۆڕانی داب‌و نەریتە کۆمەڵایەتی‌یەکان هەرچەندە ئێستا(بەندە یاسایی)یەکان لەناو کۆمەڵگاکەدا سەپێنراون‌و پەیڕەودەکرێن، بەڵام کۆمەڵگاکە زۆرتر پەیوەستە بەداب‌و نەریتە کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە.

بۆنموونە چەند داب‌و نەریتێکی کۆمەڵگای هەورامان دەخەینە روو: (چراهەڵکردن بۆ دوور خستنەوەی جنۆکە، بەخت تاقی کردنەوە، ناڵ هەڵواسین لەسەر دەرگا بۆ چاوەزار، نوشتەو دوعاکردن، ئاو رشتن بەدوای بوك دا، دانانی چەقۆ لەژێرسەری منداڵی ساوادا، چونە سەر گۆڕی مردوو، بەدوای جەنازەکەوتن، لەبەرکردنی جلوبەرگی نوێ لەجەژنەکاندا مانگای شیردەرو گای جووتکردن سەرنابڕن، ئاگردان ناکوژێننەوەو ئاوناکەن بەئاگردا، باڵندەی(بایەقوش‌و کوندەبەبوو) ئەگەر خوێندیان لەجێیەك ئەو جێیە کاول دەبێت، کەڵەشێر لەخۆرئاوابوندا بخوێنێت هەواڵێکی ناخۆش دەبیسترێت، سەگ بەشەو بلورێنێ بەڵایەك تووشی ئەو گوزەرە دەبێت، نۆبەرەی ژن ئەگەر کچ بوو ئەو ژنە سەر بەفەڕەو دەحەوێتەوە، کاتێك ژن شوودەکات یا منداڵی دەبێت ئەگەر روداوێکی خراپ روویدا دەڵێن پێ قوومی شومە، پیاز چاندن لەماڵدا شوومە، ئەگەر ئەندامێکی خێزان سەفەری کرد جامێك ئاو ئەکەن بەدوایداو ماڵ گسك نادەن تا دەگاتە جێ، درەختی بەردار نابڕن، ئاوئاگر پیس ناکەن، دزی‌و رێگری نەفرەتیان لێ کراوە، خەڵکی چاوشین لایان بە(چاوپیس) سەیر دەکرێت‌و خۆیان لەو چاوانە دەپارێزن‌و نزیکیان نابنەوە، بەشەو سەردانی یەکتری دەکەن، رێگای گشتی‌و زەوی مەرعە داگیرناکەن‌و پارێزگاری دەکەن. دوژمنکاری‌و تۆڵە سەندنەوە لەناویاندا نی‌یەو دەستدرێژی ناکەنە سەر یەکتر، بەهانای لێقەوماوو دەست کورتەوە دەچن‌و پیتاکی بۆ دەکەن، ساڵانە کۆچی کاتی دەکەن‌و

شوێنەکانیان دەگۆڕن، لەدوای نەورۆزەوە بەروبانیان پاك دەکەنەوەو نوێکاری دەکەن لەژیاندا، نێرومێ بە بەهاردا دەچنە شاخو کێوەکان بۆ کۆکردنەوەی گژوگیا، لەئاهەنگو شایی‌یەکانیاندا رەشبەڵەك دەگرن، لەئیشو کاریاندا دەسەوامو گەلکاری بۆ یەکتر دەکەن، سوێندی گەورەلایان تەڵاقە بۆ بڕانەوەی هەموو کێشەیەکیان... هتد) ئەمانەو سەدان دابو نەریتی تر لەباوو باپیرانیانەوە بۆیان بەجێ ماوەو پەیڕەوی دەکەن.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەئەو دابو نەریتانە چەق بەستووبنو نەگۆڕابن، بەڵکو گۆڕران بەسەریاندا هاتووە، هەندێکیشیان لاوازبوونو بەشێکیشیان لەناوچوون، وەلەجێی ئەوان چەندین دابو نەریتو ڕێو ڕەسمی نوێ پەیدابوون. هەر وەك ئاشکرایە پێشکەوتنی باری ئابوری، گەشەکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، پێشکەوتنی خوێندەواریو روناکبیری، کردنەوەی ڕێگاوبانو پەیوەندی کردن بەدنیای دەرەوە، هۆکاری گۆڕرانی دابو نەریتەکانو پێچەوانەکانیشیان راستە.

کۆمەڵگای هەورامان ئێستا بەڕوی دنیای دەرەوەدا کراوەتەوەو هەموو جۆرە خوێندنو خوێندەوارییەك لەکۆمەڵگاکەدا پەرەی سەندووەو ئاستی هۆشیاریو روناکبیریان گەشەی کردووەو هێرشی دەزگاکانی راگەیاندن داگیری کردوە، بێگومان دابونەریتو خووڕەوشتو هەڵسوکەوتو ڕێو ڕەسمە گەلی‌یەکانو باوەکان گۆڕران بەسەریاندا هاتووە، بەپێی ئەو فاکتەرانەی کەهەمیشە کار لەپێکهاتەی کۆمەڵگا دەکەنو بەرەو نوێبونەوەو تازەبونەوەیان دەبەن،* بەچەشنێك کەبگونجێت

---

* کلایدکلویهۆن. دەڵێت لەبەرئەوەی زانیاری تۆمارکراو نی‌یە لەسەر خێڵێك کە لێکۆڵیار باسی دەکات، یا زانیارییەکان کەمنو بەشی پێویستی ناکەنو راست نینو یەکتر تەواو ناکەن، چاك وایە پشت ببەستیت بەوەرگرتنی نمونەیەك یا پشت بەبیستن لەخەڵکەکە

**لەگەڵ ئاوێتە بوونو تێکەڵ بوونی پەیوەندیە خێزانییەکان لەڕوی کۆمەلاّیەتیو رۆشنبیرییەوە.[١٥] هەروەها بەپێی ئەو بەیەکتر گەیشتنو پەیوەندی کردنە کەلەگەڵ دەوروبەرداو دنیای دەرەوەدا پەیدابووە لەئەنجامی پەرەسەندنی پەیوەندییەکاندا.[١٦]**

**٢-ئـایین: باسی ئایینو چۆنیەتی پەیدابونیو ئەو گۆڕانانەی کە بەسەریدا هاتووە تاکو بۆتە یەکتاپەرستیو خواپەرستی باسێکی دوورو درێژەو ماوەی زۆری دەوێت بۆ ساغ کردنەوەو نوسینی، چونکە لەسەرەتای پەیدابونی هۆشی مرۆڤەوەو بیرکردنەوەیەوەو قۆناغەکانی گەشەکردنی بیریو پەیدابونی ئایدۆلۆجیاو ئایینەکانی عیسایيو موسایيو محەمەدیو فەلسەفەکانی کۆنفۆشیۆسو بوزاو.... هتد دەبێت لەسەری بنوسرێت بەپێی رای زاناکانو بیرمەندو فەیلەسوفەکان. ئێمە ماوەی ئەوەمان نیە وە باسەکەمان بوارمان نادات، بەڵکو باس لەئایینو بیروباوەڕە ئایینیەکانی کۆمەڵگای هەورامانی ئێستا دەکەین، هەروەها کاریگەری ئەو ئایینە لەسەر دابینکردنی کۆمەلاّیەتی Social Control کۆمەڵگای هەورامان.**

---

**بەبەستێت، نەك بەشتی تۆمارکراوی ناو پەرتوکەکان. عبداللە خورشید عبدالله،** البناء الأجتماعي للقرية الكردية دراسة أنثروبولوجية أجتماعية لقرية(بحركة)، رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية الآداب جامعة صلاح الدين، غير منشورة.

[١٥] د. احسان محمد الحسن، أنثروبولوجيا التربية ومشكلات تعليم المدن الكبرى، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٨٥، ص٤٠.

[١٦] د. كلارنس أ. نيول. السلوك الأنساني في الأدارة التربوية، ترجمة د. طه الحاج الياس والدكتور محمد خليل الحاج خليل، دار العربية للتوزيع والنشر، عمان- الأردن، ١٩٨٨، ص٦٥.

**(ئایین) واتا (بڕوابوون بەزاتێکی خوایی، کەشیاوی پیڕەوی لێکردن‌و پەرستنە).[17] کەواتە بڕوابونە بەزاتێکی بالآ، نادیار یان سروشتی کەخاوەنی دەسەلآتەو ئەرك‌و فەرمانەکانی ئەبێ جێبەجێ بکرێن، جا بەشێوەی پەرستن بن، یا کۆمەلآیەتیەو تاکە کەسی بن بۆ رێکخستنی کۆمەڵگا. ئاهورامان، کەناوی(هەورامان)ی لێوەرگیراوە، لەئاوێستادا بەواتای(شاری پیرۆز) هاتووە، وەئەو مەڵبەندە(یەکەم بێشکەی سەرهەڵدان‌و بلآوبونەوەی ئایینی زەردەشتە).[18] واتا هەورامان پێش ئەوەی بەزۆر ئیسلام بکرێت لەسەر ئایینی زەردەشت بووەو کاتێك بەزۆریش ئیسلام کرا تەنها بەسەرزارەکی ئیسلام بوو لەناخەوە هەر پەیڕەوی رەوشتەکانی زەردەشتیان دەکرد.[19] تا سەدەی دوازدەمیش لەکوردستاندا شوێنی وا هەر مابوون کەپەیڕەوی ئایینی زەردەشتیان لێ دەکرا، وەکو هەورامان.[20] (خەڵکی هەورامان) لەسەر ئاینی زەردەشت مانەوە تا پەیدابونی ئایینی ئیسلام‌و دواتریش تا ساڵی ٤٨٢ کۆچی/ ١٠٨٩ زایینی.[21] تا ئێستاش لای هەورامییەکان خاك‌و ئاو ئاگر- روناکی پیرۆزن‌و رێزیان لێ دەگرن.[22] لەهەوراماندا دەیان ئاتەشگاو نێزرگەی سەدان پیری زەردەشتی هەیە کەهەورامییەکان بەپیرۆزییەوە سەیریان دەکەن، لەهەورامانی تەخت نێزرگەی(پیرشالیار-**

[17] موسڵح ئیروانی، ئیسلام‌و ناسیونالیزم لەکوردستاندا، دەزگای چاپ‌و بلآوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٨.

[18] جلیل عەباسی، ئاڤێستا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

[19] محەمەد مەردۆخی کوردستانی، مێژووی کوردو کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧.

[20] د. رەشاد میران، رەوشی ئایینی‌و نەتەوەیی لەکوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

[21] حسام الدين علي غالب النقشبندي، الكرد في الدينور وشهرزور خلال القرنين الرابع والخامس الهجريين، المصدر السابق، ص٨٨.

[22] محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩٠.

پیشالیار)ی زەردەشتی لێیە کەتا ئێستا سالآنە هەورامییەکان لەسەری کۆدەبنەوەو جەژنی بۆ دەگێڕن.[٢٣] لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا پەیڕەوی(نیەتی باشو ووتەی باشو کردەوەی باش) دەکەن وەوێردی سەر زمانی گەورەکانە بۆ منداڵەکانیان.[٢٤] ئایینی زەردەشت بەجۆرێك لەگەڵ سروشتی ناوچەکەو لەگەڵ هەڵسوکەوتی کۆمەڵگاکە لواوە، تا ئێستاش نێرینەکان کەپشتوێن دەبەستن(سێ گرێ)کەی تیایە کەنیشانەی بیرنەچونەوەی(سێ کۆڵەکە)کەی ئەو ئاینیەیە، وەئارەزوو دەکەن خانوەکانیان روو بەخۆر بن، ئاو ناکەن بەئاگردا، نایەڵن ئاگریان بکوژێتەوە.... هتد.[٢٥]

بەو پێیە کۆمەڵگای هەورامان هەرچەندە ئێستا ئیسلامن‌و لەسەر ئاییننزای شافعی سوونەن، بەڵام کۆمەڵێك بیروباوەڕی کۆنی زەردەشتی هێشتا لەداب‌و نەریتی کۆمەڵگاکەدا پەیڕەو دەکرێن‌و فەرامۆش نەکراون. کاتێك ئاینی ئیسلام لەناوچەکەو لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا بلآوبۆتەوە، پیۆەن کرا* بەئاینی کۆنی کۆمەڵگاکەوە زۆر بەتوندی پەیڕەوی بنەماکان‌و بنچینەکانی ئاینە نوێکەیان دەکرد، بەجۆرێك بیروباوەڕی سۆفیگەری توانی زۆر بەخێرایی لەناویاندا بلآوبێتەوە بەتایبەتی ڕێبازی نەقشبەندی.[٢٦]، ئەو ڕێبازە لەهیندستانەوە لەڕێگای مەولانا خالیدەوە هاتۆتە کوردستان‌و لەسەر دەستی شێخ

---

[٢٣] سید عبدالصمدی تووداری، چمکێکی مێژووی هەورامان‌و مەریوان، و: محمدی مەلا کریم، چاپخانەی سلمان الأعظمی- بغداد، ١٩٧٠، ل٤١.

[٢٤] ابراهیم عمر، کورد لەناو ئاین‌و مێژوودا، چاپخانەی راپەڕین، ١٩٧٢، ل١١٨.

[٢٥] محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦٦.

* پیۆەن= موتوربە کردن

[٢٦] تۆمابوا، ژیانی کوردەواری، وەرگێڕانی حەمە سەعید حەمە کەریم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٨٠، ل٢٠١.

عوسمانی تەوێڵە(سراج الدین) گەیشتۆتە هەورامان‌و بڵاوبۆتەوە زۆر بەخێرایی پەل‌وپۆی هاوێشتوەو خەلیفەو لایەنگری زۆری هەبووە.[27] هۆی زوو بڵاوبونەوەی ئەو ڕێبازە بەڕای توێژەر دەگەڕێتەوە بۆ:-

**یەکەم**: لەڕوی رامیاری‌یەوە کۆمەڵگای هەورامان وەك بەشێك لەمیرنشینانی ئەردەڵان‌و بابان لەکۆتایی تەمەنی فەرمانڕەوایەتی‌یاندا بوون‌و بۆشایی‌یەکی رامیاری پەیدابووە لەبەرژەوەندی گەشەسەندنی دەسەڵاتی ئایینی شێخەکاندا بووە.

**دووەم**: شێخ عوسمان کەسێکی ئاییندارو لێهاتوو بووەو ڕێزێکی زۆری لێگیراوە کەسایەتی ئەو یارمەتیدەر بووە بۆ فراوان بوونی ڕێبازی نەقشبەندی.

**سێیەم**: خەڵکی کۆمەڵگای هەورامان ستەم‌و دەسەڵاتی(سان‌و خان‌و بەگ) ناچاریان کردوون کەهەر دەسەڵاتێکی تر پەیدابێت پێشوازی لێ بکەن تا رزگار بن لەو دەسەڵاتە ستەمکارە، ئەوەش لەبەرژەوەندی بڵاوبونەوەی ڕێبازی نەقشبەندیدا بووە.

**چوارەم**: هەچ کۆمەڵگایەك روی لەهێزە نادیارەکان‌و ئایین کردبێت مۆرکی دواکەوتوویی‌و نەزانی پێوەدیار بووە، کۆمەڵگای هەورامان لەو سەردەمەدا بەهۆی دواکەوتنیانەوە زیاد لەپێویست رویان لەئایین کردووەو بەڕێزەوە سەیری پلەوپایەی شێخەکانیان کردوە، تەنانەت هەندێك رۆژهەڵاتناس بەجۆرێك باسی کۆمەڵگاکەیان کردوە کەهەمووی لەبەرژەوەندیی شێخەکاندا بووە.

**پێنجەم**: لەو سەردەمەدا ململانێیەکی بەتین هەبوە لەنێوان پەیڕەوکەرانی فەلەو نا موسڵمانەکان لەلایەکەوەو موسڵمانەکان لەلایەکی ترەوە راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، هەورامی‌یەکان ووشکە

---

[27] هادی رەشید بەهمەنی، پەیامی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٨.

موسڵمان بونو کوێرانە پشتیوانیان لەڕێبازی نەقشبەندیو شێخەکان کردووە بۆ بەرەنگاربونەوەی ئاینەکانی تر، ئەوەش هەلێك بووە شێخەکان قۆستویانەتەوەو کۆمەڵگاکەیان بەلای خۆیاندا راکێشاوەو پلەوپایەی خۆیان لەناو کۆمەڵگاکەدا سەپاندوەو بیروباوەڕو ڕێبازی نەقشبەندیان بڵاوکردۆتەوە.[28]

ئەو هۆکارانە بونە یارمەتیدەرو پاڵنەرێکی بەهێز بۆ جێگیربونی ڕێبازی نەقشبەندی لەناوچەکەداو دەیان خانەقاو مزگەوتو حوجرەی ئایینی یان تەرخان کردوە بۆ خوێندنی زانستە ئایینیەکانو بڵاوکردنەوەی ڕێبازە نوێکە بەجۆرێك(بیارەو تەوێڵە) بون بەمەڵبەندێکی بەهێز نەك هەر لەکۆمەڵگای هەورامانو کوردستاندا بەڵکو لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەنگیان داوەتەوە. چەندین مەلای پایەبەرزی ئایینی لەو دوو مەڵبەندەدا زانستە ئایینیەکانیان خوێندووە، بۆ ماوەی ٢٠٠ساڵێك ڕێبازی نەقشبەندیو شێخەکان لەهەوراماندا دەسەڵاتو پلەوپایەی ئایینیو کۆمەڵایەتیان بۆ خۆیان قۆرخ کردوە. ئەوانیش لەزۆرداریو ستەمو دەست بەسەراگرتنی موڵكو ماڵو زەویوزاری هەورامییەکان هیچیان لەدەسەڵاتی(سانو خانو بەگ) کەمتر نەبوە ئەگەر زیاتر نەبوبێت بەجۆرێك(ئەدمۆندز) دەڵێ: (شێخ علاءالدين)ی بیارە پیاوێکی پیری تەماعکاری فێڵباز بوو، کەزەوی جوتیارە هەورامییەکانی بەفێڵ لەسەر خۆی تاپۆ کردنو موچەی لەئینگلیز وەردەگرتو شەرمیشی نەدەکرد داوای زیادکردنی دەکرد.[29] شاکر فەتاح دەڵێ: شێخ حسام الدين بەشی زۆری دێهاتەکانی لەهەورامانی ئەم دیوو ئەودیودا، لەسنەو سابڵاخ بەشی هەیە، زۆری

---

[28] مارتن ڤان برۆنەسەن، ئاغاو شێخو دەوڵەت، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩.
[29] أدموندز، کوردوترکء عرب، المصدر السابق، ص١٤٣.

داوه بەسەر كارو باخەوان بۆی بهێننە بەرهەم، زۆرجار ووتویەتی(قەیناكات با بەدزییەوە بیخۆن، ئەوەی من هەمە هی كێیە؟ ... هی خۆیان نییە؟!).[30]

پلەوپایەی ئایینی شێخەكانو ڕێبازی نەقشبەندی تاكو بەرپابونی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ی عێراق برەوی هەبووە، (شێخ عوسمان) ساڵی ١٩٥٩ بۆ ئێران هەڵهات، ئەو دەمەی ڕژێمی قاسم لەعێراقدا نەك تەنها ڕێگەی بەجوتیارە هەژارەكاندا زەویوزاری خاوەن موڵكە دەرەبەگەكان داگیركەنەوەو وەرگرنەوە، بەڵكو پشتگیریشی دەكردن. شێخ عوسمان لەو كاتەدا هەڵهات لەترسی جوتیارەكانو وەرزێرەكان یا بەهۆی كۆنەكێشەكانیەوە لەگەڵ خەڵكدا.[31]

ئایینو ڕێبازی نەقشبەندی تا ئەو سەردەمە فاكتەرێكی بەهێز بوون لەدابینكردنی كۆمەڵگای هەوراماندا، كۆمەڵگاكەی بەیەكەوە بەستوەو بەپێی یاساو ڕێسا ئیسلامییەكان( حەرامو حەلاڵ، چاكەو خراپە، بەهەشتو جەهەنەم، كافرو موسڵمان، تاوانبارو بێ تاوان، منافقو ڕاستگۆ، سۆفیو دەروێشو پیاو چاك... هتد) ڕێگربون لەبەردەم گۆڕانو تازەگەریو نوێ بونەوەو پەیوەندی كردن بەدنیای دەرەوە، كۆمەڵگاكەیان كۆتو زنجیر كردوەو دابینیان كردوەو وەك كۆمەڵگایەكی داخراوو خۆجێیی ماوەتەوە تا شەستەكانی سەدەی بیستەم كاتێك دەسەڵاتی ئایینی ڕێبازی نەقشبەندی لەهەوراماندا دایەكزیو لاوازبووە(دەسەڵاتی یاسا) بۆتە جێگرەوەی(دەسەڵاتی ئایینی) لەدابینكردنی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای هەوراماندا.

---

[30] شاكر فتاح، طةشتى هةلَةبجةو هةورامان، سةرضاوةى ثيَشوو، ل٣٣.

[31] مارتن ظان برؤنةسةن، سةرضاوةى ثيَشوو، ل١٨٩.

**٣-رای گشتی: Public Opinion**

رای گشتی توخمێکە لەتوخمەکانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی، وە بەشێکە لەشارستانێتی واتایی کۆمەڵو گەلو نەتەوەکان، بەرهەمی تاکە کەسی نیەو کۆبونەوەی بیروبۆچونی کۆمەڵە لەسەر روداوێك یا کێشەیەك یا دیاردەیەك کەپێویستە کۆمەڵگا بڕیاری لەسەربدات. زانایان راوبۆچونەکانیان لەسەر پێناسەکردنی ئەم زاراوەیە جیاوازییان هەیە وەك لەخوارەوە باسی دەکەین. (رای گشتی) بریتیە لەکۆمەڵێك بیروبۆچونی جیاواز دەربارەی چەند بابەتێکی دیاریکراو کەدروست دەبن لەناو کۆمەڵگادا، کە لەشارستانێتو دابو نەریتیانەوە سەرچاوەیان گرتووەو هەمیشە بەکار دەهێنرێن بۆ دەربڕینی مەبەستێك. یا بریتیە لەرێککەوتنو کۆك بونی بیرو بۆچونی کۆمەڵ دەربارەی هەڵوێستێكو بابەتێکی کتوپڕو روداوێكو تەنگوچەڵەمەیەك کە روبەڕوی کۆمەڵ دەبێتەوە، بۆ چارەسەرکردنی پشت دەبەستن بەشارستانێتو دابونەریتیان.[٣٢] هەروەها لەلایەکی ترەوە بەوە پێناسەکراوە کەبریتیە لەکۆمەڵێك بیروباوەڕو بۆچونی کارپێکراو لەناو خەڵکدا دەربارەی بابەتێك یاروداوێك کەڕەوایەتو یاسایەتی هێشتا نەسەلمێنراوە لەبەر پەیوەست بوونی بەلایەنی خۆیەتی تاکەکانو کۆمەڵەکانەوە کەکاتی تەواو نەبووە بۆ سەلماندنی ئەو بۆچونانە. وەدوو واتا دەگەیەنێت، لەلایەکەوە نەگۆڕو جێگیرە، چونکە کارناکاتە سەر بزواندنی کۆمەڵ بۆساغ کردنەوەو سەلماندنو رەوایەتی بۆچونەکانیان. لەلایەکی ترەوە بەوە دەناسرێت کەدینامیکیەتی تێدایەو دەبزوێت، چونکە توانای هەیە هانی خەڵك بدات کەهەڵوێست وەرگرنو بڕیار بدەن بۆ بەدەست هێنانی مەبەستەکانیان، یا بۆ تێرکردنی پێویستیەکانیان، یا بۆ جێبەجێکردنی ئاواتو ئامانجە نزیكو دوورەکانیان.[٣٣] لەلایەکی ترەوە

---

[٣٢] د. شاكر مصطفى سليم، قاموس الأنثروبولوجيا، المصدر السابق، ص٧٨٥.

[٣٣] د. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الأجتماع، المصدر السابق، ص٣٠٦.

بەوە پێناسە کراوە(رای گشتی) دیاردەیەکی تاکە کەسی نییە پشت بەداهێنانی تاکە کەسیو دەستکەوتێکی تایبەتو سنوردار ببەستێت، بەڵکو بەرهەمی دۆخێکی گشتیو ئاوێتەیەکی فاکتەرە تێکڕژاوەکانە کەدواجار ئەم دیارەیە بەرهەم دەهێنێو بەسیماکانی خۆیەوە بەچاپی دەگەیەنێ.[٣٤] هەروەها رای گشتی توخمێکە لەتوخمەکانی دابینکردنی کۆمەڵایەتیو بەشێکە لەشارستانیەتی واتایی کەهێزو توانای وەك نەریت وایەو لەکۆمەڵەوە سەرچاوەی گرتووە، لەنەریت جیاناکرێتەوەو زۆر تێکەڵنو لەیەکەوە نزیکنو بەیەکەوە بەستراون.[٣٥] لەلایەکی ترەوە رای گشتی وەك نەریتو لاسایی کردنەوە پێناسە کراوە کەدەڵێ: چەمکێكو تێڕوانینێكو بڕیارێکە کەسوودو بەرژەوەندی کۆمەڵگا دەپارێزێت، خۆی دەسەپێنێت بەسەر تاکداو رەفتارو هەڵسو کەوتی تاك دیاری دەکاتو دەیبەستێتەوە، وە لەلایەن هیچ دەزگایەکی بەرپرسەوە نەسەپێنراوە بەڵکو کردەیەکی جەماوەری گشتیە. یا رێ پیشاندەرێکی پێشەکی کەمینەو زۆرینەیە، کە لەسوودو بەرژەوەندی کۆمەڵگادایە، رێ نوێنیکەری ووشیاریو رۆشنبیریە چاكو خراپەکانە.[٣٦]

(رای گشتی) بریتیە لەکۆیەك لەبیرو بڕوا کە لەبارودۆخی ژیانی کۆمەڵ سەرچاوە دەگرێو لەرەفتارو جموجوڵی تاکە کەسەکاندا خۆ دەنوێنێت، تاکە کەس ناچارە ملی بۆ دانەوێنێ.[٣٧]

---

[٣٤] عبدالخالق ابراهیم، رۆژنامەی ئاسۆ، رای گشتی ژمارە(٤٦)، هەولێر، ٢٠٠٥/٢/١، ل٥.

[٣٥] بوتومور، تمهيد في علم الأجتماع، ترجمة الدكتور محمد الجوهري وآخرون، المصدر السابق، ص٢٧٠.

[٣٦] د. فوزية دياب، القيم والعادات الأجتماعية، المصدر السابق، ص١٩١.

[٣٧] د. حوسێنی خەلیقی، کۆمەڵناسیی کوردەواری، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

رای گشتی وەك ئاماژەی پێدرا هاودەنگییەكو پێناسەیەكی بڕانەوەو ساغ كەرەوەی لەسەر نىیە، هەر زانایەك بەجۆرێك پێناسەی كردوە، هەندێكیان تێكەڵیان كردوە لەگەڵ نەریتو لاسایی كردنەوەدا، هەندێكی تریان بە بەشێك لەشارستانێتی واتایىو دابونەریت پێناسەیان كردووە.

ئێستا نۆرەی ئەوە هاتووە باس لەڕای گشتیی كۆمەڵگای هەورامان بكرێت كەوەك توخمێك لەتوخمەكانی دابینكردنی كۆمەڵگاكەو كاریگەری ئەو توخمە لەسەر تاكە كەسەكانی كۆمەڵگای هەورامان، كەوەك بەشێك لەشارستانێتی واتایی كۆمەڵگاكە بەمیرات لەباوو باپیرانیانەوە بۆیان جێماوە. ئەو دەنگە گشتىیە كاتێك دروست دەبێت كەدیاردەیەك یا روداوێك یا كێشەیەك روو لەكۆمەڵگاكە دەكات، كۆمەڵگاكە هەڵوێست وەردەگرێتو بڕیارێك دەدات بۆ بنبەست كردنو چارەسەركردنی ئەو دیاردەیە بەپشت بەستن بەدابو نەریتی كۆنو نوێ.

ئەگەر سەیری فەرهەنگی كۆمەڵگاكە بكرێت كۆمەڵێك هێماو وشەو زاراوەی بۆ ئەو مەبەستە لەخۆ گرتوە كە لەكاتی پێویستدا هانی خەڵك دەدات بۆ راپەڕاندنی كارێك كەپێویستی بەڕای جەماوەر بێت وەك(كارێكی پیاوانەیە، ئازایەتىیە، بەخشندەیىیە، دڵفراوانە، خاوەن بەزەیىیە.... هتد). بەرامبەر بەو هێماو ووشەو زاراوانە لەفەرهەنگی كۆمەڵگاكەدا لەرای گشتىیەوە بۆ پاراستنی كۆمەڵگاكەو قەدەغەكردنی هەندێ دیاردەی دزێو چەند زاراوەیەكی بەرگریكەر دەست نیشان كراون، كەجێی بێزارىو خۆدوور خستنەوە لێیانەوە نیشان دەدات وەك(ترسنۆكە، دزە، درۆزنە، داوێن پیسە، پیاوكوژە، ژنانىیە، چاوچنۆكە، دڵ پیسە، دەم پیسە، چەنەبازە، ....هتد). ئەو زاراوانەی سەرەوە بەچاكو خراپ لەڕای گشتی كۆمەڵگاكەوە پەیدا بوون

کەتوانیویانە لەکاتی پێویستدا ڕەوایەتو یاسابیەتو هێز لەکۆمەڵگاکەوە وەرگرن بۆ بنبەست کردنو چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتی کۆمەڵگاکە وەك توخمێك لەتوخمەکانی دابینکردنی کۆمەلایەتی خۆی سەپاندووە بەسەر تاکە کەسەکانداو ڕێی لێگرتوون کەئارەزوەکانیان نەبنە فاکتەری شلەژاندنو تێکدانی کۆمەڵگاکە. بەو جۆرە ڕای گشتی ڕۆڵی خۆی بینیوە لەپاراستنی هێمنیو دابینکردنی ئاسایش لەماوەیەکی مێژوویی‌دا کاتێك کەداب‌ونەریت بالادەست بووە لەناو کۆمەڵگاکەدا بەلام لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەو پەیوەندی کردنی بەدنیای دەرەوە هێزو توانای ڕای گشتی لەپاشەکشەدایەو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانو ئارەزوە تاکە کەسییەکان سەربەست بوونو ملکەچی بڕیارەکانی ڕای گشتی کۆمەڵگاکە نابنو ڕای گشتیش لەسەر دیاردەو ڕوداوەکان(هێزی گشتی) بۆ کۆ ناکرێتەوەو کۆمەڵگا کۆك نی‌یە لەسەر ڕەوایەت پێدانو هەڵوێستە وەرگرتنو بڕیاردان دەربارەی کۆمەڵێك دیاردەی نوێ کەبونەتە فاکتەرێك لەشلەژاندنو شێواندنی کۆمەڵگاکە کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو هێرشەکانی ڕاگەیاندنو دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە پەیدابوون. ڕای گشتی وەك توخمێكو وەك فاکتەرێك لەدابینکردنی کۆمەڵگا هێزو توانای لەکۆمەڵەوە وەرگرتوەو تاکەکەس ملکەچی بووە لە سەردەمێکی مێژوویی‌دا. بەلام تا ئێستا بۆ بنبەست کردنو هەڵوێست وەرگرتنو بڕیاردان لەسەر دیاردە کتوپڕەکان جاروبار لەناو کۆمەڵگای هەورامانامدا ڕۆڵ دەبینێتو کێشەکان چارەسەر دەکاتو دابینی کۆمەڵگاکە دەکات.

**٤-یاسا** The Law :

(یاسا) بریتییە لەپەیوەندیی پێویست لەنێوان دوو دیاردە یازیاتردا، واتا پەیوەندی‌یەکی بۆنەییو هۆکاریو ڕاست هەیە لەنێوان

دیاردەکاندا کەکار لەیەکتر دەکەن.[٣٨] یا یاسا بریتییە لەپێوەندی پێویستو کاریگەریو دەرەنجامی راستەوخۆ، کە لەسروشتی بونەوەرەکان وەرگیراوە، کەواتە یاسا بەو پەیوەندییە دەوترێ کە لەنێوان هۆکارە سەرەکییەکانو بونەوەرە جیاوازەکانو هەروەها لەنێوان خودی ئەو بونەوەرانەدا هەیەو بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، بەجۆرێك بونەوەرەکان بۆخۆیان خاوەنی یاسای تایبەتین.[٣٩] هەروەها یاسا بریتییە لەبنچینەیەکی دروستکراوی پەسەندکراو لەلایەن کۆمەڵەوە ئامرازەکانی سزادانو سەپاندنو بەستنەوەو ملکەچ پێکردن پەیڕەو دەکات، رونترین ئامرازو توخمی دابینکردنی کۆمەڵگایە، چونکە ئەرکو فەرمانی خۆیەتی کەپەیوەندی نێوان تاکەکانو دەسەڵات دیاری دەکات.[٤٠]

یاسای زانستی دەبێتە(دوو) بەشەوە، بەشێکی یاسای هۆکارییە Casual Laws، بەشەکەی تری یاسای فەرمانییە Functional Law، بەشی یەکەمیان ئەو کۆمەڵە بیروبۆچونو بڕیارە بابەتیانەن کەپەیوەندی نێوان دوو دیاردە رون دەکەنەوە، کەیەکێکیان سەربەستو سەربەخۆیە ئەوی تریان پشتی پێ دەبەستێت بەهۆی ئەوەوە رودەدات، ئەمەیان زۆرتر لەبواری بابەتە زانستییە سروشتییەکاندا بەکاردێت، وەك چۆن یاسا یەك لای کردۆتەوە کەباران بارین پشت بەهەڵم بوون دەبەستێتو ئەویش پشت دەبەستێت بەبەرزیو نزمی پلەی گەرما. کەواتە پلەی گەرما دیاردەی سەربەستو سەربەخۆیە، بەهەڵم بوونو

---

[٣٨] د. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الأجتماع، المصدر السابق، ص٥٠٥.

[٣٩] مۆنتسكيۆ، رۆحی یاساكان، وەرطێرانی ئیدریس شێخ شەرەفی، دەزطای ضاثء بلآوكردنەوەی موكریان، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٦١.

[٤٠] د. شاكر مصطفى سليم، قاموس الأنثروبولوجيا، المصدر السابق، ص٥٥٣.

باران بارین پشتی پێ دەبەستن. بەڵام(یاسا فەرمانیەیەکان) دەربڕینی پەیوەندیەیەکانی نێوان دیاردەکان دیاری دەکات، بەبێ باسکردنی ئەو دیاردانەو هۆکارەکانی پەیدابوونیان. وەهەموو پەیوەندییە فەرمانیەیە پەیوەست بووەکانی دوو دیاردە دەست نیشان دەکات کە لەیەك کاتدا ڕوو دەدەنو بەیەکەوە بەستراونو بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەگۆڕاندان، بەچەشنێك مەرجە کەیەکێکیان ئەوی تریان پەیدابکات، بەبێ ئەوەی بوترێت یەکێکیان بۆتە هۆی پەیدابوونی ئەوی تریان، یا بوترێت یەکێکیان هۆیەو ئەوی تریان ئەنجامە.

لەزانستە مرۆییەیەکاندا بەگشتیو لەزانستی کۆمەڵناسیو ئەنترۆپۆلۆجیادا ئەم چەشنە یاسایە پەیڕەو دەکرێت بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی دیاردە کۆمەڵایەتیەیەکان. لەسەرەتاوە لەناو کۆمەڵگاکاندا یاسا نەبووە، وە کۆمەڵگا(سەرەتاییەیەکانو دواکەوتووەکانو هۆزایەتیەیەکان) پێڕەوی یاسای نوسراوو دانراو ناکەن، لەگەڵ ئەوەشدا تاکەکانی کۆمەڵگا دابینکراونو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکە ڕێکخراوەو کێشەو گیروگرفتیان کەم بوون یا هەر نەبوون.

هەموو کۆمەڵگایەك جۆرە دابو نەریتێکی تایبەتی هەبووە کەتوانای ڕێکخستنو دابینکردنو ملکەچ پێکردنی ئەندامەکانی هەبووەو وەك نەخشەو پلانێك دانراوە بۆ پاراستنو مانەوەو درێژەدان بەژیان بەپێویست زانراوەو پەیڕەوکردنیو لانەدان لێی هەست کردن بووە بەئەرکی سەرشانی هەموو ئەندامێك. بەو پێیە(نەریت) بریتی بووە لەڕێککەوتنی خەڵك لەسەر پەیڕەوکردنی پلانێکی دیاریکراو لەهەموو چالاکییەکی کۆمەڵایەتیداو هەستکردن بە پەیوەست بوونی

ئەو پلانە وەك بنچینەیەكی یاسایی.[٤١] هەروەك باوەڕ وایە كە(نەریتی هۆز سەرچاوەو بنچینەی پەیدابوونی یاسایە). وەدەڵێن لەدادگایی كردندا ئەگەر بەندێكی یاسایی دیاریكراو نەبوو، دادوەر بۆی هەیە بەپێی نەریت بڕیار بدات.[٤٢]

جگە لەداب‌و نەریت ئایدۆلۆجیا بیروباوەڕەكان‌و ئایینەكان پەیدابوون‌و كۆمەڵێك یاساو ڕێسای خۆیان سەپاندووە بەسەر كۆمەڵگاكانداو دەرچون یا لادان لەو یاساو ڕێسایانە بەتاوان ژمێردراوەو سزای توندی لەسەر بووە. ژیان هەمیشە لەگۆڕاندایەو پێویست بەوە دەكات داب‌و نەریت‌و بیروباوەڕو ئایینەكانیش نویێ ببنەوەو بگۆڕێن، بەڵام ئەو پرۆسەیە سست‌و لاوازەو لەسەرخۆ روودەدات لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانەكاندا ناگونجێت‌و هاوسەنگ نابێت، بۆیە پێویست بووە پەناببرێتە بەر دۆزینەوەی نەخشەو پلانی نوێ‌و بەدەست‌و بردترو خێراتر، بەپێی لەدایكبونی دیاردەكان یاسای تایبەتیان بۆ دابنرێن،كە لەوانەیە نە لەنەریتی پێشینان‌و نە لەئایینەكاندا ئاماژە بەو دیاردانە نەكرابێت كە لەپاشەڕۆژدا روو دەدەن، بەڕودانیان پێویست بەیاسای پەیوەندیدار دەكات، بەو جۆرە یاساو چەمكە یاساییەكان پەیدابوون‌و نوسراونەتەوەو لەناو كۆمەڵگاكاندا پیادەكراون، كەهەر كۆمەڵگایەك بەپێی بەرژەوەندی‌و بەپێی داب‌و نەریت‌و بەپێی ئایینەكانیان چەمكە یاساییەكانیان داڕشتون‌و پیادەیان كردون‌و ئەندامانی كۆمەڵگا پەیڕەویان دەكەن.

بەتایبەتی كاتێك كۆمەڵگا ئاڵۆزە نوێكان پەیدابوون‌و داب‌ونەریت‌و ئاین لەتوانایاندا نەما پێكهاتەی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگاكان دابین

---

[٤١] د. فوزية دياب، القيم والعادات الأجتماعية، المصدر السابق، ص١٩٢.
[٤٢] المصدر نفسه، ص٢١٤- ٢١٦.

بکەن‌و بپارێزن‌و رێك بخەن، پێویستی دەکرد دەسەڵاتێکی بەهێزو بەتواناو بێ بەزەیی‌و بێ جیاوازی پەیدابێت‌و سەروەریی خۆی بسەپێنێت وە هیچ دەسەڵاتێك لەسەرویەوە نەبێت بۆ دابینکردن‌و پاراستنی کۆمەڵگاکان، ئەو دەسەڵاتەش بە لەدایکبونی(یاسا دانراوەکان) پەیدا بوو، کەخاوەنی بەرزترین دەسەڵاتن‌و دەسەڵاتی باڵان‌و پێویستە لەهەموو کاروبارێکی رۆژانەی ژیاندا پشتیان پێ ببەسرێت، بۆ هیچ کەسێك نیيە لێیان لادات‌و سەرپێچیان بکات، ئەو دەسەڵاتەش توانای هاوسەنگ کردن‌و پاراستن‌و دابینکردن‌و رێکخستنی لەئەستۆدایە بەپێی ئەو ئەرك‌و مافەی کەدیاریکردوون، هەرچەندە پەیوەست بوون‌و پەیوەندیيەك هەر هەیە لەنێوان داب‌ونەریت‌و ئایین‌و یاسادا، چونکە تا ئێستاش پێشکەوتووترین کۆمەڵگاو دەوڵەتی یاسایی پەیڕەوی داب‌ونەریت‌و ئایینی تایبەتی خۆی دەکات، سەرباری ئەوەش بەپێی یاساو چەمکە یاساییەکان کاروباری کۆمەڵگاکەی خۆی بەڕێوە دەبات کەپشتی بەداب‌و نەریت‌و ئایینەکەی خۆی بەستووە ئەوە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە چەمکە یاساییەکان پێویستە بگونجێن لەگەڵ ئایین‌و داب‌ونەریتی کۆمەڵگاکەدا، بۆئەوەی نەکەونە بەر رەخنەو گلەیی‌و گازندەو سەرپێچیان لێ نەکرێت‌و ملکەچیان بن.

کۆمەڵگای هەورامان خاوەنی داب‌ونەریتی تایبەتی خۆیەتی‌و بەتوندی باوەشی بەبنچینەکانی ئایینی ئیسلامدا کردووە بنەماکانی ئەو ئایینە بەجۆرێك پەیڕەوکراون کەڕەنگیان داوەتەوە لەهەموو کاروبارو هەڵس‌وکەوتی رۆژانەی خەڵکەکەدا لەبوارەکانی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و رامیاری‌و فەرهەنگییاندا هەموو یاساو رێساو چەمکە یاساییەکانیان لەو ئایینەوە سەرچاوەیان گرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا داب‌و نەریتی کۆنی کۆمەڵگاکەش پەیڕەو دەکرێت کە لەباوو باپیرانیانەوە بۆیان بەجێماوە،

بەشێك لەیاسا دانراوەكانیش كەدەگونجێن لەگەڵ ژیانی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگاكەدا پەیڕەودەكرێن، هەرچەندە یاسادانراوەكان درەنگ بەكۆمەڵگاكە ئاشنابوون لەگەڵ ئەوەشدا خەڵكەكە بۆ راپەڕاندنی كاروبارەكانیان روویان لەیاساكان كردووە، چونكە رەوڕەوەی ژیان بەپێی یاسادانراوەكان دەسوڕێت، كۆمەڵگای هەورامان بێ بەش بووە لەسوودو قازانجەكانی شۆڕشی تەكنۆلۆجیاو هۆكانی راگەیاندن تا ئەم سەردەمانەی دواییش لەخوێندنو خوێندەواریو رێگاوبان، ئەمە لەلایەك وە لەلایەكیترەوە ژمارەی دانیشتوانی كۆمەڵگاكە كەم بووەو دەرامەتەكانیان دیاریكراو بوون وە پەیوەندییەكانی لەگەڵ دونیای دەرەوەدا سنورداربوون دەسەڵاتە فەرمانڕەوایەتیەكەشی بواری نەداوە كەیاسا دانراوەكان لەناو كۆمەڵگاكەدا پەیڕەو بكرێن، چونكە لەگەڵ بەرژەوەندییەكانی ئەواندا نەگونجاون بۆیە تاكو سەرەتای سەدەی بیستەمو بگرە زیاتریش(سانو خانو بەگو شێخ بەدەسەڵاتدارترینو حاكمێكی مطلق بوونو خۆیان بكوژو ببڕبوون).[43]

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك دابونەریتو چەمكی یاسایی كە لەئایینی ئیسلام وەرگیراون لەبەرژەوەندی كۆمەڵگاكەدان پەیڕەو دەكرێن، تاكەكانی كۆمەڵگا ملكەچیانن‌و كاریگەریان هەیە لەسەر بەیەكەوەبەستنی تاكەكانو رێ نەدانیان لەسەرپێچی كردن. بەهەموویانەوە(دابونەریت، ئایین، چەمكە یاساییەكان) كاروباری كۆمەڵگاكەیان رێكخستوەو دابینكردووە، هەرچەندە كاریگەری دابونەریتو ئایین لەپاشەكشەدایە، بەڵام نەبۆتە هۆی رودانی كێشەو گیروگرفت لەناو كۆمەڵگاكەدا چونكە ئەو دیاردانە زۆر كەمن ئەگەر بێتوو بەراورد بكرێت لەگەڵ كۆمەڵگایەكی تر كەتەنها پشتی بەیاسای

[43] محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢٤-١٠٢٩.

زانستی بەستبێت. کەمی ئەو دیاردانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەهێشتا کۆمەڵگاکە وەك پێویست گەشەی نەکردوە لەبواری پیشەسازیو بەرهەمهێناندا، ژمارەی دانیشتوانی کەمە، دەرامەتەکانی پێویستییەکانی ڕۆژانەیان پڕ دەکەنەوە، دنیای شارستانێتو هێرشەکانی ڕاگەیاندن نەیتوانیوە گۆڕانکاری تەواو بکەن لەناو کۆمەڵگاکەدا، بۆیە کۆمەڵگاکە بەیەکگرتوویی ماوەتەوەو (دابونەریتو ئایینو چەمکە یاسایییەکان) توانیویانە دابینی بکەن.

توخمەکان یا هۆکارەکانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی بەشێك ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای هەورامانیان پێك هێناوە کەبریتین لە(دابونەریت، ئایین، ڕای گشتی، یاسا). هەروەها(بەها کۆمەڵایەتییەکانو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانو ڕێو ڕەسمە باوەکانو لاسایی کردنەوە)یش دەچنە ژێر چەتری چوار توخمە سەرەکیەکەوە کەهەموویان پێکەوە ڕۆڵیان بینیوە لەدابینکردنی کۆمەڵگای هەورامانو ژیانی کۆمەڵایەتیی هەورامان وەك لەهێڵکاری(٧) نیشان دراوە.

هەروەها هەندێك دامودەزگاو ئامراز دانراون بۆ پشتیوانی کردنو پاڵپشتی کردنی هۆکارەکانی دابین کردن وەك(زیندانەکانو نەخۆشخانەکانو دوور خستنەوەو سزادان بەپارەو سزادان بەنووسینو سزادان بەوەرگرتنەوەی پۆستو پلەو پایە کارگێڕییەکان). کۆمەڵگاش کۆمەڵێك سزای واتایی دیاری کردون بۆ لادەرو سەرپێچی کەرەکان وەك(بێبەری کردنو نزم سەیرکردنو دەرکردنو سوکایەتی پێ کردنو سەرزەنشت کردنو ئامۆژگاری کردن). ئەوانە هەموویان ئەرکی چاودێری کرنو بەدوادا چوونو سۆراخ کردنی ئەندامانی کۆمەڵگایان لەئەستۆدایە، بەبێ ئەوانە ژیانی کۆمەڵایەتی دانامەزرێت. توخمەکانو

ئامرازەکانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی بەشێکیان رەسمین وەك(دادگاو دادوەرو پۆلیسو ئاسایش لێیان دەپرسنەوە لەگەڵ دەزگا پەیوەندیدارەکانی تردا). بەشەکەی تریان نا رەسمین وەك( دابونەریتو مزگەوتو ئەنجومەنو خێزانو خزمو کەسوکار لێیان دەپرسینەوە). ئەم بەشەیان بەتواناترو بەهێزترو کاریگەرترن لەبەشەکەی تر لەدابینکردنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا. تاکو ئامرازەکان بەهێزترو چالاکتر بن کۆمەڵگا باشتر دابین دەکرێتو ژیانی کۆمەڵایەتی ئارامترو پارێزراوتر دەبێتو یەکێتیو یەکرِیزیو بەیەکتر بەستنەوەو خۆشەویستیو رێزگرتن لەناو ئەندامانی کۆمەڵگادا تۆکمەتر توندوتۆڵتر دەبێت.

لێرەدا کۆتایی بەلایەنی تیوری توێژینەوەکە دێنینو دەچینە سەر لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەو ئەو زانیاریانەی کە لەفۆرمی راپرسییەکەدا دەست کەوتون دەیانخەینە روو، بەپێی پەیرەوکردنی رێبازی زانستی زانیارییەکان شی دەکەینەوە

## هێڵکاری(٧)

## پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای هەورامانی لەهۆن- کوردستانی عێراق نیشان ئەدات.



# دەروازەی دووەم

# لایەنی پراکتیکی

# بەشی یەکەم

# چۆنێتیی ئەنجامدانی توێژینەوەکە

**باسی یەکەم: پلانو رێبازی توێژینەوەکە**

**باسی دووەم: سیما گشتییەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

## باسی یەکەم

## پلان و ڕێبازی توێژینەوەکە

**یەکەم/ڕێبازی توێژینەوە:-** هەموو لێکۆڵینەوەیەك ڕێبازێکی هەیە، ئەم ڕێبازەش وەسفی یا مێژوویی یاخود ئەزموونییە. لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوەی زانستی خوێندنەوەیەکی بابەتیانەیە کەتوێژەر پێی هەڵدەستێت، لەبواری پسپۆڕی سروشتیو مرۆییدا، بەمەبەستی گەیشتن بەڕاستییەکانو تێگەیشتنی زانیارییەکان بەتێرو تەسەلی، دەربارەی هەچ کێشەیەك کەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی روبەڕوی بونەتەوە، جا ئەو کێشەیە پەیوەست بێت بەلایەنی شمەکییەوە یا لایەنی کلتوری کۆمەڵگاوە.[١] هەروەها ڕێبازی لێکۆڵینەوە بریتییە لەو کەرەستەو ڕێگا زانستیانەی کەتوێژەر بەکاریان دێنێت، بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجو دەرئەنجامە روونو زانستییەکان.[٢] کۆمەڵێك ڕێباز بەکاردەهێنرێن لەتوێژینەوە زانستییەکاندا وەك(مێژوویی، بەراوردکاری، ژیاننامەی تاکەکەس، تاقیکاری، پێوەرەکانی کۆمەلایەتیو دەروونی، ئامار، مەسحی کۆمەلایەتی- روپێوی کۆمەلایەتی(دامالّی کۆمەلایەتی)[*]، ... هتد) . بەکارهێنانی هەریەك لەو ڕێبازانە بەپێی بابەتەکەو بەپێی مەبەستی توێژینەوەکە دەگۆڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە توێژەر

---

[١] د. احسان محمد الحسن ود. عبد المنعم الحسني، طرق البحث الأجتماعي، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، ١٩٨٢، ص٢٣.

[٢] د. محمد صفوح الأخرس، مناهج البحث في علم الأجتماع، المطبعة الجديدة- دمشق، ١٩٨٢- ١٩٨٣، ص٥٦.

[*] دامالّی کۆمەلایەتی:- بەشێوەزاری هەورامی پڕاوپڕ روپێوی کۆمەلایەتی دەگرێتەوە.

تەنها یەك رێباز بەكاربێنێت لەتوێژینەوەكەیدا.[3] بابەتی توێژینەوەكەمان لەسەر(ژیانی كۆمەڵایەتی‌ی هەورامانە) لەكۆی ئەو رێبازانەی سەرەوە، رێبازی مەسحی كۆمەڵایەتی-روپێوی كۆمەڵایەتیمان بەكارهێناوە بۆ كۆكردنەوەی زانیاریەكان، چونكە توێژینەوەكە بەشێوەی پراكتیكی ئەنجام ئەدەین، ئەم رێبازە گونجاوترو لەبارترە، لەگەڵ ئەوەشدا سوودمان لە(رێبازی ئامار) وەرگرتووە بۆ شی‌كردنەوەو خستنە روی زانیارییەكان لەنوسینەوە بۆ ژمارەو بۆ رێژە. چونكە ئامار لەم رۆژەدا زانستێكە یاساو رێسای تایبەتی خۆی هەیە، وە رێبازێكی زانستییە كە بەكار دەهێنرێت بۆ شیكردنەوەی دیاردەكان‌و سیماكانیان‌و بەدەستەوەدانی ئەنجامەكانیان بەشێوەی ژمارەیی، كەدیاردەكان هەڵدەسەنگێنێت‌و پێوانەیان دەكات.[4]

## دووەم/ بوارەكانی توێژینەوەكە

بواری ئەم توێژینەوەیە لەسێ رووەوە سنورەكەی دیاری دەكرێت كە ئەمانەن:-

أ. بواری جوگرافییی: سنوری جوگرافی توێژینەوەكەمان (هەورامانی لهۆن- بەشی حكومەتی هەرێمی كوردستانی عێراق دەگرێتەوە. كە لەدوو شارۆچكەی بیارەو تەوێڵەو بیست دێ‌و لادێ پێك هاتووە، لەوانەش یازدە دێ‌و لادێ یان ئاوەدان كراونەتەوەو دوو لادێ‌یان ژمارەیان كەمە كە ئەمانەن(هانەی قوڵ، ئێلاَن پێ، حەوت لادێ‌یان

---

[3] وهيب مجيد الكبيسي والدكتور يونس صالح الجنابي، طرق البحث في العلوم السلوكية، ج١، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، ١٩٨٧، ص١٤٧.

[4] د. محمود حسن المشهداني، أصول الأحصاء والطرق الأحصائية، بدون اسم المطبعة، بغداد، ١٩٨٥، ص٨.

ئاوەدان نەکراونەتەوە). رووبەروی ئەم بەشەی خاکی هەورامان ١٠٤٢٧١کم٢.[٥]

**ب-بواری مرۆیی:-** تویێژینەوەکەمان خەڵکی هەورامان دەگرێتەوە، ئەوانەی ئێستا نیشتەجێی هەورامانن نەك ئەو هەورامیانەی کە لەدەرەوەی هەورامان دەژین، ئەوانەش کەئێستا نیشتەجێی هەورامانن ژمارەیان(٧٠٢٦) کەسە کە لەنزیکەی(١٥٠٢) خێزان پێك هاتوون.[٦]

**ج-بواری ماوە:-** ئەم بوارە ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کەتوێژەر بۆ ئەنجامدانی تویێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆجی لەکۆمەڵگای هەورامانداماوەتەوەو لەنزیکەوە زانیاری کۆکردۆتەوە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکە لەڕوی کۆمەڵایەتیو ئابووریو رامیاریو کلتوریو ئایینیو فاکتەرەکانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکە. وەهەروەها ئەو ماوەیەش دەگرێتەوە کەتوێژەر فۆرمی راپرسیی کۆکردۆتەوەو زانیارییەکانی بەتاڵ کردۆتەوەو گۆڕیونی بەژمارەو شی کردونەتەوە کەنزیکەی حەوت مانگی خایاندووە لەبەرواری ٢٥/٩/٢٠٠٤ دەستی پێ کردووە وە لەبەرواری ٢١/٤/٢٠٠٥ کۆتایی هاتووە.

## سێیەم/ کۆمەڵگای تویێژینەوەکە

کۆمەڵگای تویێژینەوەکە تەنها هەورامانی لهۆنی بەشی هەرێمی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە، کەپێك هاتوە لەدوو شارۆچکەی بیارەو تەوێڵەو بیست لادێو دێ. کە بەهەورامانی عیراق ناسراوەو بەشێکە لەپێکهاتەی خاکی عیراقو هەرێمی کوردستانی عیراق. ئەو خەڵکەی کە لەو مەڵبەندەدا دەژین بەهەورامی ناسراونو بەشێوەزارێك گفتوگۆ دەکەن کەپێی دەوترێت شێوەزاری هەورامی.

---

[٥] بەڕێوەبەرێتی گشتی کشتوکاڵو ئاودێری سلێمانی، تۆمارە بلاوکراوەکان.
[٦] بەڕێوەبەرێتی ناحیەی بیارەو ناحیەی خورماڵ، تۆمارە بلاونەکراوەکان.

هەورامانی عیراق دەکەوێتە رۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی‌یەوە، هەورامان لەباکورو رۆژهەڵاتیەوە خاکی ئێرانەوە بەشەکەی تری هەورامانە، لەرۆژئاوایەوە شارۆچکەی خورماڵە، لەباشوریەوە شاری هەڵەبجەو دەشتی شارەزووره بەگشتی خاکی هەورامان سەخت‌و شاخاوی‌و بەردەلانە شاخی بەرزو دۆڵی قوڵ‌و دەشتی لاکێشەیی‌و چەم‌و کانی زۆری تێدایە، روەکی خۆرسکی زۆرو دارودرەختی بەرداری هەمە جۆری تیا بەرهەم هێنراوەو بوەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ بژێوی خەڵکی هەورامان، جۆرەها ئاژەڵ‌و باڵندەی کێوی‌و ماڵی تیا پەروەردە بوەو کە دەگونجێن لەگەڵ ژینگەی هەوراماندا. خاکەکەی پڕ لەکانزاو بەپیتە، هەواکەی سازگارو لەبارە، بەزستاندا ساردو باراناوی‌یەو زۆرجار بەفری لێ دەبارێت، هاوینان ئاوو هەواکەی فێنك‌و مام ناوەندی‌یە بەهاران‌و پایزان سروشتێکی نایابیان هەیە شاخ‌و داخ‌و باخ‌و باخاتەکەی بەجۆرێك رازاوەتەوە کەشیاوی پیاهەڵدانە. تاچەند ساڵێك لەمەوبەر پیشەی سەرەکی خەڵکی هەورامان ئاژەڵداری‌و باخداری‌و پیشەگەری‌یە خۆماڵییەکان بوون، بەڵام لەدوای راپەڕینی ساڵی ۱۹۹۱ی خەڵکی کوردستان دژی رژێمی بەعس لەعیراقدا، پیشەی خەڵکەکەی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتوەو لەدامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراون‌و بون بەموچەخۆر، ئەو گۆڕانەش کاریگەری خراپی کردۆتە سەر بەرهەم هێنان لەهەوراماندا بەجۆرێك ئێستا بەرهەم‌و داهاتی هەورامان روو لەکزی‌یەو بەشی پێویستییەکانیان ناکات زۆری پێویستیەکانیان لەرێگای ئاڵوگۆڕو کڕین‌و فرۆشتن‌و بازرگانییەوە پڕ دەکەنەوە.*

---

* توێژەر لەئەنجامی توێژینەوەکەیدا ئەو دیاردانەی بەرچاو کەوتون.

## چوارەم/ نموونەی توێژینەوەکە

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی، زۆر قورس‌و گرانە توێژەر بتوانێت لەیەك بەیەکی ئەندامانی کۆمەڵگایەك بکۆڵێتەوە، چونکە ماوەیەکی زۆری دەوێت‌و زۆری تێ دەچێت، بۆیە توێژەر(دەستەیەك یا گروپێك) لەخەڵکی کۆمەڵگاکە وەردەگرێت‌و دەیکاتە نموونەی کۆمەڵگاکەو توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام ئەدات، ئەوەش هەڕەمەکی نی‌یە، بەڵکو بەپێی بابەت‌و سنوری توێژینەوەکە جیاوازی هەیە.

بابەتی توێژینەوەکەی ئێمە ژیانی کۆمەڵایەتی‌ی هەورامانی لهۆن بەشی هەرێمی کوردستانی عیراق دەگرێتەوە، کۆمەڵگایەکی جێگیرەو دیاریکراوە. لەجیاتی هەموو کۆمەڵگای هەورامان گروپێکمان وەرگرتووە کە لە(١٥٠) خێزان پێك هاتووە بەشێوەی نموونەی تێکڕا- هەڕەمەکی‌و کردومانە بەنموونەی هەموو کۆمەڵگاکەو توێژینەوەکەمان لەسەر ئەنجام داوە. کەدەکاتە بۆ هەر(١٠) خێزان(١) خێزانمان وەرگرتووە، واتا بەڕێژەی١/١٠ی ژمارەی خێزانەکانی ئێستای هەورامان. کەئەوەش بەم جۆرە دابەش بووە:- هەردوو شارۆچکەکەی بیارەو تەوێڵە بەپێی سەر ژمێری خێزانەکان(٩٩) خێزانمان وەرگرتووە بۆ نموونەی توێژینەوەکەمان، وە لەدێکان(٢٤) خێزانمان وەرگرتووە، وە لەلادێکان(٢٧) خێزانمان وەرگرتووە. کە لەخشتەی(٣)دا چۆنێتی ئەو دابەش کردنە ئەخەینە روو.

## جیاوازیی شارۆچکەو لادێ‌و دێ لەهەورامانـدا

بۆ جیاوازی کردن لەنێوان ئەو یەکە نشینگانەدا پشتمان بەڕاوبۆچونەکانی خەڵکی هەورامان بەستوە، چونکە زانایان‌و پسپۆڕانی جوگرافیای دانیشتوان هەر یەکەیان خاڵێك یان چەند خاڵێکیان کردۆتە

بنچینەی جیاوازی بۆ دیاری کردنی شارو شارۆچکەو لادێ، ئەگەر بەپێی رای ئەو پسپۆڕانەو ئەو جیاوازیانە دیاری بکەین ئەم ناونیشانە باس‌و خواسی زۆر هەڵدەگرێت‌و دەبێت بگەڕێینەوە بۆ تیورەکانی جوگرافیای دانیشتوان‌و لەتوێژینەوەکەمان دوور بکەوینەوە. بۆیە راوبۆچونەکانی خەڵکی هەورامان لەسەر دیاری کردنی ئەو نشینگە جیاوازانە بەهەند وەردەگرین‌و جیاوازی شارۆچکەو دێ‌و لادێیان کردوە. کەڕایان وایە شارۆچکەکان ژمارەی دانیشتوانیان زۆرەو فەرمانگە میری‌یەکانی تیا دامەزراوەو رێگای هاتووچۆو و پەیوەندی کردن زۆرەو بەسراونەتەوە بەشارەکانەوە. هەروەها رایان وایە دێکان بەژمارە لەشارۆچکەکان کەمترن‌و فەرمانگە میری‌یەکانی کەمترن‌و کەوتونەتە سەر رێگاکانی هاتوچۆکردن بەتایبەتی رێگا قیرتاوکراوەکان. بەڵام رایان وایە لادێکان ژمارەی خێزانەکانیان لەوان کەمترن‌و فەرمانگە میری‌یەکانیان تیا نی‌یەو وە رێگای هاتووچۆیان ئاسان نی‌یەو دوورە دەستن . لەلایەکی ترەوە رایان وایە تا ئەندازەیەك پیشە هۆی جیاوازی‌یە لەنێوان شارۆچکەو دێ‌و لادێدا. پیشەی خەڵکی شارۆچکەکەکان زۆرتر پیشە خۆماڵییەکان‌و دوکانداری‌و کڕین‌و فرۆشتنە، بەڵام پیشەی سەرەکی لادێ‌و دێی هەورامان ئاژەڵداری‌و کشتوکاڵکردن‌و بەرهەم هێنانی زەوی‌و زارە.

ئێمەش لەسەر راو بۆچونی خەڵکی هەورامان کۆمەڵگاکەمان کردە دوو شارۆچکە کەبیارەو تەوێڵە دەگرنەوە چوار دێ کەئەحمەدئاواو زەردەهاڵ‌و بەڵخەو سۆسەکان دەگرنەوەو نۆ لادێ ئاوەدان کراوەو حەوت لادێش کەئاوەدان نەکراونەتەوە.

خشتەی(٣)

شوێن و ژمارەی خێزانی نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات.

| ڕێژە % | ژمارەی نموونە | ژمارەی خێزان | شوێن |
|---|---|---|---|
| ٦٦% | ٩٩ | ٩٩٠ | بیارەو تەوێڵە |
| ١٦% | ٢٤ | ٢٤٠ | دێکان |
| ١٨% | ٢٧ | ٢٧٠ | لادێکان |
| ١٠٠% | ١٥٠ | ١٥٠٠ | کۆی گشتی |

وەك لەخشتەی(٣) دەرکەوتووە. لەکۆی نموونەی توێژینەوەکەمان کە(١٥٠) سەرەك خێزانە(٩٩) سەرەك خێزانیان کەوتونەتە هەردوو شارۆچکەی بیارەو تەوێڵەوە بەڕێژەی(٦٦%)، وە(٢٤) سەرەك خێزانیان کەوتونەتە دێکانەوە بەڕێژەی(١٦%)، وە(٢٧) سەرەك خێزانیان کەوتونەتە لادێکانەوە بەڕێژەی(١٨%). چۆنێتی ئەو دابەش کردنەش بەپێی ژمارەی ئەو خێزانانەی ئێستای هەورامان بووە. هەر بەو پێیەش فۆرمەکانی ڕاپرسی بەسەریاندا دابەش کراوە کەئەو دابەش کردنە وا دەرکەوتووە کە بەیەکسانی فۆرمەکان دابەش نەکراون، ئەوەش لەبەر ئەوەیە ژمارەیەکی زۆری لادێکانی هەورامان هێشتا ئاوەدان نەکراونەتەوە وە ئەوانەش کەئاوەدان بونەتەوە هەموو خێزانەکان نەگەڕاونەتەوە بۆ هەورامان وە لەشارەکاندا نیشتەجێ بوون. دێی وا هەیە تەنها سێ خێزانی گەڕاوەتەوە بەناچاری تەنها فۆرمێکیان بەسەردا دابەش کراوە ئەگینا دەبێت ژمارەی خێزانی دێیەك لەدە خێزان کەمتر نەبێت ئینجا فۆرمێکی بەر دەکەوێت. بەڵام لەبەرئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو تاکە دێیەش لەتوێژینەوەکەماندا بێبەش نەبێت

فۆرمێكمان بەسەردا دابەش كردون‌و چۆنێتی بەسەر بردنی ژیانی كۆمەڵایەتی‌یان تۆمار كراوە بەپێ‌ی وەڵامەكانیان كە لەپرسیارەكانی فۆرمەكەدا وەڵامیان داونەتەوە.

بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە، لەسەرەتاوە سەرژمێری خێزانەكانمان كردووە، دواتر ناوی خێزانەكانمان لەپسولەی بچوك بچوك دا تۆمار كردوون، دواتر ئەو پسولانە خراونەتە ناو تورەكەیەك‌و بەرێگەی(تیروپشك-قرعە) راكێشراون‌و لەسەر ئەو بنەمایە نموونەی توێژینەوەكە دیاری كراوە. توێژەر هەفتەیەك چاوەڕوانی كردووە، دوای هەفتەكە بەسەر خێزانەكاندا گەڕاوەو فۆرمەكانی كۆكردونەتەوە، دوای بەسەر كردنەوەو تاووتوێ كردنی فۆرمەكان بۆی دەركەوتووە كەژمارەی پێویست نەگەڕاوەتەوە، بۆیە پرۆسەكەی دووبارە كردۆتەوەو لەسەر هەمان رێبازی پێشوو تاكو ١٥٠ فۆرمی راپرسی بەپڕكراوەیی وەرگرتۆتەوە. ئەو ژمارەیەش ژمارەی تەواو و پێویستە بۆ نموونەی كۆمەڵگاكەو بۆ توێژینەوەكە.

## پێنجەم/ كەرەستەكانی كۆكردنەوەی زانیاری‌یەكان

لەبابەتی توێژینەوەی زانستیدا لەبواری ئەنترۆپۆلۆجیادا توێژەر پێویستە شارەزا بێت، لەچۆنێتی بەكارهێنانی كەرەستەكاندا، كەئەوەش بەپێ‌ی جۆری بابەتەكە دەگۆڕێت، سەركەوتوویی توێژەر لەوەدایە كەزۆر هەستیار بێت لەچۆنێتی مامەڵەكردن لەگەڵ دیاردە مرۆیی‌یەكانداو گونجاندنی ئەو كەرەستانەی كەپێویستن بۆ زانیاری كۆكردنەوە.[٧]

ئێمە لەتوێژینەوەكەماندا واپێویستی دەكرد هەموو ئەو كەرەستانە كە زانایانی كۆمەڵناسی‌و ئەنترۆپۆلۆجی ئاماژەیان پێ كردوون

---

[٧] د. عیسى الشماس، مدخل الى علم الأنسان، المصدر السابق، ص٤٠.

بەکاریان بێنین، لەبەر بەرفراوانی بابەتەکەمان کەئەو کەرەستانەش بریتین لە:-

١-بینین(الملاحظة):-مەبەست ئەوەیە لەکاتی توێژینەوەکەماندا سەردانی کۆمەڵگاکەمان کردووە لای خۆمانەوە مەبەست بووە کە بەووردی چاودێری ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکە بکەینو ئەوەی مەبەست بوە لای خۆمان تۆمارمان کردووە دواتر بەکارمان هێناوە لەکاتی ئەنجام دانی توێژینەوەکەماندا.

٢-بینین بە بەشداری کردنەوە(الملاحظة بالمشارکة):-لەکاتی سەردانەکەماندا تێکەڵاوی خەڵکی هەورامانمان کردوەو بەشداری چالاکیو جمو جوڵو رێو رەسمو کاتی کات بەسەربردنو بەشەو مانەوەو زۆر دیاردەی تر کەهەبوون لەکۆمەڵگاکەدا بینیومانو بەشداریمان تیاکردوون. چونکە ئێمە مەبەستمان بووە زۆرترین زانیاری لەسەرکۆمەڵگاکە کۆبکەینەوە، ئەوەی مەبەست بووە بەنهێنییەوە لای خۆمان تۆمارمان کردوونو دواتر لەتوێژینەوەکەماندا سودمان لێ وەرگرتون.

٣-چاوپێکەوتن(المقابلة):-هەندێك زانیاری هەیە کە لەڕابوردوا هەبون، ئێستا بەو دوو کەرەستانەی پێشەوە دەست نەکەوتون، بۆیە لەگەڵ خەڵکە بەتەمەنەکانو بەرپرسەکانو شارەزاکان چاوپێکەوتنمان ئەنجام داوە، ئەوەی مەبەستمان بوبێت تۆمارمان کردووەو لەتوێژینەوەکەماندا سودمان لێ وەرگرتوە.

٤-هەواڵدەری(المخبرون):-هەندێك زانیاری ئەنترۆپۆلۆجی هەبووە کە لەڕێگای کەرەستەکانی پێشەوە دەست نەکەوتون، لەبەر نهێنی زانیارییەکان یا لەبەر دورە دەستی لادێکانو دورە پەرێزیان، سودمان

لەچەند(هەواڵدەرێك) وەرگرتووە کە بەنووسین یا بەزارەکی زانیاریەکانیان پێ داوین.

٥-فۆرمی راپرسی:-بۆ دارِشتنی فۆرمی راپرسی سودمان وەرگرتوە لەچەند پێش نوسێکی پێشوو- کارنامەی زانستی، هەروەها لەچەند پسپۆڕو شارەزایەك.

فۆرمەکان لەدوو بەش پێك هاتووە.

بەشی یەکەم:-زانیاری‌یە گشتی‌یەکانی نموونەی توێژینەوەکە دەگرنەخۆ کەدە پرسیارە.

بەشی دووەم:-زانیاری‌یە پسپۆڕی‌و تایبەتمەندی‌یەکانە، کەشەش لایەن دەگرنەوە جوگرافیاو ژیان پێنج پرسیارە، ژیانی کۆمەلایەتی شازدە پرسیارە، ژیانی ئابووری دە پرسیارە، ژیانی ئایینی سێ پرسیارە، ژیانی رۆشنبیری سێ پرسیارە، کۆی پرسیارەکان پەنجا پرسیارە. سەیری پاشکۆی(٣) بکە.

ئەو پرسیارانە بەپرس‌و راوێژ کردن لەگەڵ سەرپەرشتیاری نامەکەداو چەند شارەزایەك دوای سەرنج‌و تێبینی‌یەکانیان بەشێوەی کۆتایی دارِێژراون لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو تاقیکردنەوەکانی(راستی پێوەرو جێگیربونی پێوانەیی)پەیرِەو کراون هەروەك لەپاشکۆی(١)و)(٢)دا نیشان دراون، ئینجا دەستمان کرد بەدابەشکردنی بەسەر نموونەی توێژینەوەکەماندا. کەکۆی گشتی فۆرمەکانی راپرسی‌یەکە(١٥٠) فۆرم گەرِاوەتەوە بەپرِکراوەیی، ئێمەش کردارەکانی بەتاڵ کردنەوەمان ئەنجام داوەو زانیارییەکانمان گۆرِیون بۆ ژمارەو لەخشتەکاندا دەیانخەینە روو. لەدارِشتنی برِگەو پرسیارەکانی فۆرمی راپرسییەکەدا ئەم دوو تاقیکردنەوەیەی خوارەوەمان ئەنجام داون:-

**١-تاقیکردنەوەی راستیی پێوەر:-**

فۆرمی راپرسی پێداویستیەکی بنچینەیی‌یە لەبواری توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا، بۆ زانینی راستی بڕگەو پرسیارەکانی بێگومان دەبێت هەڵسەنگێنرێت لەلایەن شارەزایانەوە.[٨] بەمەبەستی زانینی راستی فۆرمی راپرسیەکەمان نیشانی پێنج شارەزای پسپۆڕی جیاوازی خاوەن ئەزموونمان دا ئەنجامەکەی بەپێوانەی(٩٣,٦٪) دەرچوو، ئەوەش ئاشکراکردنی راستی پێوەرەکە نیشان دەدات. سەیری پاشکۆی ژمارە(١) بکە.

**٢-تاقیکردنەوەی جێگیربونی پێوانەیی:-**

دوای دارشتنی فۆرمی راپرسییەکە، بەمەبەستی رێکخستن‌و پاککردن‌و رێکوپێك کردنی ئەو بوارانەی کەمەبەستمان بون لەبڕگەو پرسیارەکاندا تاقیکردنەوەی جێگیربونی پێوانەییمان ئەنجام دا بەم جۆرە: دوو چاوپێکەوتنی تاقیکاریمان لەگەڵ یەك دەستەی خەڵکی هەورامان کەژمارەیان ١٠ کەس بوە ئەنجام داوە لەکات‌و ماوەیەکی جیاوازدا، چاوپێکەوتنی یەکەمان کە ئەنجام دا دوای تێپەڕاندنی ١٥ رۆژ چاوپێکەوتنی دووەممان ئەنجام دا، ئەنجام‌و نمرەی هەردوو چاوپێکەوتنە تاقیکاریەکانمان لای خۆمان تۆمار کردبون، پاشان بەراوردی ئەنجامەکانمان کرد بۆ دەرخستن‌و نیشاندانی بڕی پەیوەندی رای خەڵکی هەورامان لەسەر بیروبۆچون‌و دوورونزیکی راکانیان بەپێی یاسای(سپیرمان) ئەنجامەکەی بەپێوانەی(٠,٨٦) دەرچوو، ئەوەش ئاماژەیە بۆ بەرزی بڕی پەیوەندی لەنێوان رای نمونەی چاوپێکەوتنە تاقیکاریەکەدا دەرکەوتوە. سەیری پاشکۆی ژمارە(٢) بکە.

---

[٨] عبدالله اسماعیل حمد، دور المؤسسات التربویة في بناء شخصیة الطفل، رسالة ماجستیر، مقدمة الی کلیة الآداب- جامعة صلاح الدین، غیر منشورة، ٢٠٠٢، ص٦٥.

## شەشەم/تەنگو چەڵەمەی توێژینەوەکە:

لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەماندا روبەڕووی کۆمەڵێك گیروگرفت بوینەتەوە، کە سەرەکیەکانیان ئەمانەبوون:-

١-دووره پەرێزی چەند(لادێ)یەكو خراپی رێگای هاتووچۆ.

٢-خەڵکی کۆمەڵگاکە لەسەرەتاوە بەدەم داواکەمانەوە نەهاتن. چونکە واتێگەیشتبون ئەندامی رێکخراوو دەزگاکانو لایەنە بەرپرسەکانین، دوای ووتووێژکردن لەگەڵیاندا تێیان گەیاندن ئەوانە زۆرجار فۆرمیان بۆ پڕکردونەتەوەو هیچیان بۆ نەکردونو راستیان لەگەڵ نەوتون. بەڵام ئێمە توانیمان تێیان بگەیەنین کەئەم فۆرمە بۆ خزمەتی زانستو زانیارییەو هیچی تر. ئەوەش ماوەیەکی زۆری پێچوو وە ماندوبونێکی زۆری بەدواوە بوو.

٣-گیروگرفتی ئۆتۆمبیلو کەمی کاتو پارە فاکتەری دواخستن بوون.

٤-هەندێك لەدامو دەزگاکانو فەرمانگە میرییەکان کەرێمان لێیان دەکەوت یا کۆبونەوەیان هەبوو، یا دەوامیان نەدەکرد، زۆرجار بۆ کارێکی بچووك هەر لەبەیانی تا کۆتای دەوام چاوەڕوانیم کردووە جا کارەکەیان خستۆتە رۆژی داهاتوو، رۆژی داهاتووش هەفتەیەکی خایاندوە. ئەو دیاردەیە تووشی گەورەترین تەنگو چەڵەمەی کردبوم.

٥-کەمیی سەرچاوەی باوەڕپێکراو گیروگرفتێكو تەنگو چەڵەمەیەك بووە.

٦-نەبونی فەرهەنگی زانستیی کوردی لەبواری کۆمەڵناسیداو گۆڕینی زاراوەو دەستەواژەکان، لەزمانەکانی ترەوە بۆسەر زمانی کوردی گیروگرفتو تەنگو چەڵەمەیەکی تربوو.[٩]

---

[٩] هەمان سەرچاوە.

## حەوتەم/ ئامرازە ژمێرياريیەكان:

ئەو كەرەستە ئاماريانەی كەپێويست بوون بۆ شيكردنەوەی زانياریيە كۆكراوەكانو بەكارمان هێناون ئەمانە بوون:-

١-رێژەی سەدی ٪ (Presentage) :- بۆ زانينی جياوازيی رێژەيی نێوان زانياریيەكان، لەهەموو خشتەكانی توێژينەوەكەدا بەكار هاتووە.

٢-ناوەندی ژمێرياری(الوسط الحسابي):-

$$\bar{\text{س}} = \frac{\text{مج س ك}}{\text{مج ك}}$$

$\bar{\text{س}}$ : ناوەندی ژمێرياری .

مج : كۆ .

س : ناوەندی دەستە .

ك : دوبارە بوەكان .

٣- لادانی پێوانەيی ( الأنحراف المعياری ) :

$$\text{ع} = \sqrt{\frac{\text{مج ح}^{2}\text{ ك}}{\text{مج ك}}}$$

ع : لادانی پێوانەيی .

مج : كۆ .

$\text{ح}^{2}$: دوجای لادانی پێوانەيی .

ك : دوبارە بوەكان .

٤- هاوكێشەی سپيرمان :

$$\text{ر} = ١ - \frac{٦\text{ مج ف}^{2}}{\text{ن}(\text{ن}^{2} - ١)}$$

ر: پەيوەندی .

مج : كۆ .

$\text{ف}^{2}$: جياوازی دوجا .

ن : ژمارەی نموونەی تاقيكردنەوەكە .

$\text{ن}^{2}$: دووجای ژمارەی نموونەی تاقيكردنەوەكە .

## باسی دووەم

# سیما گشتی‌یەکانی نموونەی توێژینەوە

سیما گشتی‌یەکانی نموونەی توێژینەوە لەمانەی خوارەوە پێك هاتوون:-

١-سیما دیمۆگرافییەکانی نموونەی توێژینەوەکە:-
ڕەگەز، ساڵی لەدایك بوون، ژمارەی ئەندامانی خێزان.

٢-سیما جوگرافی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی نموونەی توێژینەوەکە:-
شوێنی نیشتەجێ بوون، چینە کۆمەڵایەتی‌یەکانی، باری خێزانی.

٣-سیما ئابووری‌یەکانی نموونەی توێژینەوەکە:-
خاوەندارێتی خانوو، ئاستی گوزەران، پیشە.

٤-سیما ڕۆشنبیری‌یەکانی نموونەی توێژینەوەکە:-
ئاستی خوێندەواری.

## سیما گشتی‌یەکانی نموونەی توێژینەوەکە

لەڕێی دەست نیشان کردنی سیما گشتی‌یەکانی نموونەی توێژینەوە دیمۆگرافی، جوگرافی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری. وە جۆری نموونەی توێژینەوەو تایبەتمەندی‌یەکانی دیاری دەکرێن کەئەم نموونەیە تا چەند گوزارشت لەکۆمەڵگاکە دەکات، ئەوەش یارمەتیدەرێك دەبێت بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو کە لەسەر ئەو کۆمەڵگایە ئەنجام ئەدرێن.

### ١-سیما دیمۆگرافییەکانی نموونەی توێژینەوەکە :-

مەبەست لەسیما دیمۆگرافییەکانی نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتەی ڕەگەزو تەمەنی ئەندامانی خێزانو ژمارەی ئەندامانی خێزانو باری

خێزانی نموونەی توێژینەوەکە دەگرێتەوە لەکۆمەڵگای هەوراماندا. زانایان زۆر گرنگی ئەدەن بەم سیمایانە، چونکە چەندین سوود دەبەخشن وەك دەرکەوتنی(جیاوازی نێوان رەگەزی نێرو رەگەزی مێ، جیاوازی تەمەن بۆ مەبەستی دیاری کردنی تەمەنی کارو تەمەنی جەنگو تەمەنی کەنەفتەییو تەمەنی دەنگ دانو... هتد).[١] دەربارەی پێکهاتەی تەمەنو رەگەزی نموونەی توێژینەوەکەمان، سەیری خشتەی(٤) بکە.

خشتەی(٤)

تەمەنو رەگەزی نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات

| تەمەن رەگەز بەساڵ | رەگەزی نێر | | رەگەزی مێ | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| ٢٥-٣٤ | ٢٧ | ١٩,٢٨ | ٣ | ٣٠ | ٣٠ | ٢٠ |
| ٣٥-٤٤ | ٥٤ | ٣٨,٥٨ | ٦ | ٦٠ | ٦٠ | ٤٠ |
| ٤٥-٥٤ | ٣٣ | ٢٣,٥٨ | سفر | سفر | ٣٣ | ٢٢ |
| ٥٥-٦٤ | ٢٢ | ١٥,٧١ | ١ | ١٠ | ٢٣ | ١٥,٣٤ |
| ٦٥-٧٤ | ٤ | ٢,٨٥ | سفر | سفر | ٤ | ٢,٦٦ |
| کۆی گشتی | ١٤٠ | ١٠٠٪ | ١٠ | ١٠٠٪ | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

[١] د. يونس حمادي علي، مبادىء علم الديموغرافية، جامعة موصل، مطبعة الجامعة، ١٩٨٥، ص٢٧١.

لەزانیاری‌یەکانی خشتەی(٤) دەرکەوتووە. کەنموونەی توێژینەوەکە لەپێنج کۆمەڵەی تەمەن پێك هاتووە لەکۆی گشتی کۆمەڵەکان ڕێژەی(٢٠%)ی نموونەکە لەهەردوو ڕەگەزەکە لەتەمەنی(٢٥-٣٤)ساڵیدان. وە بەڕێژەی(٤٠%)ی نموونەکە لەتەمەنی(٣٥-٤٤) ساڵیدان. وە بەڕێژەی(٢٢%)ی نموونەکە لەتەمەنی(٤٥-٥٤) ساڵیدان. وە بەڕێژەی(١٥,٣٤%)ی نموونەکە لەتەمەنی(٥٥-٦٤) ساڵیدان. وە بەڕێژەی(٢,٦٦%)ی نموونەکە لەتەمەنی(٦٥-٧٤) ساڵیدان. هەروەها ناوەندی ژمێریاری تەمەن‌و ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە(٤٣,٥) ساڵ دەبێت بەلادانی پێوانەیی(١٠,٨٣) ساڵ.

هەروەها خشتەکە ڕاستی‌یەکی تر بەدەستەوە دەدات، کەئەویش ئەوەیە بەپیتترین تەمەنی خێزانی دەکەوێتە نێوان ساڵەکانی(٣٥-٤٤) ساڵی وە ئەو تەمەنە بەرزترین ڕێژەی بەدەست هێناوە کە(٤٠%) بووە.

## ژمارەی ئەندامانی خێزان

دیارە زۆرو کەمی ژمارەی ئەندامانی خێزان کاریگەری هەیە لەسەر بوارەکانی ژیان، بۆیە زانایان جەختیان لەسەر کردۆتەوە. ئەو فاکتەرانەش کە کاریگەرییان هەیە لەسەر زۆرو کەمی ژمارەی ئەندامانی خێزان ئەمانەن(دیمۆگرافی، ئابووری، کۆمەلایەتی، زانست-تەندروستی، جوگرافی، رامیاری، فەرهەنگ‌و رۆشنبیری).[٢]

دیارە ئەو فاکتەرانەی سەرەوە کاریگەرییان هەبووە لەسەر زۆرو کەمی ژمارەی ئەندامانی خێزانەکانی کۆمەڵگای هەورامان. هەروەك لەخشتەی(٥) خراوەتە ڕوو.

---

[٢] د. اسماعيل محمد هاشم، مشكلة السكان، المصدر السابق، ص١٨٥-٢٢٤.

خشتەی(٥)

ژمارەی ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوە نیشان دەدات

| ژمارەی ئەندامانی خێزان | ژمارەی خێزان | ڕێژە% |
|---|---|---|
| ٢-٣ | ١٣ | %٨,٦٦ |
| ٤-٥ | ٥٥ | %٣٦,٦٦ |
| ٦-٧ | ٦١ | %٤٠,٦٦ |
| ٨-٩ | ١٩ | %١٢,٦٦ |
| ١٠-١١ | ٢ | %١,٣٦ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەخشتەی(٥) دەرکەوتوون: ژمارەی ئەندامەکانی لەنێوان(٢-٣) کەس بوون، ڕێژەکەی(٨,٦٦%). ژمارەی ئەندامەکانی لەنێوان(٤-٥) کەس بون، ڕێژەکەی(٣٦,٦٦%). ژمارەی ئەندامەکانی لەنێوان(٦-٧) کەس بون، ڕێژەکەی(٤٠,٦٦%). ژمارەی ئەندامەکانی لەنێوان(٨-٩) کەس بون، ڕێژەکەی(١٢,٦٦%) ژمارەی ئەندامەکانی لەنێوان(١٠-١١) کەس بون، ڕێژەکەی(١,٣٦%). هەروەها ناوەندی ژمێریاری ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوەکە(٥,٧) بووە، بەلادانی پێوانەیی(١,٧٢).

خشتەکە ئەو ڕاستی‌یە نیشان دەدات بەرزترین ڕێژەی ئەندامانی خێزان بەڕێژەی(٤٠,٦٦%) کە ژمارەی ئەندامەکانی(٦-٧) کەس بون، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت کە کۆمەڵگای هەورامان ئارەزووی لەزۆری ژمارەی ئەندامانی خێزان هەیە، وەڕێگری لەمنداڵ بوون ناکەن، هەروەها بەپێی ئایینو دابو نەریتی کۆمەڵگاکەو بەپێی

پێویستی‌یەکانی ئابووری‌و کۆمەلآیەتی‌و رامیاری‌ی جوگرافی پەیڕەوی دیاردەی ژمارە زۆری خێزان دەکەن.

## ٢-سیما جوگرافی‌و کۆمەلآیەتی‌یەکانی نموونەی توێژینەوە یەکەکان‌و شوێنی نیشتەجێ بوون:-

دابەش بونی دانیشتوان‌و چڕی دانیشتوان یەکێکە لەباسەکان کەزانایان جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئەو دیاردەیە جیاوازی هەیە لەووڵاتێك بۆ وولاتێکی تر وە لەناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر لەناو سنوری یەك وولاتدا، ئەوەش لەئەنجامی کاریگەری چەند فاکتەرێکەوە پەیدا دەبێت کەپێشەنگیان ئەمانەن فاکتەری(جوگرافیایی، ئابووری، کۆمەلآیەتی، دیمۆگرافی... هتد).

یەکەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگای هەورامان لەڕوی نشینگەوە ئەمانەن(شارۆچکە، دێ، لادێ). بێگومان ئەو فاکتەرانەی سەرەوە کاریگەرییان هەبوە لەسەریان، بۆیە تا ئێستا هەندێکیان چڕی دانیشتوانیان زۆرەو هەندێکی تریان کەمە، هەندێکیان ئاوەدان نەکراونەتەوە. بۆیە بەنارێکی فۆرمەکانی راپرسی بەسەر نموونەی توێژینەوەدا دابەش بوون. لەخشتەی(٦)دا خراونەتە روو.

خشتەی(٦)

یەکەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگای هەورامان‌و شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە نیشان دەدات.

| یەکەکان | ژمارەی فۆرم | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| شارۆچکە | ٩٩ | ٦٦٪ |
| دێ | ٢٤ | ١٦٪ |
| لادێی ئاوەدان | ٢٧ | ١٨٪ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەخشتەی(٦)دا دەرکەوتوون. لەکۆی نموونەی توێژینەوەکە(١٥٠) خێزانە. لە(٢) شارۆچکەدا ژمارەی فۆرمەکانی کە بەسەر نموونەی توێژینەوەدا دابەش بوون دەکاتە(٩٩) فۆرم کە بەرێژەی(٦٦٪). وە لە(٤) دێدا ژمارەی فۆرمەکانی کە بەسەر نموونەی توێژنەوەدا دابەش بوون دەکاتە(٢٤) فۆرم کە بەرێژەی(١٦٪). وە لە(٩) لادێی ئاوەدان کراودا ژمارەی فۆرمەکانی کە بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا دابەش بوون دەکاتە(٢٧) فۆرم کە بەرێژەی(١٨٪).

لەخشتەکەدا ئەوە خراوەتە روو کەفۆرمەکان بەیەکسانی بەرێکوپێکی بەسەر شارۆچکەو دێو لادێکاندا دابەش نەکراون هۆی ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ زۆرو کەمی ژمارەی ئەو خێزانانەی کە گەراونەتەوە هەورامانو ئێستا لەهەورامان دەژین. لەشارۆچکەکاندا ژمارەی خێزانەکان زۆرترە بۆیە فۆرمی زیاتریان بەرکەتوون. بەڵام لەدێو لادێکاندا ژمارەی خێزانەکانیان کەمن بۆیە فۆرمی کەمیان بەرکەوتوون.

## چینەکانی کۆمەڵ

کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی جیاوازیان هەیە لەئەنجامی کاریگەری کۆمەڵێك فاکتەر وەك(ئابووری، کۆمەلأیەتی، رامیاری، فەرهەنگیو رۆشنبیری... هتد).[٣]

نموونەی توێژینەوەکەمان لەکۆمەڵگای هەورامانداندا بەپێی فۆرمی راپرسییەکە لە(سێ) چینی کۆمەڵایەتی پێك هاتووە کەئەمانەن(گشتی خەڵك، شێخ، بەگ) بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتی. لەخشتەی(٧)دا خراونەتە روو.

---

[٣] بیار لاروك، الطبقات الأجتماعیة، المصدر السابق، ص٢٢،٣٧.

**خشتەی(٧)**

**نموونەی توێژینەوەکە چینە کۆمەڵایەتی‌یەکانی کۆمەڵگای هەورامان نیشان دەدات بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتی**

| ڕێژە٪ | ژمارە | چینەکانی کۆمەڵایەتی |
|---|---|---|
| ٦٥,٣٣ | ٩٨ | گشتی خەڵك |
| ١٤,٦٧ | ٢٢ | بەگ‌و سان |
| ٢٠ | ٣٠ | شێخ |
| ٪١٠٠ | ١٥٠ | کۆی گشتی |

زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە کە لەخشتەی(٧) دەرکەوتوون. پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگاکە بەم جۆرەیە، گشتی خەڵك ڕێژەکەی(٦٥,٣٣٪). بەگ‌و سان ڕێژەکەی(١٤,٦٧٪). شێخ ڕێژەکەی(٢٠٪).

ئەو خشتەیەی سەرەوە کە لەڕاپرسی‌یەکەوە سەرچاوەی گرتووە ڕاستی‌یەکی سەلماندووە کە کۆمەڵگای هەورامان یەك عەشیرەت‌و یەك تیرە نی‌یە، بەڵکو کۆمەڵگایەکەو لەچەند یەکەیەکی نشینگەیی پێك هاتووە کەئەمانەن(شارۆچکە، دێ، لادێ) ئەوە لەسەر بنەمای نشینگە بوو، یا لەچەند یەکەیەکی مرۆیی پێك هاتووە وەك(تاك، خێزان، بنەماڵە). هەروەها بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتی لەچەند چینێك پێك هاتووە لەسەر بنەمای چینایەتی کەبریتی‌یە لەم چینانە: گشتی خەڵك، شێخ، بەگ‌و سان. بەڵام لەو ڕووەوە کەئاستی گوزەران یەکێکە لەپرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی زۆرینەی خەڵکەکە بەمام ناوەند وەڵامیان داوەتەوە وەڵامەکانیان لەگەڵ زانیارییەکانی ترا ناگونجێت بۆ نموونە لەگەڵ پرسیاری ئاستی گوزەراندا ڕێك ناکەوێت.

هەروەها ئەو راستی‌یە دەرکەوتووە کەگشتی خەڵك بەتەنها ژمارەیان‌و ڕێژەیان لەکۆی هەردوو چینەکەی تر زیاترە. وە ژمارەو ڕێژەی شێخ لەژمارەی بەگ‌و سانەکان زیاترە.

## باری خێزانی

باری خێزانی ڕۆڵ‌و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لەبواری توێژینەوە زانستییەکاندا، کەگوزارشت لەدامەزراندن‌و سەقامگیریی کۆمەڵگاکان دەکات لەلایەك‌و لەلایەکی ترەوە ئەوە نیشان دەدات لەو کۆمەڵگایەدا بەپلەی یەکەم خێزان بەرپرسیارە لەزۆربون‌و بەخێوکردن‌و پەروەردەکردن‌و فێرکردن‌و سەلامەتی دەرونی ئەندامەکانی.[٤] لەفۆرمی ڕاپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردوە بە(بەڵێ) وەڵام دراوەتەوە، واتا هەمویان خێزاندار بوون لەڕاستیدا ئەم پرسیارە وەك پەیڕەوکردنی هەنگاوەکانی ڕێبازی توێژینەوە دانراوە هەرچەندە زیادبوە چونکە توێژینەوەکە(خێزان)ی کردۆتە نموونەی توێژینەوەکەو(١٥٠) سەرەك خێزان دەستنیشان کراون ئیتر پێویستی نەدەکرد پرسیار بکرێت ئایا خێزانداریت یان بێ خێزان؟ ئەگەر بێ خێزانیت... بەهەرحاڵ نموونەی توێژینەوەکەمان(١٥٠) سەرەك خێزان بوەو هەمویان خێزانداربون، زۆرینەی خاوەن خێزانەکان لەڕەگەزی نێر پێك هاتبون‌و کەمینەیان لەڕەگەزی مێ بوون وەك لەخشتەی(٤)دا نیشان دراوە. ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت لەناو کۆمەڵگای هەورامانەدا سەقامگیریی‌و دامەزراندن بەرجەستە کراوەو خێزان بەپلەی یەکەم بەرپرسیارە لەزۆربوون‌و بەخێوکردن‌و پەروەردەکردن‌و فێرکردن‌و سەلامەتی دەرونی ئەندامەکانی وە هیچ کەسێك نیە کەسەر بەخێزانێکی دیاری کراو نەبێت لەناو کۆمەڵگای هەورامانەدا. هەروەها

---

[٤] د. اسماعيل محمد هاشم، المصدر السابق، ص١١٣-١٢٠.

خێزان بەبچوکترین یەکەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌ی کۆمەڵگای هەورامان دادەنرێت‌و زۆرترین‌و گرنگترین رۆڵ‌و ئەرك دەبینێت لەدابینکردنی کۆمەڵایەتی‌و پەرەپێدان‌و گەشەکردنی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و رامیاری‌و ئایینی‌و رۆشنبیری‌و فەرهەنگی لەکۆمەڵگاکەدا.

## ٣-سیما ئابووری‌یەکان

سیما ئابووری‌یەکانی نموونەی توێژینەوە بریتین لە(خاوەندارێتی خانوو، ئاستی گوزەران، پیشە). ئەو سیمایانە هەریەکەیان رۆڵ‌و گرنگی‌و تایبەتمەندی خۆی هەیە لەبواری توێژینەوە زانستی‌یەکاندا کەگوزارشت لەژیانی کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوەکە دەکەن. ئەو سیما ئابووریانە لەنموونەی توێژینەوەکەماندا کە گوزارشت لەژیانی کۆمەڵایەتی‌ی کۆمەڵگای هەورامان ەکەن ئەمانەن:

خاوەندارێتی خانوو:-

خاوەندارێتی خانوو لەنموونەی توێژینەوەکەماندا کە یەکێك بووە لەپرسیارەکانی فۆرمی راپرسی توێژینەوەکە ئاراستەی نموونەکە کراوە، زۆرینەی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بە(بەڵێ)بوە. واتا هەموو خاوەنی خانووی خۆیان بوون. ئەم وەڵامەش گوزارشت لەوە دەکات کەخێزان لەهەوراماندا بەتەنگ خاوەندارێتی‌ی شوێنی نیشتەجێ بونەوەیەو لای پەسەند نی‌یە جێ‌گۆڕکێ بکات. هەروەها کردنەوەی خانوو شوێنی نیشتەجێ بوون لەهەوراماندا کەمی تێ دەچێت، بەئاسانی کەرەستەکانی دەستەبەر دەکرێن کە کەرەستەکانی پێك هاتوە لەدارو بەردو خۆڵ کەهەمویان بە ئاسانی دەست دەکەون‌و زۆریان تێ ناچێت، ئەوەی بیەوێت خانوو بکات کەمێك سەرمایەی هەبێت بۆ کرێ‌ی وەستاو کرێکار دەتوانێت خانوو بکات. چونکە جۆری خانوەکان سادەو

ساكارن‌و تەنها بۆ پێویستی‌یەكان دەكرێن‌و زیادەو جوانكاری لەخانوو كردندا پەیڕەو ناكرێت، بەڵام خانووبەرەی هەورامان لەگەڵ خانووبەرەی لادێ‌و دێ‌كانی تری كوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیەو خەڵكی ناوچەكە شارەزایی‌یەكی باشیان هەیە لەكردنەوەی خانوەكانیاندا.

## ئاستی گوزەران

ئاستی گوزەران لەنموونەی توێژینەوەكەماندا كە یەكێك بووە لەپرسیارەكانی فۆرمی راپرسی توێژینەوەكە كەئاراستەی نموونە كراوە، زۆرینەی وەڵامی نموونە بە(بەڵێ) بووە لەخانەی(مام ناوەندی)دا. ئەوەش راستی‌یەك نیشان دەدات كەئەویش ئەوەیە هەموو ئەندامانی كۆمەڵگاكە پەیوەندی‌یەكی ئابووری یەك چەشنە بە یەكیەوە بەستون‌و پیشەكەیان كە گوزەرانیانی لەسەر بەندە نزیكە لەیەكەوەو دووریش نی‌یە زۆرینەیان لەیەك پیشەدا كار بكەن. هەروەها دوور نی‌یە لەبەر جۆری پرسیارەكان‌و فۆرمی راپرسی‌یەكە هەموویان بەیەك جۆر وەڵامیان دابێتەوە، چونكە لە١٥٠ فۆرمدا ناكرێت تاكە یەك كەس خۆی بەهەژار یان دەوڵەمەند نیشان نەدات، هەر هەموویان ئاستی گوزەرانیان مام ناوەند نیشان داوە، چونكە بەپێی پێكهاتەی چینایەتی‌و بەپێی جیاوازی پیشەكەیان دەبێت جیاوازی‌یەك هەبێت لەرووی ژیان‌و گوزەران‌و بژێوی خێزانەكان كە هەندێكیان لەچینی دەسەڵاتداری ئایینی‌و هەندێكی تریان لەچینی دەسەڵاتداری رامیارین‌و بەشێكی زۆریشیان فەرمانبەرن. كەهەریەكە لەوانە سەرچاوەی ئابووری‌و گوزەرانیان لەوی تر جیاوازە، كەواتە دەبێت ئاستی گوزەرانیشیان جیاوازی هەبێت‌و پێكهاتەی چینایەتیان لەڕوی ئابوریەوە جیاواز بێت، واتا دەبێت هەژارو مام ناوەندو دەوڵەمەند هەبێت.

## پیشە

جۆرو کارو پیشەی ئەندامانی هەچ کۆمەڵگایەك بگریت گوزارشت لەسیماو جموجوڵو چالاکی ئەو کۆمەڵگایە دەکات لەبوارەکانی ژیاندا.

پیشەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەمان پرسیارێك بووە لەفۆرمی راپرسیدا کەئاراستەی نموونەکە کراوە، لەخشتەی(٨) خراونەتە روو.

**خشتەی(٨)**

**کارو پیشەی نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| جۆری پیشە | ژمارە | رێژە٪ |
|---|---|---|
| جوتیار | ١٣ | ٨,٦٦ |
| کاسبکار | ٢٧ | ١٨ |
| فەرمانبەر | ١٠٢ | ٦٨ |
| پیشەی تر | ٨ | ٥,٣٤ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ٪١٠٠ |

زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەخشتەی(٨) دەرکەوتون. رێژەی جوتیار(٨,٦٦٪). رێژەی کاسبکار(١٨٪)، رێژەی فەرمانبەر(٦٨٪). رێژەی پیشەی تر(٥,٣٤٪) بووە.

بەپێی ئەو زانیاریانە کە لەخشتەکەدا دەرکەوتون پیشەی زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە(فەرمانبەر) بوون. کە ژمارەیان(١٠٢) سەرەك خێزانە وە بەرزترین رێژەشیان هەیە کە(٦٨٪).

کۆمەڵگای هەورامان کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵیە بەرزیی رێژەی فەرمانبەرانی نموونەی توێژینەوەکە راستییەك بەدەستەوە دەدات ئەویش

ئەوەیە، کەخەڵکانی هەورامان وازیان لەپیشە سەرەکی‌یەکەیان هێناوەو دامەزراون‌و بوون بەموچەخۆر، ئەوەش کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر کشتوکاڵ‌و ئاژەڵداری‌و پیشە دەستی‌یەکانی کۆمەڵگای هەورامان کەبەوانەوە بەناوبانگ بووە. ئەگەر بەو پێ‌یە بڕوات لەدوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێکی تر پیشە سەرەکی‌یەکانی کۆمەڵگای هەورامان لەناودەچن‌و دووریش نی‌یە ناوو ناوبانگی هەورامان بەرەو پوکانەوەو لاوازبون بچێت. وەپیشەی تر جێ‌ی ئەو پیشانەی ئێستایان بگرنەوە. بەڕای ئێمە ئەم دامەزراندنە زۆربەی دوای راپەڕین پەیدابوەو دەرکەوتوە کەئەوەش لایەنی چاك‌و لایەنی خراپیشی هەیە، لەلایەکەوە ئەو خەڵکە بڕێك موچە وەردەگرێت‌و هەندێك لەپێویستییەکانی رۆژانەی پێ دابین دەکات هەرچەندە بەرهەمیشی نیە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك بەخشیش‌و پاداشتێك ئەو دەست پێشخەرییەی کردوە کەخەڵك دابمەزرێت ئەوە لایەنە چاکەکەی بوو، بەڵام لایەنی خراپیشی هەیە ئەو تازە موچە خۆرانە فێری تەمبەڵی دەبن‌و پشت دەکەنە پیشەو کارەکانیان کەسەرچاوەی سەرەکی ژیان‌و بژێویان بون لەدێرزەمانەوە هەر ئەوەش دەبێتە هۆی کەم بونەوەی بەرهەم هێنان‌و دووریش نی‌یە زۆرینەی پیشە خۆماڵیەکانیش لەماوەیەکی نزیکدا نەچنە قۆناغی بیرچونەوەو ئەوسا خەڵکەکە دەبێتە بەکاربەرو هیچ بەرهەمێکی نابێت.

پیشەی سەرەکی کۆمەڵگای هەورامان لەماوەیەکی دوورودرێژدا کشتوکاڵ کردن‌و باخ‌و رەزدانان‌و ئاژەڵ بەخێوکردن‌و جۆرەها پیشەی دەستی خۆماڵی بوە ئەو پیشانە ئەوەندەیان بەرهەم هەبوە کە بەشی هەرەزۆری پێداویستییەکانی خەڵکی هەورامانیان پڕ کردۆتەوە، هەندێکیشیان زیاد بوەو بازرگانیان پێوە کردوە لەگەڵ دەرودراوسێکانی کۆمەڵگای هەوراماندا. بەڵام بەهۆی سیاسەتی راگواستن‌و کاولکردنی

کوردستان بەگشتیو هەورامان بەتایبەتی ئەو کۆمەڵگایە تووشی زیانێکی زۆر بوە لەڕوی کۆمەلایەتیو ئابوریو فەرهەنگیو رۆشنبیریەوە بەجۆرێك کەخەڵکەکەی ئێستای هەورامان ناتوانن ئەو کەلێنە گەورەیە پڕ بکەنەوە.

## ٤-سیما رۆشنبیری‌یەکانی نموونەی توێژینەوە

### ئاستی خوێندەواری

ئاستی خوێندەواری لەبواری توێژینەوە کۆمەلایەتی‌یەکاندا زۆر گرنگی پێ دەدرێت، چونکە ئەو ئاستە کاریگەری هەیە لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤو باری ژیانو بژێویو پلەو پایەی کۆمەلایەتیو پێش کەوتنی کۆمەڵگا.[٥] ئاستی خوێندەواری لەنموونەی توێژینەوەکەماندا لەکۆمەڵگای هەورامان جیاوازی هەیە، لەفۆرمی راپرسی‌یەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەکە کردووە. لەخشتەی(٩) خراوەتە روو.

خشتەی(٩)

نموونەی توێژینەوەکە ئاستی خوێندەواری کۆمەڵگای هەورامان نیشان دەدات

| ئاستی خوێندەواری | ژمارە | رێژە٪ |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٨ | ٥,٣٤٪ |
| سەرەتایی | ٣٢ | ٢١,٣٣٪ |
| ناوەندی | ٣٢ | ٢١,٣٣٪ |
| ئامادەیی | ٦٠ | ٤٠٪ |
| خوێندنی بالا | ١٨ | ١٢٪ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

[٥] د. یونس حمادی علي، المصدر السابق، ص٣٣٩.

زانیاریيەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەخشتەی(٩) دەرکەوتون. ڕێژەی نەخوێندەوار(٣٤,٥٪)، ڕێژەی خوێندنی سەرەتایی(٢١,٣٣٪)، ڕێژەی خوێندنی ناوەندی(٢١,٣٣٪)، ڕێژەی خوێندنی ئامادەیی(٤٠٪). ڕێژەی خوێندنی زانکۆ(١٢٪) بووە. هەروەها(ناوەندی خوێندن)ی ئاستی خوێندەواری نموونەی توێژینەوەکە تێکڕای خێزانەکان دەکاتە(٣٠)، بەڕێژەی(٢٠٪). ئەو ئاستی خوێندنەی نموونەی توێژینەوەکە راستی‌یەك بەدەستەوە دەدات کەئەویش ئەوەیە ئاستی تێکڕای خوێندەواری(نزمە). هەرچەندە ژمارەی نەخوێنەوار(٨) سەرەك خێزان بووە بەڕێژەی(٣٤,٥٪). بەرزترین ئاستی خوێندەواری پلەی ئامادەیی بووە کە(٦٠) سەرەك خێزانە کەرێژەی(٤٠٪)ی نموونەی توێژینەوەکە دەگرێتەوە. بەڵام بەپێ‌ی نموونەی توێژینەوەکە کۆمەڵگای هەورامان تێکڕا ئاستی نەخوێندەواریان کەمە بەشی هەرە زۆری خەڵکەکەی بەنێرو مێ‌وە خوێندەوارن دەتوانن کاروباری رۆژانەیان راپەڕێنن بەبێ ئەوەی پەنا بەرنە بەر هۆکاری یارمەتیدەرەوە. هەر ئەوەشە بوەتە یارمەتیدەریان کەئاستی هوشیاریان باش بێت‌و کێشەو گیروگرفتیان کەم بێت‌و زۆر بەتەنگ لەش ساغی‌و تەندروستی خۆیانەوە بێن‌و نەخۆشی کەم بێت لەناو کۆمەڵگاکەدا.

# بەشی دووەم

# شیکردنەوەی ئە نجامی توێژینەوە پراکتیکییەکە

باسی یەکەم/ ژینگەو ژیان.

باسی دووەم/ ژیانی کۆمەڵایەتی.

باسی سێیەم/ ژیانی ئابوری.

باسی چوارەم/ ژیانی ئایینی.

باسی پێنجەم/ ژیانی رامیاری.

باسی شەشەم/ ژیانی رۆشنبیریو فەرهەنگی.

# باسی یەکەم

## ژینگەو ژیان

هەروەك ئاشکرایە جوگرافیا کاریگەریی هەیە لەسەر چالاکییەکانو جمو‌جوڵەکانی مرۆڤ لەهەموو بوارەکانی ژیاندا. سەبارەت بەو کاریگەریانە لەفۆرمی راپرسیەکەدا پێنج پرسیارمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە کە لەخشتەی(١٠) خراونەتە روو.

خشتەی(١٠)

رای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات لەسەر کاریگەری جوگرافیا بۆ سەر چالاکییەکانو زۆرو کەمی ژمارەی دانیشتوانو شێوەزاری هەورامیو لاوازبونی رۆڵی جوگرافیا لەپاشەڕۆژداو بەدەست هێنانی ئاواتو ئامانج.

| ژ | کاریگەری ژینگە لەسەر ژیان | ژمارەی نموونە | بەڵێ | نەخێر | کۆی گشتی | رێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئایا ژینگەی هەورامان کاریگەری هەیە لەسەر چالاکیەکانتان؟ | ١٥٠ | ١٥٠ | - | ١٥٠ | ١٠٠٪ |
| ٢ | ئایا ژینگەی هەورامان پەیوەندی هەیە بەزۆرو کەمی ژمارەی دانیشتوانەوە؟ | ١٥٠ | ١٥٠ | - | ١٥٠ | ١٠٠٪ |
| ٣ | ئایا ژینگە پەیوەندی هەیە بەشێوەزاری هەورامیەوە؟ | ١٥٠ | ١٥٠ | - | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | ئایا ڕۆڵی ژینگە لاواز دەبێت لەپاشەڕۆژدا؟ | ١٥٠ | ١٥٠ | - | ١٥٠ | ١٠٠٪ |
| ٥ | ئایا ژینگەی هەورامان ڕێگرنەبوە لە بەدەست هێنانی ئاوات‌و ئامانجەکانتان؟ | ١٥٠ | ١٥٠ | - | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

زانیاری‌یەکانی نموونەی توێژینەوەکە کە لەخشتەی ژمارە (١٠)دا دەرکەوتوون لەوەڵامی ئەو پێنج پرسیارەی سەرەوە یەك دەنگ بوون‌و هەمویان بە(بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە کەڕێژەکەی بۆ هەر پرسیارێك دەکاتە(١٠٠٪). ئەوەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کەفاکتەری ژینگە کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌ی کۆمەڵگای هەورامان. جائەو کاریگەریانە ڕاستەوخۆ بن یا ناڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر هەموو جموجوڵ‌و چالاکی‌یە ئابووری‌یەکانی کۆمەڵگاکەو هەروەها کار دەکەنە سەر زۆرو کەمی ژمارەی دانیشتوان‌و، وە تایبەتمەندی کلتوری کۆمەڵگاکەو تەنانەت مانەوەی شێوەزاری هەورامی‌و نەتواندنەوەی‌و پاکی ووشەو ڕستەکانی پەیوەندیی هەبوە بەکاریگەری ژینگەکەیەوە. هەروەها ژینگەی هەورامان جگە لەوەی سروشتێکی جوانی ڕەخساندوە بۆ کۆمەڵگاکە لەگەڵ ئەوەشدا ئاستەنگ‌و ڕێگرێك بووە کە کۆمەڵگاکە دابڕێت‌و پەیوەندی کەم بکاتەوە بەدنیای دەرەوە. هەروەها سەختی ژینگەی هەورامان ڕێگرێك بوە لەبەردەم دوژمنانی گەلی کوردا بەگشتی‌و کۆمەڵگای هەورامان بەتایبەتی کە بەئاسانی داگیرنەکرێت‌و بەرگری لەخۆی بکات. ژینگەی هەورامان کاریگەری هەبوە لەسەر پێش خستن‌و پاراستنی هونەرو کلتوری کوردەواری.

## باسی دووەم

# ژیانی کۆمەڵایەتی

تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای هەورامان: هەر گروپ و کۆمەڵێك بگریت، چەند خەسڵەتێکی هاوبەشیان هەیە، بەهۆی کاریگەری (جوگرافیاو باری کۆمەڵایەتی و پەروەردەو فێرکردن و... هتد). دیارە گەلی کورد بەگشتی و کۆمەڵگای هەورامان بەتایبەتی بێبەش نییە لەکۆمەڵێك خەسڵەتی تایبەتمەند بەکۆمەڵگاکەوە، کە بەهۆی کاریگەری فاکتەرەکانی جوگرافی و رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوری کۆمەڵگاکەوە، پەیدا بوون، لەو بارەوە لەڕێگای فۆرمی راپرسییەکەوە دوو پرسیارمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردون. لەخشتەی(١١) خراونەتە روو.

خشتەی(١١)

رای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات لەسەر تایبەتمەندیەکانی ژیان لەکۆمەڵگای هەوراماندا

| ژ | تایبەتمەندیەکانی ژیان | ژمارە | بەڵێ | نەخێر | کۆی گشتی | ڕێژە% |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای هەورامان شێوەی هەڵسوکەوتی هەورامیەکانە؟ | ١٥٠ | ١٥٠ | - | ١٥٠ | ١٠٠% |
| ٢ | ئایا ژیانی کۆمەڵایەتیی هەورامان تایبەتمەندە؟ | ١٥٠ | ١٥٠ | - | ١٥٠ | ١٠٠% |

زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەخشتەی(١١) دەرکەوتوون. لەوەڵامی ئەو دوو پرسیارەدا یەك دەنگ بوونو هەموویان بە(بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە بەرێژەی(١٠٠٪).

دیارە بەپێی وەڵامەکەیان کۆمەڵگای هەورامان لەڕوی ژیانی کۆمەڵایەتی‌یەوە جیاوازیان هەیە لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی‌ی دەوروبەریاندا جا ئەو تایبەتمەندیانە بەهەڵسوکەوتو خووڕەوشتو دابو نەریتو ڕێو ڕەسمەکانو تەنانەت جۆری بەرهەمهێنانو جلوبەرگو پیشە دەستی‌یەکانو ئاهەنگو شایی‌و ماتەمینی‌و جیاوازی شێوەزارەکەیانەوە تایبەتمەندی پێوە دیارە. هەر ئەوانەشە وای کردووە کەنموونەی توێژینەوەکە تێکڕای وەڵامەکانیان لەسەر ئەو دوو پرسیارە کە لەسەرەوە کراون یەك دەنگ بوونو وەڵامەکەیان جیاوازی نەبوە.

ئێمە ئەو ماوەیە کە لەناو کۆمەڵگاکەدا ماینەوە هەستمان بەو ڕاستی‌یە کردوە کەکۆمەڵگای هەورامان لەڕوی کۆمەڵایەتی‌یەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە بەهەڵسوکەوتو گفتوگۆو مامەڵە کردن لەگەڵ میوانو ڕێبوارو هەژارو دەست کورتو کەم دەست ئەو تایبەتمەندی‌یانە دیارن. هەروەها پیشەگەری‌و پەیوەندی هەمیشەییان بەیەکترەوەو شەونشینی‌و هەواڵپرسین‌و سەردانی یەکتر جۆرێکە لەتایبەتمەندی‌یەکانی ژیانی کۆمەڵگاکە. زۆرجار بەرچاومان کەوتوە کە بەبێ بەرامبەر ئیش بۆ یەکتر دەکەنو بەکۆمەڵ یارمەتی یەکتر دەدەن کە لەناو کۆمەڵگاکەدا بەگەلکاری ناسراوە بەتایبەتی لەو ئیشانەدا کەپێویستی بەژمارەی زۆری ئیشکەر هەیە لەماوەیەکی کەمدا ئیشەکە تەواو ببێت ئەو گەلکاری‌یە پیادە دەکرێت.

## ناوچەگەری

ناوچەگەریو خزمایەتی لەکۆمەڵگا سەرەتاییو دواکەوتوو و داخراوەکاندا بەجۆرێکە کە(کەسێتی تاك) بوونی نامێنێتو لەناو کۆمەڵگادا وون دەبێت. لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە لەفۆرمی راپرسیدا. لەخشتەی(١٢) خراوەتە روو.

خشتەی(١٢)

هەڵوێستی نموونەی توێژینەوە نیشان دەدات لەسەر ناوچەگەریو خزمایەتی لەهەوراماندا

| ناوچەگەریو خزمایەتی | ژمارە | رێژە% |
|---|---|---|
| بەهێزە | ٣ | ٢% |
| لاوازە | ١٤٧ | ٩٨% |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠% |

زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەخشتەی(١١)دا دەرکەوتوون. وەڵامی(بەهێزە) رێژەکەی دەکاتە (٢%). وەڵامی(لاوازە) رێژەکەی دەکاتە(٩٨%). ئەو ئەنجامەش ئەوە دەسەلمێنێت لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا گیانی ناوچەگەریو هۆزایەتیو خزمایەتی هەیە بەڵام لاوازە، چونکە لەخشتەی(٧) خرایە روو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای هەورامان پەیوەندی هۆزایەتیو تیرەگەری نەبوون، وە کۆمەڵگاکە لەچینێك یا تیرەیەك پێك نەهاتووە بەڵکو کۆمەڵگاکە جیاوازی چینایەتی هەبوە وە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەشوێنی نیشتەجێبونیانو بەشێوەزارەکەیانەوە بەستراون، نەك بەرِگەزو تیرەو

هۆزەوە، هەر ئەوەش بووە کاریگەری کردۆتە سەر لاوازی خزمایەتی لەناو کۆمەڵگاکەدا، گیانی ناوچەگەریو هۆزایەتی لاواز کردووە.

## تۆڵە سەندنەوە

تۆڵە سەندنەوە دیاردەیەکە لەناو کۆمەڵگا هۆزایەتیو تیرەگەریو سەرەتاییو دواکەوتوەکاندا شانازی پێوە دەکەن.

لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە، لەفۆرمی راپرسیدا. لەخشتەی(١٣) خراوەتە روو.

خشتەی(١٣)

هەڵوێستی نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات لەسەر دیاردەی تۆڵە سەندنەوە

| تۆڵە سەندنەوە | ژمارە | رێژە٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١١ | ٪٧,٣٣ |
| نەخێر | ١٣٩ | ٪٩٢,٦٧ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ٪١٠٠ |

زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە کە لەخشتەی(١٣) دەرکەوتوون. وەڵامی(بەڵێ) رێژەکەی دەکاتە(٪٧,٣٣)، وەڵامی(نەخێر) رێژەکەی دەکاتە(٪٩٢,٦٧). ئەو ئەنجامەش ئەو راستییە بەدەستەوە ئەدات کە لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا گیانی تۆڵە سەندنەوە نزمەو گیانی لێبوردن بەرزە. چونکە لەخشتەی(٩) دەرکەوتوە کەئاستی خوێندەواری کۆمەڵگاکە باشە خوێندەواریش فاکتەری لەناوبردنی گیانی تۆڵە سەندنەوەیە، هەروەها فاکتەری هوشیارکردنەوەو چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانە. کۆمەڵگای هەورامان بەکۆمەڵگایەکی هۆشیارو رۆشنبیر بەرچاو کەوتووە هەر

لەوکاتانەوە کە بیارەو تەوێڵە دوو مەڵبەندی گرنگی فێرکردنی زانستە ئایینییەکان بوون ئەوە لەلایەك‌و لەلایەکی ترەوە بە پەیدابوونی خوێندن‌و خوێندەواری نوێ دەرگای قوتابخانەو خوێندنگا نوێکان لەهەوراماندا کراونەتەوەو کۆمەڵگاکە پێشوازیی لەخوێندنی نوێ کردووە. ئەوانەش هەموو فاکتەرن کەکێشەو گیروگرفتی کۆمەڵایەتی کەم بکەنەوەو گیانی تۆڵە سەندنەوە لەناو بەرن بۆیە کۆمەڵگای هەورامان زۆر بەکەمی ئەو گیانەی تیا بەدی دەکرێت هەروەك لەخشتەکەدا هەڵوێستی نموونەی توێژینەوەکە خراونەتە روو.

## پەیوەندییەکان‌و شوێنی نیشتەجێ بوون

لەفۆڕمی راپرسییەکەدا پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە، لەسەر پەیوەندییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگای هەورامان، ئایا پشت دەبەستن بەشوێنی نیشتەجێ بونیانەوە؟ لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا نموونەی توێژینەوەکە زۆرینە بە(بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە. ئەوەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کەشوێنی نیشتەجێ بوون کاریگەری هەیە لەسەر بەهێزبوون یا لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

## ژن بەژن

دیاردەی ژن بەژن لەبەشێکی ناوچەکانی کوردستاندا پەیڕەو دەکرێت‌و بۆتە نەریتێکی کۆمەڵایەتی. لەفۆرمی راپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردوە، ئایا دیاردەی ژن بەژن لەهەوراماندا پەیڕەودەکرێت؟ وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە زۆرینەی بە(نەخێر) بووە. ئەو زانیارییە راستییەك نیشان دەدات،

ئەویش ئەوەیە كۆمەڵگای هەورامان مەبەستیەتی توخمی خزمایەتی فراوان بكاتو پەیڕەوی دروست كردنی دیاردەی(خێزانی دەرەكی) بكاتو بنبڕی هەندێك نەخۆشی بۆ ماوەیی بكات كە لەئەنجامی دیاردەی ژن بەژن دا بەهۆی خزمایەتییەوە پەیدا دەبن.

## فرە هاوسەری

فرە هاوسەری دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی‌یەو لەكۆمەڵگا ئیسلامی‌و رۆژهەڵاتییەكاندا زیاتر پەیڕەو دەكرێت. لەفۆرمی راپرسییەكەدا لەو بارەوە پرسیارێكمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەكە كردووە. لەخشتەی(١٤) خراوەتە روو.

خشتەی(١٤)

هەڵوێستی نموونەی توێژینەوەكە نیشان دەدات لەسەر دیاردەی فرە هاوسەری لەهەوراماندا

| فرە هاوسەری | ژمارە | رێژە٪ |
|---|---|---|
| نەخێر | ١٠١ | ٪٦٧,٣٣ |
| بەڵێ | سفر | سفر |
| هەندێ جار | ٤٩ | ٪٣٢,٦٧ |
| كۆی گشتی | ١٥٠ | ٪١٠٠ |

زانیارییەكانی نموونەی توێژینەوەكە لەخشتەی(١٤) دەركەوتوون. وەڵامی(بەڵێ) ئاماژەی پێ نەدراوەو رێژەكەی(سفر٪). وەڵامی(نەخێر) رێژەكەی دەكاتە(٦٧,٣٣٪). هەروەها وەڵامی(هەندی جار) رێژەكەی دەكاتە(٣٢,٦٧٪). كۆمەڵگای هەورامان لەبەر ئەوەی روو لەئایینە، ئایینیش هاندەرە بۆ فرە هاوسەری ئەوە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە باری ژیانو گوزەرانو جوگرافیاو كۆمەڵایەتی هاندەرن بۆ زۆری ژمارەی خێزان. ئەوانە فاكتەری هاندەرن بۆ فرە هاوسەری لەهەوراماندا.

## جۆرەكانی هاوسەرێتی

هاوسەرێتی جۆری زۆرەو لەناو كۆمەڵگاكاندا چەشنەكانی جیاوازە. لەفۆرمی راپرسیدا، لەو بارەوە پرسیارێكمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەكە كردووەو سێ جۆر هاوسەرێتیمان دەست نیشان كردوون. لەخشتەی(١٥) خراونەتە روو.

خشتەی(١٥)

رای نموونەی توێژینەوەكە نیشان دەدات لەسەر هاوسەرێتی

| جۆرەكانی هاوسەرێتی | ژمارەی نمونە | رێژە% |
|---|---|---|
| خزم | سفر | سفر |
| خەڵكی هەورامان | ١٠٧ | ٧١,٣٤% |
| نا هەورامی | ٤٣ | ٢٨,٦٦% |
| كۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠% |

زانیارییەكانی نموونەی توێژینەوەكە لەخشتەی(١٥) دەركەوتوون. وەڵامی هاوسەرێتی لەگەڵ(خزم)دا ئاماژەیان پێ نەداوەو رێژەكەی(سفر%). بەڵام وەڵامی هاوسەرێتی لەگەڵ(خەڵكی هەوراماندا) رێژەكەی دەكاتە(٧١,٣٤%). هەروەها وەڵامی هاوسەرێتی لەگەڵ(ناهەورامی)دا رێژەكەی دەكاتە(٢٨,٦٦%). ئەو وەڵامانەش راستییەك بەدەستەوە دەدەن كەئەویش ئەوەیە، خەڵكی هەورامان پەیڕەوی(هاوسەرێتی دەرەكی) دەكەن‌و لایان پەسەندە. مەبەست لەدەرەكی هەورامییەكان لەگەڵ خزم‌و بنەماڵەكەی خۆیاندا هاوسەرێتییان پێ باش نی‌یە، بەڵكو لەگەڵ هەورامییەكان كە خزمایەتیان پلەی یەك‌و دوو نی‌یەو یاهەر نەناسراویشە یا نا هەورامی بێت پێ باشترەو لایان پەسەندە.

لەخشتەکەدا ئەوە دەرکەوتووە کەخەڵکی هەورامان لایان چاکترە لەناو هەوراماندا ژیانی هاوسەرێتی پێك بهێنرێت، بەڵام لەگەڵ نا هەورامیشدا نەدراوەتە دواوەو بەرێژەیەکی زۆر خواستی لەسەربوە، بەتایبەتی ئەوانەیان کەخاوەنی بڕوانامەی زانکۆن زۆرینەیان ئاماژەیان بەوە داوە کەهاوسەرێتی لەگەڵ نا هەورامیدا پەسەندە تا لەگەڵ هەورامیدا. بەهەرحاڵ کەسەرنجی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە دەدەین ئەو راستییە دەرکەوتووە کەهەورامییەکان لەگەڵ خزمدا ژیانی هاوسەرێتییان لاپەسەند نییە، بەڵکو بەگشتی هاوسەرێتی دەرەکییان پێ باشترە. هەروەها خشتەکە راستییەك بەدەستەوە ئەدات کەهێشتا کۆمەڵگای هەورامان لەژیانی هاوسەرێتیدا پەیڕەوی داب‌و نەریتی کۆن دەکات‌و جۆرێك لەهاوسەرێتی پەیڕەو دەکات کەپێی دەوترێت(هاوسەرێتی لەگەڵ خزم‌و ناسیاو) ئەوەش نیشانەی هوشیاری‌و دووربینیی خەڵکی هەورامانە کە لەپاشەڕۆژدا ئەو جۆرە هاوسەرێتییەیە کێشەو گیروگرفتیان بۆ دروست ناکات.

## تەمەنی شوکردن

تەمەنی شوکردن بەپێی ئایینەکان‌و بەپێی داب‌ونەریتی کۆمەڵگاکان‌و تەنانەت لەیاساشدا رای جیاوازی لەسەرە. لەفۆرمی راپرسیدا پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوە کردووە. لەخشتەی(١٦) خراوەتە روو.

خشتەی(١٦)

رای نموونەی توێژینەوە نیشان دەدات لەسەر تەمەنی شوکردن

| تەمەنی شوکردن | ژمارە | رێژە% |
|---|---|---|
| ١٨ ساڵ | ١١٤ | ٧٦% |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠ ساڵ | ٣٦ | ٢٤٪ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەخشتەی(١٦) دەرکەوتوون. بەڕای خەڵکی هەورامان(١٨) ساڵ تەمەنی گونجاوە بۆ شوکردن کەڕێژەکەی دەکاتە(٧٦٪). (٢٠) ساڵ تەمەنی شوکردنە کەڕێژەکەی دەکاتە(٢٤٪). ئەو وەڵامانەی سەرەوەش ئەوە دەگەیەنێت کەتەمەنی(١٨) ساڵ کەڕێژەکەی(٧٦٪) تەمەنی گونجاوە بۆ شوکردن لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا. ئەم خشتەیە راستییەك بەدەستەوە ئەدات کە کۆمەڵگای هەورامان هێشتا کۆمەڵگایەکی داب‌و نەریتی‌یەو بەپێ‌ی ئایین‌و داب‌ونەریتی کۆمەلایەتی کچەکانیان بەشوو دەدەن‌و کۆمەڵگایەکی تازە پێگەیشتوە. هەروەها راستییەکیش بەدەستەوە دەدات کە کچ لەو تەمەنەدا خاوەنی رای خۆیەتی‌و دەتوانێت بڕیاری هاوسەرێتی بدات یان نەدات دوور لەکاریگەری دەسەڵاتی خێزان، کەواتە رەگەزی(مێ) بەڕادەیەکی باش سەربەست‌و ئازادە لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا.

وەك لەخشتەکەدا دەرکەوتووە دیاردەی زوو بەشوودانی کچ کە لەکۆمەڵگای کوردەواری‌دا پەیڕەو دەکرێت بەتایبەتی لەلادێ‌کانی کوردستاندا، ئەو دیاردەیە لەکۆمەڵگای هەوراماندا پەسەند نی‌یەو کچەکانیان بەشوو نادەن تاکو نەگەنە تەمەنی ١٨ساڵ. هەروەها لەخشتەکەشدا دەرکەوتوە بەڕێژەیەکی زۆر ئاماژە بەوە دراوە لەو تەمەنەش بەرەو سەروتر گونجاوترە بۆ بەشودانی کچ، هۆی ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ هۆشیاری‌ی کۆمەڵگاکە کە کچەکانیان لەپاشەڕۆژدا کێشەو گیروگرفتی خێزانیان بۆ دروست نەبێت.

## تەمەنی ژن هێنان

تەمەنی ژن هێنان لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر لەداب‌و نەریتێکەوە بۆ داب‌ونەریتێکی تر لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر لەئایینێکەوە بۆ ئایینێکی تر لەیاسایەکەوە بۆ یاسایەکی تر جیاوازی هەیە. لەفۆرمی راپرسییەکەدا لەوبارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە. لەخشتەی(١٧) خراوەتە روو.

خشتەی(١٧)

رای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات لەسەر تەمەنی ژن هێنان لەهەوراماندا

| تەمەنی ژن هێنان | ژمارەی خێزان | رێژە% |
|---|---|---|
| ٢٥ ساڵ | ١١٣ | %٧٥,٣٣ |
| زیاتر | ٣٧ | %٢٤,٦٧ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |

زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەخشتەی(١٧) دەرکەوتوونە. خەڵکی هەورامان رایان وایە(٢٥) ساڵ تەمەنی ژن هێنانی کوڕەکانیانە بەرێژەی(%٧٥,٣٣). وە پێیان وایە(زیاتر) تەمەنی ژن هێنانە بەرێژەی(%٢٤,٦٧). خشتەکە ئەو راستییە دەسەلێنێت لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا دیاردەی(زوو ژن هێنان) خواستی لەسەر نی‌یەو دراوەتە دواوەو پەسەند ناکرێت. چونکە ئەو دیاردەیە لەپاشە رۆژدا کێشەو گیروگرفتێکی کۆمەلایەتی زۆری بەدواوەیە. هەروەها لەڕوی ئابووریشەوە کاریگەری خراپی ئەبێت لەسەر ژیانی خێزانی کوڕەکانیان، جگە لەوەی کاریگەری خراپی تری هەیە لەسەر خێزانەکە کەئەو کوڕەی زوو ژن بێنێت پەیوەندی‌یەکانی لەگەڵ باوك‌و دایك‌و خوشك‌و براکانیدا

زوو لاواز دەبن، چونکە هێشتا تەمەنی ژیری کامڵ نەبوەو کێشەو گیروگرفتەکانی خێزانی دوری دەخەنەوە لەپەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانی رۆژانەی. دوریش نی‌یە لەبەر بەرژەوەندی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌ی خێزانەکە ئارەزوو نەکەن لەسەر ئەوەی کەکوڕەکانیان زوو ژن بهێنن، چونکە کوڕ لەکۆمەڵگاکەدا هاوکاری‌یەکی باشی ژیانی ئابووری خێزان دەکات لەڕێی پیشەکەیەوە دەرامەت پەیدادەکات بۆ خێزانەکەی.

## جۆری خێزان

خێزان جۆری زۆرە، لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت، بەپێی کاریگەری فاکتەرەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، رامیاری، ئایینی‌یەوە. لەفۆرمی راپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە. لەخشتەی(١٨)دا خراوەتە روو.

**خشتەی(١٨)**

**رای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات لەسەر جۆری خێزان لەهەورامانـدا**

| جۆری خێزان | ژمارەی خێزان | رێژە% |
|---|---|---|
| خێزانی بچوک | ١٤٩ | ٩٩,٣٣% |
| خێزانی پێکهاتوو | ١ | ٠,٦٧% |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠% |

زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەخشتەی(١٨) دەرکەوتوون. لەکۆی گشتی نموونەی توێژینەوەکە کە(١٥٠) خێزانە. (١٤٩) خێزان پەیڕەوی(خێزانی بچوک) دەکەن بەڕێژەی(٩٩,٣٣%). هەروەها(١) خێزان ئاماژەی بەجۆری(خێزانی پێکهاتوو) کردووە،

بەرێژەی(٦٧,٠٠٪). ئەم دیاردەیە لەکۆمەڵگای کوردەواریدا تەنها لەهەوراماندا پەیڕەو دەکرێت کەخێزانی بچوك لایان پەسەندترە لەجۆرەکانی تری خێزان، کەخۆی دیاردەیەکە زۆرتر لەشارەکاندا پەیڕەو دەکرێت نەك لەلادێ نشینەکاندا. رەنگە هەورامییەکان ئەزمونێکیان هەبوبێت لەو بارەوە کەئەویش ئەوەیە بەزوو جیابونەوەو دوورکەوتنەوە لەماڵە باوان لەزۆر کێشەو گیروگرفتەکان دوور دەکەونەوە. هەروەها خێزانی نوێ زۆرتر پێك دێتو سەربەستو ئازاد دەبێتو هەست بەلێپرسراوێتی گوزەرانو ژیان دەکاتو دڵسۆز تر دەبێت لەڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی سەرشانیدا لەڕوی ئابوورییەوە چونکە هیچ پشتیوانێکی تری نی‌یە کەهاوکاری بکات.

## پرسو راکردن بەهاوسەر

هەروەك لەکوردەواریدا باوە(ژنو ماڵ، یا ژن خاوەنی ماڵە) بەپێی ئەو دیاردەیە دەبێت هاوسەری ژیان(ژن) لەکاروباری رۆژانەی خێزاندا پرسو رای پێ بکرێت. لەفۆرمی راپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە. لەخشتەی(١٩) خراوەتە روو.

لەخشتەی(١٩)

رای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات لەسەر پرسو راکردن بەهاوسەر لەکۆمەڵگای هەوراماندا

| پرس کردن بەهاوسەر | ژمارە | رێژە٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢٤ | ٨٢,٦٧٪ |
| هەندێ جار | ٢٦ | ١٧,٣٣٪ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

زانیاری‌یەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەخشتەی(١٩) دەرکەوتوون. وەڵامی(بەڵێ) ڕێژەکەی دەکاتە(٨٢,٦٧٪). وەڵامی(هەندێ جار) ڕێژەکەی دەکاتە(١٧,٣٣٪).

زانیاریەکانی ئەم خشتەیە ئەوەیان نیشان داوە هاوسەر پرس‌و ڕای پێ دەکرێت لەهەورامانداء زۆرینە وەڵامەکەیان وایە دەبێت پرسی پێ بکرێت. کەمینە رایان وایە(جاروبار) ئەگەر پێویستی کرد پرسی پێ بکرێت، نەك لەهەموو کاروبارێکی خێزانیدا، چونکە هەندێك کاروبار پەیوەست نی‌یە بەهاوسەرەوە. هەروەها هاوسەر لەکۆمەڵگای هەورامان‌دا ئەرکێکی زۆری لەئەستۆدایە لەڕاپەڕاندنی کاروباری ناوماڵداو بەشداری دەکات لەدابینکردن‌و پەیداکردنی سەرچاوە دەرامەتیەکانی گوزەران‌و بەدەست خستنی زۆر لەپێویستی‌یەکانی ناوماڵ‌و بەشداری دەکات لەبەرهەم هێناندا لەبواری کشتوکاڵی‌و باخداری‌دا. هەندێك لەبەرهەمەکانی پیشە دەستی‌یەکان ژن ئامادەیان دەکات‌و دروستیان دەکات، جگە لەوەی ژن بەرپرسیارە لەپەروەردەکردن‌و بەخێوکردنی منداڵ‌و بەڕێ کردنی میواندا، ئەرکی نان کردن‌و خواردن دروست کردن‌و پاك کردنەوەی ناوماڵ‌و تەنانەت ئاژەڵ ڕاگرتن‌و ڕاپەڕاندنی پێویستییەکانی ئاژەڵداری یەکێکە لەئەرکەکانی ژن، بەو جۆرە ئەرکەکانی ژن دەیسەپێنن کەپێویستە پرس‌و ڕای وەربگیرێت لەهەورامانەدا.

## مافی کچ‌و کوڕ لەخێزان پێکەوەناندا

ئەمڕۆ لەجیهاندا جەخت لەسەر مافی مرۆڤ دەکرێتەوەو بەگەرمی لەسەری قسەو باس دەکرێت‌و بۆتە دەنگ‌و باسی کات‌و ڕۆژ. لەفۆرمی ڕاپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە لەخشتەی(٢٠) خراوەتە ڕوو.

**خشتەی(٢٠)**

**رای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات لەسەر مافی کوڕو کچ لەپێکەوەنانی خێزاندا**

| ماف | ژمارە | ڕێژە٪ |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | ١٤٣ | ٪٩٥,٣٤ |
| نەخێر | ٧ | ٪٤,٦٦ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ٪١٠٠ |

زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەخشتەی(٢٠) دەرکەوتوون. وەڵامی(بەڵێ) ڕێژەکەی دەکاتە(٩٥,٣٤٪) وەڵامی(نەخێر) ڕێژەکەی دەکاتە(٤,٦٦٪).

ئەو زانیاریانە ڕاستییەك نیشان دەدەن کە(کچو کوڕ) لەناو کۆمەڵگای هەورامانداا مافی تەواویان هەیە، خۆیان دوای هاوسەرێتی، خێزانی سەربەست پێکەوە بنێنو لەماڵە باوان جیاببنەوەو خێزانی نوێ دروست بکەن. مافی ئەوەیان هەیە خۆیان بڕیار بدەن لەسەر جۆری پیشەو ئیشو کاریانو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانو ڕاپەڕاندنی کاروباری ئایینیو ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکانیانو دیاریکردنی پاشەڕۆژیانو چۆنیەتی بەخێوکردنو پەروەردەکردنی منداڵەکانیان.

**مافی ژن(ئافرەت)**

ئەمڕۆ لەجیهاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە پێویستە(ئافرەت) وەك(پیاو) یارەگەزی(مێ) وەك ڕەگەزی(نێر) سەربەست بێتو مافەکانی پارێزراو بن لەهەموو بوارێکی ژیاندا. لەفۆرمی ڕاپرسییەکەدا لەوبارەوە دوو پرسیارمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردون. لەوەڵامی هەردوو پرسیارەکەدا زۆرینەی وەڵامەکان بە(بەڵێ) بوە.

پرسیار/ کاك(سەلاح) ڕێ ئەدەی بەکچەکەت بخوێنێت)؟ وەڵام/ بەڵێ، ئەگەر خوێندنی تەواوکرد ڕێی ئەدەیت بەتەنها بچێتە شارەکانەوە خوێندنەکەی تەواو بکات؟ وەڵام/ بەڵێ، ئەی ناترسیت تووشی لادان‌و سەرکێشی ببێت؟

وەڵام/ کچی لای ئێمە هەر لەمنداڵییەوە سەربەست‌و ئازادە، بەتەنها دەچێتە ناوباخ‌و بێستان، بەبەهاراندا دەچێتە شاخ‌و داخ بۆ گەڕان‌و ئاهەنگ‌و خۆشی‌و هەندێك گژوگیای بەهارە کۆدەکەنەوەو دەیهێننەوەو دەیکەن بەخۆراك، ئەو کاتە نەترساوم کەمنداڵ بووە، ئێستا بۆ دەبێت بترسم کە گەورە بووەو فامی کردۆتەوەو ئاستێکی بەرزی خوێندەواری هەیە. ئەگەر مەبەستت شتی تریشە، ئەوەش هەر مافی خۆیەتی هاوسەری خۆی هەڵبژێرێت بەئارەزووی خۆی، لێرەش بێت هەر ئەو مافەی هەیە، ئەگەر مەبەستتە لەوە زیاتر تێپەڕێت، ئەوە کچی لای ئێمە وا پەروەردە کراوە کارێك ناکات کەڕێ‌و ڕەسم‌و داب‌ونەریتی کۆمەڵایەتی ببەزێنێت. ئێمە دڵنیاین لەکچەکانمان کارێك ناکەن کە کەسایەتیان لەکەدار بێت‌و ببێتە مایەی سەرزەنشت کردنی لەلایەن کەسوکاری‌یەوە.

## چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی

مرۆڤ‌و کۆمەڵگاکان لەگەڵ کێشەو گیروگرفتەکاندا هەمیشە ململانێیانە، وەك دیاردەیەك بەدرێژایی تەمەنی مرۆڤایەتی بنبەست نەکراون‌و هەمیشە کێشەی نوێ پەیدا دەبێت‌و بەرۆکی مرۆڤ‌و کۆمەڵگاکان دەگرێت. لەفۆرمی ڕاپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێك ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کراوە لەخشتەی(٢١)دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی(٢١)**

**رای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات لەسەر چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی یەکانیان**

| چارەسەری کێشەکان | ژمارە | ڕێژە% |
|---|---|---|
| خۆت‌و خێزانەکەت | ١٢ | ٨% |
| خزم‌و کەس‌وکار | ٨ | ٥,٣٤% |
| دادگاو یاسا | ١٣٠ | ٨٦,٦٦% |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠% |

زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەخشتەی(٢١) دەرکەوتوون. (١٢) سەرەك خێزانیان بۆ چارەسەری کێشەو گیروگرفتەکانیان پشت بە(خۆیان‌و خێزانەکانیان) دەبەستن، بەڕێژەی(٨%). هەروەها(٨) سەرەك خێزان بۆ چارەسەی کێشەکانیان هانا بۆ(خزم‌و کەس‌وکار) دەبەن، بەڕێژەی(٥,٣٦%). وە(١٣٠) سەرەك خێزان کێشەو گیروگرفتەکانیان لەڕێگای(دادگاو یاسا) وە چارەسەردەکەن بەڕێژەی(٨٦,٦٦%).

ئەو زانیاریانە راستییەك نیشان دەدەن ئەویش ئەوەیە کۆمەڵگای هەورامان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکانیان پشت بە(دادگاو یاسا) دەبەستن، کەواتە داب‌ونەریتی کۆمەڵایەتی دراوەتە دواوە لەچارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای هەوراماندا، بۆیە(ئەنجومەن‌و ریش سپی‌و مەلاوشێخ‌و پیاوماقوڵ) هیچ ئاماژەیەکیان پێ نەدراوە لەچارەسەری کێشەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەرچەندە لەکۆمەڵگای هەوراماندا کێشەو گیروگرفت کەمە زۆر بەکەمی کێشەکانیان روبەڕوی دادگاو یاسا دەبنەوە. ئەگەر هاتوو کێشەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتی‌یەکان قورس بوون‌و خێزان‌و کەسوکار بۆیان چارەسەرنەکران ئەوساکە روبەڕوی دادگاو یاسایان دەکەنەوە.

## باسی سێیەم

# ژیانی ئابووری

### دەرامەت:

ژیانی ئابووری هەموو چالاکیو جموجوڵەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە بەمەبەستی بژێویو گوزەران. لەفۆرمی راپرسییەکەدا پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە کەئایا دەرامەتی هەورامان بەشی پێویستییەکانتان دەکات؟ وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە زۆرینەیان بە(نەخێر) بووە. ئەو وەڵامە ئاماژە بەوە دەدات دەرامەتەکانی کۆمەڵگای هەورامان کەمن، بەشی پێویستییەکانیان ناکەن. لەم سەردەمەدا پێویستییەکانی ژیان زۆربوونو دەرامەتەکان گۆڕانێکی بەرچاویان بەسەردا نەهاتووە، نەکارگەیەك کراوەتەوە، نە سەرچاوەیەکی تری بەدەست هێنانی دەرامەت بۆ کۆمەڵگاکە دەستەبەر کراوە، بۆیە دەرامەتەکان بەشی دابینکردنی پێویستییەکان ناکەن.

### رووبەری زەوی:

زەوی یەکێکە لەتوخمەکانی بەرهەم هێنان، رۆڵو کاریگەری هەیە لەسەر زۆرو کەمیو چاكو خراپی بەرهەم. لەفۆرمی راپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە، ئایا کەمی رووبەری زەوی هاندەر بووە رەزو باخ دابنێن؟ وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە زۆرینەیان بە(بەڵێ) بووە. ئەو وەڵامەش راستییەك بەدەستەوە ئەدات کەڕووبەری کشتوکاڵی لەهەوراماندا کەمە بۆیە خەڵکەکەی بەماندوبوونێکی زۆر جۆری کشتوکاڵەکەیان گۆڕیوە لەڕووەکەوە بۆ دارودرەختو رەزو باخ تا پێویستییەکانیان پڕبکەنەوە.

## پیشە دەستی‌یەکان:

لەجیهاندا پیشە دەستییەکان زیاتر پەسەندن‌و خواستیان لەسەرە لەناو هەموو پیشەسازییەکاندا. بەڵام روو لەکزین‌و بەرەو لەناوچوون دەچن، چونکە بەرهەمی کارگە جێی پێ لێژ کردوون. لەفۆرمی راپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە، ئایا پیشە خۆماڵی‌یەکانتان لاپەسەندن؟ لەوەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بە(بەڵێ) بووە. ئەو وەڵامە ئاماژە بەوە دەدات کەپیشە دەستی‌یەکانی هەورامان هێشتا لای کۆمەڵگاکە پەسەندن‌و خواستیان لەسەرە. ئەو پیشانەی هەورامان کەخواستیان لەسەرەو تا ئێستا لای هەورامییەکان پەسەندن‌و گران بەهان گرنگترینیان چنین‌و رستن‌و چەرم‌و کانزاکردنن وەك(شاڵ، کلاش، بەرماڵ، مەوج، جاجم، شاڵینە، خەرار، لفکە، گۆرەوی، چەقۆ، ... هتد) بەکورتی دوان لەو پیشە دەستی‌یانە دەخەینە روو:-

**کلاش کردن:** کلاشی هەورامان بەناوبانگە جۆرێکە لەپێڵاو، کەرەستەکانی لەپەڕۆو چەرم‌و دەزوو پێك دێن، وەرزی‌یەو هاوینەیە لەگەڵ ئاوو تەڕی‌دا ناگونجێت، سوکەو فێنکە قاچ بۆن ناکات‌و تەندروستە، گران بەهایەو ئەرك‌و ماندوبوون‌و خەرجێکی زۆری دەوێت، زۆر بەرگە دەگرێت‌و قایمە، راست‌و چەپی بۆ نی‌یە هەر تاکێکی بۆ هەردوو قاچ دەشێت‌و دەتوانرێت رۆژانە یا هەفتانە پێ‌وپێ بکرێن‌و بگۆڕێن، تاکی قاچی چەپ بکرێتە قاچی راست‌و بەپێچەوانەشەوە. هەردوو رەگەز(نێرو مێ) بەشداری دەکەن لەدروست کردنیدا، لەدووبەش پێك هاتووە بەشی ژێرەوەی پێی دەوترێت(ژێرە کلاش) لەپەڕۆو چەرم دروست دەکرێت‌و وەستای خۆی هەیە کەپێی

دەوترێت(کلاشکەر) ئەم بەشەی کلاش رەگەزی نێر دروستی دەکات، چونکە پێویستی بەهێزو تواناو ماندووبون هەیە. بەشی دووەمی پێی دەوترێت(سەرە کلاش) هەردوو رەگەزەکە(نێرو مێ) دەیچنن. ئەو کەرەستانەی کەبەکار دەهێنرێت لەدروست کردنی کلاش دا جگە لەپەڕۆو چەرمو دەزوو ئەمانەیە(کۆتە، مشتە، درەوش، دەقاق، تەبەنێ،... هتد) دواتر ئەو دوو بەشە بەیەکەوە دەبەسرێنو شیرازە دەدرێنو ئامادە دەکرێت بۆ بەکارهێنان. کلاش جۆری زۆرەو بەناوبانگەکانیان(گیوەیی، تایبەتی، بازاڕی)یە. بۆ زانیاری زیاتر سەیری پاشکۆی(٨)بکە.

**رانکو چۆغە(شاڵ):** یەکێکە لەپیشە دەستییەکانی چنینو رستن، پۆشاکێکی نایابە، هەردوو رەگەزی(نێرو مێ) لەدروست کردنیدا بەشداری دەکەن، دوو جۆرە: جۆری یەکەم رانکۆچۆغەی خورییە: لەخوری(مەڕ) دروست دەکرێت. جۆری دووەم رانکوچۆغەی مەرەزە: لەتوکی(بزن)ی مەرەز دروست دەکرێت. جۆری زۆرە وەك(خورمایی، کەشی، سپی، شینکی) سوکەو گەرمە بۆ زستانو فێنکە بۆ هاوین، گران بەهایە، بەدوو قۆناغ بەرهەم دەهێنرێت، قۆناغی یەکەم رەگەزی(مێ) دەستی پێ دەکات، لەشتنو شی کردنەوەو پاك کردنەوەو رستنو تا دەیکاتە گلۆڵە. قۆناغی دووەم رەگەزی(نێر) تەواوی دەکات لەرێگەی وەستاوە کەپێی دەوترێت(جۆلا) وەدەبێت جۆلا رەگەزی نێر بێت چونکە ئەو قۆناغە پێویستی بەماندوبونو هێزو توانای زۆر هەیە، کە لەتوانای رەگەزی مێدا نییە. جۆلا شاڵەکە دروست دەکاتو دەیکاتە پارچەیەکی درێژ، کەدرێژییەکەی جیاوازە لە(٣٠-٤٠) مەتر دەبێتو پانییەکەی لە(١٠-١٥) سانتیمەتر دەبێت. دواتر دەنێررێت بۆ(بەرگدروو) ئەویش دەیدروێتو ئامادە دەکرێت بۆ لەبەر کردن. بۆ زانیاری زیاتر سەیری پاشکۆی(٨) بکە.

**كارگە :**

کارگەو کارخانەی گەورە لەناو هەچ کۆمەڵگایەك‌و هەچ وولاتێکدا دامەزرابێت، نیشانەی پێش کەوتن‌و بەرزبونەوەی ئاستی گوزەران‌و پێش کەوتنی ئابووری ئەو گەلەیە. لەفۆرمی راپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە، ئەگەر کارگە بکرێتەوە لەهەوراماندا کەرەستە خاوەکانی دەستەبەردەکرێن؟ زۆرینەی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بە(بەڵێ) بووە. ئەو وەڵامەش ئاماژە بەوە دەدات لەسنوری جوگرافیی کۆمەڵگای هەوراماندا کەرەستە خاوەکانی هەندێك پیشەسازی دەست دەکەون، جگە لەکەرەستە خاوەکان لەهەوراماندا دەستی کار بەکرێ‌یەکی کەم دەستەبەر دەکرێت، هەروەها خەڵکەکە شارەزاییان هەیە لەهەندێك پیشەسازی‌ی سووك دا بەتایبەتی پیشە دەستی‌یەکان. ئەگەر کارگەیەك دابمەزرێت لەسنورەکەدا بێگومان کاریگەری دەبێت لەسەر گۆڕینی ژیانی ئابووری کۆمەڵگاکە.

**بازرگانی :**

ئاڵوگۆڕکردن‌و جم‌وجوڵی بازرگانی لەهەچ کۆمەڵگایەکدا هەبێت بێگومان پێداویستییەکانی ژیان بەئاسانی دەستەبەر دەکرێن. لەفۆرمی راپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە، ئایا بازرگانی لەهەوراماندا گەشە دەکات؟ زۆرینەی وەڵامی نموونەکە بە(بەڵێ) بووە. ئەو وەڵامەش راستییەك نیشان دەدات ئەویش ئەوەیە(چالاکی‌ی بازرگانی) لەهەوراماندا لاوازە زۆرتر کۆمەڵگاکە پەیڕەوی سستمی ئابووری خۆبژێوی کردووە هەرچەندە دەرامەتەکانیشی کەم بوون ئەگەر بێتوو بەراورد بکرێت لەگەڵ زۆری خواستەکان‌و ژمارەی دانیشتواندا، دوور نی‌یە هەندێك پێویستی کۆمەڵگاکە

بەئاسانی دەستەبەر نەکرێن‌و دەست نەکەون لەکاتی پێویستدا ئەگەر کێشەو گیروگرفتێك روو لەکۆمەڵگاکە بکات، چونکە ئێستا زۆرینەی پێویستی‌یەکانی ژیان لەدەرەوەی هەورامان دابین دەکرێن.

## هەورامان وەك پێویست ئاوەدان نەکراوەتەوە

هەورامانی لهۆن- حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك پێویست ئاوەدان نەکراوەتەوە. لەفۆرمی راپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە. لەخشتەی(٢٢) خراوەتە روو.

خشتەی(٢٢)

وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات لەسەر ئەوەی هەورامان وەك پێویست ئاوەدان نەکراوەتەوە

| فاکتەرەکانی ئاوەدان نەکردنەوەی هەورامان | ژمارە | رێژە% |
|---|---|---|
| نائارامی باری رامیاری‌و شەڕوشۆڕ | ٣١ | ٢٠,٦٧% |
| بێ دەرامەتی‌و هەژاری خەڵکەکە | ٤٤ | ٢٩,٣٣% |
| بێ خاوەنی‌و بێ حکومەتی | ٢٣ | ١٥,٣٣% |
| خراپی هەڵوێستی بەرپرسەکان | ٤٨ | ٣٢% |
| دەوڵەمەندەکانی هەورامان یارمەتی نادەن | ٤ | ٢,٦٧% |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠% |

زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەخشتەی(٢٢) دەرکەوتوون. ئاوەدان نەکردنەوەی هەورامان دەخەنە ئەستۆی ئەم فاکتەرانە بەم جۆرە: بەرێژەی(٢٠,٦٧%) دەیخەنە ئەستۆی خراپی باری رامیاری ناوچەکەو ئەو شەڕو ئاژاوە ناوخۆییەی کەماوەیەکی دوورو درێژ بەرۆکی

هەورامانی گرتبوو، بەڕێژەی(٢٩,٣٣٪) هۆی بێ دەرامەتیو هەژاری خەڵکەکە دەکەنە فاکتەری ئاوەدان نەکردنەوەی هەورامان، بەڕێژەی(١٥,٣٣٪) حکومەتو بێ خاوەنی دەکەنە هۆی ئاوەدان نەبونەوەی هەورامان، بەڕێژەی(٣٢٪) خراپی هەڵوێستی بەرپرسەکان بەرامبەر هەورامان دەکەنە هۆی ئاوەدان نەبونەوەی هەورامان، بەڕێژەی(٢,٦٧٪) ئاوەدان نەکردنەوەی هەورامان دەخەنە ئەستۆی دەوڵەمەندەکانی هەورامان.

زانیارییەکانی ئەو خشتەیە ئەوە نیشان ئەدەن کەکۆمەڵێك فاکتەری کاریگەر هۆی ئاوەدان نەبونەوەی هەورامانن. لەسەروو هەموویانەوە(هەڵوێستی خراپی بەرپرسەکان) کەزۆرترین خێزان ئاماژەیان پێداوەو بەرزترین ڕێژەی هەیە لەخشتەکەدا.

تەواوکەری ئەم پرسیارە بەشێکی تری لەفۆرمی راپرسیەکەدا کەئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کراوە، بۆچی هەورامییەکان کۆچ ناکەنەوە لەشارەکانەوە بۆ هەورامان؟ لەخشتەی(٢٣)دا خراوەتە روو.

**خشتەی(٢٣)**

**وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات لەسەر نەگەڕاندنەوەی هەورامیەکان لەشارەکانەوە بۆ هەورامان**

| کۆچ نەکردنەوە بۆ هەورامان | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| نەبونی شوێنی نیشتەجێ بون(خانو) | ٣٦ | ٢٤٪ |
| نەبونی ئیشوکار لەهەورامان | ٣٤ | ٢٢,٦٧٪ |
| دڵنیا نەبوون لەباری رامیاری | ٣١ | ٢٠,٦٦٪ |
| نەبونی هاندەرو دڵسۆز | ٤٢ | ٢٨٪ |

| | | |
|---|---|---|
| راهاتنیان لەسەر ژیانی شار | ٧ | ٤,٦٧٪ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەخشتەی(٢٣) دەرکەوتوون. هۆی نەگەڕانەوەو کۆچ نەکردنەوەی هەورامییەکان لەشارەکانەوە بۆ هەورامان بەکۆمەڵێك فاکتەر دەزانن بەم جۆرە. بەڕێژەی(٢٤٪) دەیگێڕنەوە بۆ نەبونی شوێنی نیشتەجێ بوونو نەبونی خانوو، بەڕێژەی(٢٢,٦٧٪) دەیگێڕنەوە بۆ نەبونی ئیشو کار لەهەوراماندا، بەڕێژەی(٢٠,٦٦٪) دەیگێڕنەوە بۆ دڵنیا نەبونیان لەباری رامیاری، بەڕێژەی(٢٨٪) دەیگێڕنەوە بۆ نەبونی هاندەرێكو دڵسۆزێکی هەورامان، بەڕێژەی(٤,٦٧٪) دەیگێڕنەوە بۆ راهاتنیان لەسەر ژیانی شار.

وەڵامەکانی خشتەی(٢٣) لەیەکەوە نزیکن، دیارە ئەو فاکتەرانە وەك یەك کاریگەرییان هەیە لەسەر کۆچ نەکردنەوەی هەورامییەکان لەشارەکانەوە بۆ هەورامان. بەڵام نەبونی هاندەرێكو دڵسۆزێك زۆرترین خێزان ئاماژەیان پێداوەو بەرزترین رێژەی هەیە، دەبێت ئەو فاکتەرە لەوانی تر کاریگەرتر بێت. بەڵام رای ژمارەیەکی خەڵکی هەورامانمان وەرگرت لەسەر ئەوەی بۆچی ناگەڕێنەوە بۆ هەورامان رای زۆرینەیان لەیەکەوە نزیکەو پێیان وایە ژیانو گوزەران لەناو شارەکاندا ئاسانتر دەستەبەر دەکرێتو ماندووبونو ئەرکی زۆری ناوێتو پاشەڕۆژی منداڵەکانیان رونترەو بەفیڕۆناچێت، چونکە لەشارەکاندا ئیشوکار زۆرەو هەمە چەشنەیەو هەورامییەکان لەگەڵیاندا راهاتونو دەتوانن کارەکان راپەڕێنن بەئاسانی وە منداڵەکانیان فێری ژینگەی شارەکان بوونو

لەگەڵ ژینگەی هەورامانداناگونجێن بەتایبەتی لەڕوی خوێندنو خوێندەواریو ڕۆشنبیریو زۆری ئامرازو هۆکارەکانی پەروەردەو فێرکردنو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە.

**جیاوازی لەنێوان شارەکانو هەورامان لەڕوی ئابووریەوە:**

ژیانی شار لەگەڵ ژیانی دەرەوە بێگومان لەکۆمەڵێك رووەوە جیاوازی هەیە. لەفۆرمی ڕاپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردوە، زۆرینەی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بە(بەڵێ) بووە. ئەوەش وەڵامێکە کەڕاستی جیاوازی نێوان ژیانی شارو ژیانی دەوروبەری شار دەسەلێنێت. بۆیە نموونەی توێژینەوەکە لەوەڵامەکانیاندا هاودەنگ بوون.

**کۆسپ (گیروگرفت):**

ژیانی بێ گیروگرفتو کۆسپو تەگەرە هیچ واتایەك نابەخشێت، تەنها ئاژەڵ ژیانی بێ کۆسپ بەسەر ئەبات بەڵام مرۆڤ ژیانی لێوان لێوە لەکۆسپو تەگەرە، توانایەکی واشی هەیە هەمیشە زاڵ ئەبێت بەسەریاندا بۆ هەر گیروگرفتێك چارەسەرێکی داناوە، لەفۆرمی ڕاپرسیدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە، ئایا هیچ گیروگرفتێك هەیە لەبەردەم ژیانی ئابووری هەورامان؟ وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە زۆرینەی بە(بەڵێ) بووەو کۆمەڵێك فاکتەر دیاری کراون کە ئاستەنگن بۆ ژیانی ئابووریی هەورامان لەوانە(جوگرافیا، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی). ئەو وەڵامەش ڕاستییەك بەدەستەوە ئەدات ئەویش ئەوەیە ژیانی ئابووریی کۆمەڵگای هەورامان گیروگرفتو ئاستەنگی زۆری هەیە بۆ پێش خستنی پێویستی بەکاتو ماندوبونێکی زۆر هەیە.

## مولكايەتی:

دیاردەی مولكایەتیو خاوەندارێتی یەكێكە لەدیاردە كۆمەلایەتیو مێژوییەكان كە بەدرێژایی تەمەنی مرۆڤایەتی رۆڵو گرنگی خۆی هەیەو هەبووە، هەروەها خەسلەتێكی رەسەنو تایبەتمەندی ژیانی مرۆڤایەتییە. لەفۆرمی راپرسییەكەدا لەو بارەوە، پرسیارێكمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەكە كردووە. لەخشتەی(٢٤) خراوەتە روو.

خشتەی(٢٤)

وەلامی نموونەی توێژینەوەكە نیشان دەدات لەسەر جۆری مولكایەتی

| جۆری مولكایەتی | ژمارە | رێژە% |
|---|---|---|
| تایبەت | ٧٨ | ٥٢% |
| دەولەت | ٧٢ | ٤٨% |
| كۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠% |

زانیارییەكانی نموونەی توێژینەوەكە لەخشتەی(٢٤) دەركەوتوون. مولكایەتی(تایبەت) بەرێژەی(٥٢%)و مولكایەتی(دەولەت) بەرێژەی(٤٨%) لایان پەسەندە.

ئەم زانیاریانە راستییەك نیشان ئەدەن كەئەویش ئەوەیە كۆمەلگای هەورامان جۆری مولكایەتی(تایبەتو دەولەت) پەسەند دەكەن، دیارە ئەو دوو جۆرە مولكایەتییە دەستەبەری هەندێك لەپێویستییەكانی كۆمەلگاكە دەكەنو سەرچاوەی سەرەكی ژیانو گوزەرانن كەخەلكی هەورامان پشتی پێ بەستوون. بەلام مولكایەتی تێكەڵ لای تێكڕای نموونەی توێژینەوەكە پەسەند نیەو دراوەتە دواوەو ئاماژەی پێ نەدراوە، چونكە خەلكەكە ئەزمونی پێشینەیان هەیە لەگەڵ ئەو جۆرە مولكایەتییەدا كەجگە لەماندوبوونو رەنج بەفیڕۆدان كێشەو

گیروگرفتیان بۆ دروست بووەو ئەو دەرامەتەی کەدەستیان کەوتووە لەو جۆرە مولّکایەتی‌یەدا بەشی پێویستی‌یەکانی نەکردون.

**فرەکاری تاکە کەس:**

کەسایەتی تاکە کەس لەهەندێ کۆمەڵگادا تواوەتەوەو لەهەندێکی تردا بوونی خۆی سەلماندوە. لەفۆرمی راپرسیدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە. لەخشتەی(٢٥) خراوەتە روو.

**خشتەی(٢٥)**

**رای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات لەسەر فرەکاری تاکە کەس لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا.**

| فاکتەرەکانی فرەکاری تاکە کەس | ژمارە | رێژە٪ |
|---|---|---|
| زۆری پێویستییەکان | ٥١ | ٪٣٤ |
| ناوبانگی | ٤٣ | ٪٢٨,٦٧ |
| بەفیڕۆنەدانی کات | ٥٦ | ٪٣٧,٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ٪١٠٠ |

زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەخشتەی(٢٥) دەرکەوتوون. رێژەی(٣٤٪) زۆری پێویستییەکان بەفاکتەری فرە کاری تاکە کەس دەزانن. وە رێژەی(٢٨,٦٧٪) بۆ بەدەست هێنانی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی‌و ناوبانگی‌ی بەفاکتەری فرەکاری تاکە کەس دەزانن. وە رێژەی(٣٧,٣٣٪) بەفیڕۆنەدانی کات بەفاکتەری فرەکاری تاکە کەس دەزانن.

زانیارییەکانی ئەم خشتەیە ئەو فاکتەرانەیان خستونەتە روو کەدەبنە هۆی فرەکاری تاکە کەس لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا. وە تاکە کەس بەهۆی کارەکەیەوە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی بەدەست دێنێت. بێگومان خشتەکە ئەو راستییەی سەلماندووە کەتاك لەهەوراماندا فرەکارە، ئەوەش

بۆ کۆمەڵێك فاکتەریان گەڕاندۆتەوە جگە لەو فاکتەرانەی کە لەفۆرمەکەدا دەست نیشان کراون، گرنگەکانیان ئەمانەن:-

١-ئارەزوو/ تاك لەکۆمەڵگای هەورامانداحەزو ئارەزووی لەئیش کردن هەیە بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ جۆرە دەسکەوتێك بکات، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە هەندێك کارو پیشە هەیە کەبەرەو لەناوچوون دەچن ئارەزوو دەکەن لەو جۆرە پیشانەدا کاربکەن بۆ ئەوەی لەبیر نەچنەوەو نەوەکانیان فێربکەن لەچۆنێتی ئیش‌وکارەکە.

٢-وەرزش‌و تاقی کردنەوە/ تاك لەکۆمەڵگای هەورامانداا فرە کاری وەك وەرزش دەبینێت‌و توانای خۆی تاقی دەکاتەوەو دەپێوێت‌و هەست بەماندوو بوون ناکات‌و بەفرەکاری‌یەکەیدا تاقەت‌و توانای خۆی بۆ دەردەکەوێت لەژیانی رۆژانەدا.

٣-چارەسەری کێشەو گیروگرفت/ فرەکاریی تاك لەکۆمەڵگای هەوراماندا یارمەتیدەرە کەتاکە کەس دوور بێت لەکێشەو گیروگرفتی ژیان.

٤-ئایین/ لەسەردەمە کۆنەکانەوە وایان تێگەیاندوون کەفرە کاری وەك بەجێهێنانی ئەرکە ئایینی‌یەکان وایەو خواپەرستی‌یە، بۆیە تاکە کەس فرەکارە لەکۆمەڵگای هەوراماندا.

# باسی چوارەم

# ژیانی ئایینی

## باوەڕکردن بەشەخسو پیاوچاك:

ئایین وەك سستمێكو وەك دیاردەیەكو وەك پەیامێك لای کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو ڕێزێکی بێ پایانی لێ گیراوە. لەفۆرمی ڕاپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە. لەخشتەی(٢٦) خراوەتە ڕوو.

خشتەی(٢٦)

ڕای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات لەسەر باوەڕبوون بەشەخسو پیاوچاکان لەناو کۆمەڵگای هەورامانـدا

| باوەڕ بەشەخسو پیاوچاك | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| تا ڕادەیەك | ٩٣ | ٦٢٪ |
| بەڵێ | ٣٠ | ٢٠٪ |
| نەخێر | ٢٧ | ١٨٪ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەخشتەی(٢٦) دەرکەوتوون. ڕێژەی(٢٠٪) باوەڕیان بەشەخسو پیاوچاك هەیە و ڕێژەی(١٨٪) باوەڕیان بەشەخسو پیاوچاك نییە و ڕێژەی(٦٢٪)(تا ڕادەیەك) باوەڕیان بەشەخسو پیاوچاك هەیە.

ئەو زانیاریانە ئەو ڕاستییە نیشان ئەدەن تا ئێستا کۆمەڵگای هەورامان تا ڕادەیەك باوەڕیان بەشەخسو پیاوچاك هەیە، ئەوەش

لەئەنجامی کاریگەری ئایینی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە. دووریش نی‌یە فاکتەری تریش کاریگەرییان هەبێت وەك فاکتەرەکانی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و رامیاری‌و رۆشنبیری.

## کاریگەریی ئایینی ئیسلام

ئایینی ئیسلام وەك پەیامێك رۆڵ‌و کاریگەری هەبووە لەسەر لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی. لەفۆرمی راپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە، ئایا ئایینی ئیسلام کاریگەری هەیە لەسەر بوارەکانی ژیان لەهەورامانداا؟ وەڵامی زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە بە(بەڵێ) بووە.

ئەو وەڵامەش راستییەك بەدەستەوە ئەدات کە ئایینی ئیسلام رۆڵ‌و کاریگەری خۆی پاراستووە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی‌ی کۆمەڵگای هەورامان‌و تا ئێستا زۆر پەیڕەوی بنەما ئایینی‌یەکان دەکەن لەراپەڕاندنی هەندێك لەکاروباری رۆژانەیاندا لەبواری کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌دا، زۆر لەپەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانیان بەپێ‌ی حەرام‌و حەڵاڵ ئەنجام ئەدەن کەئایینی ئیسلام دیاری کردوون، هەروەها لەژیانی ئابورییاندا پەیڕەوی بنەما ئابوری‌یە ئیسلامییەکان دەکەن‌و ئەویش هەر بەپێ‌ی رێپێدان‌و رێ پێنەدانی ئایینی پیادە دەکرێن.

## ئایینی زەردەشت:

پێش ئایینی ئیسلام لەناو گەلی کوردا بەگشتی‌و کۆمەڵگای هەوراماندا بەتایبەتی پەیڕەوی بنەما ئایینی‌یەکانی(ئایینی زەردەشت) کراون. لەفۆرمی راپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە لەخشتەی(٢٧) خراوەتە روو.

## خشتەی(٢٧)
## رای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات لەسەر مانەوەی خووڕەوشتی ئایینی زەردەشت لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا

| مانەوەی خووڕەوشتی ئایینی زەردەشت | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢٩ | ٪٨٦ |
| نەخێر | ١٨ | ٪١٢ |
| نازانم | ٣ | ٪٢ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ٪١٠٠ |

زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەخشتەی(٢٧) دەرکەوتوون. ڕێژەی(٪٨٦) رایان وایە لەکۆمەڵگای هەوراماندا هێشتا خووڕەوشتی ئایینی زەردەشت پەیڕەو دەکرێن. وە ڕێژەی(٪١٢) رایان وایە خووڕەوشتی ئایینی زەردەشت لەناو کۆمەڵگاکەدا نەماوە. هەروەها ڕێژەی(٪٢) بە(نازانم) وەڵامیان داوەتەوە.

ئەنجامی زانیارییەکان راستییەك بەدەستەوە ئەدەن کەهێشتا خووڕەوشتی ئایینی زەردەشت لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا زۆر پەیڕەو دەکرێن چونکە زۆرترین خێزانەکانی نموونەی توێژینەوە بە بەرزترین ڕێژە ئاماژەیان پێ داوە. هەروەها هەندێك لەهەڵسوکەوتو خوو و رەوشتی زەردەشتی هەن خەڵکەکە ئەنجامیان ئەدەن بەبێ ئەوەی بزانن کەئەوە لەئایینی زەردەشتەوە سەرچاوەیان گرتووەو بونەتە داب‌ونەریت لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا. بۆ نموونە نابێت درەختی بەردار ببڕن، نابێت سەرچاوەی ئاو پیس بکرێت، نابێت پاشەڕۆ لەسەر زەوی فڕێ بدرێ‌و

زەوی‌یەکە پیس بکات، نابێت ئاگردان بکوژێتەوە، نابێت ئاو بەئاگردا بکرێت، نابێت گای جووت‌و مانگای شیردەر سەرببڕن، ..... هتد ئەمانەو دەیان خوو و ڕەوشتی تری ئایینی زەردەشت بونەتە داب‌و نەریتی کۆمەڵگاکەو تا ئێستا پەیڕەو دەکرێن‌و بەئایینی ئیسلام روپۆش کراون، گوایا ئەو خوو و ڕەوشتانە لەئایینی ئیسلامەوە سەرچاوەیان گرتووە.

## باسی پێنجەم

# ژیانی رامیاری

### بایەخی هەورامان:

لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا کۆمەڵگای هەورامان بێبەش نەبووە لەنەهامەتییەکانی، لەفۆرمی راپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە، ئایا هەورامان بایەخی هەبووە لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردا؟ زۆرینەی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بە(بەڵێ) بووە. ئەمەش ئەو راستییە دەسەلێنێت کە کۆمەڵگای هەورامان بەشداری‌یەکی کاریگەری کردووە لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورداو لەنەهامەتیو زەرەرو زیانەکان دەرباز نەبووە کەروبەرووی گەلی کورد بونەتەوە.

### ئاژاوە( ئاشوبگێڕی ):

دوژمنانی گەلی کورد هەمیشە لەپەرێزدا بوون کەئاژاوەو ئاشوبو ناکۆکیو دووبەرەکایەتی بۆ گەلی کورد بنێنەوە بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانو زیان بەخشین بەگەلی کورد. لەفۆرمی راپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە. لەخشتەی(٢٨ ) خراوەتە روو.

خشتەی(٢٨ )

رای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات لەسەر ئاژاوەگێڕان لەهەوراماندا

| فاکتەرەکانی ئاژاوەگێڕی لەهەوراماندا | ژمارە | رێژە٪ |
|---|---|---|
| وولاتانی دەوروبەر | ٧٠ | ٤٦,٦٧٪ |

| | | |
|---|---|---|
| دەرەبەگەکانی ناوخۆ | ٢٠ | ١٣,٣٣٪ |
| پەیدابونی بیروباوەڕە نوێکان | ٦٠ | ٤٠٪ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەخشتەی(٢٨) دەرکەوتوون. ڕێژەی(٤٦,٦٧٪) وولآتانی دەوروبەر بەفاکتەری ئاژاوەگێڕیو ئاشوبنانەوە دەزانن لەهەوراماندا. وە ڕێژەی(١٣,٣٣٪) دەرەبەگەکانی ناوخۆ بەفاکتەری ئاژاوەگێڕیو ئاشوبەنانەوە دەزانن لەهەوراماندا. هەروەها ڕێژەی(٤٠٪) بیروباوەڕە نوێکان بەفاکتەری ئاژاوەگێڕیو ئاشوبەنانەوە دەزانن لەهەوراماندا.

ئەو زانیاریانە راستییەك نیشان ئەدەن کە لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا ئاشوبگێڕی ئاژەوەگێڕی هەیە وە ئەو فاکتەرانەی سەرەوە رۆڵی تایبەتیان هەیە بەتایبەتی(وولآتانی دەوروبەر) چونکە زۆرترین خێزان ئاماژەیان پێداوەو بەرزترین ڕێژەی هەیە وە بەپلەی دووەم پەیدابونی بیروباوەڕە نوێکان رۆڵیان بینیوە لەئاژاوەگێڕیی لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا.

## دەسەلآتو فەرمانڕەوایی

دەسەلآتو فەرمانڕەوایی دیاردەیەکی کۆمەلآیەتییەو کۆمەڵگا گەورەبێت یا بچووك، سەرەتایی بێت یا پێشکەوتوو ئەو پرۆسەیە بەرجەستە ئەکات بەسەر ئەندامەکانیدا، بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی ژیان. لەفۆرمی راپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە لەخشتەی(٢٩) خراوەتە روو.

خشتەی(٢٩)

رای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات لەسەر پەسەندکردنی دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی لەهەوراماندا

| دەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتەکان | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| حکومەت | ١٤٨ | ٩٨,٦٧٪ |
| حیزب | ٢ | ١,٣٣٪ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

زانیاریەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەخشتەی(٢٩) دەرکەوتوون. ڕێژەی(٩٨,٦٧٪) دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی حکومەتیان پێ باشە. هەروەها ڕێژەی(١,٣٣٪)(حیزب) یان پێ باشە.

ئەو زانیاریانەش راستییەك بەدەستەوە ئەدەن کەکۆمەڵگای هەورامان تەنها مل کەچی دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی حکومەتن چونکە زۆرترین خێزان لەنموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیان پێ کردووەو بەرزترین ڕێژەی بەدەست هێناوە. بەپێی وەڵامی پرسیارەکەو زانیاریەکانی خشتەکە شێخ، بەگو سان سەردەمی فەرمانڕەوایەتیو دەسەڵاتدارییان باش نەبوە، خەڵکی هەورامانیان چەوساندوەتەوەو مافەکانیان پێشێل کردوون. لەو سەردەمەدا هەورامان کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو و داخراو بووە پەیوەندیەکانی بەدنیای دەرەوە کەم بوون. هەورامییەکان پێشینەیان هەیە لەگەڵ دەسەڵاتی ئەو فەرمانڕەوایانەدا بۆیە لەفۆرمی راپرسییەکەدا ئاماژەیان پێ نەدراوەو دەسەڵاتی ئەوانیان لاپەسەند نەبوە، هەرچەندە هەندێك لەخێزانەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەچینە دەسەڵاتدارەکانی کۆنی هەورامان بوون، بەڵام ئەوانیش ئەو دەسەڵاتەیان لا پەسەند نەبوەو داویانەتە دواوە.

## باسی شەشەم

# ژیانی رۆشنبیری

### خوێندن( خوێندەواری ):

فەرهەنگو رۆشنبیریو خوێندنو خوێندەواری نیشانەی پێشکەوتنو دواکەوتنی کۆمەڵگاکانە لەجیهاندا. لەفۆرمی راپرسییەکەدا لەو بارەوە پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە، ئایا رەگەزی(نێرو مێ) بێ جیاوازی دەخرێنە بەر خوێندن لەهەوراماند؟ زۆرینەی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بە(بەڵێ) بووە. ئەو وەڵامەش راستییەك بەدەستەوە ئەدات لەبواری خوێندندا جیاوازی ناکرێت لەنێوان(نێرو مێ)دا لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا، وەك یەك مافی خوێندنیان هەیە. لەناو کۆمەڵگای ئێستای هەوراماندا ژمارەی ئەو قوتابخانەو خوێندنگایانە کەپرۆسەی خوێندن پیادە دەکەن بەم جۆرەیە: (١٤) قوتابخانەی سەرەتایی، یەك خوێندنگای ناوەندی، (٥) خوێندنگای دواناوەندی، (٤٨) مامۆستای پسپۆڕی هەمەجۆر کەهەڵگری بڕوانامەی زانکۆن، (١٢٦) مامۆستای سەرەتایی کەهەڵگری بڕوانامەی پەیمانگاو خانەی مامۆستایانن. ماوەی دوو ساڵە یەك کتێبخانە لەشارۆچکەی تەوێڵە کراوەتەوە، ژمارەیەکی زۆر لەخوێندکارانی هەورامان لەزانکۆکانی کوردستاندا دەخوێنن بە(نێرو مێ)ەوە، ژمارەیەکی زۆری مامۆستاو فەرمانبەر کەخەڵکی هەورامانن لەدامو دەزگاکانی شارەکانی تری کوردستاندا فەرمانبەرنو خزمەت دەکەن، چونکە لەپێویستی ناوچەکە زیاترن، هەموو فەرمانبەرو مامۆستایانی هەورامان خەڵکی ناوچەکەن. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەورامان مەڵبەندی خوێندنی ئایینی بووە، بەڵام ئێستا ئەو جۆرە خوێندنە زۆر کەمەو خوێندنی نوێو قوتابخانە جێی گرتۆتەوە.

## کێشەکانی خەڵکی هەورامان

لەدوایین پرسیاری فۆرمی راپرسییەکەدا(پرسیارێکی کراوە)مان ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کردووە، ئایا کێشەی ترتان هەیە؟ لەخشتەی(٣٠) خراوەتە روو.

خشتەی(٣٠)

وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات لەسەر کێشەو گیروگرفتەکانی تری کۆمەڵگای هەورامان

| کێشەو گیروگرفتەکانی تری خەڵکی هەورامان | ژمارە | رێژە٪ |
|---|---|---|
| کێشەو گیروگرفتە ئابوورییەکان | ٢٤ | ١٦٪ |
| کێشەو گیروگرفتە کارگێڕیو ئیدارییەکان | ٤٨ | ٣٢٪ |
| کێشەو گیروگرفتە رامیارییەکان | ٣٠ | ٢٠٪ |
| کێشەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان | ٢٩ | ١٩,٣٣٪ |
| کێشەو گیروگرفتە رۆشنبیرییەکانو فەرهەنگییەکان | ١٩ | ١٢,٦٧٪ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

زانیاریەکانی نموونەی توێژینەوەکە کە لەخشتەی(٣٠) دەرکەوتوون. رێژەی(١٦٪) گیروگرفتی ئابورییان هەیە، رێژەی(٣٢٪) کێشەو گیروگرفتی کارگێڕیو ئیدارییان هەیە. وە رێژەی(٢٠٪) کێشەو گیروگرفتی رامیارییان هەیە. وە رێژەی(١٩,٣٣٪) کێشەو گیروگرفتی کۆمەلایەتییان هەیە. وە رێژەی(١٢,٦٧٪) کێشەو گیروگرفتی رۆشنبیریو فەرهەنگییان هەیە.

وەڵامەکان زانیارییەك بەدەستەوە ئەدەن ئەویش ئەوەیە کۆمەڵگای هەورامان کێشەو گیروگرفتی هەیە. لەسەروو هەموویانەوە کێشەو گیروگرفتی کارگێڕییە بەپلەی یەکەم. وەکێشەو گیروگرفتی رامیارییە بەپلەی دووەم. هەروەها کێشەو گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بەپلەی سێیەمو، ئابوری بەپلەی چوارەمو، رۆشنبیریو فەرهەنگی بەپلەی پێنجەم دێن. هەریەك لەو کێشانەش هۆکاری تایبەتی خۆیان هەیە، هۆکانی کێشە ئابورییەکان بۆ کەمی سەرچاوەو دەرامەتە ئابورییەکانو خراپی جۆری موڵکایەتی دەگەڕێنەوە، هەروەها کەم بوونەوەی چالاکی کشتوکاڵیو ئاژەڵداریو پیشەگەریو نەبونی کارگەو کۆمپانیا لەناوچەکەدا فاکتەری کێشە ئابورییەکانن. کێشە رامیارییەکان دەگەڕێنەوە بۆ دەست تێوەردانی ئێران لەناوچەکەداو دروست کردنی چەندین گروپو حیزبی ئیسلامی کەئێران یارمەتییان دەداتو ئاراستەیان دەکات بۆ شڵەقاندنو شێواندنی باری ئارامیی ناوچەکە کەزۆرینەی ئەندامەکانی ئەو حیزبانە خەڵکی هەورامان نینو لەناوچەکانی ترەوە نێردراون بۆ هەورامان، جگە لەوەی تێکەڵ بونی دەسەلاتی حیزبو حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە کێشەیەکی رامیاری بۆ خەڵکی هەورامان. کەمتەرخەمیو نەشارەزاییی فەرمانبەرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەی کارگێڕییان بۆ خەڵکی هەورامان دروست کردووە، کەهەندێك لەپلەوپایە کارگێڕییەکان بەهۆی خزمایەتیو دەستەگەریو حیزبایەتیەوە سپێردراون بەجۆرە کەسێك کەشیاوی ئەو پلەوپایەیە نییە. هەروەها زۆربونی ژمارەی دانیشتوانو نەبونی نەخشەو پلانو کۆچکردنی ناوەخت بونەتە هۆی پەیدابونی کێشەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان، جگە لەوانە راگواستنی هەورامان بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان زۆر کێشەی کۆمەڵایەتییان بۆ

کۆمەڵگاکە دروست کردووە، دوای گەڕانەوەشیان بۆ هەورامان ئەو کێشەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتییانە بەچارەسەر نەکراوی ماونەتەوە. کێشەو گیروگرفتە رۆشنبیریو فەرهەنگییەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ کەمی ئامرازو سەرچاوەی رۆشنبیری لەناوچەکەدا وەك کەمی(کتێبخانە، رۆژنامە، گۆڤار، پەرتوك) جگە لەوانە کەمی هۆکانی پەیوەندی کردنو راگەیاندن لەناوچەکەدا بونەتە گیروگرفتی کێشە فەرهەنگیو رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگای هەورامان.

# کۆبەندو پێشنیار

## دەرەنجامەکان

لەتوێژینەوە پراکتیکییەکەدا توێژەر گەیشتە ئەم ئەنجامە گشتی‌یانەی لای خوارەوە:-

بەشی یەکەم/لەزانیاری‌یە گشتی‌یەکاندا ئەم ئەنجامانە تۆمار دەکەین:-

١-پێکهاتەی کۆمەلاّیەتی‌ی کۆمەڵگای هەورامان لەسێ رووەوە دیاری دەکەین:

أ-لەڕوی نشینگەوە:-کۆمەڵگەی هەورامان پێك هاتووە لە(شارۆچکە نشین، دێ نشین، لادێ نشین).

ب-لەڕوی مرۆیی‌یەوە:-کۆمەڵگای هەورامان پێك هاتووە لە(تاك، خێزان، بنەماڵە، کۆمەڵگا).

ج-لەڕوی چینایەتی‌یەوە:-کۆمەڵگای هەورامان پێك هاتووە لە(گشتی خەڵك، شێخ، بەگ‌و سان).

٢-ئاستی گوزەرانی زۆرینەی خەڵکی هەورامان(مام ناوەندە).

٣-کاروپیشەی خێزانەکان(فەرمانبەری‌یە) لەفەرمانگەو دام‌و دەزگا میری‌یەکاندا کەئەوەش پێچەوانەی کارو پیشە کۆنەکەیانە کە بەرەزوباخ‌و پیشە دەستی‌یەکانەوە خێزانی هەورامان بەناوبانگ بووە.

بەشی دووەم/ ئەنجامی زانیاری‌یە پسپۆڕی‌و تایبەتمەندی‌یەکان: گرنگترین ئەنجامەکانی زانیاری‌یەکانی بەشی دووەم ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:-

## أ-جوگرافياو ژیان:

١-جوگرافیای هەورامان کاریگەری هەبووە لەسەر هەموو چالاکیو جمەوجولەکانی خەڵکی هەورامان بەتایبەتی لەڕوی ئابووریو کۆمەڵایەتیو رامیاری‌یەوە.

٢-جوگرافیای هەورامان کاریگەری هەبوە لەسەر پەیدابونی شێوەزاری هەورامیو پاراستنی ئەو شێوەزارە لەفەوتاندنو مانەوەی بەپاکی.

٣-جوگرافیای هەورامان کاریگەری هەبوە لەسەر پاراستنی کلتورو شارستانیەتی گەلی کورد.

## ب-ژیانی کۆمەڵایەتی:

ئەنجامە گشتی‌یەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌ی کۆمەڵگای هەورامان ئەمانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:-

١-لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا دیاردەی(ناوچەگەریو خزمایەتی) لاوازە.

٢-لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا دیاردەی(تۆڵە سەندنەوە) زۆر کەمە یاخود هەر نی‌یە، گیانی لێبوردنی زۆرترە.

٣-لەکۆمەڵگای هەوراماندا دیاردەی(ژن بەژن) نی‌یە.

٤-پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانی کۆمەڵگای هەورامان پشت دەبەستن بە(شوێنی نیشتەجێ بونو شێوەزارەکەیانەوە).

٥-دیاردەی(فرەهاوسەری) لەبەر کۆمەڵێك فاکتەر لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا، هەندێك جار پەیڕەو دەکرێت.

٦-دیاردەی(ژن هێنانی دەرەکی) لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا پەسەندترە.

٧-دیاردەی(شوکردن) لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا زۆرتر لەتەمەنی(١٨) ساڵانەوە دەست پێ دەکات.
٨-لەهەوراماندا(پلەو پایەی کۆمەڵایەتی) تاکە کەس بەدەست دەهێنرێت، تاك دەتوانێت بەئاسانی(پلەوپایەکەی) بگۆڕێت ئاسۆیی بێت یا ستوونی.
٩-کەسایەتی تاك بوونیهەیەو بەهۆی کەسایەتییەکەیو تواناکانیو رۆڵەکانی کەدەیانگێڕێت لەکۆمەڵگادا(پلەوپایەی کۆمەڵایەتی) بەدەست دێنێت.
١٠-دیاردەی(ژن هێنان) زۆرتر لەتەمەنی(٢٥) ساڵانەوە دەست پێ دەکات.
١١-بەپیترین تەمەنی خێزانی دەکەوێتە نێوان ساڵەکانی(٣٥-٤٤).
١٢-دیاردەی(خێزانی بچووك) لەهەوراماندا پەیڕەو دەکرێت.
١٣-بەڕادەیەکی زۆر مافی رەگەزی(مێ) پارێزراوەو سەربەستەو ئازادە.
١٤-کوڕو کچ دوای هاوسەرگرییان، ئازادن لەماڵە باوان جیاببنەوەو خێزانی نوێو سەربەست پێکەوە بنێن.
١٥-ماڵە باوانی هەردوولا(کوڕو کچ) هاوکاریو یارمەتیی منداڵەکانیان دەدەنو دەست گرۆییان دەکەن لەدامەزراندنی تازە خێزانیاندا.
١٦-کەکێشەیەکی کۆمەڵایەتی روودەدات بۆ چارەسەرکردنی زۆرتر رووله(دادگاو یاسا) دەکەن.
١٧-کۆمەڵگای هەورامان پەیڕەوی دیاردەی(منداڵ زۆری) دەکات لەبەر هۆکارەکانی جوگرافیو ئابووریو کۆمەڵایەتی.

١٨-شێوەی ژیان لەهەوراماندا سادەو ساکارەو ئاسانە، پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانیان ڕۆژانەو ڕوو بەڕوو بەهێزن، پێکهاتەکانی ژیانی کۆمەڵگای هەورامان بەیەکەوە بەستراون‌و کار لەیەکتری دەکەن.

**ج-ژیانی ئابووری:**

ئەنجامە گشتی‌یەکانی ژیانی ئابووری کۆمەڵگای هەورامان بریتین لە:-

١-ئێستا دەرامەتەکانی هەورامان کەمن‌و بەشی بژێوییان ناکەن‌و لەدەرەوە پێویستی‌یەکانیان پڕدەکەنەوە. بەڵام لەرابوردودا دیاردەی(خۆبژێوی) پەیڕەو کراوە لەهەوراماندا، لەبەر فاکتەرەکانی جوگرافیی‌و رامیاری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری.

٢-ئێستا زۆرترینی خەڵکی هەورامان پیشەکەیان(فەرمانبەر)یە، ئەوەش کاریگەری خراپی هەیە بۆ سەر پیشە(دەستی‌یەکان‌و کشتوکاڵ کردن).

٣-کەمی روبەری زەوی هاندەر بووە کەخەڵکی هەورامان(رەزو باخ) دابنێن بەرەنج‌و ماندوبونێکی زۆر.

٤-هیچ جۆرە کارگەو کۆمپانیایەك تا ئێستا لەهەوراماندا دانەمەزراوە، بۆیە(بێکاریی وەرزی) لەهەوراماندا بەدی دەکرێت.

٥-بەشێکی زەوی‌و باخ‌و موڵکی هەورامان خاوەنداریەتەکەی بۆ دەرەبەگەکان‌و ئەوقاف دەگەڕێتەوە، بۆیە ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی هەورامان بێ باخ‌و زەوی ماونەتەوەو روویان کردۆتە دام‌و دەزگا حکومییەکان‌و بەپیشەی فەرمانبەر دامەزراون.

٦-بەشێکی زۆری خەڵکی هەورامان، بەو شێوە موڵکایەتی‌یەی ئێستای هەورامان رازی نین‌و بەئاستەنگ‌و گیروگرفتی دەزانن لەبەردەم

گەشەسەندنی باری ئابووریی هەوراماندا، بۆیە داوای موڵکایەتی تایبەت دەکەن.

٧-تاك لەکۆمەڵگای هەوراماندا(فرە کارە) چونکە پێویستییەکانی زۆرن‌و تاك ئارەزوومەندە لەڕێی پیشەکەیەوە(پلەوپایەی کۆمەڵایەتی) بەدەست بێنێت‌و هەروەها(کات) بەفیڕۆ نەدات.

٨-کۆمەڵگای هەورامان گەشبینەو لەو باوەڕەدایە ئابووری هەورامان گەشە بکات.

## د-ژیانی ئایینی:

ئەنجامە گشتی‌یەکانی ژیانی ئایینی کۆمەڵگای هەورامان ئەمانە دەگرێتەوە:-

١-تا رادەیەك خەڵکی هەورامان باوەڕیان بەشێخ‌و شەخس‌و پیاوچاکان هەیە.

٢-بەڕادەیەکی زۆر خەڵکی هەورامان باوەڕیان وایە، کەخوو و رەوشتی ئایینی زەردەشت لەژیانی کۆمەڵایەتی‌ی خەڵکی هەوراماندا بوونی هەیە، تا ئێستاش پەیڕەو دەکرێن، بەبێ ئەوەی کۆمەڵگاکە بزانێت رەگ‌و ریشەی ئەو خوو رەوشتانە پەیوەستن بەبیروباوەڕی ئایینی زەردەشتەوە، وایان تێگەیاندوون کە لەئایینی ئیسلامەوە سەرچاوەیان گرتووە.

٣-ئایینی ئیسلام کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و رامیاری‌ی خەڵکی هەورامان.

## ه-ژیانی رامیاری:

ئەنجامە گشتی‌یەکانی ژیانی رامیاری خەڵکی هەورامان پێك هاتوون لە:-

١-هەورامان بایەخێکی زۆری هەبوە، لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردا.

٢-هەورامان زەرەرو زیانێکی زۆری بەرکەوتووە، بەهۆی شوێنە جوگرافییەکەیو بەشداری کردنی لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا، بەتایبەتی لەدوای(بەرپابوونی جەنگی عێراق-ئێران)و لەسەردەمی(ئەنفال)ـەکانەوە.

٣-وولاتانی دەوروبەر بەپلەی یەکەم کاریگەرییان هەیە لەئاژاوەنانەوە لەناو کۆمەڵگای هەوراماندا، هەروەها پەیدابوونی بیروباوەڕە نوێکان بەپلەی دووەم ئەو رۆڵە دەگێڕن، بەڵام دەرەبەگەکانی ناوخۆ کەمتر ئەو رۆڵەیان گێڕاوە.

١-تێکڕای خەڵکی هەورامان دەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتی (حکومەت)یان پێ باشترە کە فەرمانڕەوایەتی‌یان بکات.

**و-ژیانی رۆشنبیری:**

ئەنجامە گشتی‌یەکانی ژیانی رۆشنبیریی کۆمەڵگای هەورامان لەم خالانەدا بەدەر دەکەون:-

١-نێرو مێ بەبێ جیاوازی رەگەز دەخرێنە بەر خوێندن.

٢-ئاستی خوێندەواری لەکۆمەڵگای هەوراماندا تێکڕا باشە، هەرچەندە خوێندنی بالا ئاستەکەی نزمە، وە نەخوێندەواریش ئاستەکەی کەمە کەبەم جۆرەیە:

-رێژەی نەخوێندەواری زۆر کەمە.

-ئاستی خوێندنی ئامادەیی بەرزە.

-ئاستی خوێندنی بالا نزمە.

## ز-کێشەو گیروگرفت:

ئەنجامە گشتی‌یەکانی تێکڕای خەڵکی هەورامان کۆمەڵێك کێشەو گیروگرفتی تریان هەیە کە لەم خاڵانەدا دەردەکەون:-

١-شوێنی نیشتەجێ بوون(خانوو)ی خەڵکی هەورامان کەمەو بەپێی پێویست خانویان بۆ نەکراوەتەوە، کەقەرەبوی ئەو زەرەرو زیانانە بکاتەوە کە لەشەڕی عێراق-ئێرانو ئەنفالەکاندا بەری کەوتووە.

٢-خەڵکی هەورامان تووشی گیروگرفتی رامیاری بوون، بەچەشنێك کەسەریان لێ تێك چووەو بۆیان ساغ ناکرێتەوە کێ لەمانە فەرمانڕەوای هەورامانە(حیزب، دامو دەزگا میری‌یەکان، نوێنەری حکومەت).

٣-خەڵکی هەورامان گیروگرفتی کارگێڕیو کار بەڕێوەبردنیان هەیە، بەجۆرێك کەسکالآیان کردووە لەدەوام نەکردنی فەرمانبەرەکانو دواکەوتنی ئیشو کارەکانیان.

٢-خەڵکی هەورامان گیروگرفتی(بێ کارەبایی، لاوازی خزمەت گوزاری تەندروستی، لاوازی بواری رۆشنبیری) یان هەیە.

## پێشنیارەکان

بەگشتی پێشنیارو راسپاردەکانی توێژەر کە لەتوێژینەوەکەدا سەرچاوەیان گرتووە بەچەند خاڵێك دەخرێنە روو بەهیوای سوود بەخشینیان کە ئەمانەی لای خوارەوەن:-

١-چوارچێوەو سنوری(مەودای) شێوەزاری هەورامی بەرفراوانە، ناوچەکانی(خانەقینو گەرمیانو کفریو دەوروبەری کەرکوكو شەبەکەکانی لای موصڵو ناوچەکانی شارەزوور...هتد) دەگرێتەوە، کە هەر هەموویان لەئاخافتنیانداو لەناو کلتورو شارستانیەتیانداو تەنانەت زۆری رواڵەتە جوگرافییەکانیان(ووشەی هەورامی) رەنگی داوەتەوە، وەبەکار هێنراوە، ئەوە بێ بنچینەو بێ بنەما نییە. کەچی زماناسو زمانەوانەکان(شێوەزاری هەورامی) یان بەلقێکی بچوکی لقەکانی پێکهاتەی زمانی کوردی(گۆران) قەبڵاندوە. کە بەڕای ئێمە دەبێت پێچەوانەکەی راستتر بێت، ئەگەر سەرنجی ئەم بنەمایانە بدرێت(تەمەنی مێژوویی، رەسەنایەتی ووشە، شارستانیەتو کلتور، بەرفراوانی سنوری جوگرافی، سەرژمێری دانیشتوان). بۆیە پێشنیار دەکەم بۆ زماناسەکان چاوێك بخەشێننەوە بەو پۆلێن کردنەدا. ناڵێم گۆران ببێتە لقێکی شێوەزاری هەورامان، کەوەك موسەویی سەرەك وەزیرانی ئێران ووتویەتی((هەورامی دایکی کرمانجیو سۆرانی‌یە))، بەڵکو پێشنیار دەکەم شێوەزاری هەورامی بکرێت بەلقێکی سەربەست لەپێکهاتەی زمانی کوردیدا.

٢-شوێنەوارناسەکان کە لەشوێنەوارو پاشماوە دێرینەکانی گەلی کورد دەکۆڵنەوە، بەتایبەتی سنوری دەسەڵاتی(سۆمەری، لۆلۆ، کاشی-کەشی، زاموا، ئارابخا، ...هتد) پیشنیاریان بۆ دەکەم، پێش ئەوەی بڕیار

**بدەن یا خۆیان سەردانی کۆمەڵگای ئێستای هەورامان بکەنو فێری شێوەزاری هەورامی بن، یا ئاسەوارەکە هەورامی زانێك(هەورامی ناسێك) بیبینێت بۆ بەراورد کردن لەنێوان شێوەزاری هەورامیداو ئەو ئاسەوارە کەدەدۆزرێتەوە، چونکە نزیکایەتییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەو شێوەزارەو ئەو نوسینە ئاسەواریانەی کەتا ئێستا دۆزراونەتەوەو بەشارستانێتی گەلانی تر ناسێنراون، بەتایبەتی ئاسەواری(سۆمەریو لۆلۆیو کاشی-کەشی)یەکان.**

**٣-لەبەر ئەوەی بێکاری وەرزی لەهەوراماندا بەدی دەکرێتو چەندین جۆر کەرەستەی خاوی پیشەسازی دەست دەکەوێت لەهەوراماندا. پێشنیار دەکەم لەسنوری هەورامانی حکومەتی هەرێمی کوردستان(کارگەیەکی دارتاشی، وەرشەیەکی پیشە دەستییەکان) دابمەزرێنێت بۆ زیندوو کردنەوەو گەشەسەندنی کلتورو شارستانەتی کۆنی کۆمەڵگای هەورامان، بەتایبەتی پیشە دەستییە رەسەنەکان کەهەورامان پێی بەناوبانگ بووە بەتایبەتیو ناسنامەیەکی رەسەنی شارستانێتیی گەلی کورد بووە بەگشتی.**

**٤-پێشنیار دەکەم بۆ حکومەتی هەرێمو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان گرنگی بدەن بە(کادرو فەرمانبەر)ە کشتوکاڵیو پێشەسازیەکان لەهەوراماندا، بەتایبەتی لەبواری پیشە دەستیەکانو رەزوباخ داناندا.**

**٥-پێشنیار دەکەم بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کەپلانو نەخشەی وورد دارِێژن بۆ کرِینەوەی داهاتو بەروبومەکانی کۆمەڵگای هەورامان، بەجۆرێك کە قەرەبوی رەنجو ماندوبونیان بکەنەوە.**

**٦-زۆرترینی خەڵکی هەورامان ئێستا رویان لەدامو دەزگاکانی میری کردووەو دامەزراون لەفەرمانگەکاندا، پێشنیار دەکەم لەپاڵ**

پیشەکەیاندا، گرنگی بدەن بەباخ‌و رەزو پیشە دەستیەکانیان بۆ ئەوەی ئەو شارستانەتە دێرینەی گەلی کورد نەفەوتێت‌و گەشەی پێ بدرێت، چونکە شارستانێت پێناسی رەسەنایەتی گەل‌و نەتەوەیە، گەل‌و نەتەوەی بێ شارستانێت مافی سەربەستی‌و ئازادی‌و سەربەخۆیی نی‌یە.

٧-پێشنیار دەکەم بۆ دام‌و دەزگا میری‌یەکانی ئێستای هەورامان چاوێك بخشێننەوە بە(جۆری کارکردن‌و کاتی کارکردن‌و دڵسۆزییان لەکارکردندا) بۆ ئەوەی ئەو گلەیی‌و گازندانەی کۆمەڵگای هەورامان چارەسەر بکرێن کەهەیانن لەدام‌و دەزگاکان. هەرچەندە خۆشیان دانیان بەو راستیەدا ناوە کە(خراپترین جۆری فەرمانڕەوایەتی کورد، لەچاکترین فەرمانڕەوایەتی داگیرکەران باشترە).

٨-پێشنیار دەکەم ئەو توێژینەوانەی لەپاشەڕۆژدا کە لەسەر کۆمەڵگای هەورامان ئەنجام دەدرێن، بۆ زانیاری کۆکردنەوەی راست‌و دروست، توێژەر لەچەند کەناڵێکی جیاجیاوە زانیاریەکان کۆبکاتەوە، تەنها پشت بەکەناڵێك نەبەستێت، بۆ ئەوەی لەهەڵەو کەموکورتیەکان دوور بکەوێتەوەو زانیاری راست‌و دروست بخاتە سەر خەرمانی زانست.

# نەخشەو پاشکۆکان

# نەخشەی ژمارە (١)
# شارەکانی کوردستانی گەورە نیشان دەدات



## نەخشەی ژمارە (٢)
## نەخشەی کارگێڕیی پارێزگای سلێمانی ساڵی ٢٠٠٣



## نەخشەی ژمارە (٣)
## هەورامانی لهۆنی هەرێمی کوردستانی عیراق، ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ نیشاندەدات



## پاشکۆی(١)

## تاقیکردنەوەی راستیی پێوەر نیشان دەدات

| ناوی شارەزاو پسپۆڕ | ئەو پرسیارانەی کە لەسەریان رازی بوە | ئەو پرسیارانەی کە لەسەریان رازی نەبوە | ئەو پرسیارانەی کەداوای گۆڕینی کردون | ئەو پرسیارانەی کەزیادی کردون | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| پ. د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ | ٥٠ | - | - | ١ | %٩٨ |
| پ. ی. د. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی | ٥٠ | - | ١ | - | %٩٨ |
| پ. ی. د. نوری یاسین هەرزانی | ٤٤ | ٤ | ١ | ١ | %٨٨ |
| پ. ی. د. صباح أحمد النجار | ٤٥ | ٣ | ١ | ١ | %٩٠ |
| پ. ی. د. ئاسۆ ابراهیم عبدالله | ٤٧ | ١ | ١ | ١ | %٩٤ |

**١-پ. د. عیزەدین مستەفا رەسول، بەشی زمان، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.**

**٢-پ. ی. د. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، بەشی زمان، کۆلیژی زمان، زانگۆی سلێمانی.**

**٣-پ. ی. د. نوری یاسین هەرزانی، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سەلاحەدین.**

**٤-پ. ی. د. صباح أحمد النجار، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی موصل.**

**٥-پ. ی. د. ئاسۆ ئیبراهیم عبدالله، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی.**

## پاشکۆی(۲)

## تاقیکردنەوەی جێگیربونی پێوانەیی نیشان دەدات

| ژ | نمرەی چاوپێکەوتنی یەکەم | نمرەی چاوپێکەوتنی دووەم | ڕێکخستنی نمرەکانی چاوپێکەوتنی یەکەم | ڕێکخستنی نمرەکانی چاوپێکەوتنی دووەم | جیاوازی ف | جیاوازی دووجا ف۲ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ۱ | ۸۶ | ۸۵ | ۹ | ۱۰ | ۱- | ۱ |
| ۲ | ۹۰ | ۹۱ | ۵ | ٤ | ۱ | ۱ |
| ۳ | ۸۷ | ۸٦ | ۸ | ۹ | ۱- | ۱ |
| ٤ | ۹۱ | ۹۰ | ٤ | ٥ | ۱- | ۱ |
| ٥ | ۹۲ | ۹۳ | ۳ | ۲ | ۱ | ۱ |
| ٦ | ۸۸ | ۸۷ | ۷ | ۸ | ۱- | ۱ |
| ۷ | ۹۳ | ۹۲ | ۲ | ۳ | ۱- | ۱ |
| ۸ | ۸۹ | ۸۸ | ٦ | ۷ | ۱- | ۱ |
| ۹ | ۸٥ | ۸۹ | ۱۰ | ٦ | ٤ | ۱٦ |
| ۱۰ | ۹٤ | ۹٤ | ۱ | ۱ | سفر | سفر |

# پاشکۆی ژماره (٣)

زانکـــــۆی سلێمانی
بەشی کۆمەڵناســـــی
خوێندنی بـــاڵا

پاشکۆی ( ٣ )
شوێنی چاوپێکەوتن :
بەرواری چاوپێکەوتن :

خوشکان وبرایانی بەڕێز
ئەم پرسیارنامەیە پەیوەستە بەباسێکی زانستییەوە دەربارەی ( ژیانی کۆمەڵایەتی هەورامان ) داواکارین بێپەردە وبەڕاستی وەڵام بدەنەوە بۆخزمەتی زانست وزانیاری . لەگەڵ ڕێزماندا ....

سەرپەرشتیار :- د. ئاسۆ ئیبراهیم عەبدوڵا

ئامادەکار :- عزەت فەتاح حەمە ساڵح
خوێندکاری خوێندنی باڵا (ماجستێر)

تێبینی : ١ - پێویست ناکات ناوی خۆت بنوسیت .
٢ - نیشانەی گونجاو لەجێی دیاریکراودا دابنێ .

**بەشی یەکەم** زانیاری بە گشتییەکانی ئەندامانی سوری لێکۆڵینەوە

١- ڕەگەز : نێر ☐ مێ ☐

٢- شوێنی نیشتەجێبوون : شارۆچکە ☐ دێ ☐ لادێ ☐

٣- ساڵی لەدایکبوون ☐

٤- پلەی خوێندن : نەخوێندەوار ☐ نوسین وخوێندنەوە ☐ سەرەتایی ☐ ناوەندی ☐ ئامادەیی ☐ زانکۆ ☐ باڵا ☐

٥ - باری خێزانی : خێزاندار ☐ بێ‌خێزانە ☐ ئەگەر بێ‌خێزانە : ژنی نەهێناوە ☐ شوی نەکردوە ☐
بێوە پیاوە ☐ بێوەژنە ☐ تەڵاقی داوە ☐ تەڵاق دراوە ☐

٦- ژمارەی ئەندامانی خێزان : ☐ کەس

٧- خاوەندارێتی خانوو : خانوی خۆیەتی ☐ کرێچییە ☐ بە بارمتێ ☐

٨- لەچ چینێکی : گشتی خەڵک ☐ شێخ ☐ بەگ وسان ☐

٩- ئاستی گوزەران : هەژار ☐ مام ناوەند ☐ دەوڵەمەند ☐

١٠- پیشە : جوتیار ☐ کاسبکار ☐ فەرمانبەر ☐ پیشەی تر ☐

**بەشی دووەم :زانیارییە پسپۆڕی وتایبە تمەندییەکان :-**

**جوگرافیاو ژیان**

١١ - ئایا جوگرافیای هەورامان کار لەچالاکییەکانمان دەکات ؟ . بەڵێ ☐ نەخێر ☐

١٢ - ئایا پێکهاتەی جوگرافیای هەورامان پەیوەندی هەیە بەزۆرو کەمی ژمارەی دانیشتوانەوە؟ بەڵێ ☐ نەخێر ☐

١٣- ئایا جوگرافیای هەورامان پەیوەندی هەیە بەشێوەزاری هەورامییەوە ؟.

| بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|

١٤- ئایا ڕژدی جوگرافیای هەورامان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی لاواز دەبێت لەپاشەڕۆژدا ؟.

| بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|

١٥ - ئایا جوگرافیای هەورامان ڕێگر نەبووە بۆ بەدەست هێنانی ئاوات وئامانجەکانت؟.

| بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|

## ژیانی کۆمەڵایەتی :-

١٦- ئایا ژیانی کۆمەڵایەتی هەورامان شێوەی ژیان وهەڵسوکەوتی ڕۆژانەی هەورامییەکانە ؟.

| بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|

١٧ - ئایا ژیانی کۆمەڵایەتی هەورامان تایبەتمەندە بەکۆمەڵگای هەورامانەوە ؟.

| بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|

١٨- ئایا ناوچەگەری وخزمایەتی لەهەوراماندا بەهێزە یان لاوازە ؟.

| بەهێزە | | لاوازە | |
|---|---|---|---|

١٩- ئایا پەیوەندییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگای هەورامان پشت دەبەستن بەشێوەی نیشتەجێ بوونیانەوە ؟ .

| بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|

٢٠- ئایا دیاردەی تۆڵەسەندنەوە لە هەوراماندا هەیە ؟

| بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|

٢١- ئایادیاردەی ژن بەژن لەهەوراماندا پەیرەو دەکرێت ؟

| بەڵێ | | نەخێر | | بەکەمی | |
|---|---|---|---|---|---|

٢٢ - ئایا دیاردەی فرەهاوسەری لەهەوراماندا خراپی لەسەرە ؟

| بەڵێ | | نەخێر | | هەندێجار | |
|---|---|---|---|---|---|

٢٣- لەو جۆرە هاوسەرگیریانە کامیان لات پەسەندە ؟

| خزم | خەڵکی هەورامان | ناهەورامی |
|---|---|---|

٢٤- شوکردن لەو تەمەنانەدا کامیان باشترە ؟

| ١٤سال | ١٨سال | ٢٠سال | زیاتر |
|---|---|---|---|
| | | | |

٢٥- ئایا ژن هێنان لەو تەمەنانەدا کامیان باشترە ؟

| ١٧سال | ٢٠سال | ٢٥سال | زیاتر |
|---|---|---|---|
| | | | |

٢٦- لەکام جۆر لەم خێزانانەیت ؟.

| خێزانی بچوک | خێزانی درێژ | خێزانی پێکهاتوو |
|---|---|---|
| | | |

٢٧- لەکاروباری ڕۆژانەدا پرس وڕا بەهاوسەرەکەت دەکەیت ؟

| بەڵێ | نەخێر | هەندێ جار |
|---|---|---|
| | | |

٢٨- ئایا باوەڕت بەمافی ئافرەت هەیە، کەوەک تۆ چ مافێک هەیە ئەویش هەیبێت ؟

| بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|

٢٩- ئایا ڕێگە ئەدەیت کچەکەت هاوسەری خۆی دیاریبکات ؟

| بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|

٣٠- دوای هاوسەرگری کوڕ وکچەکەت ئایا ڕێگریان دەکەیت لێت جیاببنەوە ؟

| بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|

٣١- ئەگەر توشی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بوویت بۆچارەسەرکردنی کام لەم ڕێگایانە دەگریتەبەر ؟ .

١- خۆت و خێزانەکەت ٢- خزم وکەسوکار ٣- ئەنجومەنی وریش سپی ٤ - مەلاو شێخ و پیاوەناودارەکان ٥- دادگا ویاسا .

## ژیانی ئابوری :-

٣٢ – ئایا سەرچاوەکانی ژیان وگوزەرانی خەڵکی هەورامان هەموو پێویستیەکانیان دابین دەکات ؟.
بەڵێ ☐ نەخێر ☐

٣٣ – ئایا کەمی ڕووبەری زەوی هاندەربووە کەخەڵکی هەورامان باخ ورەز دابنێن ؟.
بەڵێ ☐ نەخێر ☐

٣٤ – ئایا پیشە دەستیەکان ولەو کەلوپەلە خۆماڵیانەی خۆتان لاپەسەندە ؟.
بەڵێ ☐ نەخێر ☐

٣٥ – ئەگەر کارگەی گەورە بکرێتەوە لەهەوراماندا، ئایا کەرەستە خاوەکانی دەستەبەردەکرێن؟ .
بەڵێ ☐ نەخێر ☐

٣٦ – ئایا پێشبینی دەکەیت بازرگانی لە هەوراماندا گەشە بکات ؟.
بەڵێ ☐ نەخێر ☐

٣٧ –ڕێگای هاتووچۆو هۆکانی تری پەیوەندی کردن لەهەوراماندا ئاسان بووە ، بۆچی هەورامان وەک پێویست ئاوەدان نەکراوەتەوە ؟.        ١.        ٢.        ٣.

هەروەها بۆچی لەشارەکانەوە کۆچ ناکەنەوە بۆ هەورامان ؟.
١.        ٢.        ٣.

٣٨ – ئایا جیاوازی هەیە لەڕوی ژیانی ئابوریەوە لەنێوان هەورامان وشارەکاندا ؟.
بەڵێ ☐ نەخێر ☐

٣٩ – ئایا هیچ کۆسپێك هەیە کەڕێگر بێت لەبەردەم ژیانی ئابوری هەوراماندا ؟.
بەڵێ ☐ نەخێر ☐

٤٠ – لەو باوەڕەدایت ژیانی ئابوری هەورامان بگۆڕێت ؟.
بەڵێ ☐ نەخێر ☐

٤١ – ئایا ئەو جۆرە موڵکایەتیەی ئێستای هەورامانت لا پەسەندە؟.
بەڵێ ☐ نەخێر ☐

ئەگەر وەڵامەکەت بەنەخێر بوو کام جۆر لەم موڵکایەتیانەت لاپەسەندە؟.
١ – موڵکی تایبەت .
٢ – موڵکی دەوڵەت .
٣ – موڵکی تێکەڵ .

## ژیانی ئاینی :-

٤٢ – ئایا خەڵکی هەورامان باوەڕیان بەشێخ وشەخس وپیاوچاکان هەیە ؟.
بەڵێ ☐ نەخێر ☐ تاڕادەیەک ☐

٤٣ – ئایا لەناو خەڵکی هەوراماندا خوو ڕەوشتی ئاینی زەردەشتی ماوە؟.
بەڵێ ☐ نەخێر ☐

٤٤ –ئایا ئاینی ئیسلام کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی وئابوری وڕامیاری خەڵکی هەورامان ؟.
بەڵێ ☐ نەخێر ☐

## ژیانی رامیاری :-

| بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|

٤٥- ئایا هەورامان بایەخی هەبوە لەبزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردا ؟.

| بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|

٤٦- ئایا هەموو دزاوە ئاژاوە بخرێتە هەورامانەوە ؟ .

بەرای تۆ کام لەمانە ئاژاوەگێر بوون لەهەوراماندا :

١. وڵاتانی دەوروبەر ٢. دەرەبەگەکانی ناوخۆ ٣. پەیدابونی بیروباوەڕە نوێکان .

٤٧- ئەم دەسەڵاتانە کامیانتان پێ باشە فەرمانڕەوایتان بکات؟.

| حکومەت | حزب | شێخ | بەگ و ئاغا |
|---|---|---|---|
| | | | |

| بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|

## ژیانی رۆشنبیری :-

٤٨- ئایا هەورامییەکان بەبێ جیاوازی رەگەزی نێر و مێ منداڵەکانیان دەخەنە بەر خوێندن ؟.

| بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|

٤٩- ئایا تاک (تاکەکەس) لەهەوراماندا فرە کارە ؟.

| بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|

ئەگەر وەڵامەکەت بە(بەڵێ) بوو ئەو فرە کارییە بۆ کام لەمانە دەگەڕێتەوە ؟.

أ – پێویستییەکان هەمەجۆرن و دەبێت تاک چەند کارێك بزانێت .

ب – بۆ بەدەست هێنانی ناوبانگی پێگەی کۆمەڵایەتی یە .

ج – بۆ پڕکردنەوەی کات و هەست کردنە بەبەرپرسیاریەتی لەناو کۆمەڵگادا .

٥٠- ئایا خەڵکی هەورامان کێشەو گروگرفتیان هەیە ؟.

ئەگەر وەڵامەکەت بە(بەڵێ) بوو کێشەو گروگرفتەکانتان لەمانەی خوارەوە دیاری بکە

أ- گروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان :

ب – گروگرفتە ئابورییەکان :

ج – گروگرفتە رامیارییەکان :

د – گروگرفتە رۆشنبیرییەکان وفەرهەنگییەکان :

ه – هەرگروگرفتێکی تر کەهەتانە :

## پاشکۆی ژمارە (٤)

# ئەوارەکانی علی حسن المجید

ئەمانەی خوارەوە هەڵبژاردەی سەرنج و تێبینییەکانی علی حسن المجیدی سکرتێری گشتیی نووسینگەی باکووری حیزبی بەعسە، لە ژمارەیەك کۆبوونەوەی لەگەڵ کاربەدەستانی پایە بەرزی حیزبی بەعسدا لە ساڵانی ١٩٨٨و ١٩٨٩دا. ئەواری (کاسێتی) زیاد لە دە دوانزەیەکی ئەم کۆبوونەوانە لەنێو دام و دەزگاکانی حوکوومەت و لە ماڵی ئەلمەجیددا لە کەرکووك لە کاتی ڕاپەڕینە سەرنەکەوتووەکەی کورددا، لە مارتی ١٩٩١دا دۆزرانەوە.

**١- کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی نووسینگەی باکوور و پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراق لە ١٥ی نیسانی ١٩٨٨دا.**

هاوینی داهاتوو نابێ هیچ گوندێك لێرەو لەوێ مابێتەوە، کۆمەڵگاکانی لێ بەدەر. دەبێ ڕێك وەکو مریشکە بەکڕی لێ بێت کاتێ جووجەڵەکان دەخاتە ژێر باڵی. ئێمە دەبێ ئەو خەڵکە بخەینە کۆمەڵگاکانەوەو چاویشمان لەسەریان بێت. ئێمە چیتر نایەڵین لە گوندەکاندا بژین و تێکدەران بتوانن سەریان لێبدەن. کۆچکردن لەگوندەوە بۆ شار لە باکووری عێراقدا کارێکی پێویستە. لە ئێستا بەدواوە من ئارد و شەکرو نەوت و ئاووکارەبا نادەم بەو گوندنشینانەی لەوێ بژین. با لە من نزیك ببنەوەو دەنگم ببیستن و منیش ئەو شتانەیان بۆ باس دەکەم کە بڕوام پێیانەو پێویستن بۆ ئایدیۆلۆجی و فێرکردن و هەستی هاوبەش. باشە بۆ چ لێبگەڕێم لەوێ وەك کەر بژین و هیچ شتێك نەزانن؟ بۆ گەنم؟ من گەنمی ئەوانم ناوێ. ئێمە ئەوە بیست ساڵە گەنم لە دەرەوە دەهێنین، با بۆ پێنج ساڵی تریش زیادی بکەین.

من ناوچەی گەورەو فراوان قەدەغە دەکەمو نایەڵم کەسیان تێدا بمێنێت. گوایە چیە ئەگەر ئێمە تەواوی ئەو حەوزە قەدەغە بکەین، لە قەرەداخەوە بۆ کفری بۆ دیالە بۆ دەربەندیخان بۆ سلێمانی؟ ئاخر ئەم حەوزە کوێی چاکە؟ ئێمە تا ئێستا چیمان لێیانەوە دەست کەوتووە؟ ئێوە تێفکرێن چەندمان خەرج کردووەو لەدەستمان چووە لەسەر ئەم ناوچانە. لەنێو ئەو خەڵکەدا چەند هاوولاتی باش هەنو چەندیشیان خراپ تێدایە؟

باشە مەسەلە چیە؟ چی ڕوویداوە؟ سی، بیست، بیستو پێنج ساڵ چالاکیی تێکدەر. بیری لێ بکەنەوە ئێمە چەند شەهیدمان داوە!.... ئێستا تۆ هیچ کاتێ ناتوانی لە کەرکوکەوە بچی بۆ هەولێر بێ ئۆتۆمبیلێکی زرێپۆش. سەرانسەر ئەم حەوزە لە کۆیسنجقەوە بۆ ئێرە (کەرکووک).... من چۆڵی دەکەم. من تا گوێرو مووسڵ چۆڵی دەکەم. یەک مرۆڤی تێدا نامێنێ تەنها ڕێگاوبانە سەرەکییەکان نەبێت. تا پێنج ساڵی تر نایەڵم یەک بنیادەم پێ بخاتە ئەوێوە. من کشتوکاڵیانم ناوێ، تەماتەم ناوێ، بامیو خەیارم ناوێ. ئێمە ئەگەر بەم شێوەیە کار نەکەین چالاکیی تێکدەران هەرگیز کۆتایی نایەت، تا یەک ملیۆن ساڵی تریش. ئەمە هەموو تێبینییەکانی من بوو، بەلام پشت بە خوا ئێمە زۆر بە زوویی لە کۆڵیان دەکەینەوەو لە ئێستاوە مانگێ زیاتری پێ ناچێتو لە هاوینیدا هیچ شتێک نەماوەتەوە.

**٢- کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی نووسینگەی باکوور و بەرپرسانی حیزبی بەعس لە پارێزگاکانی باکووردا: ئەواردکە مێژووی ٢٦ی مایسی ١٩٨٨ی لەسەرە، بەلام بە پێی قسەکان و بەراوردکاری لەوەدەچێ هی ساڵی ١٩٨٧ بێت.**

(وەڵامدانەوەی پرسیارێك لە بارەی سەرکەوتنی پەلاماری ڕاگوێزانەوە)

ڕاستیکەی ئەوەی ئێمە ئەنجاممان داوە شتێکە کەوا حیزب و سەرکردایەتی هەرگیز نەیانتوانی بیکەن تا ساڵی ١٩٨٧. بەشێك لەمە لەسایەی یارمەتی و پشتیوانی خواوە بوو و هیچی دیکە نەبوو. بە پێچەوانەوە ئەگەر ئێوە سەرپەرشتیی جموجووڵی سەربازیی ئەو هێزانەتان بکردایە کەوا بەشداری پەلامارەکە بوون زەرەر و زیانێکی زۆرترتان دەبوو لەوەی کە ئێمە بووەمان. بیری لێ بکەنەوە لە کارێکی ئاوهادا چەندمان شەهید و زیانی قورس دەبوو!

باشە چی ڕوویداوە؟ ئەمانەن تێکدەران؟ ئەمانە ئەو کەسانە بوون کە ئێوە لێیان دەترسان؟ ئەمە باری ڕاستەقینەی تێکدەرانە و ئێوەش ئەم هەموو کەرەستە و توانایەتان هەیە. ئەوان ناتوانن بەرەنگارتان ببنەوە، کاتی خۆی بەرەنگاری فیرقەیەکیش دەبوونەوە تەنها بە چەند ڕەشاشێکی کەمەوە. کەچی ئێستا تەنها بە تۆپی سووك لە دوورەوە تۆپبارانمان دەکەن.

لەوەدەمەدا کە من هاتم هەندێکتان لێرە کارتان دەکرد. من زۆر پەرۆشی ئەم کارە بووم و ئێوەش ڕەنگە لە دڵی خۆتاندا وتبێتتان ((چاکە، کەمێك چاوەڕوان بە! کەمێك چاوەڕوان بە! ئەو کەسانەی پێش تۆ لێرە بوون هەمان شتیان دەوت و دواییش هیچیان نەکرد!)) ئێوە هەر دەبێ کارێك بکەن. ئەمە چەند ساڵە و تێکدەران هەرماون، لەکاتێکدا کە ئێمە ئەم سوپا گەورە و بێشومارەمان هەیە! سوێندم بەخوا کارەکە وەك پێویست بەڕێوەنەچووە. تەواوی هێزەکانی سوپای عێراق نەیانتوانی ئەوە بکەن کە

ئێمە کردمان، چونکە ئەمە (واتە ڕاگواستن) لە ئاخەوە ئازاریان دەدا، دەیانکوژێ.

(لێرەدا دەنگێک کەوا بەنەبو محەمەد هاتە ناساندن بەرزبۆوە و وتی: تەنها خوا دەتوانێ لەئێوە زیاتر بکات، چونکە ئێوە دەتوانن هەموو شتێک بکەن. ئەمە حیزبی بەعسەو دەتوانێ هەموو شت بکات).

تێکدەران تەماشای فەرمان و ڕاسپاردەکان دەکەن. فەرمانەکان ئەو گوڕو هێزەیان تێدانیە. ئەوانی پێشوو سەد جاران بەهێزتر بوون، بەڵام لەگەڵ قەناعەت و بڕوای ئەوانەدا کە بە جێیان دەهێنا یەکیان نەدەگرتەوە. ئێستا ئەو بڕوایە هەیە. ئێمە وتمان لە فلانە کاتدا دەست دەکەین بەجێبەجێ کردنی پەلاماری ڕاگوێزان و بەپشتیوانی خوا لە هەموو شوێنێک کردمان. لە هەمان ڕۆژدا (لە ١٩٨٧دا) ئەوان بۆ تۆڵەکردنەوە قەرەداخیان گرت.

جەلال تاڵەبانی داوای لێ کردم کەناڵێکی پەیوەندیی تایبەتیی لەگەڵدا بکەمەوە. ئەو ئێوارەیە من چووم بۆ سلێمانی و بەچەک و کەرەستەی تایبەت لێم دان[1]. ئەوە وەڵامی من بوو. ئەوجا ئێمە هەر بەردەوام بووین لەسەر ڕاگوێزان. من بەموستەشارەکانم ڕاگەیاند کەوا ڕەنگە بڵێن ئێمە گوندەکانی خۆمان خۆش گەرەکە و ئامانەوێ بەجێیان بێڵین. وتم من ناتوانم لە گوندەکەت بگەڕێم* لە شوێنی خۆی بمێنێ، چونکە بەچەکی کیمیایی لێی دەدەم و ئەوکاتە خۆت و خێزانت تیادەچن. تۆ دەبێ هەر ئێستا بەجێی بێڵیت. لەبەرئەوەی ناتوانم پێت بڵێم من چ ڕۆژێ بەچەکی کیمیایی لێی دەدەم. من هەر هەموویان بەچەکی کیمیایی تاق بڕ دەکەم! بزانم کێ قسە دەکات؟ کۆمەڵی نێودەوڵەتی؟ لەکۆمەڵی نێودەوڵەتی بەم و

[1] ئەمە لەوانەیە ئاماژە کردن بێت بۆ پەلامارە کیمیاییەکەی نیسانی ١٩٨٧ بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی PUK لەدۆڵی جافەتیدا.

* لێرەدا لەگەڵ تاک دەدوێ و مەبەستی گوندە. ئەمەش لە ئاخاوتنی میللیی زمانی عەرەبیدا باوە-و.

لەوانـەش گوێیـان لێدەگـرن! تەنانـەت ئەگـەر شـەڕ لەگـەڵ ئێرانیشـدا بوەستێ‌و ئێرانییەکان لە تەواوی ئەو شوێنانە بکشێنەوە کەوا داگیریان کردووە، من هەر دانوستان لەگەڵ ئەودا ناکەم (واتە تاڵەبانی) و ڕاگواستن ناوەستێنم. ئەمە نیازی منە‌و دەمەوێ بەچاکی ئاگاداری بن.

هەر کاتێکیش لەڕاگوێزان بووینەوە لە هەموو شوێنێک دەست دەکەین بە پەلاماردانیان‌و بەپێی نەخشە‌و پلانێکی داڕێژراوی سەربازی پێشەو سەنگەرەکانیشیان دەکوتین. لەو هێرشانەدا سێیەک یان نیوەی ئەو شوێنانە دەگرینەوە کە لەژێر دەسەڵاتیاندایە. ئەگەر توانیمان دوو لەسەر سێی شوێنەکانیان لێبگرینەوە ئەوە لە کەلێن‌و قوژبنی بچووک بچووکدا دەوریان دەدەین و ئەوجا بەچەکی کیمیایی لێیان دەدەین. من تەنها ڕۆژێک بە کیمیایی لێیان نادەم، بەڵکو بەردەوام ماوەی پانزە ڕۆژ بەچەکی کیمیایی دەیانکوتم. دوای ئەوە ڕایدەگەیەنم کە هەر کەسێک دەیەوێ بە چەکەکەیەوە خۆی بداتە دەستەوە ڕێگەی پێ دەدرێت. ئەوکاتە من یەک ملیۆن لەم ڕاگەیاندنە چاپ دەکەم‌و بەسەر باکووردا بڵاوی‌دەکەمەوە، بەکوردیی سۆرانی‌و بادینانی وبە عەرەبیش. من ناڵێم ئەمە لەلایەن حوکوومەتی عێراقەوەیە و نایەڵم حوکوومەت تێکەڵی کارەکە ببێت. من دەڵێم ئەمە لێرەوەیە (واتە نووسینگەی باکوور). جا ئەوی حەز دەکا بگەڕێتەوە بەخێریبێتەوە، ئەوانی نەگەڕانەوە دیسانەوە بەچەکی نوێ هێرشیان دەکەمەسەر. من ناوی چەکی کیمیایی نابەم چونکە ئەوە قەدەغەیە، بەڵام دەڵێم بەچەکی کوشندەی نوێ داتان دەڕژێنم. بەم جۆرە هەڕەشەیان لێدەکەم‌و هانیان دەدەم خۆ بەدەستەوە بدەن. جا ئەوکاتە دەبینن هەرچی ئۆتۆمبیلی دنیا هەیە فریای گواستنەوەیان ناکەوێ. من وا هەست دەکەم‌و وای بۆ دەچم کە ئەوانە بۆڕ دەدرێن‌و دەبەزن. سوێند دەخۆم‌و دڵنیام کە دەیانبەزێنین.

من بە هەڤاڵە پسپۆڕەکانم وتووە کە چەند دەستەیەکی گەریلام لە ئەورووپاوە پێویستە بۆ کوشتنی هەر کامێک لەوانە (واتە لە تێکدەران) کە

لەكوێ دابنێم؟ بۆیە كەوتوومەتە دابەشكردنیان بەسەر پارێزگاكاندا، ئەوكاتەش بلدۆزەرەكان بەملاوبەولادا بلاوەپێدەكەم[4]....

٥- كۆبوونەوەی بەخێرهاتنی حسن علی العامری، كە لەجێی ئەو بەڕێوەبەرو بەسكرتێری گشتیی نووسینگەی باكوور، ١٥ی نیسانی ١٩٨٩.

حەزدەكەم پێ لەوە بنێم كە من كەسێكی گونجاو نیم و گونجاویش نابم بۆ بارودۆخی ئێستای جێگیر لەباكووردا.... بۆ باری ئێستای ئاشتی و سەقامگیر هەڤاڵ حەسەن عەلی كەسێكی گونجاوە، من ئامادەم بگەڕێمەوە و هەرشتێك ئێوە بەپێویستی دەزانن بیكەم، بۆیە حەزدەكەم هەر بەئەندامی نووسینگەی باكوور بمێنمەوە. هیوادارم هەڤاڵانی باكوور داوا لەهەڤاڵ حەسەن عەلی نەكەن ئیجرائاتی ئیداری وەربگرێت و شتگەلێك بكات كە ناتوانێ بیانكات و دەرەقەتیان نایە، چونكە قۆناخەكە تەواوبوو. لەمەودوا ڕێگەنادرێ ئەندامێكی سەركردایەتیی دەسەڵاتی بەسەر سوپادا هەبێت، لەبەرئەوەی بارودۆخی نائاسایی بەسەرچوو. ئەم دەسەڵاتانە لەهەڤاڵ حەسەن عەلی نەسەندراوەتەوە لەبەرئەوەی ئەو لەئاستی ئەرك و فەرمانەكەدا نیە، بەڵكو لەبەرئەوەیە كەوا قۆناخەكە ئێستا تەواوبووە.

لەیەكەم كۆبوونەوەم لەنیسانی ١٩٨٧دا لەگەڵ فەرماندەی فەیلەقەكانی سوپا، بەڕێوەبەرانی ئەمن و پۆلیس، پارێزگارەكان و لێپرسراوانی حیزبی بەعس، بڕیارمان دا تەواوی خەڵكی دێهات ڕابگوێزین بۆ بركردنی تێكدەران و كارەكەمان كردە دوو قۆناخەوە، یەكەم قۆناخ لە ٢١ی نیسان دەستی پێكرد و تا ٢١ی مایسی خایاند، دووەم قۆناخ لە ٢١ی مایسەوە تا ٢١ی حوزەیران. لە ٢٢ی حوزەیران بەدواوە هەركەسێك لەوناوچانەدا بگیرایە دەبوو دەسبەجێ بكوژرایە بەبێ هیچ ڕاڕایی و دوودڵییەك بەپێی ئەو ڕاسپاردانەی تا ئێستاش لەكاردان.

---

[4] ئەوارەكە لەم شوێنەدا لەناوەڕاستی ڕستەكەدا بڕاوە.

# پاشکۆی ژمارە (٥)

# ئەنجامی روپێوی گشتیی زەویوزار ٢٠٠١-٢٠٠٢

| ز | ناوی لقی کشوکاڵی | ڕووبەری گشتی | چەشنی خاوەندارێتی و ڕووبەر | | ڕەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | میری | ملك | بەراو | بەراو / بە ترومپا | کەنار ڕووبار |
| ١ | بکرەجۆ | ٢٦٩٣٦٨/١٢/١٩ | ١٨٩٣٦٥/٢٢/٤٧ | ٨٠٠٥٢/١٢/٧٢ | ٨٣٩٢/١٧/٨٢ | ٤١٤/١١/– | —— |
| ٢ | بازیان | ١٤٥٨٢٥/٠٤/- | ١٣٢٩١٤/٠٨/- | ١٢٩١٠/٢١/- | ٩٣٤٦/٢٤/– | – | —— |
| ٣ | تانجرۆ | ١٩٨١٧٥/٠٦/٢٣ | ١٠٠٤٩١/١٩/٤٦ | ٩٧٦٨٣/١١/٧٧ | ١٢٣٥٢/٠٢/٧١ | ٢٠/–/– | —— |
| ٤ | قرەداغ | ٢٧٢١٦٦/٢٢/١٢ | ٢٢٦٤١٩/١٤/٢٢ | ٤٥٧٤٧/٠٨/٩٠ | ٨٠٩٨/٢٠/٨٧ | – | ٣٧/–/– |
| ٥ | پێشەوا | ١١٥٧٠٨/١٠/- | ٩١٠٠٠/٢٢/- | ٢٤٧٠٧/١٣/- | ١١٠٢٣/–/– | – | —— |
| ٦ | سید سادق | ١٣٦٥٤٦/٠٤/- | ١٢٠٩٥٦/٠٦/- | ٥٥٨٩/٢٣/- | ٢٢٦٤٧/٠٢/– | – | —— |
| ٧ | خورماڵ | ٩٧٩٨٦/١٠/٢٣ | ٨٥٨٩٣/١٧/٩٠ | ١٢٠٩٢/١٧/٤٢ | ٢٦٩٩٧/١١/٧٣ | ٣٤١/–/– | —— |
| ٨ | هەڵەبجە | ١٧٣٠٤٥/٠٦/٠٨ | ١٦١٥٣٨/١٦/١٥ | ١١٥٠٦/١٤/٩٣ | ١٥٩١٦/١٠/٢١ | ٢٧٨/١٨/– | ٣٩٥/١٢/– |
| ٩ | بیارە | ٧١٠٧٦/١٣//٦٦ | ٦٠٦٧٨/٠٦/٧٤ | ١٠٣٩٨/٠٦/٩٢ | ٥٦٣٩/٠٧/٠٥ | – | —— |
| ١٠ | ناڵپارێز | ١١٨٨٨٦/١٦/٠٩ | ١١٣٣٤٧/١٧/٠٥ | ٥٥٣٨/٢٤/٠٤ | ٦٨١٩/٠٧/٩٧ | – | —— |
| ١١ | پێنجوێن | ٢٩٥٤٢٢/١٠/٧٧ | ٢٨٦٧٨٩/١٣/٠٩ | ٨٦٣٣/٢٢/٦٨ | ١٧٦٤٠/٠٦/٥١ | ١٨٩/٢٤/– | —— |
| ١٢ | شارباژێڕ | ٢٥٠٠١٧/٠٧/٥٨ | ٢٢٣٦٠٥/٠٤/٢١ | ٣٦٤١٢/٠٣/٣٧ | ٦٥١٦/٠٨/٣٧ | ٦٩٦/٢٠/٧٠ | ٨٣/٢٣/– |
| ١٢ | برزنجە | ١٤٩٠٦١/٠٤/٢٣ | ١٣٢٨٠٠/١٦/٥٠ | ١٦٢٦٠/١٢/٧٣ | ١٧١٤/٠٨/١٧ | ٠١/١٩/– | —— |
| ١٤ | ماوەت | ٢٣٢٠٢٨/٠٦/٧٤ | ٢٠٢٩٩٢/١٤/٠٢ | ٣٠٠٤٥/١٧/٧٢ | ٦٥٠٤/١٢/٧٧ | ٢٥/١٦/– | —— |
| ١٥ | سیوەیل | ١٥٠٦٣١/٠٧/- | ١٥٠٦٣١/٠٧/- | —— | ٧٦٦٥/٠٢/– | – | —— |
| ١٦ | پیرەمگروون | ٢٥٥٦٤٧/-/١٩ | ١٩٦٥٦٥/١٤/٥٨ | ٥٩٠٨١/١٠/٦١ | ١٢٠٧٨/٠٨/٤٠ | – | —— |
| ١٧ | خەلەکان | ١٤٣٣٧٥/٠٥/٢٠ | ١٢٠٧١٣/٠٤/٠٦ | ٢٢٦٦٢/٠١/١٤ | ٤٣١٧/٢٣/٥٧ | ٤١/٠٢/– | —— |
| ١٨ | بنگرد | ٢٢٣٩٤٠/١٣/٦٤ | ٢٠٨٤٤٠/٠٣/٠٧ | ٢٥٥٠٠/١٠/٥٧ | ٢١٦٠/–/٤٥ | ١٩/١٩/– | ٣٧٤/١٤/– |
| ١٩ | رانیە | ٢٢٨٩١٧/٠٦/١٦ | ١٢٥٧١٧/٢٠/٠١ | ١٠٣١٩٩/١١/١٥ | ١٧٦٤٧/١٤/– | ٣٧٩/١٧/٠٥ | —— |
| ٢٠ | مروچاوە | ١٣٦٥٠-/١٨/٣١ | ١٢٥١٧٤/٠٣/٧٩ | ١٣٨٥/١٤/٥٢ | ٤٤٩٨/٢٣/٨٠ | – | —— |
| ٢١ | پشدەر | ١٩٦٣٩٢/٠٤/٩٢ | ١٨٠٥٦٤/-/٢٥ | ١٥٧٢٨/٠٤/٥٧ | ١٣٥٦٥/٢٠/٧٥ | ٩٦٧/٠٩/– | —— |
| ٢٢ | سنگسر | ٢٠٩٥٩٣/٠٤/٩٣ | ٢٠١٣٦١/٠٤/٩٣ | ٨٣[illegible]/–/– | ١٢٢٦٧/–/١١ | – | ٦٢٩/٠٥/٥٠ |
| | کۆی گشتی | ٤١٧١٢٢٠/٢٠/٣٦ | ٢٥٤٧٨٦٢/٠٦/٥٧ | ٦٢٢٢٦٨/١٣/٧٩ | ٢٣٣٢٧٩٩/٠٩/٢٦ | ٢٣٩٦/٠٥/٨٠ | ١٥٢٠/٠٤/٥٠ |

| ڕەگەز | | بێکەلك | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژێرناو | پشتاو | گاکێل | بەردەلانی | ڕێگاوبان | جێگوند |
| —— | ١٢٥١٥٥/١٢/١٧ | —— | ٤٢٠٤٧/١٤/١٤ | ٧٥٩/٠١/٦٠ | ١٨٤٤/٠٨/٧٥ |
| ١٠٢/١٩/- | ٤٤١٢٥/١٠/- | ٢١٧٥/٠٦/- | ١٠١١٢/٢١/- | ٦٤٧/٠٩/- | ٤٤٣٦/٢١/- |
| —— | ١١٤٨٩٢/٢١/٧٥ | ٢٥٩/١٤/- | ١٤٨٣٣/٢٠/٧٧ | ١١٢٣/١٨/- | ١٣٩٦/٠٢/- |
| —— | ٤٤٣٦٥/٢٣/٤٨ | ١١٣٩٤/٢٤/٢٥ | ٢٥١٧١/٠٢/٩٠ | ٤٥٥/٠٤/٨٢ | ٦٥٦/٠٩/٨٦ |
| ٧٤٩١/١٥/- | ٦٠٢٥١/١٨/- | —— | ٤٨٦٩/١٤/- | ٣٠٧/٠٧/- | ٤٦٤٠/٢٠/- |
| ١٥٦٨٨/٠٣/- | ٥٧٣٠٥/١١/- | ١٣٣٣/٢١/- | ١٢٨٣٥/١١/- | ٥٢٥/٢٢/- | ٢٦١٢/١٥/- |
| ٣٣٧/١٤/٥٠ | ١٨٥١٣/٢٠/٠٢ | ٤٣٢/٢١/٧٠ | ٧٣١/١٩/- | ١٩٥/٢٠/- | ١٢٨١/٠٥/- |
| ٨٠٤٩/٢٠/- | ٢٨١٧٣/١٦/٦١ | ١٢٥٠/-/- | ١٤٣٧٠/٠١/- | ٧٦٢/١٠/٥٤ | ٣٧٤٩/٠٩/٨٦ |
| —— | ١١٥٩٣/٠٤/٥١ | —— | ١٤١٤٨/٠٨/٣٠ | ١٤٩/٠٨/٢٥ | ٤٦٢/٢٢/٦٧ |
| —— | ١٣٤٤٩/٢٢/٤١ | ١١٤٨/٠٤/٥٧ | ٢٦١٣٩/٠٨/٧٦ | ١٨٤/١٤/- | ٤١٥/٢١/٤٦ |
| —— | ٤٣٨٥٤/١٣/٨٧ | —— | ١٠٧٧٩/٠٢/١٩ | ٤٥٤/٢٠/٢٣ | ٢٠٦٠/٢٢/٣٦ |
| —— | ٣٨٠٢٨/١٣/٨١ | ١٤٦٠٦/١٢/٣٠ | ٧١١٣/١٢/- | ١١٠٢/١٤/٦٥ | ١٣٣٤/٣٣/٤٦ |
| —— | ٢٥٤٣٥/١٨/٦٤ | ٢٨٦٨/٠٧/١٠ | ١٠٥٤٩/٠٨/- | ٢٥٧/٠٩/٢٥ | ٦٣٧/٠١/٩٥ |
| —— | ٢٣٧٤١/٢٤/٨٩ | —— | ١٩٨٩٠/٠٩/٦٩ | ٥٣٤/٠١/٨٦ | ١١٢٢/١٦/٨٤ |
| —— | ٧٤٦٣/٠١/- | —— | ٤٣٤٣٤/-/- | —— | ٥٠٢/٠٤/- |
| ١٥٧٨/-/- | ٦٣٧٨٤/١٨/- | —— | ١٨٨٨٠/٢٢/- | ٨٠٣/٠٥/- | ٣٣٦٦/٠٢/٧٩ |
| ٢١٨٥٠/٠١/٥٧ | ٣٦٨١١/١٦/٤٣ | —— | ١٥١٢٥/٢٢/٢٥ | ٢٥٥/١١/- | ١٠٠٧/٢٣/٠٩ |
| ٣٣٤٨٣/١٢/٣٨ | ٤٤٨٣٨/٢٤/٨٠ | ٤٥٩٣/١٠/٧٥ | ٣٦٣٨٣/٢٠/٧٥ | ٤١١/٢٠/٧٥ | ١٠٩١/٠٩/٢٤ |
| ٤٦٤٩٢/١٧/- | ٣٣٥٢٣/٠١/٠٦ | —— | ٥٣٧٣/١٦/- | ١٤٦٥/-/- | ٢١٨٥/٠٥/- |
| —— | ١٣٦٤٩/٠٩/٢٨ | ١٧٣٩/٢٤/- | ٦٢٩٥٧/-/- | ٦٥٥/٠٥/٩٥ | ٨٣٥/-/٥٩ |
| ١٤١٠/٠٧/- | ٤٥٧٨٨/٠١/٥٠ | —— | ٦٨٥٨/٠٣/- | ١٣٩٤/١٣/- | ٣١٤٤/٠٤/٧٦ |
| ١٦٤٧/٢١/٧١ | ٢٢٥٠٥/-/- | —— | ١٣٢٠٤/٠٤/٣١ | ١٢٠/١٢/٥٠ | ٢٢٥١/١١/٤٠ |
| ١٢٨١٢٢/٠٦/١٦ | ٩٣٠٨٠٢/٠٣/٢٣ | ٤٣٦٩١/٢٠/٦٧ | ٤١٤٧٩٨/١٨/١٦ | ١٣٦٧٥/٠٥/٤٠ | ٤١٨٠٦/١١/٠٨ |

| شوێنی پرۆژە | | | | | ناکشتوکاڵی | باخ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پەلەوەر | ئاژەڵ | ماسی | هەنگ | کارگەی علف | | بەراو | پشتاو |
| ١٦٨١/٠٨/٥٠ | ١٢٩/١٢/٥٠ | — | ٢/١٢/٥٠ | ١٢/٠٥/- | ١٧٧٨١/٠٥/٧١ | ١١٠٨/١٣/- | ١٦٢٧/١٦/٥٠ |
| ٣١١/١٤/- | — | — | — | ٥/١٤/- | ٥٢٧/٢٠/- | ٨٩٦/١٨/- | ٧٥٠/١٠/- |
| ٣٧٣/١٠/- | ١٦١/٢٤/- | — | — | — | ٦٤٨١/٠٢/- | ٢٤٩/٠٥/- | ٢١٤٦/٠٩/- |
| — | ٢٠٣/١٢/- | ٤/١٥/- | — | — | ٢٣٠٨/١٩/٦٩ | ٥٦٨/٠٧/١١ | ٣٣٠٧/١٨/٦٠ |
| — | — | — | — | — | — | ٣٢/٠٤/- | ٤٧/٠٥/- |
| ٢/-/- | — | — | — | — | ٣٧٣٢/٠٤/- | ٢٥٩/٠٣/- | ١٣/٠٨/- |
| — | — | ١٠/-/- | — | — | ٣٠٠/٢٠/- | ٨٥٠/٠٦/٦٢ | ٢٠٢/٠٥/٢٥ |
| ٨/-/- | — | ٢/-/- | — | ١٠/-/- | ١١٧٨/٠٨/٩٠ | ٢٠٨٩/٠٣/٧٥ | ١٢٣٧/٠٣/٦٥ |
| — | ٢/-/- | ٠/١٥/- | — | — | ٢٣٢/١١/٠٤ | ٣٣١٠/١٨/٢٢ | ١٦١٤/٢٠/٥٣ |
| — | — | — | — | — | ٨٥٨/-/٦٤ | ٢١٨/٠٧/٧٠ | ٩٢٥/٠٨/٥٨ |
| ٩/١٤/- | ٧/-/- | — | — | — | ٢٢٢٥/١١/٤٢ | ١٠٠٩/٢٤/٥١ | ٣٢٥٢/٠٣/٧٧ |
| ٧/-/- | ٠/٠٢/٢٥ | ٦/٢٢/- | — | — | ٩٣١/٠٧/٦٥ | ١٧٢٠/٠٢/٩٠ | ١٥٥٢٠/١٣/٢٥ |
| — | — | — | — | — | ٣١٠/٢٠/- | ١٤١/٠٩/٥٠ | ١٣١٦٩/٠٩/٨٧ |
| — | — | ١٥/-/٢٨ | — | — | ٢٤٢٧/٠٣/٥٦ | ١٢٠٢/٠٩/٥٠ | ١٣٩٩٩/٠١/٥٠ |
| — | — | — | — | — | — | ٤٦٧٠/٠١/- | ٥٣٠/٠٤/- |
| ١٩/-/- | — | ٥٢/-/- | ٤/-/- | — | ٣٠٨١/٠٨/٢٠ | ١٣٤٧/١٣/٧٥ | ١٣٦٤٧/١٨/٠٥ |
| ٩/١٠/- | — | — | — | — | ٨٣٩/٠٢/١٤ | ٤٤٢/٠٤/٨٠ | ٣٣٥٥/١٠/- |
| ٣٤/-/- | — | — | — | — | ١٤٢٩/١٨/٧٣ | ٢٩٩/٠٥/٢٥ | ٧٢٠٨/٠٥/٥٤ |
| ٢٥/-/- | ٢٤/-/- | ١٧/٠٦/- | ٤/-/- | — | ٩٣٤٣/٠٤/٠٥ | ٥١٥/٢٠/- | ٤٢٥/٠٨/- |
| ٧/-/- | — | — | — | — | ١٥١٨/٠٤/٠٢ | ٨٠٩/١٩/٢٠ | ٢٤١٤/-/٢٥ |
| ٣/ /- | — | ٧/-/- | — | — | ٧٣٨٦/٢٣/٩١ | ١٣٧٤/١٤/٦٥ | ٣٩٨٧/١٣/٥٠ |
| — | — | — | — | — | ٣٦٩٣/٢٢/٠٥ | ٢٤٧/٠٦/٧٥ | ٨٨٢/٠٧/- |
| ٢٤٨٣/٠٦/٥٠ | ٥٢٢/٠١/٧٥ | ١٠٩/٠٨/٢٨ | ١٠/١٢/٥٠ | ٢٧/١٩/- | ٦٥٥٨٩/١١/٧١ | ٢٣٣٦٢/١٧/٨١ | ٨٩٢٧٣/١٥/٨٤ |

عمر ٢٧/١١/ ٢٠٠٤

| دارستان | | لەوەڕگا | | | چەشنی سەرچاوەی ئاو و ژمارەیان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سروشتی | دەست کرد | سروشتی | دەست کرد | کانی | کارێز | چەم | بیری ئیرتوازی | بیری سەتحی | زێ و رووبار |
| ١٨٨٠١/١٠/- | ٥٢٧٤/٠٢/- | ٤٣٣٠٧/١١/- | ٩٧٨/-/٢٤ | ١٠٠ | ٣١ | ٣ | ٢٨ | ٢٤ | ٣ |
| ١٨٦٦٣/٠٦/- | ١٤٥/١٢/- | ٥٢٥٨٦/ ٢٤/- | — | ١٤٠ | ٤ | ٢ | ٣٦ | ٣ | ١ |
| ٤٥٩٩/١٧/- | ٢١٢/١١/- | ٣٩٠٥١/٢٢/- | — | ٥٤ | ٣٧ | ٦ | ١٥ | ١ | ١ |
| ٣٧٤١٢/٠٩/٢٢ | ٢٢٥/٠٢/- | ١٢٨٠٩٧/٠١/٢٩ | — | ٣٣٦ | ١٩٣ | ٣٩ | ٣٠ | ٤٧٩ | - |
| — | ١٧٣/٢١/- | ٣٦٧٨٠/٢١/- | — | ٧٦ | ٨ | ٢ | ١ | - | - |
| ٤٠/-/- | ١٩١/-/- | ١٩٠٤٣/٠٧/- | ٣٣٧/٢١/- | ٦ | ٢ | ١٠ | ١٠ | ١٩٢ | - |
| ٣٥/-/- | — | ٤٧٧٨٦/١٦/٥٠ | — | ٨٧ | ٣ | ٣ | ٧ | ١ | - |
| ٣٤٥٨٣/٠١/- | ٩٧٣/٠٣/- | ٥٠٠١٨/١٣/٥٦ | — | ١٠٠ | ١١ | ٦ | ١٤ | ١١٦ | ٣ |
| ١١٤/-/- | ٦/-/- | ٣٣٨١٠/٢٣/٠٩ | — | ٢٤٥ | ١٠ | ١٤ | ٢ | - | - |
| ١٣٦٢١/١٥/- | ٢٥٣٣/-/- | ٥٢٥٧٣/٠٥/- | — | ٢١٤ | ٢٥ | ٢١ | - | - | - |
| ١٩٢٢٥٧/-/١٤ | ١١٢/-/- | ٢٠٥٦٥/١٧/٧٧ | — | ٣٩٤ | ١٥ | ٣٦ | ١ | - | - |
| ١٢٣٦٢٢/١٩/٠١ | ٥٠٠/١٢/٢٥ | ٣٩٣٦٤/١٥/٩٣ | — | ٦١٤ | ٥٠٨ | ٢٨ | - | ٢٤ | ١ |
| ٩٤٩٣/١٧/- | ٣١٨٢/٠٧/- | ٧٥٨٠٩/١٨/٧٥ | ٤٤٠٠/-/- | ١٠٩ | ٣٢ | - | ٢ | ٢ | - |
| ٣٠٧٤١/١٨/٧٥ | ٢٨١٩/٠٢/- | ١٢٩٩٠٤/١٤/- | — | ٤٩٦ | ١٨٥ | ٣٣ | - | - | ٥ |
| ٤١٦٠٥/١٩/- | — | ٤٤٧٦١/-/- | — | ٤٣٧ | ١٨ | ٣ | ١ | - | - |
| ٣٠٢٧٦/١٦/- | ٣٧٤٣/٠٨/- | ١٠٥٠٣٤/٠٥/- | ٥٠/-/- | ٤٣٦ | ١٢١ | ٦ | ١ | ٢ | ١ |
| ٦٧٠٥/٢٤/- | ١٦٤/١٠/- | ٥٧٣٤٨/١٨/٢٥ | — | ٢١٥ | ٣٦ | ٨ | ١ | ١٨ | ١ |
| ٧٥٢٥١/٢٤/- | — | ٣٦١٢٧٠/٠٣/- | — | ١٥٥ | ٣٩ | ١ | ٩ | ٢ | ١ |
| ٤٧٥٩٨/١٣/- | ٦٢٧/٠٢/- | ٦٤٢٥١/٠٨/- | ١٠/-/- | ٧٢ | ١ | ٧ | ١٢ | ١٨ | ١ |
| ٢٥٠٨٠/٠٦/١٦ | — | ١٢٩٠٢/-/٠٦ | — | ٥٧ | ٨ | ١ | - | ٣ | ١ |
| ٦٣٤٧٥/٠٢/- | ٧٥٥/١٩/- | ٤٦٣٨٠/٢٤/٢٥ | — | ٣٨٧ | ٥٨ | ٤ | ٣ | ١٤ | ١ |
| ٢١٣٠٠٤/١٠/- | ٤١/١٩/- | ٣١٠٩٨/٠٨/٦٠ | — | ١٣٥ | - | ٣ | ٧ | ٣ | ٢ |
| ٩٨٤٠٨٤/٠٣/٣١ | ٢١٦٩٠/١٦/٢٥ | ١١٥٧٦٩٨/٠٤/٠٥ | ٥٧٦٦/٢٠/- | ٤٨٦٥ | ١١٣٥ | ٢٢٧ | ١٧٦ | ٩١٦ | ٢٣ |

# پێرست


پێشەکی.................................... ٣

دەروازەی یەکەم: ژیانی کۆمەڵایەتیی هەورامان (لایەنی تیۆری)........................... ٧

بەشی یەکەم: چوارچێوەو سروشتو میتۆدی باسەکە.................................... ٨

باسی یەکەم: چوارچێوەی باسەکەو دەستنیشانکردنی زاراوەکان.................................... ٩

باسی دووەم: مێژووی هەورامان.................... ٤٢

بەشی دووەم: ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای هەورامان.......... ٦٥

باسی یەکەم: ژیانی کۆمەڵایەتیی هەورامان.................... ٦٦

باسی دووەم: ژیانی ئابوریی هەورامان.................... ٩٧

کاریگەریی ژیانی ئابوری لەسەر پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵایەتیی هەورامان.................... ١٢٨

باسی سێیەم: ژیانی سیاسیی هەورامان.................... ١٣١

باسی چوارەم: ژیانی شارستانیو کلتوریی هەورامان............. ١٥٤

باسی پێنجەم: دابینکردنی کۆمەڵایەتیی هەورامان............. ١٧٥

دەروازەی دووەم: لایەنی پراکتیکی.................... ٢٠١

بەشی یەکەم: چۆنێتیی ئەنجامدانی توێژینەوەکە.................. ٢٠٢
باسی یەکەم: پلانو رێبازی توێژینەوەکە.......................... ٢٠٣
باسی دووەم: سیما گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە................. ٢١٦
بەشی دووەم: شیکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوە پراکتیکییەکە... ٢٣٠
باسی یەکەم: ژینگەو ژیان............................................ ٢٣١
باسی دووەم: ژیانی کۆمەڵایەتی..................................... ٢٣٣
باسی سێیەم: ژیانی ئابوری.......................................... ٢٤٩
باسی چوارەم: ژیانی ئاینی.......................................... ٢٦٠
باسی پێنجەم: ژیانی رامیاری....................................... ٢٦٤
باسی شەشەم: ژیانی رۆشنبیری.................................... ٢٦٧
کۆبەندو پێشنیار....................................................... ٢٧١
نەخشەو پاشکۆکان.................................................... ٢٨١



**عیززەدین فەتاح حەمە ساڵح**

* لەدایکبوی ساڵی1956ی بیارە.

* دەرچوی بەشی کۆمەڵناسیی
کۆلێجی ئادابی زانکۆی سلێمانی.

* ساڵی2005 بڕوانامەی ماستەری
لەبواری کۆمەڵناسیدا لە زانکۆی
سلێمانی بەدەست هێنا.

* لە ماوەی 1996-1999سەرپەرشتیاری
پەروەردەیی بوو لە بەڕێوەبەرێتیی
پەروەردەی سلێمانی و لە 1999وە
بۆ ماوەی سێ ساڵ ئەرکی
سەرپەرشتیاری پسپۆری گرتە ئەستۆ.

* مامۆستا لە کۆلێجی زانستە
مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

* ئەندامی سەنتەری لێکۆڵینەوەی
ستراتیجی کوردستان.

نرخ (3000) دینار